# ڕێڕەوی ژیان

## لە ڕۆژئاڤاوە بۆ شنگال

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

نووسینی: پۆلات جان
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شیلان جەلال بەگ دەرگەڵەیی

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (صُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

www.Iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردى ، عربي ، فارسي )

رێڕەوی ژیان؛

لە رۆژئاڤاوە بۆ شنگال

ناوی کتێب: رێڕەوی ژیان؛ لە رۆژئاڤاوە بۆ شنگال
نووسینی: پۆڵات جان
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شیلان جەلال بەگ دەرگەڵەیی
بابەت: سیاسی
پێداچوونەوەی کوردی: سیامەندۆک
دیزاینی ناوەرۆك و بەرگ: ئاکام شەمسەدینی
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانە: تاران
ساڵی چاپ: ٢٠٢٦
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

لە بەرێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٢٠٧٢)ی ساڵی (٢٠٢٥) پێدراوە

مافی لەچاپدانەوەی ئەم بەرهەمە بۆ نووسەر پارێزراوە

# پێرست


پێشەبەرەی وەرگێڕ ..... ٧

پێشکەش ..... ١٠

ئەزموونی نوسین ..... ١١

**بەشی یەکەم**

بەر لە گەردەلوول ..... ١٥

**بەشی دووەم**

**شنگاڵ لەنێوان کۆمەڵکوژی و بەرگریدا**

تابلۆی مەرگەسات لەسەر خۆڵی بیابان ..... ٨٨

**بەشی سێیەم:**

**لە شنگاڵەوە بۆ ڕۆژئاڤا**

بەڕێوەبەرێتییەکی تەواو لە شنگاڵ ٢٢٦

پاشکۆ ..... ٢٤٩

شەهیدانی هێزەکانی ڕۆژئاڤا لە بەرەی شنگاڵ ..... ٢٥١

## پێشەبەرەی وەرگێڕ

وەرگێڕانی هەر دەقێك لە زمانێكەوە بۆ یەكێكی تر، جگە لە زانینی هەردووك زمانەكە هەستكردن بە بەرپرسیارێتی لە پاراستنی هێشتنەوەی دەقەكە و ماناكەی وەك خۆی، ئەركێكی گرنگە. ئەگەر وەرگێڕ چێژێكی جوانتریش بە خوێنەری زمانی دووەم نەدا، نابێ لە چێژی خوێندنەوەی بە زمانی یەكەمی كەم بكاتەوە.

وەرگێڕانی هەر دەقێكیش جیاوازی و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، بەگوێرەی ڕوداو و زەمەن و كارەكتەر و شوێن و زۆر شتی تر، شێواز و زمانی وەرگێڕانەكە دەگۆڕێت.

كتێبی یەكەمم بەناوی (نابڕوو)، كە لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرمگێڕا، تەواو جیاوازبوو لە دەق و ناوەرۆك و ڕوداو و كارەكتەر و شوێن و هەموو شتێكی، تاڕادەیەك زمانێكی ناوچەیی یا گۆڤەر (بێچووە زاراوە) شم تێدا بەكارهێناوە، بەڵام ئەو كتێبە، گێڕانەوەی مێژووێكی نزیكی خاوەن پێشینە كۆنی ئەو سەردەمە، زمانێكی تری پێویست بوو كە

لەگەڵ ڕوداوەکان بگونجێ.

(کتێبی لە ڕۆژئاڤاوە بۆ شنگاڵ)، کتێبێکی دانسقەیە لە کتێبخانەی کوردی کە هەڤاڵ پۆڵات جان بە زمانی عەرەبی نوسیوێتی و منیش بەشانازییەکی زۆر و خۆشحاڵییەوە بە ئەرکی خۆم زانی وەریگێڕمە سەر زمانی کوردی و بیخەمە بەردەست خوێنەری کورد، بەتایبەتی نەوەی تازە کە بەشێکی زۆری عەرەبی نازانێت.

هەڤاڵ پۆڵات لەو کتێبەدا، باس لە ڕوداوەکانی کارەساتی شنگاڵ و مەرگەساتی خوشک و برا کوردە ئێزیدییەکان دەکا.

بەڕاددەیەک بێ لایەنانە وردەکاری کارەساتەکە و هەموو شەڕ و داگیرکاری و تاوانەکانی داعش و کوشت و بڕ و تیرۆر و ڕفاندن و سوتاندن و ئاوارەکردنی خەڵکەکە باس دەکات، وەک فیلمێک دەیخاتە بەرچاوی خوێنەر.

بەڵگە و ناو و بەیاننامە و بەروار و ناوچە و کەسایەتییەکان زیاتر ڕاستگۆیی نەو کتێبە دەردەخەن.

مێژووێکی تاڵ و ڕەشی گەلە بەشمەینەتەکەی تۆمارکردووە، ڕاستی و ناڕاستی، ڕەش و سپی بۆ لەیەک جیاکردووینەوە.

نوسەر بێ لایەنگیریی هێزەکانی خۆی باس لە بەشداریکردنی هەر کەس یا لایەنێک دەکات کە بەشداربووە لە ئازادکردنی ناوچەکان و باس لەوەش دەکات کە کێ و کام لایەن و چۆن کوردە ئێزیدییەکانیان بۆ چارەنوسی ڕەشی خۆیان جێهێشتن.

ڕوداوەکان جەرگبڕن، بەڵام نوسینەوەیان ئەرکێکی پیرۆزبووە و خزمەتێکی زۆری نیشتمان و نەتەوە و مرۆڤایەتیشی کردووە، خوێنەر دەتوانێ زۆر بەرچاوڕوونتربێ لەجاران، نەوەی ئێمە لە کەناڵەکان و

سۆشیال میدیا بینیمان، زۆر جیاوازتـرە لـەوەی ئامادەبوانی مەرگەساتەکە دەیگێڕنـەوە، هـەر لەبەرئـەوە لەگـەڵ خوێندنـەوەی بەپێویست و ئەرکی خۆمـم زانـی نـەو خزمەتـە بچووکـە بـە کتێبخانـەی کـوردی و گەلەکـەم بـە گشتی و خوشک و بـرا ئێزیدییـەکان بکـەم لـە وەرگێڕانـی نـەو کتێبـە نایابـە بـۆ سـەر زمانـی شـیرینی کـوردی.

بەپێویستی دەزانـم سوپاسـی زۆری بەڕێـز هەڤـاڵ سـیامەندۆك بکـەم لـە پێداچوونـەوەی کتێبەکـە و بەراوردکردنـی لەگـەڵ دەقـە عەرەبییەکـە، ئەرکـی زۆری کێشا.

شیلان جەلال بەگ دەرگەڵەیی

"بـۆ هەمـوو ئەوانـەی لەپێنـاو کەمکردنـەوەی ئازارەکانـی شـنگاڵ قوربانییانـدا، و شۆڕەسـواری ڕۆمانـی ژیـان و بەرخـۆدان بـوون بـۆ بەرگریکـردن لـە ئێزیدییـەکان"

## ئەزموونی نوسین

لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٤ کارمساتێکی لەبیرنەکراو و تاوانێکی مرۆڤایەتی بەرانبەر سەدان هەزار لە رۆڵەکانی گەلی کوردی ئێزیدی لە شنگاڵ لە باشووری کوردستان ‹‹ هەرێمی کوردستانی عێراق›› ئەنجامدرا و سەرەڕای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بەسەر ئەو کارمسات و روداوە جەرگبڕە؛ هێشتاش ئاسەواری ئەو کارمسات و هەژانەی شنگاڵ بە هەموو دڕندایەتی و تراژیدیایەوە هەر لە بیرەوەری گەلی کورد بەگشتی و کوردە ئێزیدیەکان بەتایبەتی ماوە.

هەندێ کەس، هەر لە رۆژی یەکەمی کۆژان یان تاوان، چۆنی ناو دەنێیت ناوی بنێ، هەموو هەوڵێکیاندا بۆ پێچکردنەوە بەدەوری پرسەکەدا و تەم و مژاویکردنی ڕێچکەکانی چیرۆکەکە و سڕینەوەی لەبەرچاو و یادەوەری خەڵک.

ساڵ تێپەڕین، هەندێك هەوڵ دەدەن باس لە (ئەفسانەییەکانی)یان بکەن لە شنگاڵ و بە هەموو شێوازێك ڕاستیەکان لەگۆڕنێن..

ساڵانێك تێپەڕین و هەندێ کەس هەوڵ دەدەن رای گشتی جیهانی و کوردی و ئێزیدی بە چیرۆکی درۆینەو ساختەکاری زەقی راستییەکان تێبگەیەنن.

سالّ تێپەڕین، هێشتاش میللەتی بریندار پەرتەوازەیە، ماندووە، وێڵە لەنێوان چادرگەی ئاوارەیی و ڕێی کۆچ و تاراوگەنشینی.

سالّ تێپەڕین، هێشتاش ئاسکە ڕەسەنەکانی چیای شنگالّ سەبایای (کەنیزەك) دەستی درندەکانی سەردەم و پاتاڵە پیسەکانی بیابانن، هێشتاش لە بازاڕی کۆیلەکان بازرگانی بەشەرەفی کوردەوە دەکەن...

سالّان تێپەڕین، مەرگەساتی ئازاربەخشی هەردووك بەرخۆدانی مێژوویی شنگالّ و کۆبانێ نەیانتوانیوە هێزە کوردیەکان لەسەر وشەیەك کۆبکەنەوە...

سالّان تێپەڕین، لەسەر هەموو ئەوەی بەسەر گەلی کوردی ئێزیدی هات لە شنگالّ; لێپێچینەوە لە گەلّ هیچ بەرپرسێك نەکرا لەسەر هەموو ئەوانەی ....

سالّ تێپەڕین، نە کەسیان بە بوێرییەوە دەرکەوت تا ڕوونکردنەوەی ڕاست و ڕوون لەسەر هەموو ئەوانە بدات کە ڕوویاندا هەموو ئەوە بکات کە ڕوویدا، لەسەر ئەوانە کرد کە ڕوویاندا کرد.

سالّ تێپەڕین و هەندێکیش بە هەموو توانایانەوە هەوڵی لەکەدارکردنی ناوبانگی ئەوانە دەدەن کە پارێزگاریان لە خاك و ئەو خەڵکەی شنگالّ کرد کە لەوێ مابوون و پاراستنیان.

سالّ تێپەڕین، چیرۆکەکانیش گۆڕان، بەپێی ئارەزووی هەندێك کەس بۆ گێڕانەوە، لەگەڵیشیدا پاڵەوانی چیرۆکەکانیش گۆڕان، ئینجا وێنەو لێدوانەکان و گێڕانەوەکانیش گۆڕان.

ئیتر بەم شێوەیە ڕوداوەکانی مێژوو بەگوێرەی ئارەزوو و هێزی خاوەنەکانیان و بەگوێرەی توانای پڕکردنی گیرفانی (نوسەر و ڕۆژنامەنووس و بینەر و نابیناکان) لە پارە؛ ڕاستیەکانمان وەك خۆی

پێ ناگەن، بەڵکو ڕاستییەکان بەشێوەیەکدەگەن، هەمووی پەرشوبلاو و پچڕپچڕ و دژ بەیەکە لە روداو و لە کارەکتەر.

هەتاوەکو تۆش لە ئاست ڕاستی بێدەنگ بیت، کەواتا کەسێکی بێ ناوەرۆك چیرۆکی تۆ دەگێڕێتەوە. هەتاوەکو تۆش پێنووسەکەت جێهێشت بێ, کەسێکی تر هەڵیدەگرێت و بە ئارەزووی دڵی خۆی بۆت دەنووسێتەوە.

هاوارو قیژەی ناهەق، زۆر بەرزترە لە هی هەق، ژاوەژاوەکەی توانای زیاترە لە ڕاکێشانی تیشکەکان و چوونە سەر مینبەرەکانی وتاردان لەبەر دەم دەیان میکرۆفۆن و ....ژاوەژاوەکەی بەتواناترە لە سەرکەوتن بەسەر هەواڵی ڕاست و ڕاکێشانی سەرنجی ڕوناکی و مینبەری وتارەکان لەبەردەم دەیان مایکرۆفۆن و زووم و چاوە لێڵەکان.

بۆیە لێگەڕێن با بنوسین، با ئەمرۆمان بنوسینەوە بۆ ئەوەی مێژوو داهاتوومان بێ، ئەگەر وشەیەکیشمان نەنوسی، ڕاستیمان لە دەریای درۆ و چیرۆکی هەڵچنراو دەتوێتەوە

شنگاڵ چی بەسەرهات؟ چی بەسەر ئێزیدییەکان هات؟ چی بەسەر هێزەکانی ئەوێداهات هات؟ لە ڕۆژانی سەرهتای مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٤، چی ڕوویدا؟

ڕێك ئەومیە کە هەوڵ دەدەم لە دووتوێی ئەو کتێبە وەڵام بدەمەوە، کە بە هەموو توانای عەقڵ و تێگەیشتنمەوە هەوڵمداوە بابەتییانە و بە وێژدان و دەستپاکی مێژوویەوە بیگەیەنم، بەشێوەیەك باس لە روداوەکان بکەم کە خۆم بینەری زۆربەیان بووم یا ڕاستەوخۆ لە کەس و شایەدحاڵەکانم وەرگرتووە، لێرەدا کتێبێك هەیە بۆ بە دۆکیومێنتکردنی سەردەمێکی گرنگ و بیرەوەری کەسییەکان ,بەمجۆرە تێکەڵبوونی لەگەڵ دۆکیومێنتاری و گشتی لەگەڵ شەخسی و ئامانجی

گێڕانەوەکەش بە هەموو وردەکارییەکانیەوە؛ پابەندبوونە بە راستگۆیی مێژوویی و بەها مرۆیی و ئەخلاقییەکان و ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی.

لەوانەیە هەندێك کەس هەست بە بێزاریی بکەن، وە هەندێك کەسیش بە هەندێك بەش دڵخۆشبن و لە کاتێکدا لە هەندێك بەشی تر بێزار بن، بەشێکیشیان لەوانەیە هەندێك تێز و گێڕانەوەکان پەسەند نەکەن کە رانەهاتوون گوێیان لە شتی جیاوازتر بێ، لە ئەنجامدا ئەمانە هیچ بەهایەکیان نیە لەبەرانبەر راستگۆیی مێژوویی و وێژدانی بەناگا، بۆ هەر کەسێك کە مێژووی قۆناغێکی نزیك بنوسێتەوە و تێیدا ژیابێ، مەترسیەکە لەوەدایە کە زۆر کەس ناچار بکرێن خۆیان لەو قوڵبوونەوەیە بپارێزن بۆ ئەوەی هیچ کەرەسەیەکی مەترسیدار نەورووژێنن لە مێژووی هاوچەرخدا

رێکەوت و پێویستیەکانی ئەرکە شۆڕشگێڕیەکان وایانکرد ببمە شایەتحاڵی ئەو قۆناغە، ئەگەر چاکەیەکیش لەو بەرخۆدان و قارەمانێتیە هەبێ کە روویاندا، بەدڵنیاییەوە لەسایەی شەهیدە مەزنەکان و هەموو تێکۆشەرە ئازا و سەرکردە سەربازیی و سیاسییە نایابەکان بوو، ئەوانەی بە عەقڵ و کۆششیان هەوڵی گۆڕینی رێڕەوی مەسەلەکانیان دەدا لە شنگاڵ...

نەمریی و سەرفرازی بۆ هەموو شەهیدان، وە بۆ هەموو تێکۆشەر و سەرکردە جوامێرەکان، لەگەڵ ڕیز و پێزانینم.

٢٠٢١-٨-٣

## بەشی یەکەم..

# بەر لە گەردەلوول
# هەندێک گێڕانەوەی خێرا...
# پێش و دوای کەوتنی موسڵ

لە ٩ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ تیرۆریستانی داعش و چەکدارانی نەقشبەندی (١) ئەوانەش کە ئەوکاتە بە سوپای شۆڕشگێڕی عەشایەر ناسرابوو، دەستیان بەسەر موسڵ داگرت و هەزاران لە ئەندامانی سوپا و پۆلیسی عێراقی لە ناوچەیەکی بەرفراوانی پارێزگای موسڵ و سنووری سوریا و سنووری هەرێمی باشووری کوردستان هەڵاتن و کشانەوە، یا ڕاستتر بڵێین ڕاکردن و هەڵاتن هەر یەکە، شکان یان دۆڕان، بەتایبەتی لە ناوچە جێ ناکۆکەکان بەپێی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراقی نێوان حکومەتی ناوەندی عێراق و حکومەتی هەرێمی باشووری کوردستان.

کەوتنەکە کوت و پڕ بوو، بەڵام بە وردی خوێندنەوەو لێکدانەوەی بۆ کرابوو و ئامادەیەکی زۆریش بۆ ئەو کەوتنە هەبوو، بەڵام ئەوەی کە زۆر کەس پێشبینی نەدەکرد، دارمانی خێرای تەواوی سیستمی بەرگری سەربازی و کارگێڕییەکانی حکومەتی عێراقی بوو، بەو خێراییە پڕ

لـه شـەرمەزارییە.[1]

## هۆشداریيەکانمان کەوتنە پێش کەوتن

چەنـد مانگێـك بـەر لـە کەوتـن ئێمـە لـە شـەڕێکی سـەختدا بووین لەگـەڵ رێکخراوە تیرۆریستییەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان، ئەو بەشەی کوردستانی لکێنـراو بـە سـوریا، بەتایبەتـی لەگـەڵ بـەرەی نوسـرە و بزووتنـەوەی ئیسلامـی ئەحـرار شـام و رێکخـراوی داعـش، هەمووییـان هەمووییـان بەومنـدە وەستابوون کـە وەکـو بینـەر بـە دیـار ئـەو شـەڕەوە بووەستن ئـەو شـەڕەوە دانیشـتبوون، لەوانەیـە واتێگەیشـتبن هێرشـە تیرۆریسـتییەکان لـە دژی گەلـی کـورد لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان هـەر لـەو چوارچێوەیـە سـنووردار و قەتیسـکراودەبێت و نامانجەکەشـی سـنووردارەدەبێت.

لـە زۆر لـە دیدارەکانمـان لەگـەڵ وڵاتانـی ڕۆژئـاوا و لایەنەکانـی حکومەتـی هەرێـم و عێـراق، ئاگادارمـان دەکردنـەوە کـە رێکخـراوی داعـش لـەدژی ئێمـە هـەر لـە چوارچێـوەی ئێسـتایدا نامێنێتـەوە، ئەگـەر فریانەکـەون مەترسـییەکە هەمووییـان دەگرێتـەوە، چەندینجـار دووبارەمـان کـردەوە، ئەو ئاگـرەی داعـش لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان هەڵیکـردووە، سـنوور دەبەزێنێـت و دەگاتـە دوورتریـش

هەمووییـان لـەو باوەڕەدابـوون کـە لـە شـەڕی کوێرانـەی داعـش پارێـزراون ، وەك ئـەوەی دڵنیابـن دوژمـن و تاکـە ئامانجی داعـش تەنهـا گەلـی کـورد بـێ لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان و بەتایبەتـی یەکینەکانـی پاراسـتنی گـەل، ئـەوان ڕووی راسـتی ئـەو رێکخـراوە تیرۆریسـتە فراوانخوازەیـان لەبیـر نەبـوو یـان لەبیرەخۆیـان بردبـۆوە.

هەمووییـان پێیانوابـوو کـە تەنهـا کورخانەیەکـە بـۆ تیرۆرسـتان و داعـش

---

١- سـوپای پیاوانـی ڕێبـازی نەقشـبەندی بەسـەرکردایەتی عـزەت دووری(جێگـری سـەدام حوسـێن)، ئـەو گرووپـە سـوننە تونـدڕەوە سـاڵی ٢٠٠٣ دامـەزرا و هاوپەیمانـی لەگـەڵ داعـش و کوتلـە تیرۆریسـتییەکان تـری عێـراق و سـوریا دروسـتکرد و ڕۆڵـی هەبـوو لـە کەوتنـی موسـڵ و پارێـزگا سـوننیەکانی تـر سـاڵی ٢٠١٤.

جگە لە هۆلۆکۆست بۆ توندڕەوەکان هیچی ترنیە و سوریا بەگشتی و ڕۆژئاوای کوردستان بەتایبەتی گوفەکەی خاشاکی تیرۆریستیەکانیانە و گۆرەپانێکە بۆ لەکۆڵخۆکردنەوەی توندڕەوەکانی ولاتەکانیان.

پێمان دەگوتن، ئەو زبڵ و خاشاکەی ئێوە دەینێرن، ئێمە رایدەماڵین، ئنجا ئەگەر هەڕەمەکی دەیاننێرن یا دڵخۆشن بە ڕزگاربووون لێیان بە ناردنیان بۆ سوریا و لەوێشەوە بەرەو مەرگ لە سنووری ڕۆژئاوای کوردستان.

لە ڕۆژانی سەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤، داعش هێزێکی گەورەی کۆکردەوە و جموجۆڵە گوماناویەکانی خۆی لەنزیک سنووری عێراق-سوریا، چڕکردەوە، بەتایبەتی لە ناوچەی ئەلهۆل، ئەو زانیاریەمان دایە زۆرینەی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەرێم و لە بەغدا، بەڵام گوتیان ئامانج لەو هێزکۆکردنەوەیە هێرشە بۆ سەر شاری ڕمێلان و تەل کۆچەر و هیچ مەترسیەك لەسەر دیوی عێراقی.[٢]

---

٢ - یەکینەکانی پاراستنی گەل کە بە (یەپەگە) ناسراوە و ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەرسێك پیتی یەکەم لە ناوی یەکینەکانی پاراستنی گەل بە زمانی کوردی .

یەکینەکان لە سەرەتای قەیرانی سوریا لەژێر ناوی یەکینەکانی پاراستنی خۆسەری بەشێوەیەکی نهێنی دروستبوو.

(لەگەڵ ڕزگارکردنی کۆبانێ لە ١٩ی تەموووزی ٢٠١٢ ناوەکەی گۆڕاو بەشێوەیەکی فەرمی یەکینەکان ڕاگەیەندرا)

ئەو یەکینانە هەزاران لە کوردان و کچانی کوردی سوریان لە ڕۆژئاوا وەک کۆبانێ و عەفرین و دێریک و قامشلو و حەسەکە و سەرێ کانی و عامودە و تەل کۆچەر و شارەکانی تری سوریا لەخۆ کۆکردەوە، بەتایبەتی حەلەب و ڕەقە و مەنبەج.

ئەو یەکانە دەرچوون و گەڕان هەبوو بۆ شەڕی ڕێکخراوە تونڕەوەکان: وەک ئەحرار شام، بەرەی نوسرە و گروپە تونڕەوەکانی تر. یەکینەکان لە ساڵی ٢٠١٤ ناوبانگیان بەجیهاندا بڵاوبووەوە سەرنجی جیهانیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشا، لە ڕۆژئاوا لە شنگاڵ بۆ پاراستنی ێزیدیەکان و لە بەرەنگاربوونەوەیان لە کۆبانێ و گەورەترین پشکیان لە ناوبانگی تێکۆشەرە کچ و کوڕەکانی ئەو یەکینانە کە ژمارەیان خۆی لە پەنجاهەزار تێکۆشەری کوڕ و کچ دەدا.

لە ساڵی ٢٠١٥بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ کۆمەڵێك گرووپی عەرەبی و بە پاڵپشتی ولاتان هێزی سوریای دیموکراتی پێکهات، کە یەکینەکانی پاراستنی گەل کۆڵەگەی سەرەکییە.

## نەبوونی بەرگری لە عێراق:

شایانی باسکردنە بڵێین بارودۆخی سیاسی ئەوکاتی عێراق و پەیوەندی هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ بەغدا زۆر خراپ بوو، جگە لە کێشە و گرفتەکانی ناوەوەی هەرێم و پرسی پێکهێنانی حکومەت و ڕاسپاردنی نوری مالیکی بۆ پێکهێنان و نارەزایەتییەکانیش لە شارە سوننییەکان، هەموو ئەوانە بەس بوون بۆ لاوازی بەرگری سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی لەبەردەم هەر هێرشێکی بەرفراوانی تیرۆریستی، هەر بەڕاستیش لە هەفتەی دووەمی مانگی حوزەیران ڕوویدا کە لە موسڵەوە تا تکریتی گرتەوە و لەوێشەوە بەرەو باشوور چوون تا لە بەغدا نزیکبنەوە.

داعش بەهەموو هێزێکیەوە دزەیکردبووە ناو گرژیی تائفی سونەکان وە هاوپەیمانی لەگەڵ چەندین ڕەوتی جیاواز کردبوو، وە خۆیان بە بەشێك لە هەڵمەتی رزگارکردنی سونە و گێڕانەوەی سەروەریی سەرۆکی پێشووی عێراق سەدام دەزانی و بۆ تۆڵەسەندنەوەش لە کورد و شیعە و لەو سوننەیەش کە هاوکاربوون لەگەڵ (الصحوات).

## جبەخانەی چەکی ئەمەریکی و لێکدانەوەی هەڵە...

کەوتنی موسڵ و کەوتنی هەزاران چەك و چەندین تەن تەقەمەنی و ئوتۆمبێلی سەربازی و پارە و تواناکان بۆ دەست داعش؛ کردیە دێوێکی هار و ولاتانی ناوچەکەی پێ ترساند و دڵەڕاوکێی بۆ ولاتانی ڕۆژئاواش دروسکرد..

دوای کەوتنی موسڵ، هەموویان درکیان بەوەکرد کە هەڵەبوو لێرە ئەو لایەنانە بەدەردەکەم کە ئاگاداری نهێنییەکان بوون، وە دامەزراوەکانی ناوچەکە، بەتایبەتی سوپای عێراقی، زۆر داهێزراو و لاواز بوو، وە دەرکەوت هەموو چەکە ڕۆژئاواییەکان و بەتایبەتی چەکە ئەمەریکییەکان ئەوانەی لەلایەن ئەمەریکا و ڕۆژئاوا ڕادەستی سوپای عێراقی کرابوون،

کەوتنەدەست رێکخراوێکی فراوانخواز تیرۆریستی درێندە.

بارهەڵگری سەربازی، زرێپۆشی هامڤی، هەڵگرەوەی مین، تۆپ و دەیان هەزار فیشەک، دۆشکا بە هەموو جۆرەکانییەوە، تفەنگی نوێی ناو سندوق، ئوتومبێلی ئاسایی، کەرەستەی جەنگی و سەربازی و ئامێری پەیوەندی پێشکەوتوو و ملیۆنان دۆلاری ئەمەریکی کە لە بانکەکانی عێراقدابوون؛ هەموو ئەو دەسکەوتانەی سوپای عێراقی لەدوای خۆی بەجێیهێشت و کەوتنەدەست داعش؛ هێزێکی زۆر گەورەی بوژانەوە بوو بۆ ئەو رێکخراوە تیرۆریستیە، دواتر داعش لە دژی گەلی کورد لە رۆژئاڤا و هەرێم بەکاریهێنا.

## روخانی سایکس-پیکۆ

لەگەڵ کەوتنی موسڵ لەسەردەستی ئەو تیرۆریستانەی لەرێگای سوریاوە چوونە ناو عێراق، وە بە هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو تێرۆریستانەی لەناو عێراق بوون و هەندێک لەو گرووپ و هۆزانەی لە هەردوو دیوی سنوور بوون، داعش کەوتنی سنووری سایکس- پیکۆی ڕاگەیاند. سنووری نێوان سوریا و عێراق لەگەڵ کەوتنی موسڵ کۆتایی هات، رێگاکانیش کراوەبوون لەنێوان پایتەختی هەردوو دەوڵەتی تیرۆریستی لە موسڵ و رەقە، ئەو رووبەرە جوگرافیە سوننەیە یەکی گرتەوە کە جاران پێی دەگوترا سوریا و عێراق و ئەو ناوچەیە بووە ئەو شانۆیەی ناونرابوو خاکی خەلافەت و لەوێوە داعش لە ٢٩ی حوزەیرانی ٢٠١٤ (البغدادی) وەک خەلیفەی دەوڵەتە ساختەکە ڕاگەیاند، وە دروشمی (دەوڵەتی ئیسلامی دەمێنێ و فراوان دەبێ) بووە بنەمای ستراتیجییەتی رێکخراوە تیرۆریستییەکە، لەگەڵ ئەوەشدا مەترسی لەسەر دراوسێی باکووری ئەو خەلافەتە خوێنڕێژە نزیکتربووەوە.

## کەوتنی موسڵ و لێکەوتەکانی لە کوردستان..
## ناوچەی ماددەی ١٤٠

ئەو ناوچانەی بە مادەی ١٤٠ ناسراون، ناوەکەی لە مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراقی وەرگیراوە کە ساڵی ٢٠٠٥ لەسەری ڕێککەوتوون، ئەو مادەیەش ئاماژەیە بۆ ناوچە جێ ناکۆکەکان لەنێوان هەرێمی کوردستانی عێراق و حکومەتی ناوەند کە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانی عێراقن. ئەو ناوچانە کوردستانین و لە ساڵانی نێوان ١٩٦٨-٢٠٠٣دا ڕووبەڕووی پرۆسەی بەعەرەبکردن بوونەوە، هۆزە عەرەبییەکانییان لێ نیشتەجێ کردن و لە پارێزگا کوردییەکانییان دابڕین و خستییانە سەر پارێزگا عێراقییە سوننییەکان لە کەرکوک و دیالە و سەلاحەددین. کوردەکانی ئەوێیان ڕاگواستن و گوند و زەوی و زاریان بەسەر هاوڵاتییە عەرەبەکان دابەشکرد، لەو ناوچانەش (مەخموور، کفری، توزخورماتوو، شێخان، حەمدانیە، تەل کیف، خانەقین، مەندەلی، زوممار و شنگاڵ ( سنجار) و چەندین قەزا و شارۆچکە و ناوچەی تریش.

دوای کەوتنی موسڵ و ڕاکردنی دەیان هەزار کەس لە سوپا و پۆلیسی عێراقی لە ناوچەی زۆر فراوان، بەبێ هاویشتنی تەنها فیشەکێك و تەنانەت بێ ئەوەی تیرۆریستانی داعش لێیان نزیکبووبنەوە؛ سەربازگە و بارەگا و کۆگای تەقەمەنیەکانی خۆیان چۆڵکرد، لە ئەنجامدا هێزی پێشمەرگە بەپێکهاتە جۆراوجۆرەکانیەوە (پێشمەرگەی وەزارەتی پێشمەرگەی سەربە حکومەتی هەرێم، هێزەکانی ٨٠ی سەربە پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزەکانی ٧٠ی سەربە یەکێتی نیشتمانی کوردستان)، هەر خێرا دەستیانگرت بەسەر هەموو ناوچە و بارەگا و چەك و کەرەسەکان لە سنووری ماددەی ١٤٠؛ لە شنگاڵ و ڕەبیعە و بەعشیقە تا کەرکوك و چیای حەمرین.

شایانی گوتنه، ئەو چەك و کەرەسەیەی هێزی پێشمەرگە و خەڵك دەستی بەسەردا گرتبوو و دواتر فرۆشتیانەوە؛ بەشی چەکدارکردنی سوپایەکی بەتەواوەتی دەکرد، بەتایبەتی ئەو چەك و تەقەمەنیە سەربازییەی لە سەربازگەی (کەیوان) بوو لە کەرکوك.

بە زۆرێك لە ئەفسەرانی سوپای عێراق و سەرکردەکانی پێشمەرگەمان گوت ئەگەر ئێمە (یەپەگە) یەك لە سەدی ئەو چەکانەمان هەبوایە کە ئەو فرقە و لیوا ڕاکردووانە بەجێیانهێشتووە؛ گەیشتبووینە دێرزۆر و ئازادمان کردبوو لەدەست داعش، ئەو چەکانە هەمووی دیاری بوون لەسەر سنییەکی زێڕین پێشکەش هێزی پێشمەرگە کران و لەهەمان کاتیش بۆ داعش و بازرگانانی چەك و هۆزەکان.[3]

## ئایا کورد لە عێراق هەڵخەڵەتان یا خۆیان هەڵخەڵەتاند؟

دوای زاڵبوونی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و بە پاڵپشتی و گرتنەخۆی ڕاستەوخۆی هۆزە سوننە و سەرکردەکانیان ( وە زۆر لە کەناڵە عەرەبییەکانیش بەهۆزە شۆڕشگێڕەکانیان ناویان دەبردن)، کەناڵێکی (کوردی) سەربە هەرێمی کوردستانی عێراق مێوانداری وتەبێژی ڕاگەیاندنی داعشی کرد لە موسڵ گوتی: «با گەلی کورد لە کوردستانی

---

۳- ماددەی ۱٤۰ لە دەستووری عێراق:

یەکەم: دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەنگاوی پێویست دەنێ بۆ تەواوکردنی جێ بەجێکردنی پێداویستییەکانی ماددەی (٥٨) ، لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی ڕاگوزەر، بەهەموو بڕگەکانیەوە.

دووەم: ئەو بەرپرسیارێتیەی خراوەتەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە حکومەتی ڕاگوزەر کە لە ماددەی ٥٨ لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی وەک لە قۆناغی ڕاگوزەر هاتووە، درێژدەبێتەوە و بەردەوام دەبێ بۆ دەسەڵاتی جێ بەجێکردنی هەڵبژێررا بەپێی دەستوورە، بەمەرجێك بەتەواوی جێبەجێ بکرێ(، ئاساییکردنەوە، سەرژمێریی، وە بە ڕاپرسی کۆتایی بێ لە کەرکوك و ناوچە جێ ناکۆکەکانی تر، بۆ دیارکردنی خواستی دانیشتووەکانی)، لەماوەیەك کە ئەوپەڕی، لە ۳۱ی مانگی دیسێمبەر/ کانونی یەکەمی ساڵی ۲۰۰۷.

عێراق بەدیاریکراوی بێخەمبێ، ئێمە پەلامارییان نادەین و شەڕی ئێمە دژی شیعە و حکومەتی( مالیکی)یە و هیچ دوژمنایەتییەکمان لەگەڵ حکومەت و خەڵکی کوردستانی عێراق نیە. ئەگەرهەڵنەبم ئەوە یەکەمجاربوو کەنالێك کە سەر بە داعش نەبێ پەیوەندی بە سەرکردەکانیەوە بکات و دڵنیایی داعش بۆ گەلی کورد بڵاوبکاتەوە.

بەڵام لەڕاستیدا دۆخەکە زۆر جیاوازبوو، یا وردتر بڵێین بەگوێرەی ئەو هێزە کوردییانەی رووبەڕووی داعش دەبوونەوە جیاوازبوو، لەنێوان دوو حیزبە سەرەکییەکەی کوردستانی عێراق، لەوکاتەوەی داعش موسڵی کەوتە دەست هەوڵی دەدا بەرەو کەرکوك بڕوات، شەڕ و پێکدادان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دروستبوو، لە جەلەولا، سەعدیە، خورماتوو و ناوچەکانی تری هاوتخوبی کەرکوك، تا دەهات شەڕەکانیش رۆژبەرۆژ زیاتر دەبوون لەنێوان تیرۆریستانی داعش و هێزەکانی پێشمەرگەی (یەکێتی نیشتمانی).

زۆر لە هاودژەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان گوتیان؛ کورد لەو شەڕە (نە قەلی پێ دەبڕێ و نە کۆتر) و ئەو شەڕە لەجیاتی (شیعە) و (مالیکی)یە و یەکێتی نیشتمانیان بەوە تۆمەتبارکرد کە کورد و کوردستانی عێراق تووشی سەرگەردانی دەکات و شەڕێك دەکات جگە لە شیعە و مالیکی، کەس سوودی لێ نابینێ..

بەڵام لە سنووری دەسەڵاتی (پارتی دیمۆکراتی کوردستان) بەرەکانی شەڕ تەواو ئارام بوون لەنێوان تیرۆریستانی داعش و هێزەکانی پێشمەرگەی پارتی، هیچ ڕوداوێکی جددیش ڕووینەدا، تەنانەت بەشێك لە بێژەر و پەیامنێرانی هەندێك کەنالی (کوردی) لەو ناوچانە نزیکبوونەوە کە داعشی لێ دامەزرابوو و دیداری رۆژنامەوانیان لەگەڵ ئەنجامدان، هەروەها لەناو دڵی پایتەختی هەرێم کۆنگرەی رۆژنامەوانیان لەگەڵ زۆر لە سەرۆك هۆزە سوننەکان ئەنجام دەدا کە راستەوخۆ و ناراستەوخۆ

پشتیوانی داعش بوون، لەلایەکی تریشەوە، لایەنی ناکۆك لەگەڵ (پارتی دیمۆکرات) بە تۆمەتی جۆراوجۆر تۆمەتبارەدکرد؛ لەوانە هاوکاریکردنی داعش و ئەو هۆزانەی کە داعشیان گرتۆتەخۆ، وە تەواو ئاگاداری پیلانی داگیرکردنی موسڵ بوون و ویستیان بە داعش تۆڵە لە مالیکی بکەنەوە....هتد

کورد لە عێراق یەك هەڵویست نەبوون لە پرسی داعش و کەوتنی موسڵ، وە چۆنیەتی بەهێزکردنی ئەو ناوچە نوێیانەی کەوتبوونە ژێردەستیان، ناکۆکی زۆر گەورەش هەبوو لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەند، تۆمەتبارکردنی حکومەتی ناوەند بۆ هەرێم زیاتربوو، ئەوکاتەش هەرێم پرسی سەربەخۆیی تەواوەتی تاوتوێ دەکرد کە ژاوەژاو و مەترسییە گەورەی دروستکرد لەلای وڵاتانی ناوچەکە و ئەو (لێبوردنییان بەرامبەر بەو هەنگاوە نابێ).

## هێزەکانی پێشمەرگە

هێزە سەربازییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە (پێشمەرگە) ناودەبرێن، وشەیەکی کوردیە بە شێوەزاری سۆرانی، زۆربەی حیزب و هێزە سەربازییە کوردییەکان بەکاری دێنن، لە سەردەمی کۆماری کوردستانی دیمۆکراتی لە مەهاباد ساڵی ١٩٤٦ەوە حیزبە کوردییەکان لە رۆژهەڵات (ئەو بەشەی کوردستانی لکێنراو بە ئێران) و لە باشووری کوردستان (بەشی کوردستانی لکێنراو بە عێراق)یش. وە بەگشتی وەزارەتێك هەیە بە (وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان) ناسراوە و دوازدە لیوا و سەرکردە بەشێوەیەکی یەکسان لەنێوان دوو حیزبە سەرەکییەکان پارتی دیمۆکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دابەشبوون، هەر لیوایەك چوار فەوجی هەبوو، هەر فەوجێکیش دابەش بووە بۆ سەر پێنج سریە؛ هەرفەوجێك ٦٥٥

ئەفسەر و ئەندام و کارگێڕی هەیە.

ئەو لیوایانە لە ناوچەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوون، ئامیر لیواکە سەربە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو و جێگرەکەی سەربە پارتی دیمۆکراتی کوردستان بوو، لیوای پیادە، لیوای دووەم، لیوای سێیەم، لیوای پێنجەم و شەش و نۆ. بەڵام لیواکانی تری ناوچەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و ناوچەی گوێڕ و جەزیرەی بادینان و سنووری ڕۆژئاڤا، لیواکانی چوار، حەوت، هەشت، لیوای دە و لیوای یازدە، ئامیر لیواکان سەربە پارتی دیمۆکراتی کوردستان و جێگرەکانیشیان سەربە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، بەڵام ئامیر فەوجەکان بە یەکسانی دابەشبوونە، لەکاتێکدا ئەگەر ئامیر فەوجەکە لە یەکێتی نیشتمانی بێ، جێگرەکەی هی پارتی دیمۆکراتی کوردستانە و بە پێچەوانەش و هەمان شتە بۆ هەموو پێکهاتەکانی تری خوارەوەش، بەڵام جگە لە لیواکانی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەت، هێزی حیزبی سەربە هەردووک حیزبی ناوبراو هەبوون ڕاستەوخۆ فەرمانیان پێ دەدرا، هێزەکانی هەشتا سەربە پارتی دیمۆکراتی کوردستان بوو، هێزەکانی حەفتاش سەربە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، وە هەر یەکێک لەو حیزبانە هێزی تایبەت بەخۆیان هەبوو، وە هێزی دژەتیرۆر٤ و هەواڵگریش، ئەگەر زیاتریش لە وردەکاری ئەو پێکهاتە حیزبیانە وردبینەوە دەبینین کە هەر یەکێک لە سەرکردە باڵا و کاریگەرەکان هێز و لیوای خۆی هەیە کە ڕاستەوخۆ سەر بەخۆیەتی و چەندین ساڵە بە پلەی یەکەم وابەستەی ئەو سەرکردەیەنە. لەوانەیە ئەوە بەشێوەیەکی دیارتر لەناو هێزەکانی حەفتای یەکێتی نیشتمانی کوردستان ببینرێ. دوای کەوتنی موسڵ و ڕاکردنی هێزە سەربازییەکان زۆر لە سەرکردە و هێزە سەربازییە کوردیەکانی ناو سوپای عێراقی هانایان بۆ ناوچەکانی پێشمەرگە برد و پەیوەندیان کرد بە وەزارەتی پێشمەرگە، لە چوارچێوەی دوو لیوادا، لیوای ١٤ و ١٦، بەبێ هەبوونی لیواکانی ١٣ و ١٥. بەوشێوەیە لیواکانی

وەزارەت بووون بە ١٤ لیوا.

## یاریزانی تری گۆڕەپانی سەربازیی

جگە لە هێزەکانی پێشمەرگەی سەر بە هەردووک حیزب و وەزارەت، هێز لە دەرەوەی ئەو دامەزراوەیەش هەیە، بەڵام هەر لە خاکی هەرێمن و ڕۆڵیان هەیە لە ڕوداوە هەنووکەییەکان ، «هێزەکانی پاراستنی گەل» سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان» لە سەرووی ئەو هێزانەبوو لەڕووی قەبارە و مەشق و بڵاوبوونەوەیان بڵاوبوونەوەی چڕ لە ڕووی جوگرافییەوە؛ کۆنترۆڵی تەواوی زنجیرەی سنووری نێوان تورکیا - عێراق - ئێرانیان کردبوو، هەروەها بنکەی سەربازی پێشکەوتووی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ سێ (دەیەی پێشووتر،٣٠ ساڵ)، هەروەها هێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی سەربە (پارتی ژیانی ئازادی کوردستان) ی هاوپەیمانی پارتی کرێکارانی کوردستان و ئەوەش هێزووتوانا لە زنجیرەی سنووری نێوان کوردستانی عێراق و ئێران دابەش بووە، هەروەها پێشمەرگەی سەر بە حیزبە کوردیەکانی ئێرانیشی لێبوو، وەکو حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی-ئێران و حیزبی ئازادی کوردستان و کۆمەڵە و هی تریش، هەروەها هێزی ئێزیدی سەربە هێزەکانی هەرێم و لەناو کەرتەکانی سوپای عێراقیش لە ناوچەکە.[4]

## ڕێنماییمان پێشکەکش کرد و داوای هاوکاری و هەماهەنگیمانکرد

لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٢ تا هاوینی ٢٠١٤ ئێمە (یەکینەکانی پاراستنی گەل، یەپەگە) شەڕ و پێکدادانی پچڕپچڕ و چڕمان لە چەند بەرەیەک لە دژی ڕێکخراوە تیرۆریستییە تونڕەوەکان ئەنجام دا، بەمەش باش شارەزابووین لە نەخشە و تاکتیک و شێوازی بەرەنگاربوونەوەو

٤- هەواڵگری دەزگای زانیاری سەربە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەواڵگری پاراستن سەربە پارتی دیمۆکراتی کوردستانە

سەرکەوتن بەسەریاندا و دەرکردنیان لە چەندین ناوچە لە رۆژئاوای کوردستان، هەر بۆیەش درێغیمان نەکرد لە ڕێنمایی بۆ هاوڕێ و برایانمان بەتایبەتی لە میحوەری کەرکوک و بەشێکیش لە شەرفانانمان لە هەردوو مانگی حوزەیران و تەموزی ٢٠١٤ شانبەشانی پێشمەرگە بەشداری چەندیان شەڕیانکرد لەو ناوچانە، وە بەردەوام لە پەیوەندی ڕاستەوخۆدابووین لەگەڵ سەرکردە مەیدانییەکانی کورد لەو میحوەرانە..

بەپێی توانا هەوڵماندا بەرەیەکی هاوبەشی کوردی پێکبهێنین؛ چونکە ئێمە دڵنیابووین ئاگربەست یا (مانگی هەنگوینی)ی ناڕاستەوخۆی داعش زۆر ناخایەنێ لەگەڵ دراوسێ باکوورییەکە (بۆ خەلافەت) و بەهۆی لێدوانە زەقەکان سەبارەت بە سەربەخۆیی؛ دەستوەردانی ئیقلیمی ناهێڵێ کورد خۆشی لە گێڕانەوەی ناوچە جێ ناکۆکەکان ببینێ. هەمیشە بەبیر هەموو براکانمان دەهێنایەوە کە ڕێکخراوی داعش سنووری هەڵوەشاندۆتەوە و پابەندنابێت بە هیچ شتێك، ڕێکخراوایکی فراوانخوازە و کورد لە هێرشەکانییان هەلاوێرد ناکەن لە هێرشەکانی. بە تایبەتی کورد لە ڕووی جوگرافی زۆرینەی ڕەهای سەرکردەکانی داعش لە بەعسیە سەدامییە شۆڤێنییە دژ بە کوردەکاننبە وردو درشتییەوە، هەروەها ڕۆڵی گوماناوی تورکیامان بیردەخستنەوە لە هەموو نەوەی ڕوبدا و ڕوو دەادت لە سوریا و عێراق و رۆژئافا.

## یەکینەکانی پاراستنی گەل لە عێراق

بەر لە کەوتنی موسڵ، دیوەکەی تری سنووری رۆژهەلاتی رۆژئافا لە دیوی عێراق؛ لە دەروازەی سیمالکاوە هەتا گوندی (ڤاهیرە)ی باکووری شاری (رەبیعە)، لەژێر دەسەلاتی هێزی پێشمەرگەدابوو. هەر لە رۆژانی سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ هێزی پێشمەرگە دەستی بەلێدانی خەندەك کردبوو لەسەر سنوری نێوانمان، ئەوکاتە فەوجی ٣ی لیوای ٨ لە دەروازەی فیشخابوورەوە هەتا گوندی (ماسکا) لەدەست بوو، لە گوندی ماسکاش

تا گوندی قاهیره فەوجی ٤ ی لیوای ٨ی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە کۆنترۆڵی سنووری کردبوو، لە باشووری گوندی قاهیرەش، گوندی مەحمودیە هەیە، ئەو ناوچەیە لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی عێراقی سەربە حکومەتی ناوەند بوو.

لە دیوی رۆژئاڤاش هەندێك خاڵی سنووری لەیەك دوور هەبوون بۆ کۆنترۆڵکردنی سنوور، بەڵام راستەوخۆ دوای کەوتنی موسڵ و راکردنی هەموو کەرتە سەربازییەکانی عێراق لە ناوچەکە و جێهێشتنی بنکە و ناوەندە سنوورییەکان و جێهێشتنی بۆشاییەکی ئەمنی گەورە لە مەودایەکی فراوان لە سنوور، ئەوکاتە یەکینەکانی پاراستنی گەل ناچاربوون لە ٩ی حوزەیران سنوورەکە ببڕن بۆ کۆنترۆڵکردنی سنوور بەشێوەیەکی چڕ لە هەردوو دیوی سنوور لە گوندەکانی مەحمودیە تا رەبیعە.

دەستوەردان لە دیوی عێراقی عێراقی لە سنوور دۆخێکی نوێی دروستکرد لە ناوچەکە، ئەوەش پێویستی کرد ئێمە هێزێکی گەورە لەو ناوچەیەدا کۆبکەینەوە کە مەودایەکی کراوەی بەڕووی تیرۆریستەکان جێهێشتبوو، ئەمەش بە پێی دۆخەکە برایانی پێشمەرگەی ناچارکرد کە دواتر ....، ئەوانەی دواتر هاتن و لەو ناوچانە بڵاوبوونەوە، هەتا شنگاڵ و هەموو ئەو شوێنانەی هێزەکانی عێراق جێیانهێشتبوو.

دوای هاتنی پێشمەرگە و بڵاوبوونەوەیان بەشێوەیەکی چڕ لە گوندی مەحمودیە هەتا رەبیعە و لەوێوە بۆ باشوور بەرەو رەجم ئەلعەبد و سنونێ و چیای شنگاڵ و دەشتی خواروی شنگاڵ، لەگەڵ ئەوەی هێزی پێشمەرگە پێشتریش لە شەنگال هەبوون، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوای روخانی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣، بەڵام دوای کەوتنی موسڵ بوونی هێزی پێشمەرگە لەوێ زیاتر بوو و بەشێوەیەکی فراوانیش ناوچەی شنگاڵ لە ڕووی جوگرافیەوە بە رەبیعە بەسرایەوە و لەوێشەوە بە

سحێلا و ناوچەکانی تری کوردستانی ژێر دەسەلاتی هەرێم.

بەشێوەیەکی گشتی دوای ئەوەی بارودۆخ جێگیربوو و لە مانگی حوزەیران و تەمووز هیچ هێرشێکی راستەوخۆ لە ناوچەی جەزیرە و دەشتی نەینەوا نەکرایە سەر پێشمەرگە، سەرکردەکانی پێشمەرگە داوایان لە یەکینەکانی پاراستنی گەل کرد لە چەند بنکە و خاڵێکی سنووری ناو عێراق بکشێنەوە، ئەوەش تاڕادەیەك لە بەرژەوەندی پێشمەرگە جێ بەجێکرا..

سەبارەت بە رۆژئاڤاش، گرنگ ئەوەبوو داعش دەستنەگرێ بەسەر زنجیرە سنووریەکەی نێوان عێراق و سوریا، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی هاوسنوور کە لەژێر دەسەلاتی یەکینەکانی پاراستنی گەل بوون. داعش و بەرەی نوسرە گەمارۆی هەموو ناوچە کوردییەکانی رۆژئاڤایان دابوو لەلای باشوور و رۆژئاوای جەزیرە لە رۆژئاڤا، هەروەها لە سێ لاوە گەمارۆی کوبانێیان دابوو، هەمان شتیش سەبارەت بە عەفرین کە لەژێر ئابلۆقەی کۆمەڵێك گرووپی ئیسلامیی توندڕەو و بەرەی نوسرەدابوون، بۆیە زۆر گرنگ بوو رێگا نەدەین داعش کۆنترۆڵی سنووری نێوان ئێمە و عێراق و هەرێمی کوردستانی عێراق بکات، ئەوەش ئامانجی سەرەکی یەکینەکان بوو لە پەرینەوەیان لە سنوور لە ٩ی حوزەیرانی ٢٠١٤ بۆ کۆنترۆڵکردنی هێڵی سنووری، دوای هاتنی پێشمەرگە، ئیتر پێویستی بە مانەوەی ئەو هێزە گەورەیە نەبوو لەو ناوچەیە و دەبوا ئێمە بگوازینەوە ناوچەکانی تر، بەتایبەتی حەسەکە کە لەژێر هەڕەشەی داگیرکردنی داعش دابوو، بەڵام ئەوە مانای کشانەوەی تەواوی یەکینەکان نەبوو لە سنوور بەتایبەتی لەلای رۆژئاڤا، وە بە تایبەتتریش لە ناوچەکانی باشووری (تەل کۆچەر) هەتا دەگاتە (جەزعە).

## گەڕان بە دوای دەریچەکان بۆ چەک

ئەوەی یەکینەکان زۆر بەدەستییەوە دەینالاند کێشەی کەمیی چەک و تەقەمەنی و کەرەسەی سەربازی بوو، ناوچەکە لە هەموو لایەکەوە لەژێر ئابلۆقەی تەواودابوو، گەیشتنی چەک و تەقەمەنی و کۆمەک و پێداویستی سەربازی و پزیشکی و جەنگی زۆر سەخت بوو، بۆیە سنوور لەگەڵ عێراق و کوردستان دەرچەیەکی زیندوو بوو بۆ رۆژئاڤا بۆ دەسکەوتنی چەک، بازرگانەکان دەگەیشتنە سنوور و چەک و تەقەمەنییان لە بەری (رۆژئاڤا) بەنرخێکی گران دەفرۆشت، وە زۆر لە سەرکردە مەیدانییەکانی پێشمەرگە لەسەر سنوور بازرگانییان بە چەک و کەرەستەکانەوە دەکرد و دەیانفرۆشتنەوە یەکینەکان. زۆر لە بازرگانەکان چەکیان دەفرۆشت بەڵام نەیاندەتوانی بیگەیەننە سنووری رۆژئاڤا، ئەوەش دووچاری زۆر مەترسی و بەرتیلدان و دروستکردنی هەندێک پەیوەندی تایبەتی دەکردنەوە، لەپێناو گواستنەوەی ئەو چەک و تەقەمەنیانە، بەشێوەی بەش بەش، لە ناوچەکانی کەرکوک و سلێمانی و دهشتی نەینەوا بۆ رەبیعە و لەوێشەوە بۆ رۆژئاڤا.

لێرەدا دەبێ باس لە ماندووبوونی هەندێک لە سەرکردەکانی پێشمەرگە بکەین لە ئاسانکاری بۆ پرۆسەی گواستنەوەی چەکەکان و گیان و فەرمانی خۆیان دەخستە مەترسییەوە لەپێناو یارمەتیدانی براکانیان لە رۆژئاڤا، ئەوەش هەموو پێویستی بە پەیوەندی راستەوخۆ و بەردەوام هەبوو لەگەڵ هێزی پێشمەرگە، بەتایبەتی لەگەڵ کەرتە سەربازییەکانی سەربە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، یا ئەفسەرەکانی هێزەکانی ٧٠ ئەوکاتە زۆربەی کات لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بووم، لەگەڵیان دەهاتم و دەچووم و لە بارەگاکانیان دەمامەوە لەناو هەرێم و لەناوچە جێ ناکۆکەکان، یارمەتیمان دەدان و یارمەتیان دەداین، ئەوەش فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ شارەزابوونی جێگاکان بەباشی و تێگەیشتن لە ناسکی دۆخی هەرێم لە رووبەڕووبوونەوەی هەر پەلامارێکی

بەرفراوانی تیرۆریستی..

## ئاماژەکانی سەرەتا

لە ٢٥ی تەموز ڕوداوێکم بینی، ئەوە بۆ ئێمە بەس بوو تا زەنگی مەترسی لە ڕۆژئاڤا لێدەین و خێرا جوڵەبکەین. ڕێگای نێوان شنگاڵ-ڕمبیعە وە ڕمبیعە-سحێلا (لەسەر روباری دجلە، نزیک سێمالکا) لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی وەزارەتی پێشمەرگە و هێزەکانی ‹‹زێرەڤانی›› و ‹‹هێزی پشتیوانی›› سەربە پارتی دیمۆکراتی کوردستان بوو، شنگاڵ و شارەدێیەکانی بەتەواوی لەژێر دەسەڵاتی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و هێزە حیزبییەکانی پارتی بوو، لە ٢٥ی تەموز لەکاتی چوونی ئوتۆمبێلێکی پێشمەرگە بۆ شنگاڵ بە ڕمبیعەدا، ڕێگای هەڵەکرد و بەرەو شارۆچکەی عەوەینات چوو(لەسەر ڕێگای ڕمبیعە-موسڵ)، کە لەژێر دەسەڵاتی داعشدابوو، هەر کە ئوتۆمبێلەکە لە بازگەی داعش نزیکبووەوە تەقەیان لێکرد و دەسبەجێ ٢ پێشمەرگە شەهیدبوون، یەکیان ئەفسەر بوو بە پلەی نەقیب، یەک لە پێشمەرگەکانیش لە پێکهاتەی مەسیحی دەربازبوو و لەنێوان درکودالْ و کەناڵەکانی ئاودێری هەردووک بەری ڕێگا خۆی شاردەوە.

ئەوکاتەی هەواڵەکەمان زانی، لە مێوانداری ئەفسەرێکی پێشمەرگەبووین لە ڕمبیعە، هەر خێرا چووینە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕمبیعە و لەوێ بینیمان کە بازگەی داعش لەلای ڕۆژهەڵاتەوە زۆر نزیکە و هەر ٥٠٠ مەتر لە ڕمبیعە دوورە، لەناو کەرتە سەربازییەکان شەرزەیی و تێک ڕژانْ لە دەوروبەری ڕمبیعە دروستبوو، بەتایبەتی کە تا ئەوکاتە لەنێوان پێشمەرگە و داعش لەو ناوچەیە هیچ بەریەککەوتن و پێکدادانێکی ڕاستەوخۆ ڕووی نەدابوو، ئەو پێشمەرگەیەش کە خۆی لە نزیک بازگەی داعش شاردبووەوە، بە لاسلکی داوای بەهاناوەچوونی لە سەرکردایەتی خۆی دەکرد..

ژمارەیەکی یەکجار زۆری پێشمەرگە لە رەبیعە و دەوروبەری جێگیربووبوون، سەرکردە و ئەفسەرانی هێزی پێشمەرگە لەنزیک فولکەی بەردەم بەنزینخانەکە کۆبوونەوە، هەڵۆ و ئەستێرە کانزاییە زێڕینەکانی سەر شانیان دەبریسکانەوە، کۆبوونەوە و گفتوگۆ و راپرسیان کرد و بڵاوەیان لێکرد و دیسان کۆبوونەوە، ئەفسەرەکان بە ئوتومبێلەکانیانەوە لەگەڵ یاوەر و تامەزرۆیانی قسەوباس لەوێ بەشێوەیەکی چڕ گردبوونەوە ، بەوشێوەیە بوونە ئامانجێکی ئاسان بۆ داعش، خۆم بۆ نەگیرا و بەو ئەفسەرەم گوت کە مێوانداری کردبووین:›› گردبوونەوەتان بەو ژمارە زۆرە و بەو شێوەیە و لەو شوێنە کراوەیە؛ دەبنە ئامانجێکی ئاسانی گولەی هاوەن، هەر تۆپێک لێرە بکەوێ، دەبێتە هۆی شەهیدبوونی هەموو سەرکردە و عەمید وعەقید و نەقیب و.....، تکایە لێگەڕێ با لێرە دووركەونەوە و با لەشوێنێکی تر کۆببنەوە، وە ئەگەر دەتانەوێ هاوڕێ گەمارۆدراوەکەتان ڕزگاربکەن، دوو زرێپۆش بە پاڵپشتی تۆپ بنێرن بۆ ئەوەی ئەو بازگەیە تۆپباران بکەن کە لە ١٠ تیرۆریستی زیاتر لێ نییە ئەوکاتە هاوڕێ گەمارۆدراوەکەتان دەتوانێ خۆی ڕزگاربکات و بەسەلامەتی بگاتەوە ئێوە..

ئەفسەرەکە چوو ئەو بیرۆکەیەی بە ئەفسەرەکانی تر ڕاگەیاند و گوتیان: ‹› با بچینەوە بارەگای لیوای ٨ لە سایلۆکانی رەبیعە››، لەوێش کۆبوونەوەیەکی بچووککراوە کرد، بەبێ بڕیاری هێرش لە کۆبوونەوەکە دەرچوون، لە ئەنجامدا لەڕێگای هەندێک کەسی ناوچەکە لە رەبیعە توانیان پەیوەندی بە بازگەکەی داعشەوە بکەن و ڕەزامەندی ڕادەستکردنەوەی تەرمی پێشمەرگە شەهیدەکانیان دەربڕی، دواتریش گەیەنرانەوە لای پێشمەرگە و باسەکە لێرەوە کۆتایی هات..

## ڕوداوەکە هۆشداری پێداین کە بارودۆخ زۆر مەترسیدارە، درک پێکرنمان بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە

یەکەم: داعشەکان زۆر لە رەبیعەوە دوور نینە، نێوانیان لەگەڵ تەل کۆچەر کەمتر لە سێ کیلۆمەترە.

دووەم: ئەو ڕوداوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە داعش بەرەو رەبیعە و باکوور دەکشێن و بەم زوانە هێرشەکانیان ڕووی لە پێشمەرگە دەبێت.

سێیەم: سەرەڕای ئەو ژمارە زۆرەی پێشمەرگە (چەندین لیوا و فەوج و سریە) بە پاڵپشتی دەبابە و تۆپ و ڕەشاشی گران و زرێپۆش، بەڵام ئەزموونی سەربازییان نەبوو، بەتایبەتی لە جەنگ دژی تیرۆر، بۆیە هەر جۆڵەشیان نەکرد بۆ ڕزگارکردنی پێشمەرگە گەمارۆدراوەکانی خۆیان یا تۆڵەسەندنەوە لەو داعشانەی پێشمەرگەکانیان کوشتن.

چوارەم: لە ئەگەری پێشڕەوی داعش بەرەو سنوور، ئەو هێڵە تەسکەی نێوان گوندی مەحمودیە و سنونێ، ناتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر خۆڕاگرێت و ئەوکاتە سنووری ڕۆژهەڵاتی ئێمە لەگەڵ کوردستانی عێراق، نیمچە تەواو دەکەوێتە دەست داعش.

پێنجەم: زۆر لە عەرەبە سوننەکانی ناوچە جێ ناکۆکەکان چوونە پاڵ داعش، لە موسڵ خزمەتییان دەکرد و ناوەناوەش دەهاتنەوە گوندەکانیان، وە پەیوەندی ڕاستەوخۆشیان هەبوو لەگەڵ شانە خەوتووەکان و خێزانەکانیان لە ناوچەکە..

شەشەم: هەتا ٢٥ی تەموز ڕێگای نێوان رەبیعە و گوندەکانی تر لەگەڵ موسڵ (پایتەختی خەلافەتی داعش)کراوەبوو، ئوتومبێل و گەشتیاران زۆر بە ئازادی لە ناوچەکانی ژێردەستی پێشمەرگە و داعش دەسووڕانەوە..

حەوتەم: مۆبایلەکانی دەستی پێشمەرگە هۆکارێکی زۆر خراپ بوون بۆ گواستنەوەی دەنگۆ و ترس لەنێوان پێشمەرگەکان خۆیان و هەروەها

ترسی کەس و کاریشیان لەسەر ئەوان. هەر ڕوداو یا پێکدادانێکی بچوکیش لەنێوان پێشمەرگە و داعش وێنەی دەگیرا و باس لە درندەیی داعش دەکرا. ئەو جۆرە پڕۆپاگەندانە پێش هەڕەشەکانیان دەکەوتن و وەك ئاگربڵاوەبوونەوە لەنێوان ئەندامەکانیان، بەزیادەڕۆیی زۆریشەوە.

## پاراستنی ڕۆژئاڤا و ئامادەکارییەکانمان

دوای ئەوەی لەنزیکەوە لێکۆڵینەوەمان لەو حالەتە و دۆخی گشتی دیوی ڕۆژهەڵات لە سنووورکرد، تێبینی و سەرنجی خۆمان بە سەرکردایەتی گشتی (یەپەگە) ڕاگەیاند، پێمان ڕاگەیاندن کە بارودۆخ زۆر ترسناکە، داعش لەهەر ساتێکدا هەوڵی گەیشتن بە سنووورەکەمان دەدات و پێویستە بەخێرایی هەنگاوبنێین بۆ پاراستنی ڕۆژئاڤا، وە ڕێك پێمان گوتن: لە ئەگەری هێرشکردنێکی بەهێزی داعش بۆ سەر هێزی پێشمەرگە، ئەوان ناتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر بەرگری بکەن و زوو ناوچەکە جێدەهێڵن و تا لە سحێلا خۆیان دەگرنەوە. یەکێك لە سەرکردەکان وەڵامی داینەوە و گوتی: پێویست بە زێدەڕۆیی ناکات. پێمان گوت: زۆر بەداخەوە، ئەوە ڕاستییە، دۆخەکە لە میحوەری زومار، شنگاڵ، سنونێ و ڕەبیعە زۆر شلۆق، لە کەسیش ناشارمەوە کە دەیان لە پێشمەرگە و سەرکردەکانیان زۆر باش درکیان بەو مەترسییە نزیکە کردبوو و ڕاستەوخۆ یا بە تەلەفۆن پەیوەندیان لەگەڵمان هەبوو و داوایان لە ئێمە دەکرد هاوکارییان بکەین و ڕێگایان بۆ بکەینەوە بۆ کشانەوەیان بۆ ڕۆژئاڤا ئەگەر ڕووبەڕووی هێرشی گەورە بوونەوە، ئێمەش بەڵێنمان پێ دەدان کە هەرچی لە تواناماندابێ، بۆیان بکەین.

خاکی کوردستان، ناوچە جێ ناکۆکەکان ئەو ناوچانەی لەدوای کەوتنی موسڵ کورد لە بشووری کوردستان بەدەستی هێنانەوە، لە لێواریتاقیکردنەوە چارەنووسسازییەکانیان بوون، تاقیکردنەوە سەختەکان گەیشتبوونە بەردەرگا، کێشەیەکی گەورە و ڕوون لە سیستمی بەرگری و

ئامادەکاری و پارێزگاری و دابەشکردنی هێزەکاندا هەبوو، وە کێشەیەکی دیار لە بیروباوەڕی بەرگری سەربازی و ئەفسەر و پێشمەرگەکانیشدا هەبوو.

## رۆژئاڤا

رۆژئاڤا کورتکراوەی ناوی بەشی رۆژئاوایە لە کوردستان، بە (رۆژئاڤای کوردستان)ناسراوە، ئەوەش هێڵی باکووری سوریا دەگرێتەوە، لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە لە کوردستانی گەورە جیاکرایەوە و بە ڕێککەوتنی نێوان فەرەنسا و ئینگلیز و تورك بە وڵاتی سوریا لکێنرا کە فەرەنسیەکان لە ڕێککەوتنی سایکس- پیکۆ و ڕێککەوتنی تر دایانتاشی. چەند بەشێکی گەورەی رۆژئاڤا لە تەموزی ٢٠١٢ لەلایەن رژێمی ئەوە لە دەقە عەرەبییەکەش بە هەڵە نووسراوە، بەخۆی دەبی لەدەستی رژێمی سوریا ئازادکرابێ، دواتر کەوتنەبەر هێرشی کۆمەڵێك گرووپی ئیسلامی و شۆڤێنی تووندڕەو و لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ش بەر هێرشی داعش کەوتن. رۆژئاڤا دابەشی سەر چەندین دورگە بووبوو لە دەریای دوژمن و خۆیان لێ مەڵاسدابوو.

لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ەوە هێرشەکانی داعش بۆ سەر رۆژئاڤا بە ئامانجی داگیرکردنی نەوەستان، ئەوەش درێژەپێدەری هێرشەکانی جەبهەی نوسرە و بزووتنەوەی ئەحراری شامی ئیسلامی و کوتلە تیرۆریستیە هاوپەیمانەکانیان بوو، بەڵام دوای ئەوەی داعش بەشێکی زۆری شارەکانی سوریا و عێراقی داگیرکرد و جبەخانەیەکی زۆر گەورەی دەستکەوت، لە هەفتەی دوایی بەرەو شاری حەسەکە چوون بە ئامانجی دووبارەکردنەوەی ئەزموونی شاری موسڵ، زیادە لەوێش دەستی پیسی پیلانگێڕ هەبوو بۆ ڕادەستکردنی حەسەکە بە داعش و بیکەنە خاڵی شکاندن بۆ رۆژئاڤا و هەموو پێکهاتەکانی نیشتەجی لە شارەکە و ناوچەکە.

لەهەمان کاتیش هێزەکانمان لە شەڕ و ژێر ئابلۆقەی سەختدابوون لە کۆبانێ وناوچەکانی تری جەزیرە، هەر ئەوکاتەش هێزەکانمان سەرقاڵی بەرپەرچدانەوەی داعش بوون لە شاری حەسەکە و ناچار بووین هەندێك لە هێز بکێشینەوە و بنێرینە زنجیرەی سنووری کوردستانی عێراق، لە جەزعە هەتا سێمالکا. ئەو زنجیرەیە لە بەری رۆژهەڵاتەوە بەتەواوەتی مەترسی بۆ دروستکردبووین. ئێمە ئاگاداربووین یان تێگەیشتبووین کە تیرۆر لە رۆژهەڵاتەوە دێ و رۆژئاڤا دەکاتە ئامانج ، ئێمەش ناچاربووین ڕووبەڕوویان ببینەوە و هەموو ئامادەباشییەکمان هەبێ، لەگەڵ ئەوەی کە بارودۆخ لە حەسەکە شپرزە بوو، بەتایبەتی کە زۆرینەی ڕەها لە شارەکە و بە تایبەت لە بەری رۆژئاڤا و بەری باشوور و رۆژهەڵاتیەوە لەژێر دەسەڵاتی هێزە شەپڕۆمکەی رژیم بوو، هەروەها شانە و گرووپە تیرۆریستییەکان لە هەموو گەڕەکەکانی غوەیران و نەشوە و بیابانی باشوور و رۆژهەڵاتی شار بوون..

لەکاتێکدا ئەگەر داعش بەهێزێکی زۆرەوە پەلاماری شارەکە بدات و شانە نوستوو و هاوسۆزەکانیان بجوڵێن، ئەگەر ناپاکییەك لەناو ریزەکانی رژیم ڕووبدات بۆ رادەستکردنی شارەکە، ئەوا ئەگەری دووبارەبوونەوەی ڕودانی هەمان ئەزموونی موسڵ و رەققە لە ئادارادە دەبێ. لە ٢٩ی تەموز و دوای کۆبوونەوەیەکی بچووککراوەی فەرماندەیی گشتی یەکینەکان، بڕیاری ناردنی هێزێکی گەورەتر درا بۆ حەسەکە تا راستەوخۆ ڕێگری بکرێ لە ئەگەری هەر هێرشێکی داعش بۆ سەر شارەکە، بانگەوازی هاوڵاتیانیش بەردەوام بوو بۆ بەرگریکردن لە شارەکە، هێزەکانی رژێمیش خەریکی ئامادەکاری بوون بۆ کشانەوە بەرەو قامشلو و ڕادەستکردنی پێگەکانیان، بۆیە راستەوخۆ هەر دوای کۆبوونەوەکە بەرەو حەسەکە چووین و هێزەکانمان لەو ناوچە تازانەی شارەکە دابەشکرد کە رژێم چۆڵیکردبوون دەرکرابوو، لە شارەوە بەرەو چیای کەوکەب چووین، ئەو چیایە گرکانییەی لە بەری رۆژهەڵاتی

شار وەك چاودێر و پاسەوانە بۆ شار، ئەو چیایە لەژێر کۆنترۆڵی کێ بێت، شار لەژێر کۆنترۆڵی ئەنەودایە.

لە چیای کەوکەب، سەرەڕای بوونی هێزێکی گەورەی رژێم بە تۆپ و چەکی گەورە، بەڵام بارودۆخیان زۆر خەمهێن و زۆر لە سەربازەکانیان یەك لەدوای یەك ڕایاندەکرد. دوای گفتوگۆیەکی دوورودرێژ، هێزەکانی رژێممان ناچارکرد ڕازیبن هێزەکانمان کۆنترۆڵی لوتکەی چیاکە بکەن و قەناس و تۆپ و ئامێرەکانی پەیوەندیکردنمان لێ دانا.

چەند کاتژمێرێکی پێ نەچوو، پێشەنگەکانی داعش لە چەندین لایەوە دەستیان بە هێرشەکانیان کرد بۆ سەر شاری حەسەکە، بەتایبەتی لە بەری باشووری رۆژئاوا و باشوور و رۆژهەڵاتەوە، لە گەڕەکەکانی باشووری شارەکەش شەڕ و پێکدادان ڕوویدا، بەتایبەت لە غوەیران و نەشوە و فیلاتی حومر. لە گەرمەی ئەو شەڕانە، لە دیوەکەی تری سنوور پەیوەندیمان پێوەکرا، برا پێشمەرگەکانمان هەستیان بە مەترسی کردبوو، بەتایبەتی دوای هەڵگیرسانی شەڕ لە چەندین میحوەری جیاجیا، هەندێك لە ئەفسەرانی پێشمەرگە داوای پشتیوانیان کرد و هەندێکیشیان پێشنیازی هەماهەنگی هاوبەشیان دەکرد، دوای ئەوەی ئەوەمان بە فەرماندەیی گشتیمان ڕاگەیاند، برپاریاندا ئێمە ڕەوانی ڕەبیعە بکەن بۆ دیداری سەرکردەکانی پێشمەرگە و گفتوگۆ لەگەڵیان

## شنگاڵ

شنگاڵ[٥] ناوە کوردیەکەی شار و دەڤەری شنگاڵە، بەوە ناسراوە کە یەکێکە لە گرنگترین ناوچە کوردیە ئێزیدینشینەکان لە کوردستان و

٥- شنگاڵ، شنگاڵ بە کوردی سۆرانی (شەنگاڵ)ە و بە کوردی لاتینیش شنجال جیمەکەی وەکو جیمی میسڕی دەردەبڕێ، ئەوە ناوە مێژوویەکەیە بۆ ناوچە وشاری سنجاری ناودار.

لە عێراق، شاری شنگاڵ ناوەندی قەزای شنگاڵە و سەر بە پارێزگای موسڵە، چیای شنگاڵ[٦] لە رۆژهەڵات و رۆژئاواوە شنگاڵ دەکاتە دووبەش، بەشێکی شارەکە دەکەوێتە باشووری چیا و بەشێکیشی دەکەوێتە باکووری چیا. قەزای بەعاج لە سنووری باشووریەوە هاوتخوبە و لە رۆژهەڵاتیشیەوە قەزای تەلەعفەر و لە باکووریشەوە شارۆچکەی رەبیعەی سەربە قەزای تەلەعفەرە، بەڵام سنووری رۆژئاوای شنگاڵ لەگەڵ رۆژئاڤایە لە گوندەکانی ناوچەی تەل کۆچەر و هۆل. لە ڕووی جوگرافیەوە شنگاڵ هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ناوچەکانی تری کوردستان نیە لە هەرێم.

دانیشتوانی شنگاڵ زۆرینەی کوردی ئێزیدیین و کەمینەیەکی عەرەب و کوردی موسڵمانیشی لێیە، دوای ناوچەی شێخان، شنگاڵ بە دووەم ناوەندی سەرەکی کوردانی ئێزیدی دادەنرێ کە پەرستگای جیهانی پیرۆزی ئێزدییەکان (لالش)ی لەخۆی گرتووە، بەڵام شنگاڵ چەندین مەزارگە و پەرەستگای پیرۆزی ئێزیدیەکانی لێیە، وەک شەرفەددین و مەزاری چلمێران.

کوردە ئێزیدییەکان بەدرێژایی مێژوو ڕووبەڕووی چەندین کۆمەڵکوژی و هەتککردن بوون، بەتایبەتی لە کات و لە دوای لەشکرکێشی عەرەبی ئیسلامی بۆ سەر ناوچەکە، هەروەها ڕووبەڕووی چەندین کۆمەڵکوژی و فەرمان بەدەستی والی و سەرکردە عوسمانییەکان و ڕووبەڕووی ئازارو ڕاوەدوونان بوونەوە لە ئیسلامی دەوروبەریان زۆریان پێگەیشت لە لایەن ئیسلامییەکانی دەوروبەریان.

هەندێکجاریش بەهۆی پێشینەی ئایینی و هاندانی پیاوانی ئایینی لە

---

٦- چیای شنگاڵ: بەرزییەکەی ١٤٠٠ مەتر لەسەر ئاستی دەریا و دریژییەکەی نزیکەی ١٠٠ کیلۆمەتر و شێوەی لە کەشتی دەچێ. لە رۆژهەڵاتەوە دەکشێ بەرەو رۆژئاوا تا سنووری سوریا. هەندێک بە تەڕاش و درەختی هەنجیر دابڕاوە، چیایەکی نیمچە ڕووتەڵانە، هەندێک سەروکانی و دۆڵیشی تێدایە. شاری شەنگاڵ دەکەوێتە دامێنی باشووری چیا.

دژیان، کێشە لەنێوان ئەوان و کوردە موسڵمانەکان ڕووی دەدا، هەموو ئەوانە بووە هۆی ئەوەی کوردە ئێزیدییەکان گۆشەگیر و دوورەپەرێزبن لە دراوسێکانیان، ئەوکات و ئێستاش زۆرێک لە بڕیاردانی پێشینەو سووکایەتیی بەرانبەر ئێزیدییەکان دەکرا و سیفاتی زۆر نەشیاو کە لە ڕێز و بەهای مرۆڤ کەم دەکاتەوە دەدرایە پاڵ خۆیان و بیروباوەڕ و پیرۆزییەکانیان، هەموو ئەوانەش ئێزیدییەکانی پاڵ دەنا بۆ گۆشەگیریی زیاتر، بەم شێوەیە دووبارە و سێبارە دەبووەوە ڕووبەڕووی هەمان چارەنووسی تراجیدی دەبوونەوە لە کۆمەڵکوژی و ئاوارەبوون و سەرگەردانی..

ڕژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٧٥ بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکە بە تەواوی و ڕێکخستنەوەی پێکهاتەی ناوچەکە لەژێر ناوی پێویستییە ئەمنییەکان، هەڵسا بە چۆڵکردنی دەیان گوندی ئێزیدییەکان لە سەر چیا و دامێنی چیا و گواستنەوەی دانیشتوانەکانی بۆ گوندە هاوچەرخەکان بەناوی ئوردوگای پەرت و بڵاوی دەشت و بە مەبەستی بەعەرەب کردنیان: ناوی نەتەوەیی عەرەبی بیابانی لە کۆمەڵگەکان دەنا، وەک ئۆردوگای یەرموک، قادسیە، وەلید، حطین، عروبە، ئەندەلس، قەحطانیە و .....هتد.

## ئۆردوگاکان و گوندە ئێزیدییەکان لە شنگاڵ:

### شار و ئۆردوگاکان:

شاری شنگاڵ، شاری سنونێ، خاناسۆر، دوگری، تەل بەنات، خەراپ بازاڕ، تەلە قەسەب، دەهۆلا، زۆرئافا، گوهبەل، بورك، وەردیە.

### گوندە سەرەکییەکان:

گوندی کۆجۆ، گوندی ئەلحاتەمیە، گوندی ڕەمبوسی، گوندی گرشەبەك، گوندی حەردان

هەندێك ئۆردۆگای ئێزیدی لە رووی ئیدارییەوە لە شنگاڵ دابڕێنراون و خراونەتەسەر (بەعاج)، وەك ئۆردۆگاکانی ‹›تەل عەزیز، سیبایەی شێخ خدر و گرزرك".

دوای روخانی ڕژێمی سەدام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٣، حیزبە کوردییەکان بەشێوەیەکی ئاشکرا لە ناوچەی شنگاڵ و تەواوی ناوچە جێ ناکۆکەکان ئیشیانکرد. ئەو حیزبانە لق و بارەگایان کردنەوە و کوردە ئێزیدییەکانیان لە ریزی حیزب و ڕێکخستنەکانی خۆیان ڕێکخست. پشکی شێر لە شنگاڵ و دەشتی نەینەوا و ناوچە جێ ناکۆکەکانی تر لە بوون و ژمارەیان؛ بەر پارتی دیموکراتی کوردستان کەوت..

دوای روخانی رژێمی سەدام، شنگاڵ دۆخێکی تایبەتی هەبوو، چونکە لە ناوچە جێ ناکۆکەکان بوو و لە رووی ئیدارییەوە سەربە موسڵ بوو، بەڵام لەرووی ئەمنییەوە زیاتر لەژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو و پێشمەرگەکانی سەربە هێزەکانی ٨٠ و هێزەکانی زێرەڤانی لەو ناوچەیە بوون، هەروەها زۆر لە گەنجە ئێزیدییەکان چووبوونە ناو هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی پۆلیسی ئیتیحادی سەربە حکومەتی ناوەند، وە لایەنەکانی تری وەك پەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستانیش ڕێکخستن و بارەگایان هەبوو لە شنگاڵ.

## کۆمەڵکوژی دژی ئێزیدییەکان

دوای روخانی ڕژێمی سەدام و گۆڕینی پاشماوەی بەعسیەکان بۆ ڕێکخراوی جیاجیای نهێنی تیرۆریستی؛ مەترسیەکی گەورەی هەمیشەییان لەسەر شنگاڵ بەتایبەتی و ئێزیدییەکان بەگشتی دروستکرد. بەردەوام لەشکرکێشی توندڕەوی و بەعسیانەی ئیسلامی هەبوو دژی کورد بەگشتی و دژی ئێزیدییەکان بەتایبەتی، بەتایبەتیش ئەو کاتە شەنگال لەگەڵ راپرسییەکەی ساڵی ٢٠٠٧ لە سەرقاڵ دابوو بۆ بڕیاردان لە

چارەنووسی دەستووری عێراقی بۆ چونەپاڵ هەرێمی کوردستان٠ لە هاوینی ٢٠٠٧ دژایەتیکردنی کوردە ئێزیدییەکان گەیشتە لوتکە، کاتێک رێکخراوێکی ئیسلامی توندڕەو لە موسڵ پاسێکی ڕفاند ٢٣ ئێزیدی تێدابوو و هەموویان بەکۆمەڵ لە سێدارەدان.

تیرۆر و بەئامانجگرتن هەر لێرەوە نەوەستا، بەڵکو کۆمەڵکوژییەکی ترسناکیان لە گوندی (سەبایەی شێخ خدر)ی باشووری شاری شنگاڵ ئەنجامدا؛ سەرلەبەیانی ١٤ی ئابی ساڵی ٢٠٠٧، گرووپێکی تیرۆریست بە کۆمەڵێك بارهەڵگر و تانکەری پر تەقەمەنی پەلاماری گوندەکەیاندا و تەقاندیانەوە، بەگوێرەی زانیارییەکانی مانگی سووری عێراقی ئەوکاتە ٧٠٠ کوژراو و نزیکەی ١٥٦٢ بریندارییش هەبوو و گوندەکەش بەتەواوی تێکدرا[٧].

ئەو کۆمەڵکوژییە درندەترین تاوانی چەند دەیەی کۆتایی بوو کە ئێزیدیەکانی تێدا بەئامانج گیران، وە هەراسانکردنی کوردە ئێزیدییەکان لێرەوە نەوەستا و بەدرێژایی ئەو ساڵانە بەردەوام بوو تا کەوتنی موسڵ..

حکومەتی عێراقی بە سەرۆکایەتی نووری مالیکی جێبەجێکردنی بەندەکانی ماددەی ١٤٠ی دەستووری دواخست و پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی ناوەند و هەولێریش تێکچوون، لەکاتێکدا دۆخی شنگاڵ لە مەترسییەکی هەمیشەییدابوو؛ کوردە ئێزیدییەکان لەناو دەریایەك رق هەڵگران دەژیان بەرانبەر شنگاڵ، ئەوەش لەبەر دوو هۆ:

یەکەمیان بەهۆی ئەوەی ناوچەیەکی کوردییە، وە دووەمیشیان، دانیشتوانەکەی ئێزیدین، بۆیە ئەو مەترسیە هەمیشەییە بەردەوام دەوری دابوون، ئیتر تەقینەوە و هەراسانکردن و بەئامانج گرتنیان بەمەبەستی قڕکردنیان، بەردەوام بوو.

---

٧- JAMES GLANZAUG.15, 2007. THE NEW YORK TIMES

## ئەو هۆشداریيەی گوێی لێ نەگیرا...

هەموو بزووتنەوە و حیزبە کوردییەکان باسیان لە پیرۆزیی شنگاڵ دەکرد، دەیانگوت کوردە ئێزیدییەکان کوردی ڕەسەنن، ئەوان بنەچەی کوردن، هەموویان دەیانگوت شنگاڵ ئەمانەتە لەلای ئێمە.

لە زیندانی تاکەکەسی لە دوورگەی ئیمیراڵیەوە، سەرۆکی زیندانیکراو عەبدوڵا ئۆجەلان، بەردەوام هۆشیاری دەدایە سەرکردە کوردەکان بۆ گرتنەبەری ڕێ و شوێنی پێویست بۆ پاراستنی کوردە ئێزیدییەکان لە شنگاڵ و شێخان و دەوروبەری موسڵ، دووبارە و سێبارە هۆشداری پێ دەدان، تەنانەت داوای لە سەرکردایەتی حیزبیش کرد هەماهەنگی لەگەڵ سەرکردایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بکات بۆ هاوکاری لەم بوارەدا.

دوای زۆربوونی هێرشە خۆکوژییەکان و دەستپێکردنی شەڕی تیرۆریستی لە عێراق، سەرۆك ئۆجەلان هۆشدارییەکانی چڕترکردنەوە، وە لە چەند بۆنەیەك تورەیی خۆی دەربڕی لە سەرکردە کوردەکان لە بەهەند وەرنەگرتنی هۆشدارییەکان، ئۆجەلان دەیبینی کۆمەڵکوژی لە دەرگای کورد دەدات بەتایبەتی ئێزیدییەکان، هەروەها هۆشداریدا لە ڕێککەوتن و هاوپەیمانێتی ئێرانی- سوری-تورکی دژی کورد، لەو نامەیەی لە بەرواری ٧ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٧دا نوسیوێتی دەڵێ:

ئەو کاتە عەرەب ڕوو لە کورد دەکەن، عەرەب تەنانەت سەری یەکتریش دەبڕن، هیچ شتێك ڕێیان لێ ناگرێت هەرچی بیانەوێ لە کوردی بکەن. من هۆشداریم دابوو دەربارەی جەماوەری خۆم لە مەخموور، بەپێی ئەوەی نزیکن لە سنووری عەرەب، بەتایبەتی ئەوان لە مەترسیدان، پێویستە ڕێ و شوێنی پێویست بۆ ئەوە بگرێتەبەر، پێویستە شوێنێك ئامادە بکرێ بکرێ، هەرنەبێ لە ناوچەی (برادۆست). ئەو ناوچەیە لەدەرەوەی دەسەڵاتی هەر یەکێك لە (ی.ن.ك) و (پ.د.ك)

ه و سەلامەتتریشە، هەروەها پلاندانان و ئامادەکردنی شوێنێك بۆ ئێزیدییەکان لە ناوچەی برادۆست، چونکە ئەوان لە مەترسیدان، میکانیزمی پاراستن و بەرگرییان لاوازە، لە رابردوودا توشی چەندین کۆمەڵکوژی بوونە، لەگەڵ سەرکردەکان لە باشوور گفتوگۆبکەن و هاوکاری لەوان وەرگرن.

لە هەمان نامە، ئۆجەلان بەردەوام دەبێ لە پێشنیاز بۆ هەموو هێزە کوردییەکان و داوای یەکخستنی هێزەکانیان لێ دەکات بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی هێزی دوژمن بۆ لەناوبردنی کورد، هەروەها زۆر جەخت لەسەر ناوچەی برادۆستی شاخاوی و دوور لە موسڵ دەکاتەوە و دەڵێ:

ئەو کامپانەی لە ناوچەی برادۆست بۆ خەڵکی مەخموور و ئێزیدییەکان دروست دەکرێن، زۆر گرنگن، دەبێ هەلومەرجێك لەسەر ئەو بابەتە بکرێ، بۆ ئەو مەبەستە دەبێ داوای هاوکاری لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێ، ئەو هێزانەی گەریلا کە لەوێن، بۆ بەرگریکردن لە گەلی ئێمە لە باشوور لەوێن، ئەوە گەریلای خۆیانن، دەبێ جیهان هەموو بەو شێوەیە لە مەسەلەکە تێبگات، ئەوان لەوێن بۆ بەرگریکردن لە گەلی ئێمە لە دژی ئەگەری هەر مەترسی و کۆمەڵکوژییەك، پێشتریش پێویستی دروستکردنی هێزێکی هاوبەشی سەربازیم بۆ هێزە کوردییەکان پێشنیازکردبوو لە دژی ئەگەری ئەو مەترسیانە، ڕوون نیە سبەی چی ڕوودەدات لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست".

هێشتا چەند مانگێك بەسەر هۆشداریە چڕەکانی ئۆجەلان تێنەپەڕیبوون سەبارەت بە پێویستی پاراستنی ئێزیدییەکان، کاتێك تیرۆری ڕەش هێرشی کردەسەر گوندی ‹‹القحطانیە››ی ئێزیدییەکان و کۆمەڵکوژییەکی دڕندانەی لەوێ ئەنجامدا، لە نامەکەیدا لە ٢٢ی ئابی ٢٠٠٧، لەدوای ئەو کۆمەڵکوژییە بەچەند ڕۆژێك، خەم و پەژارە و تورەیی خۆی دەربڕی بۆ قوربانییە بێ تاوانەکان و کەمتەرخەمی

سەرکردە کوردەکانیش لەوەی کە پێویست بوو بکرێ بۆ ڕێگریکردن لە ڕوونەدانی ئەو کۆمەڵکوژییە و گوتی:

"نزیکەی ٧٠٠ ئێزیدی لە هێرشێکی خۆکوژیی لە شنگاڵ گیانیان لەدەستدا، زۆر دڵتەنگ بووم، سەرەخۆشی لە کەس و کاری قوربانیان و گەلی کوردمان دەکەم، بەتایبەتی ئێزیدییەکان، بەڵام پێشتر هۆشداریم دابوو؛ پێمگوتن پاراستنی ئێزیدییەکان پێویستە، ئیتر لەوە زیاتر چی بکەم ؟ هۆشداریمدا کە ئێزیدییەکان مەترسیان لەسەرە و چەندینجار لە زۆر شتی تریش ئاگادارمکردنەوە، ئەوەی لەسەرشانم بوو بەزیادەوە کردم، بەڵام ئایا گوێم لێ دەگرن؟ ئەوەی لەسەر شانیانە پێی هەڵدەستن؟ نازانم!"

ڕێبەر ئۆجەلان لە هۆشداریدان بە سەرکردە کوردەکان ناوەستێ و داوایان لێ دەکات دەرس وەرگرن لە کۆمەڵکوژییەکانی دەرهەق بە ئەرمەنییەکان کرا، دوای ئەوەی هێزە نێودەوڵەتییەکان پشتیانتێکردن و بەجێیانهێشتن لە چنگی عوسمانی تینوو بەخوێن، لە نامەکەیدا لە بەرواری ٥ی ئەیلولی ٢٠٠٧، ئۆجەلان دەڵێ:

کوژرانی ئێزیدییەکان لە (قەحتانیە) ڕوداوێکی گەورەیە، دەزانن کە پێشتر لەو بارەیەوە هۆشداریمدابوو، ئێران زۆر دڕندەیە ، پێشتر ڕامگەیاند خەڵکەکەمان لەوێ لە مەترسیدایە، دەبێ بگوازرێنەوە ناوچەیەکی پارێزراو وەک ناوچەی برادۆست، ئایا دەتوانن شتێکی لەو شێوەیە بکەن؟ نازانم ئەوەی من دەیڵێم جێبەجێی دەکەن یا نا، لەوانەیە گواستنەوەی خەڵکە بی تاوانەکەمان بۆ ناوچە پارێزراوەکان و پاراستنیان لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و پەکەکە؛ وەک پێویستیی لێی تێنەگەیشتبن.

ئەرمەنەکان لەپێش ساڵانی ١٩١٥هێزی پاڵپشتی زۆریان هەبوو، وڵاتە زلهێزەکان ڕێککەوتن و پشتیان تێکردن، بەوشێوەیە ئەرمەنەکان لە

سـاڵی ١٩١٥ لـه کۆمەڵکوژییەکـه ڕزگارییـان نەبـوو، دەیانەوێـت هەمـان مامەڵە لەگەڵ کوردیـش بکـەن وەك چـۆن لەگەڵ ڕۆم و ئەرمـەن کردیـان، لـه زۆر لـه ناوچـەکان هەوڵی ڕاونـان و دەرکردنـی کورد دەدەن، بەڵام کورد لـه باشـوور قـەوارەی هەیـه و خـۆی پـێ دەپارێـزن، کـوردی باشـوورهانا بـۆ نەتـەوە یەکگرتـووەکان دەبـات و لەوانەیـه ئەمەریـکا و وڵاتانـی یەکێتـی ئەورووپـا لەمبارەیـەوە هاوڕابـن و هەریەکێك لـه ئێـران و تورکیـا و سـوریا بەهەمـوو توانایاکیانـەوە فشـاربکەنە سـەر کـورد، وە لەوانەیـه ئەمەریـکا ئیـش بـۆ ئـەوە بـکات ئـەو فشـارە سـێ لایەنـە بشـکێنێ، لـه داهاتـوودا دەبینیـن کام لـەو ئەگەرانـه بەهێزترینییانـه..

لـه هەمـان نامـه، ئۆجـەلان جەخـت لـه پێویسـتیی بەهێزکردنـی کۆمەڵگەی کـوردی دەکاتـەوە، بەتایبەتـی ئێزیدییـەکان بـۆ پێکهێنانـی هێزێکـی بەرگـری لـه خۆیـان تـا بتوانـن بەرگـری لـه خۆیـان بکـەن، وە بـه گوتـەی ڕێبـەر ئۆجـەلان؛ عەقڵیەتـی سـەرکردە کـوردەکان وەك پێویسـت توانـای پارێـزگاری ئەوانیـان نیـه، ئـەو لـەو بارەیـەوە جەخـت لەسـەر کوردانـی ئێزیـدی و کوردانـی کەرکـوك و کامپـی مەخمـوور دەکاتـەوە و دەڵێـت:

"ئێزیدییـەکان ڕووبـەڕووی ئـەو کۆمەڵکوژییـه بوونەوە چونکـه هەریەکێك لـه تاڵەبانـی و بارزانـی ئەوانیـان نەخسـتنه نـاو سیسـتمی بەرگریـەوە، ناکرێـت پارێـزگاری لـه کۆمەڵگەیـەك بکرێـت کـه سیسـتمی پارێـزگاری بـۆ دانەمەزرابێـت. تاڵەبانـی و بارزانـی لـه دۆخێکدانیـن بتوانـن وەك پێویست بەرگـری بکـەن، بارودۆخـی ئـەوان بەگوێـرەی بارودۆخـی سیاسـی دەگۆڕێـت و توانـای پارتـی چارەسـەری دیمۆکراسـی کوردسـتانیش بـەس نیـه، ئـەوان بـه ئەرکـی سەرشـانی خۆیـان هەڵناسـتن، ئـەوان ڕێ و شـوێنی پێویسـت ناگرنەبـەر بـۆ پارێـزگاری بـه پەیڕوکردنـی سیسـتمی بەرگـری بـۆ پارێـزگاری لـه خەڵـك و ڕێگـری لـه ڕوودانـی کۆمەڵکـوژی، ئەگـەر سیسـتمی بەرگـری دانەمەزرێنیـت، چـۆن دەتوانـی پارێـزگاری لـه خەڵـك بکەیـت؟ ئاڵێـم هـەر یەکێـك لـه تاڵەبانـی و بارزانـی بەکرێگیـراون، بـەڵام

بـه ئەرکـی خۆیـان هەڵناسـتن، نامـەوێ هیـچ دەربـارەی ئـەوە بڵێـم، بـەڵام هۆشـدارییم دا سـەبارەت بـە هێـرش بـۆ سـەر ئێزیدییـەکان، بۆچـی هیـچ ڕێکارێکـی ئەمنیـی پێویسـتیان نەگرتەبـەر؟ هەمـوو ڕۆژێ کۆمەڵکـوژی لـە کەرکـوک ئەنجام دەدرێـت، ئەگـەر خەڵـک خـۆی توانـای بەرگریکـردن لەخـۆی هەبـێ، ئەوکاتـە ڕی نـادەن بارهەڵگـری بارکـراو بـە ٥٠٠ کیلۆگـرام تەقەمەنـی گوندەکانیـان بتەقێنێتـەوە.

کۆمەڵکوژییەکـەی شـنگاڵ و هەڵمەتەکانـی ئێـران و ڕوداوی بەکارهێنانـی ناپاڵـم و سـزای ژووڕە تاکەکەسـیەکەی مـن؛ هەمووپـان پەیوەندیـان بەیەکـەوە هەیـە..

لـە سـاڵانی دوایـی، ئۆجـەلان بـەردەوام بـوو لـە هۆشـداریدان لـە ڕودانـی کۆمەڵکوژیـی عەقڵیەتـی فاشیسـتی تاریکـی نـەو وڵاتانـەی کوردسـتانیان داگیرکـردووە، لەڕێـگای باڵـە تیرۆریسـتیە بڵاوەکانیـان لـە ناوچەکـە. ڕێبـەر ئۆجـەلان هیـچ کات نەوەسـتاوە لـە داواکـردن لـە سـەرکردەی حیزبـە کوردییـەکان بـۆ پێویسـتی پاراسـتنی کـورد لـە کەرکـوک و شـنگاڵ و تـەواوی ناوچـە سـنووریەکان لـە دۆزەخـی شـەڕی ناوخۆیـی لـە بیابانەکانـی عەرەبـی، هەروەهـا هۆشـداری پێـدان لـە تەڵەکەبازییـە قێزەونەکانـی ئێـران و پیلانگێـڕی عوسمانییەکان و سیاسـەتەکانی بەعـس کـە هەمـووی لەسـەر بنەمـای ڕەشـەکوژێ و کۆمەڵکوژیـی و سـیخوڕییە. ئەگـەر سـەرکردەکان پێشـنیازەکانی ئۆجەلانیـان جێبەجـێ کردبـا و ڕێکاری پێویسـتیان گرتبایەبـەر، وە بیرۆکـەی بەرگـری خودیـی ڕەوای لـە هەمـوو شـار و گونـد و ناوچەکانـی کوردسـتان بڵاوکردبایـەوە، ئەوکاتـە دەکـرا ڕێگـری بکـرێ لـە زۆر لـەو کارەسـاتانە و کارەسـاتی شـنگاڵ لـە ٣ی ئـاب و کارەسـاتەکانی تریـش لـە ناوچەکانـی تـری کوردسـتان.

بـەڵام عەقڵیەتـی حیزبـی و ئاسـۆی تەسـک و خۆپەرسـتی و بەرژەوەنـدی کەسـیی، هەمووپـان ئاسـتەنگ بـوون لەبـەردەم یەکڕیزیـی کـورد، ئـەوەش

بـه مەبەستی دانانی میکانیزمی بەرگری بەڕاددەیەك لەکاتی گونجاو توانای پاراستنی کوردی هەبێ لە ناوچە جێ ناکۆکەکان بەگشتی و شنگاڵ بەتایبەتی. سەرەڕای بوونی هێزێکی گەورەی پێشمەرگەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و هەڵکەندنی خەندەك لە چواردەوری شنگاڵ لەکاتی گرژییەکانی ساڵی ٢٠٠٧، کەچی دوایی دەرکەوت کە ئەوە پتەو نەبوون و زۆر بێهێزبوون و نەبووە هێزێکی بەرگری کۆمەڵایەتی بۆ ڕێگری لە ڕوونەدانی کۆمەڵکوژییەکانی دوایی

## جەزعە

شارۆچکەی جەزعە کەوتۆتە ڕۆژئاڤا (ڕۆژئاوای کوردستان) و لەوپەڕی باشووری تەل کۆچەرە لەسەر سنووری کوردستانی عێراق، وە دەکەوێتە ڕۆژئاوای شارۆچکەی سنوونێ سەر بە قەزای شنگاڵ. لە ٢٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣ یەکینەکانی پاراستنی گەل ناوەندی تەل کۆچەریان لە ژێردەستی تیرۆریستانی جەبهەی نوسرە و گرووپە تۆندڕەوە هاوپەیمانەکانیان ڕزگارکرد. دوای ڕزگارکردنی (تەل کۆچەر)، بەمەبەستی ڕزگارکردنی ناوچەکە و دوورخستنەوەی ئەو تیرۆریستانەی هێرشی بەردەوامیان دەکردە سەر ناوچەکە؛ یەکینەکان بەرەو باشوور چوون. ئۆپەراسیۆنی ئازادکردن بەدرێژایی پاییز و زستانی ٢٠١٣ و سەرەتای ٢٠١٤ بەردەوام بوو، ئەوکاتەی گرووپە تیرۆریستییە جیاجیاکان بەیعەتییان دابووە داعش یان ببوونە هاوپەیمانییان، یەپەگە لە شەوی ١٥/١٦ی شوباتی ٢٠١٤ لە کانتۆنی جەزیرە ئۆپەراسیۆنێکی سەرکەوتووی بێ وێنەی بۆ سەر مۆلگەی جاشەکانی جەبهەی نوسرە و بزووتنەوەی ئەحرار شام لە شارۆچکەی (جەزعە) ئەنجامدا. لەو ئۆپەراسیۆنە کەم وێنەیە شارۆچکەی جەزعە بەتەواوەتی لەدەست چەتەکان ئازادکرا و جگە لە دیل زیانی زۆری گیانی و ماڵیشیان پێگەیاندن، وە یەکینەکانمان توانییان ١١ گوندی تریش لە سنووری نێوان گوندی حەداد لە ترپە سپیە(قەحتانیە) و شارۆچکەی (جەزعە) ئازادبکەن، ئەوانیش گوندەکانی

‹ ئەبو مەناسب، حەبیبە، ئوم کەیفی رۆژئاوا، ئوم کەیفی رۆژهەڵات، ئەلموستەریحە، ناعوور، ئەلزەرقاء، سەفانە، عەکرەشە، ئەلکووزی رۆژهەڵاتی و ئەلکووزی رۆژئاوا، هەروەها دوای ئۆپەراسیۆنی کێوماڵی چالاکی ئەو گوندانە، یەکینەکانمان توانیان ٣٠ کەس لە بەکرێگیراوانی ‹جەبهەی نوسرە و ئەحرار شام › بەدیل بگرن، دوای ئەوەی لە بەرەکانی شەڕ ڕایانکردبووە ناو خەڵکی سڤیل و بە جلی هاوڵاتیان خۆیان حەشاردابوو، لەناویاندا سەرکردەی ئەحرار شامی تیرۆریستی هەبوون.

بۆ ئەوەی باش لەبیرمان بێ، کاتێک شارۆچکەی جەزعەمان لە تیرۆریستان ئازادکرد، زۆر لە ناسیۆنالیستە کوردەکان تووڕەیی خۆیان دەربڕی ئیدانە ئۆپەراسیۆنەکەیانکرد، وەک هەموو جارێک دەیانگوت: ئیشمان چیە بە شارۆچکەی جەزعە؟ چی دەکەین لەوێ؟ بۆچی قوربانی بە گەنجانمان دەدەن کە هیچمان دەستناکەوێ؟ دوای ئەوەی شارۆچکەکەمان ئازادکرد، داعش هاتەسەرخەت و بێ وەستان هێرشەکانی دەکردە سەر جەزعە، هەر کاتێک دەرفەتی بۆ دەڕەخسا؛ بەبێ ئومێدی هەوڵی وەرگرتەنەوەی دەدا چونکە شوێنێکی ستراتیجی سەربازی و شوێنی ئەنجامدانی چالاکی بوو. شەڕەکانی جەزعە لە شێوەی هێرشبردن و هەڵاتندابوو، بەبەردەوامی، وە لەو ناوچە بیابانییە دوورەدەستە سەختترین و دڕندانەترین شەڕ دەکران، هێزەکانمان لەپێناو پاراستنی جەزعە و بەرپەرچدانەوەی هێرشە تیرۆریستییەکان؛ شەهیدی زۆریاندا، هەروەها داعشیش خۆکوژ و ئوتومبێلی بۆمبڕێژکراوی هەوادارانی خۆی دەنارد بەمەبەستی شکاندنی قەڵاکان و کۆنترۆڵکردنەوەیان.

## شکستی تیرۆر لە جەزعە...

تیرۆریستانی داعش رۆژانە لە مانگی ئادار و سەرەتای مانگی نیسانی ساڵی ٢٠١٤ بەردەوام هێرشی گەورەیان دەکرد، دەرکەوت داعش و

تیرۆریستەکانی هەموو هێز و ستراتیجییەتی خۆیان لە هێرش بۆ سەر جەزعە بەکارهێنا، بۆ ئەوەش ئامانج و مەبەستی گەورەی لەپشت بوو، هەر بۆیە هەموو سەرکردەکانیان لەو هێرشە بەشداربوون و ئەنجامەکەشی بۆ داعش کارەساتباربوو.

## تیرۆریستی زۆر کوژران، لە ناویاندا سەرکردە و ئەمیری زۆر هەبوو.:

- تیرۆریست یوسف کوردستانی، ناوی راستی (سەرکەوت ئەبوبەکر سوورە عەبدە)ی گەورەی تیرۆریستەکانی باشووری کوردستان بوو

- تیرۆریست ئەبو ماریا کوردستانی، ناوی خۆی (هێمن یاسین مەجید)، ئەویش لە سەرکردەکانی رێکخراوی تیرۆریستی قاعیدە بوو

- پێکانی ئەبو ئوسامە عێراقی، سەرکردەی داعش لە حەسەکە، ئەویش خەڵکی پارێزگای دیالە بوو

- تیرۆریست ئەبو عەززام، یاریدەدەری ئەبو ئوسامە عێراقی، ئەویش خەڵکی عێراق بوو

- کوژرانی تیرۆریست ئەبو مەعاذ ئەنسارِی، قامیشلو

- ئەبو عومەر تورکی، بەگوێرەی زانیارییە هەواڵگرییەکان، ئەو تیرۆریستە لە هێزی تایبەتی تورکی بوو

جگە لە کوژرانی زۆر لە تیرۆریستانی بیانی لە چیچانی و ئازەر و عەرەب لە جەزعە؛ بەرخۆدانی جەزعە تیرۆری وێرانکرد و زیانی زۆری پێگەیاندن، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێ بەڵام سەرەگەورەی تیرۆری لە جەزیرە لەناوبرد.

جەزعە بۆ ئێمە گرنگترین بوو، هەروەها بۆ رێکخراوی تیرۆریستی داعشیش زۆر گرنگ بوو. هەر دوای ماوەیەکی کەم؛ هەموو لایەک جەختیان لەسەر گرنگی زۆری جەزعە دەکردەوە، وە پێویستە ئەوەش بڵێم؛ کە دوای هەڵمەتی جەزعە و ئازادکردنی رێگای سیاسی، ئەوە یەکەمجاربوو بۆ زۆرێک لە ئێمە بتوانین چیای شنگاڵ لەودیوی سنووروەوە ببینین. جەزعە نزیکترین خاڵی زێدی کوردانی ئێزیدی و زێدی (دەرووشی عەفدی) بوو بۆ ئێمە، کە جێگایەکی زۆر گرنگی هەیە لە یادەوەری کۆمەڵگەی کوردی لە رۆژئاڤا؛ بەهۆی داستانی بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی عەرەب و تورکمان کە هەوڵیان دەدا سنوور ببەزێنن و بێنە ناوچەی جەزیرە لە رۆژئاڤا

## شەوانی هەنگوینیی..

## گفتوگۆکانی دەوڵەتی کوردی...

لە هەردوو مانگی حوزیران و تەموزی ساڵی ٢٠١٤، مەستییەکانی سەرکەوتن بەشێکی زۆری لە کورد یان زۆرێک لە کوردەکانی گرتبۆوە کوردی گرتبووەوە؛ خەڵکی ئاسایی و بژاردە، گفتوگۆی گەرم و گوڕیش هەبوو لەنێوان فراکسیۆنە جیاجیاکانی کورد سەبارەت بە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، «ئەمڕۆ یا سبەی دەوڵەت ڕادەگەیەنرێ، وە سەرۆک و دامەزرێنەریشی سەرۆک فلانە و با ناحەز و حەسوودانیش لە حیزبەکانی تر بتەقن.....» ئەو لێدوانانە هەمووی شەڕی ڕاگەیاندن و پڕۆپاگەندەی گرووپ و حیزبی بوو کە لەسەر زەمینی واقیع نە هیچ پێش دەخەن و نە هیچیش دوادەخەن؛ لایەنێک وایدەگەیاند کە لەماوەی چەند رۆژ و هەفتەیەکدا دەوڵەت ڕادەگەیەنن، لایەنێک یا لایەنەکانی تری تاوانبار دەکرد کە ڕێگرن لە

راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، وە بەشێوەیەك وەسفی دەکردن ‹› کە دەسبەرداری مافە نەتەوەییەکانی بووە و لە رێبازی نیشتمانی کوردستانی لایداوە لەو قەوانەی کە لە روخانی رژیمی سەدامەوە لە بیستنی ڕاهاتبووین، وە لایەنەکەی تریش بیانوو و پاساو و هەڵوێستی خۆی هەبوو کە کاتەکە گونجاونیە و ولاتە زلهێزەکان رێگا بەوە نادەن. بەدڵنیاییەوە هەڵوێستی هەموو لایەنەکان لە دەوری بازنەیەکی گفتوگۆی (بیزەنتی-نەزۆك) بوو، چونکە ئێمە وەك گەلی کورد هەموو لەبەردەم تاقیکردنەوەی پاراستنی ئەو کوردستانە بوین کە لەدەست خۆمانە، نەك (دروشمی باق و بریق)ی نیشتمانپەروەریی و ژەنین لەسەر تارەکانی سۆز و رق النکایە و الجکارە دەمارگرتن و بێزارکردن بەرانبەر یەکتر و بەرانبەر خەڵکی تریش، کۆنترۆڵی کورد بەسەر ناوچە جێ ناکۆکەکان ماددەی ١٤٠، مانای ئەوەنەبوو کە مەسەلەکان یەکجاری یەکلابوونەتەوە و کورد بتوانێ لە شەو و رۆژێکدا دەوڵەتی کوردی بۆ خۆی رابگەیەنێ و نوێنەری خۆی بنێرێتە نەتەوە یەکگرتوەکان و چەکی پارە لێدات و پاسپۆرت دەرکات..

مێژوومان پڕە لە مەرگەسات و ئازار، دابەشبوون، پەرتبوون، دابڕان و گفتوگۆی نەزۆك، خیانەت و تاوانبارکردن بەخیانەت و پشت تێکردنمان لە سەختترین کاتەکان لەلایەن ئەوانەی ناویان لەخۆیان نابوو (دۆست)، وە مێژوومان پڕە لە ڕووبارێك خوێن کە لەپێناو ئازادی و سەربەخۆیی و سەرفرازیی و گێڕانەوەی مافی خوراو و کەرامەتی دزراو ڕژاوە، خوێنی ڕژاوی. لەسەر رێگا پڕ هەورازو سەختەکانی مێژوو لەو بارودۆخە مێژوویە هەستیارەی دوای کەوتنی موسڵ و نیمچە کەوتنی هەریەکێك لە سوریا و عێراق و فروانبوونی تیرۆر لەژێر

ناوی خەلافەتی ئیسلامی[٨]، هەروەها بەدەستهێنانی چەندین سەرکەوتن لە رۆژئاڤا و رزگارکردنی خاکی زیاتر؛ هەمووی دەرفەتی مێژوویی نایابی لەبەردەم دروستکردین بۆ سەرکەوتن و یەکێتی و سەروەریی. لەگەڵ ئەو دەرفەتەش مەترسی هەر هەبوو، مەترسی کۆمەڵکوژی جینۆساید و و پاکتاوی نەتەوەیی، مێژوو رەحم بەوانە ناکات کە هەڵەدەکەن، وە نەوەکانی داهاتووش بەو شێوەیە باسمان دەکەن بە (نەوەی شکستخواردوو، ئەوەی دەرفەتی لەدەست خۆیدا، یا پێمان دەڵێن، (ئەو نەوە نایابەی کە ئازادی و سەربەخۆیی هێنایەبەر و ناوی گەلەکەمانی گەیاندە ڕیزی گەلان)، ئەرکێکمان لەبەردەم بوو؛ لەبەردەم کوردی هەموو پارچەکان ئەویش پارێزگاریکردن بوو لە باشوور و رۆژئاڤا، کات کاتی ئێش و پێشوەچوون و یەکلاکردنەوە و خۆکۆکردنەوە بوو، نەك کاتی (یا من، یا تۆ)، وە کاتی رق و قین و هەمان قسەی سواوی حیزبی کە کوردە بەشەرەف و تێگەیشتووەکە لێی بێزارە.

## نامەکانی جەژنتان پیرۆزبێت

لە سێ ڕۆژی کۆتایی تەموزی ٢٠١٤ ئێمە کورد لە عەفرینەوە تا خانەقین جەژنی ڕەمەزانمان لە بەرەکانی شەڕدا بەسەربرد، دەیان هەزار چەکداری کورد لە سنوور؛ بە بەرینایی سەدان کیلۆمەتر لەبەرانبەر ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی جەبهەی نوسرە و داعش و براکانیان بلاوبووبوونەوە. لە میانی سەردانەکەی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە بەبۆنەی جەژنی ڕەمەزانەوە، بەڕێز مەسعود بارزانی لە وتارێکیدا بۆ پێشمەرگە، گوتی:

---

٨- دوای ئەوەی ڕێکخراوی داعشی تیرۆریست ناوچەیەکی بەرفراوانی جوگرافیای سوریا و عێراقی کۆنترۆڵکرد لە ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤، ئەبوبەکر بەغدادی تیرۆریست چووە سەر مینبەری مزگەوتی ئەلنووری لە موسڵ و دەوڵەتی خەلافەتی ڕاگەیاند و خۆی بە خەلیفەی موسڵمانان ناوبرد.

داواتـان لێدەکـەم برایانتـان لـە رۆژئاڤـا بپارێـزن، وەك چـۆن ئێستا پارێـزگاری لـە خەڵکـی هەرێمـی کوردسـتان دەکـەن››. بێگومـان هەندێك چەپڵەیان بـۆ قسەکانی بەرێـز مەسعود لێـدا، بەشێکی تـریش گاڵتەیـان پێکـرد، هۆیەکەیـان بـۆ ئـەوە گەڕانـدەوە کـە ‹‹پێشـمەرگە توانـای پاراسـتنی خـۆی نیـە، چـۆن دەتوانـێ رۆژئاڤـای کوردسـتان بپارێـزێ؟›› بـەڵام هـەر چەنـد رۆژێـك تێپـەڕی و ڕاسـتیەکە تـەواو دەرکـەوت. لـە ناوەڕاسـتی مانگـی تەمـوزدا، یەکینەکانـی پاراسـتنی گـەل چەنـد بەیاننامەیەکیـان دەکـرد سـەبارەت بـە ئامادەیـی خۆیـان بـۆ هاوکاریکردنـی بـرا پێشـمەرگەکانیان و پاراسـتنی هەمـوو خاکـی کوردسـتان، ئەگـەر پێویسـتی کـرد. لـە لێدوانێکی تایبەتم بۆ (تـۆڕی وڵاتی) کوردی لە بـەرواری ١٣ی تەمـوزی ٢٠١٤ گوتـم: ‹‹ پاراسـتنی خاکـی کوردسـتان، پاراسـتنی بوونی کورده، وە ڕوودانی بۆشاییەکی ئەمنی لە ناوچە جێ ناکۆکەکان لـە عێـراق؛ گرنگـە کـورد کۆنترۆڵـی بـکات، نـەك گرووپـە چەکـدارە تونـدڕەو و شـۆڤێنیەکان دەسـتی بەسـەردابگرن. هەماهەنگییـەك هەبـوو لەنێـوان یەکینەکانـی گـەل و پێشـمەرگەی هەرێمـی کوردسـتان و داوایەکمـان لـە هێـزی پێشـمەرگەوە بـۆ هـات، کاتێـك ڕووبـەڕووی هێرشـێك بوونـەوە لەلایـەن رێکخـراوی داعـش لـە ناوچـەی جەزعـە. بەدەنـگ بانگـەوازی پێشـمەرگەوە چوویـن و هاوکاریمـان کـردن بـۆ دەربازبـوون لـە گەمـاڕۆی داعـش لەدیـوی بەرانبـەر جەزعـە لەنـاو خاکـی عێـراق، کـە خاڵێکـی ئەمنـی پاسـەوانی سـنووری عێراقـی لـەوێ هەبـوو، پێـش ئـەوەی داعـش دەسـتی بەسـەردابگرێت. ئامانجـی ئێمـە تەنهـا پاراسـتنی رۆژئاڤـای کوردسـتان نیـە، بەڵکـو ئامانجمـان پاراسـتنی هەمـوو خاکـی کوردسـتانە، ئیتـر لێـرەوە هەماهەنگـی و هـاوکاری لەنێـوان ئێمـە و هێزەکانـی پێشـمەرگە دەبێـت بـۆ ڕێگـری لـە رێکخـراوی داعـش لـە کۆنترۆڵکردنـی ئـەو ناوچانـەی هێزەکانـی مالیکـی

لێیان کشابوونەوە.

بەشێوەیەکی گشتی، گوتاری ئێمە پابەند و نیشتمانیی و نەتەوەیی بوو، گیانی بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و برایەتی تێدا زاڵ بوو، لە یەکی نابدا ئەوەم نووسی و لە هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن بلاوکردەوە: «ئێمە ئامادەین بۆ بەرگریکردن لەگەلی کوردمان لە باشوور و ڕۆژئاڤا، ئامادەی شەڕین لە دژی داعش، لەگەڵ برایانمان لە باشوور و پاککردنەوەی کوردستان لەو هێزەوەنانە»، کاتێک ئەو لێدوانەمان دەدا، ئەوە تەنها قسەنەبوو بۆ بازاڕی ڕاگەیاندن یا تەنها گوتارێکی سەرزاری بێ، بەڵکو ئەوەی دەمانگوت مەبەستمان بوو، وە قسە و کردارمان یەک بوو، هەر ڕۆژێکی بەسەردا تێپەڕی و ڕاستی قسەکانمان بە کردار و بە واقعی سەلماند..

## بانگەواز بۆ یارمەتی

نامەکان یەک بەدوای یەکدا لەلایەن زۆرێک لە برا پێشمەرگەکانمانەوە بۆ سەرکردایەتیمان دەهاتن، هەروەها لە برا کوردە ئێزیدییەکانیشمانەوە لە شنگاڵ و لە هەموو ولاتانی جیهان تا خێرا فریای پاراستنی کورد بکەوین لە شنگاڵ. مەترسییەکە زۆر خێرا لێیان نزیک دەبووەوە، بەتایبەتی کە هەزاران لە عەرەب و تورکمانی شیعە و مەسیحی لە تەلەعفەر و تلکێف و دەشتی نەینەوا و قەزاکانی دەوروبەری لە ترسی تاوانەکانی ڕێکخراوی داعش ڕایانکردبووە شنگاڵ بۆ پاراستنیان. ئەو شنگاڵەی لەژێر پارێزگاری نزیکەی ١١ هەزار کەس لە هێزەکانی پێشمەرگەبوو، بووە کامپێکی نیمچە پارێزراو بۆ هەموو ئەوانەی دوژمنی داعش بوون لە ڕووی

ئایینی و تائفی و نەتەوەیی و لەترسی داعش هەڵاتن و لە شنگاڵ نیشتەجێ بوون. تاکە بەستەری نێوان قەزای شنگاڵ و پارێزگای دهۆك؛ ئەو ڕێگا گشتیەی سنووری شنگاڵ-سنوونێ-ڕەبیعە-سحێلا بوو، خەڵك لە دۆخێکی ترسناکدا دەژیا، ترس لە داهاتوو، هەروەها شەڕی دەروونیش ئیشی خۆی لە دەروونی چەکدارەکان کردبوو، بەتایبەتی لەگەڵ هاتنی داعش بەرەو بەندەاوی موسڵ و بارەگای فرقە لە گوندی (کەسك) و بڵاوبوونەوەی فراوانیان لە (عەوەینات) و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕێگای ڕەبیعە – سحێلا. بۆ زانیاری، ڕێگای نێوان هەردوو شارۆچکەی ڕەبیعە و سنوونێ پتر لە ٦٤ کیلۆمەترە، لەکاتێکدا ماوەی نێوان ڕەبیعە و گوندی سحێلا کە پردێك لەسەر ڕوباری دجلە هەردوو بەرەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە نزیکەی ٤٠ کیلۆمەترە. ئەو ڕێگایە زۆر گرنگە؛ زۆر لە گوندە کوردییەکان بە بەری زاخۆوە دەبەستێتەوە وە هەر لەڕێی ڕەبیعەشەوە هەرێم و شنگاڵ بەیەکەوە دەبەستێتەوە..

ئەو هێزانەی پێشمەرگە کە لە شنگاڵ جێگیربوون؛ بەو ڕێگایەدا هاتوچۆیان دەکرد دوای هەماهەنگیان لەگەڵ ئەو هێزانەی عێراقی کە پێش ڕوخانی موسڵ کۆنترۆڵی ڕەبیعەیان کردبوو، زۆرجار لەو ڕێگایەوە پەڕینەوەی کاروانی گەورەی هێزەکانیانمان دەبینی، کە هەر ١٥ ڕۆژ جارێك بۆ گواستنەوە و گۆڕینی هێزەکان بەو ڕێگایەدا تێدەپەڕین، دوای کەوتنی موسڵ و ڕاکردنی سوپای عێراقی لە ناوچە جیاکەرەوەکانی نێوان شنگاڵ و ڕەبیعە و سحێلا، ڕێگاکە بەردەوام والابوو بەڕووی هێزی پێشمەرگەدا کە کۆنترۆڵی ئەو ناوچەیان دەکرد، بوونی خۆیان چڕترکردەوە لەو ناوچانەی نێوان ڕەبیعە و شنگاڵ و ناو شنگاڵیش. ئەو ڕێگایە شادەماری ژیانی خەڵکی شنگاڵ

بـوو کـه بـه جیهانـی دەرەوەی دەبەسـتەوە، بەتایبەتیـش تاکـه دەرچەیـان بـوو لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتان، بـەڵام ئـەو رێگایـه لەژێـر هەڕەشـەی هەمیشـەیی داعـش و شـانه خەوتووەکانـی تیرۆریستی بـوو لـه رەبیعـه و هەندێـك گونـدی تـری عەرەبـی لەنێـوان رەبیعـه و سـنوونێ، هەروەهـا مەترسـی زۆر لەسـەر خەڵکی شنگاڵ و پەنابـەرە تورکمـان و عەرەبی شیعه و مەسیحی و هەڵاتووەکانـی دەسـت داعـش، رۆژ بـه رۆژ پتـر دەبـوو..

## دەبێ شتێک هەر بکرێت...

فەرماندەیـی گشـتی یەکینەکانـی پاراسـتنی گـەل گەیشـتنه بڕیارێـك کـه زۆر پێویسـتەخێرا کارێـك بکـرێ و هەماهەنگـی لەگـەڵ بـرا پێشـمەرگەکان بکـرێ بـۆ پاراسـتنی باشـوور و رۆژئاڤـا، سـەرەڕای ئـەوەی ئێمـه ئەوکاتـه لـه حەسـەکه سـەرقاڵی بەرپەرچدانـەوەی ئـەو هێرشـه تیرۆریسـتییانه بووین کـه شـارەکەیان بـه ئامانجگرتبـوو؛ لەسـەر بڕیـاری فەرماندەیـی گشـتی لەگـەڵ هەندێـك لـه سـەرکردەکان لـه حەسـەکه دەرچـووم بـەرەو ڕمـێلان بـۆ کۆبوونـەوە و تاوتوێـی پێشـهاتەکان و خوێندنـەوەی هەلومەرجەکـه، وه لەژێـر ڕۆشـنایی گفتوگـۆکان، هێـزی زیاترمـان بـەرەو هێڵـی سـنووری نـارد لـه جەزعـەوە بـۆ گونـدی وەلیـد، قەڵاکانمـان لـه بنکـه سـنووریەکانی خاکی عێـراق تۆکمەترکـردن، ئەوانـەی لـه کەوتنـی موسـڵ ئێمـه دەمانپاراسـتن، هەروەهـا هێزەکانمـان چاودێـری رێگاکـەی چیـای شـنگاڵی دەکـرد کـه لـه سـنوورەوە لێمـان دیاربـوو، بەتایبەتـی ئـەو نامانـەی لـه شـنگاڵەوە بۆمـان دەهاتـن جێـی نیگەرانـی بـوون و زەنگـی مەترسـییەکی

نزیک بوون.

## کۆبوونەوەی رەبیعە

لە رۆژی ٢ی ئاب و لە کاتژمێرای دوای نیوەڕۆ، وەک شاندی فەرماندەی مەیدانی یەکینەکانی پاراستنی گەل و بەرپرسی ئاسایشی ڕمێلان، لەسەر داوای فەرماندەیی پێشمەرگەی مەیدانی، چوینە دیوی رۆژهەلاتی رەبیعە. لەوێ لە بارەگای فەرماندەیی مەیدانی پێشمەرگە لە سایلۆی رەبیعە لەگەڵ عەمید سەبری عەرەب، بەرپرسی هێزەکانی پێنج و لیوا هاشم سیتەیی بەرپرسی لیوای هەشتی سەربە وەزارەتی پێشمەرگە و دوو ئەفسەر لە فەرماندەیی هێزەکانی دهۆک و عەمید قادر خۆرانی بەرپرسی فەوجی چوار لە لیوای هەشتی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە کۆبوونەوە.

کۆبوونەوەکە کاتژمێرێک یا کەمتری خایاند و گفتگۆکان درێژەیان نەکێشا، درێژدادڕی لە گفت و گۆو شەڕەقسەی زۆری تێدا نەبوو، فەرماندەکانی پێشمەرگە داوای پاڵپشتی و هاوکاریان لێ دەکردین بۆ پێکەوە ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشەکانی داعش کە تازە دەستی پێکردبوو، ئێمەش تەواو لەو بڕوایەدابووین دەبێ شتێک بکرێت. فەرماندەکانی پێشمەرگە چاوەڕێی ئەو هەنگاوە بوون بۆ دەستبەکاربوون، بۆیە پێویستی بە هەنگاونانی پراکتیکی و جێبەجێکردنی راستەوخۆ بوو، بەبێ دواخستن و خاوەخاوەکردن بۆ چرکەیەکیش، بەتایبەتی کە تۆپەکانی داعش بەسەر رەبیعە و هەموو سنوورەکە دادەبارین، بەمەش شادەماری ژیان و دەربازبوونی شنگاڵ لە مەترسیدابوو؛ ئیتر تاکە ڕێگای هاتن و چوون بۆ شنگاڵ مەترسی کەوتنەدەست داعشی لەسەربوو. زۆر لە خێزانەکان لە

شنگالەوە دەردەچوون و بە رەبیعەدا دەچوونە زاخۆ یا دهۆك. هەر لەگەڵ دەرچوونمان لە کۆبوونەوەکە ئیتر گولە تۆپ وەك باران لەچەند لایەکەوە بەسەر رەبیعەدا دابارین و ئۆتومبێلی خەڵك بەپەلە لە رەبیعەوە بەرەو سحێلا دەچوون، بۆ ئەوەی بگەنەوە کاروانی ئەو ئوتۆمبێلانەی ئێزیدییەکان کە لە شنگاڵ رایاندەکرد، ئەوەندە کات نەمابوو بگەڕێینەوە ڕمێلان بۆ پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی کۆبوونەوەکە و پێشنیازەکان بۆ فەرماندەیی گشتی، بۆیە بە تەلەفۆن فەرماندەییمان بە وردی لە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە ئاگادارکردەوە و داوامان لێکردن پەلەبکەن لە ناردنی هاوکاری، دەسبەجێ ڕەزامەندیان دەربڕی و داوایان لە من کرد لە رەبیعە بمێنمەوە بۆ ڕێکخستنی پەڕینەوەی هێزەکان و دابەشکردنیان بەشێوەیەکی گونجاو

## ڕێککەوتن و تێکدانی سنوور

لە کۆبوونەوەیەکی کورت و کردارەکیدا، گەیشتینە ڕێککەوتن بۆ ئەوەی هێزەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل لە تەواوی هێڵی سنووری و ناوچەکانی دەوروبەر بپەڕنەوە و لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە لە هەموو سەنگەر و شەڕگەکانی پێشەوە و دامەزرێن بەیەکەوە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش ببنەوە. کۆبوونەوەکە خێرا کۆتایی هات و هەر لایەنە و پەیوەندی بە فەرماندەیی خۆیەوە کرد و ڕێککەوتن و ڕەزامەندیی و پێویستی یان بایەخی دەسبەجێی جێ بەجێکردنی بڕیارەکەیان پێ ڕاگەیاندن. پێشتر هێزەکانی پێشمەرگە پارچە کۆنکرێتی زۆر گەورەیان لە دەروازەی رەبیعە- تەل کۆچەر دانابوو بۆ

ڕێگریکردن لە ئێمە تا دوای کەوتنی موسڵ نەچینە دیوی ئەوان، تەنانەت کاتێک بۆ کۆبوونەوە چوینە دیوی ئەوان، ناچاربووین ئوتۆمبێلەکان لە بەری ڕۆژئاوای ڕەبیعە لە دیوی ڕۆژئاڤا جێبهێڵین، بەڵام دوای ڕێککەوتن و لەپێناو پەرینەوەی هێز و ئوتومبێلەکانمان بۆ دیوی ڕۆژهەڵاتی ڕەبیعە دەبوایە ئەو پارچانەی بووبوونە لەمپەری نێوان برایەتیمان لادرێن و هەڵگیرێن. مەترسییە نزیکەکە بەس بوو بۆ لابردنی سنووری سایکس- پیکۆی نەفرەتی کە داعش لە پەنجا ڕۆژی پێشوو دەستی خۆی پێشخست و لایبرد. داوامان لە ئەفسەرانی پێشمەرگە کرد بلدۆزەر بێنن بۆ لادانی پارچە کۆنکرێتیەکە، بەڵام دوای گەڕانێکی زۆر دڵنیابوون شۆفێری بلدۆزەرەکە ون بووە و سوبچی بلدۆزەرەکەشی بردووە، ڕێگایەکی تری گونجاویشمان نەدۆزیەوە بۆ لادانی ئەو گرانانەی چەمەنتۆ، لە دیوی ڕۆژئاڤاش لەو دەمودەستە بلدۆزەری بەتاڵ لەو نزیکانە نەبوو. ئەوکاتە عەمید قادر خۆرانی[٩] بەپەلە ئوتۆمبێلەکەی خۆی هێنا، پارچە کۆنکرێتەکەی لە ئوتۆمبێلەکەی خۆی بەستەوە و زۆر بەزەحمەت ڕایکێشا، تا دوای هەوڵێکی زۆر توانیمان هەندێک لەو پارچانە لادەین و ڕێگاکە بکەینەوە، هەر ڕێگا کرایەوە؛ هێز و ئوتۆمبێلەکانمان کە لە دیوی تەل کۆچەر کۆبووبوونەوە دەستیانکرد بە پەرینەوە بەرەو سەنگەری هەرە پێشەوەی ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی باشوور لە دیوی ڕەبیعە، لەهەمان کاتیشدا هەندێک لە هێزەکانمان بەرەو ناوچەی باکوور و باشووری ڕەبیعە پەرینەوە و لەتەنیشت هێزەکانی پێشمەرگە و لە پشت خەندەکەکانەوە جێگیربوون..

---

٩- قادر خۆرانی نامیر فەوجی ٤ی لیوای ٨ی هێزەکانی سەربە وەزارەتی پێشمەرگەیە

## دیداری برایان

دڵخۆشی پێشمەرگە زۆر گەورەبوو بە پەرینەوەی یەکینەکانی پاراستنی گەل و یەکینەکانی پاراستنی ژنان[١٠] و ئاسایش بۆ ئەودیو و بلاوبوونەوە و دامەزران و جێگیربوونیان لە سەنگەر و کەندەڵان و دامەزراندنی تۆپ و قەناسە لەو شوێنانەی کە پێویست بوون. گەرانێکمان لەگەڵ فەرماندەکانی پێشمەرگە بەناو هەموو هێزەکانی پێشمەرگەدا کرد، گفتوگۆمان لەگەڵ کردن و ڕێنمایی پێویستمان پێدان سەبارەت بە دووبارە دابەشبوونەومیان بەشێومیەکی گونجاو بۆ ئەوەی نەبنە ئامانجی ئاسانی قەناس و گولەتۆپ، وە بۆ ئەوەی بتوانن بەشێومیەك هێلێکی گونجاو دابنێن هەر بازنەیەك بازنەکەی تر بپارێزێت. یەکینەکانی پاراستنی گەل و یەکینەکانی پاراستنی ژن (یەپەگە و یەپەژە) تازە لە جەرگەی شەڕێکی سەخت لە حەسەکە گەڕابوونەوە، وە ئەزموونەکەشی باش پێیگەیاندبوون لەگەڵی ڕاهاتبوون بە کوردییەکەی خۆمان دەڵێ لووس ببوون، بلاوبوونەومیان لەناو پێشمەرگە و گیانی بەرزی مەعنەوی و متمانە بەخۆبوون و پێشڕەوی فەرماندەکان لەپێشی پێشەوە؛ هۆکاری سەرەکی بوون بۆ بەرزکردنەوەی ورەی برا پێشمەرگەکان کە زۆرینەی

---

١٠- یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەژە)، ئاماژەیە بۆ هەرسێک پێتی یەکەمی ناوی (یەکینەیێن پاراستنا ژن)، ئەو یەکینەیە لە دڵی یەکینەکانی پاراستنی گەل هەڵقوڵا و بەفەرمی لە ٤ی نیسانی ساڵی ٢٠١٣ ڕاگەیەنرا و ئەوەش هەموو گرووپ و کۆمەڵی ژنانی شەڕڤان لە ڕۆژئاڤا لەخۆی دەگرێت، ئەو یەکینانە تایبەتمەندێتی و سەربەخۆیی خۆیان هەیە، ئەوەش بەشێکی سەرەکی لە هێزەکانی سوریای دیموکراتن. شەڕڤانانی ئەو یەکینەیە ناوبانگێکی نێودەوڵەتیان هەیە، بەتایبەتی لەکاتی بەرخۆدانی کۆبانێ و تیشکخستنە سەر ڕۆڵی سەرەکیان لەلایەن میدیای جیهان لە ڕووبەڕووبوونەوەی رێکخراوە تیرۆریستییە تونڕەوەکان. چونکە جیاوازییەکی گەورەی دەردەخست بە بەراورد لەگەڵ پیاوە پێشدارە تورە و گرژ و مۆنە تونڕەوەکان. وە ئەو یەکینەیە کاریگەری کۆمەڵایەتی و سیاسی وڕۆشنبیری زۆریان لەسەر ژنی کورد لە ڕۆژئاڤا و سوریا و تەواوی ژنان لە پێکهاتەکانی عەرەب و مەسیحی و تورکمانی هەبوو، ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە هۆشیارکردنەوەی ژن و تێکەڵکردنی بە کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و دیپلۆماسی، گۆڕینی ڕوانینی کۆمەڵگا بۆ ژن.

رەهایان پێشتر بەشداری هیچ شەڕێکی ڕاستەقینەیان نەکردبوو و ئەوە یەکەم شەڕیان بوو. تەنها سەرباز مانای یەکەمین شەڕ دەزانن، وە باش دەزانن چۆن هەست و نەستی دژبەیەك گیان و بوونی مرۆڤ لەو چرکەساتانە ئازار دەدەن، لە ژیانی (سەربازیی مرۆڤ). لە هەر مەتەرێز و سەنگەرێك سەردانمان دەکردن و قسەمان لەگەڵ دەکردن؛ دڵنیامان دەکردنەوە کە ئێمە وەك یەکینەکانی پاراستنی گەل جێیان ناهێڵین و پشتیوانیان دەبین، وە هەندەش هێزی زیاترمان پێ دەگات بەڕاددەیەك هیچ سەنگەرێکی پێشمەرگە نەبێ مەفرەزەیەك یا کۆمەڵێك لە شەڕڤانانی ئێمەی تێدانەبێ، سەرەڕای ئەوەی ئێمە ئاگاداری سەرقاڵی هێزەکانمان بووین لە چەندین بەرەی تر و کەم و کوڕی زۆریش لە چەکی گران، بەڵام لە پەیوەندییە بەردەوامەکەمان هەر پێداگربووین لە لەگەڵ فەرماندەیی گشتی لەسەر پێویستی خێرا ناردنی هێزی زیاتر.

## گیانی یەکگرتوویی

ئەوە یەکەمجاربوو لە ژیانی هاوچەرخی نەتەوەی کورد لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکی گەورە بۆ سەر هەموان، سەرە گەورەکان یان گرنگەکان دەست لە ملانێی یەکتر بکەن و ئیلهامەکان یەکبگرنەوە. لە تابلۆی ئەو ئێوارەیەدا و لەسەر هێڵی ئاگرینین، گیانی برایەتیی کوردانەت لەوێ دەبینی کە لەمێژ بوو خەونمان پێوە دەبینی. ژنی قارەمانی ڕۆژئاواییت دەبینی و لە نزیکییەوە پێشمەرگەیەك لە سلێمانییەوە و لە لای ڕاستیییەوە پێشمەرگەیەك لە دهۆك و یەکێکی تریش لە ڕانیە و یەکێ تریش لە کۆبانێ و هی تریش تر لە عەفرین و یەکێکی تریش گەریلایەك لە ماردینەوە و ئەفسەرێکیش لە پێشمەرگە و فەرماندەیەکی (یەپەگە)ی لەگەڵدایە، لە

بەردەمیشیان مرۆڤی درندەی پاشماوەی چاخە تاریکەکانن، چاویان بڕیوەتە دەستگرتن بەسەر جیهان بۆ قوڵکردنەوەی کەلتوری کوشتن و داگیرکردن و کەنیزەك گرتن، هەروەها وێرانکردن و کۆیلەکردنی گەلان لەژێر دروشمی ئایینی زەمەن بەسەرچوو. سوپا لاوازەکان یەك لەدوای یەك لەبەردەم ئەو درندانە دەڕوخان، ئەوانیش شارەکانیان دەگرت و جلە رەشەکانی خۆیان دەکردە بەریان و ئاڵا ڕەشەکەیان هەڵدەکرد، داب و نەریتە دواکەوتووەکەی خۆیان بەسەردا دەسەپاندن، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕەوتە درندانەیەی دەرهاتوو لە هەناوی دۆزەخ؛ تەنها بەشی گەلی کورد بوو، لەوپەڕی رۆژهەڵات لە خانەقین و ئەوپەڕی رۆژئاوا لە عەفرین، ئەوە کوڕ و کچی کوردن لە خەندەك و مەتەرێزی خۆڵدا لە دۆزەخی حوزەیران و تەموزدا داکۆکی لە هەموو جیهان دەکەن.

بەدرێژایی ئێوارە و خۆرئاوابوونی ئەو رۆژە مێژوویە، واتە رۆژی ٢ی ئاب، چەندین کاروانی هێز لە رۆژئافاوە یەك لە دوای یەك گەیشتنە سنوور و لە چەند ناوچەیەکەوە هاتنە ژوورەوە و شانبەشانی پێشمەرگە دابەش بوون، داعشیش لە بۆردومانکردنی ناوچەکان نەوەستا، بەبێ جیاوازی گوند و شارۆچکە لە رۆژئافا و باشوور، بێ جیاوازی لە شەڕفانانی سلێمانی یا عەفرین، پێشمەرگەی دهۆك یا شەڕفانی کۆبانێ، ئەو شەڕفانە ئێزیدییە سمێڵ چرە، یا ئەو شێرەژنە کوردە کەزی زێڕینە چەك لە باوەشە، دوژمن جیاوازی نەدەکرد هەموومانی بە ئامانج گرتبوو و هەوڵی کوشتنی هەر یەکێکمانی دەدا، بەبێ دیارکردن، هەموومان کوردین و هەموومان دوژمنی ئەوانین..

ئەو ئێوارەیە بۆ نانی شێوان برنج بە تەماتەمان دەخوارد

لـه خەندەکـه خۆڵاوییەکـه، هەسـتت دەکـرد هەمـوو جیاوازییـه حیزبـی و ناوچەییـەکان لەنێـوان کـورد هەڵگیـراون و هیـچ نەماوە جگـه لـه شـەڕفانانی کـورد وەك لەشـکرێکی یەکگرتـوو، تەنانـەت ئەگـەر تەنها بـۆ یـەك شـەویش بێت؛ بـەڵام یەکەمجارە کـورد لـه مێـژووی هاوچەرخیـدا ببێتـه یـەك لەشکر.

## بانگەوازی لە هاناهاتن

بارودۆخـی زۆر لـه میحـومرەکان بـەرەو خراپتربـوو، پەیامـی زۆری نەبـڕاوەی یـەك لـه دوای یەکمـان لـه خەنـدەك و مەتەرێـز و کەرتـه سـەربازییه جێگیرکراوەکانـەوە بـۆ دەهـات، هەمووییـان داوایـان دەکـرد هێـزی پشـتیوانییان بـۆ بنێرین، بەتایبەتـی ئـەو میحومرانـەی رۆژئـاوای زومـار، عەلیـۆك، سـنوونێ و مشـیرفە. لـه شـەوی ٢ی ئـاب، هێزەکانـی داعـش زۆر لـه هێڵەکانی پێشـمەرگەیان لـه بـەرەی زومـار و عەلیـۆك و مەحمودیـه بەزانـد و هاتنـەوە نـاوەوە، پێشـمەرگەش ئـەو میحومرانەیـان جێهێشـت و دوای ئـەوەی پەیوەندییـان بـه ئێمـەوە کـرد؛ یارمەتیمانـدان و رێـگای سـەلامەتمان بـۆ کردنـەوە تـا گەیشـتنە لای ئێمـه و پەڕێنـەوە دیـوی رۆژئاڤـا، بـۆ پڕکردنـەوەی ئـەو بۆشـاییانەی کەرتەکانـی پێشـمەرگە دروسـتیانکردبوو؛ ناچاربووییـن هێزەکانمـان بنێرینـه ئـەو شـوێنانەی چۆڵیانکردبـوو، بەتایبەتـی ئەوانـەی تاڕاددەیـەك لـه سـنوور نزیکبـوون.

ئـەو شـەوە زۆر سـەخت بـوو و ئێمـەش هەوڵمـان دەدا بەدەنـگ بانگـەوازی یارمەتـی درێژایـی هێڵەکانـی سـەنگەرەوە بێیـن، ئـەو هەواڵانـەی لـه زومـار و شـنگاڵەوە دەهاتـن زۆر خـراپ بـوون، بەیاتیبەتـی لـه میحـومری باشـووری شـنگاڵ کـه هاوسـنوورە لەگەڵ بیابـان و هـەردوو قـەزای بەعـاج و تەلەعفـەر. شـنگاڵ داوای

لەهاناچوونی دەکرد و شادەماری ڕزگاربووون و هاوکاریەکەی لە مەتریسدابوو، داعش چەندین گوندی لە دەوروبەری قەزای شنگاڵ داگیرکردبوو، بەدرێژایی شەوی ٢ و ٣ی ئاب بێ وچان پەیامەکان لەلایەن هاوڕی و هاوڵاتییانەوە بۆ لەهاناچوونی بارودۆخی شنگاڵەوە دەهاتن، ئێمەش نامەکانمان بۆ فەرماندەیی گشتی و ئەو فەرماندە مەیدانییانە دەنارد کە لەپشت ئێمەوە لە تەل کۆچەر بوون، فەرماندەیی گشتی فەرمانیدا بە هەندێك لە یەکەکانی سنوور لە میحوەری ڕۆژهەڵاتی جەزعەوە؛ لە قۆناغی گواستنەوە و ئامادەباشیدابن بۆ هەر فەرمانێکی تازە بۆ دەستبەکاربوون لەهەر چرکەیەکدا.

## سەختترین ڕۆژ لە مێژوودا

بەیانی زووی ڕۆژی ٣ی ئاب، فەرماندەیی گشتی بانگهێشتی تەل کۆچەری کردین، گفتوگۆیەکی خێرا دەربارەی دۆخە هەستیارەکە، ڕاپۆرتێکی کورتمان سەبارەت بە دۆخی میحوەری شەڕ و مەترسییانەی دەهاتنە بەردەم ڕێگای نێوان ڕەبیعە-سنوونێ و نێوان ڕەبیعە-سحێلا پێشکەشکرد، ڕا و تێبینییەکانی خۆشمان پێ ڕاگەیاندن سەبارەت بە کاروانی هاوڵاتییە هەڵاتووەکانی شنگاڵ بەرەو ڕەبیعە و ئەوانەی تیایدا گیریان خواردووە لەوێ، هەروەها بارودۆخی پێشمەرگە و ئەو نامە یەك لەدوای یەکانەی لە هەندێك لە سیاسییەکانی کورد لە هەرێم و لە فەرماندەکانی پێشمەرگە و هەندێك پەرلەمانتاران و چالاکوانانی کورد لە باکوور (باکووری کوردستان) و ئەوروپاشەوە پێمان دەگەیشتن، هەروەها پەیوەندی هەندیك کەسایەتی دیاری شنگاڵ و شێخانیش لەگەڵ ئێمە بۆ ئەوەی خەڵکی شنگاڵ بۆ چارەنووسیان جێ نەهێڵین..

لەوکاتەدا، کەتیبەیەک گەیشتە بارەگا لە تەل کۆچەر، زۆر لە پێشمەرگەکانی نەو کەتیبەیەمان لە نزیکەوە دەناسین، هەندێکیان لە هەڤاڵانمان بوون لە باشوور و ئەوانەی تریش هی رۆژئاڤا بوون. ماوەیەک بوو ئامادەکران بۆ هەر ئەرکێکی لەناکاو. فەرماندەی گشتی لە کۆبوونەوەیەکی کەمتر لە پازدە خولەکی لەگەڵ کەتیبەکەدا؛ ڕایسپاردن چەندی زووە بەرەو شنگاڵ بچن. کەتیبەکە لەڕووی چەک و تەقەمەنی و ئامادەکاری مەیدانییەوە ئامادەبوون، هەندێک ژمارە تەلەفۆنی ئەوانەمان پێدان کە لە شنگاڵ بوون و چەند رۆژێک بوو لە پەیوەندیدا بوون لەگەڵمان و هەندێک هۆشیاریی سەرەکیشمان پێدان، دەبوا کەتیبەکە دەسبەجێ بڕوات بۆ جەزعە و لە جەزعەشەوە سنوور ببڕن بە هێڵێکی راست بۆ سنوونێ کە لە سنوورەوە بۆیان دیارکرابوو. دوای گەیشتن بە سنوونێ دەست دەکرا بە هەڵسەنگاندنەوەی دۆخەکە و ناردنی کەتیبەی تریش بە هەمان ڕێگادا ، بێ بەفیڕۆدانی تەنها خولەکێکیش. کەتیبەکە بەڕێکەوت و بانگهێشتی کەتیبەیەکی تر کرا، چەند گەنجێکی کوردی ئێزیدی خۆبەخشی ناو یەکینەکانی پاراستنی گەلی تێدابوو، ئەرکی نەو کەتیبەیە پشتیوانیکردنی کەتیبەی یەکەم بوو کە بەرەو شنگاڵ کەوتبوونە ڕێ، بۆ دەستکردن بە گەڕان و پشکنینی پێویست لە دەوروبەر و لێکۆڵینەوە لە دۆخی شنگاڵ و ئاگادارکردنەوەی فەرماندەیی گشتی لە دۆخەکە. پێویستە نەو ڕاستیە بڵێین کە زۆرینەی ڕەهای شەڕڤان و فەرماندە مەیدانییەکانمان زانیاریی پێشوەختەیان نەبوو دەربارەی شنگاڵ و دەوروبەری، بۆیە گرنگ بوو کەتیبەی یەکەم بگات و ڕاپۆرتی سەرەتایی خۆی بنێرێت. لەو کاتەدا پەیوەندیم بە زۆر لە هەڤاڵانەوە کرد لە شنگاڵ بۆ ئەوەی ئامادەی گەیشتنی کەتیبەکەبن و زانیاری سەرەتاییان پێ بدەن

و ڕاستەڕێیان بکەن.

لەوکاتەدا کەتیبەکانی تر لە سەرێ کانیێ، قامیشلو، دێریک و حەسەکەوە گەیشتن بۆ پاڵپشتی ئەو هێزانەی لە خاکی باشووری کوردستان بوون، وە زۆرینەی ڕەهای ئەو هێزانەش لە میحوەرەکانی تری شەڕەوە کێشرابوونەوە، ماندوێتیان پێوەدیاربوو، بەڵام ورمیان باش بوو. دوای گفتوگۆ گەڕاینەوە بازنەی سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی ڕمبیعە، کە تاکە ڕێگا بوو لەنێوان ڕمبیعە و سنوونێ و لەوێشەوە بۆ شنگاڵ. بەپێی توانا کارمان بۆ ڕێگری لە پێشڕەوی داعش دەکرد بەرەو ئەوێ، چونکە پێك دادانەکان بەدرێژایی ئەو هێڵەی پێشەوە زۆر سەخت بوو، بەوپێیەی ئێمە لەسەر ڕێگای گشتی نێوان ڕمبیعە و سنوونێ بووین، ڕەنگدانەوەی جموجۆڵی چڕی زۆر لە هێزی پێشمەرگەمان دەبینی کە لەلای سنوونێ و شنگاڵەوە دەهاتنە ڕمبیعە و لەوێشەوە بەرەو باکوور. ئێمە ئاگاداری تەواوی ئەو جم و جۆڵانە نەبووین، بەڵام لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی هاوڵاتیانی لە دیوی شنگاڵەوە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دەهاتن و تۆقیو و شپرزە بوون و بەخێرایی بەرەو باکوور لەو شەڕە هەڵدەهاتن کە تازە دەخزیە ناو گوندە ئێزیدییەکان؛ پێشبینیمان کرد کە شتێکی خراپیان بەسەرهاتووە، داعش ئەو ئوتومبێلانەی بە ئامانج دەگرت کە بەڕێگای سنوونێ-ڕمبیعەدا ڕەت دەبوون، تۆپەکانیشیان بازنەی ڕۆژهەڵاتییان بەئامانج گرتبوو کە سەدان ئۆتۆمبێلی هاوڵاتی و سەربازی کەوتبوونە سەر یەك و لەناوچەیەکی کراوە خڕببوونەوە لەبەردەم تۆپ و تۆپخانەکانی داعش.

تا کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ، زۆر لەخاڵەکانی پێشمەرگە لەسەر ڕێگای سنوونێ و ڕمبیعە چۆڵ کرابوون و بەرەو ڕمبیعە کشابوونەوە، هەموویان دەکشانەوە، پێشمەرگە لەو خاڵانە دەکشانەوە کە پارێزگاریان لەو ڕێگایە یان لە شادەمارەی نێوان کوردستان و شنگاڵ دەکرد و هاوەن و ڕێژنەی دۆشکەش ئەو ئوتۆمبێلانەیان بە ئامانج دەگرد کە

بەڕێگادا ڕەت دەبوون.

## پێکدادان لەسەر ڕێگای شنگاڵ

ئەو کەتیبەیەمان کە بەیانییەکەی بە ڕێگا لاوەکییەکە بەرەو شنگاڵ بەڕێکەوتن، لە کۆنترۆڵکردنی بەشێکی زۆری ڕێگاکە لەلایەن داعشەوە حەپەسان و شەڕێکی سەخت لەنێوان کەتیبەکە و گرووپێکی داعش ڕوویدا، ئەوەش وایکرد فەرماندەیی گشتی بەپەلە هێزی پشتیوانی بنێرن تا بەزووترین کات کەتیبەکە بگاتە شوێنی خۆی و بەو گرووپانەی داعش سەرقاڵ نەبن کە لێرەولەوێ بلاوبوونەتەوە، چونکە ئامانجی سەرەکی هێزەکانمان گەیشتن بوو بە شنگاڵ، بە هەر نرخێک بێ، بەڵام ئامانجی داعش لەو ناوچەیە گرتنی ڕێگاکە بوو لە ئێمە.

پێکدادانی سەخت و ناشارەزایی هێزەکانمان لە وردەکاری ڕێگاکە و ناوچەکە بووە هۆی درەنگ کەوتنی هێزەکانمان لە گەیشتن بە شنگاڵ تا دوانیوەڕۆی ڕۆژە، دوای گەیشتنی کەتیبەی یەکەم لە دامێنی باکووری چیای شنگاڵ، دەبوا هێزی زیاتر بنێرین و بەشێوەی جیاجیا لە هێڵی نێوان جەزعە و سنوونێدا بلاوبکرێنەوە. بەم شێوەیە ڕێڕەوێک لەنێوان ڕۆژئاڤا و شنگاڵ دروست بوو؛ ئەو ڕێڕەوە کە دەبێتە گرنگترین دەروازەی ژیان بۆ سەدان هەزار کوردی ئێزیدی و تورکمان و عەرەبی شیعە و مەسیحی و هەموو هەڵاتوانی کۆمەڵکوژییەکانی دەستی داعش، هەروەها دەبێتە تاکە ڕێڕەوی بەستەر لەنێوان شنگاڵ و جیهانی دەرەکی، ئەو ڕێڕەوەی یەکینەکانی پاراستنی گەل بەردەوام دەیانپاراست بۆ ئەوەی لەوێوە هێزی پارێزگاری و خواردن و ئاو و کۆمەک و شەڕڤانانی پێدا بنێری بۆ پاراستنی ئەو هاوڵاتییانەی لە شنگاڵ مابوون و گیریان خواردبوو.

## کۆبوونەوە و پێکدادان لە ڕەبیعە

لە شەڕێکی سەختدابووین لە ڕەبیعە، ئاوارەبوونی خەڵکی شنگاڵمان دەبینی و کشانەوەی زیاتری هێزەکانی پێشمەرگەش بەشێوەیەکی هەڕەمەکی جێی نیگەرانی بوو، هێزە کشاوەکان لە سنووری نێوان ڕۆژئاڤا و باشوور دەچوونە ڕەبیعە و لە دیوی باشووریگرددەبوونەوە. هەر کاتێک دەرفەتیان بۆ دەڕەخسا، لە ڕێگای ڕەبیعە-سحێلاوە بەرەو باکوور دەچوون. لەو کاتەشدا یەکینەکانمان لەنێوان بەربەستەکانی هێزی پێشمەرگە و هێڵەکانی پێشەوەی ڕۆژهەڵاتی ڕەبیعە دابەشبووبوون، هێشتاش گرووپی زیاتری هێزەکانمان دەگەیشتن و بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەفسەرانی پێشمەرگە دابەشمان دەکردن، وە فەرماندەیی گشتی و فەرماندە مەیدانییەکانی یەکینەکان و ئاسایش ناوەندی ئۆپەراسیۆنیان لە بینای گومرگی تەل کۆچەری لە سنووری ڕەبیعە دانا.

سەرکردایەتی پەیوەندیکرد، لە ناوەڕۆکی ئەو کۆبوونەوەیەی پرسی کە لە بارەگای فەرماندەیی پێشمەرگە لە سایلۆی ڕەبیعە بەڕێوەچوو، ئێمەش لەلای خۆمانەوە لە عەمید قادر خۆرانیمان پرسی، بەیەکەوە لە هێڵی پێشەوەی میحومرەکە خەریکی ڕێکخستنی بەرگریەکان بووین و لەلای عەومیناتەوە کەوتبووینە بەر موشەک..

عەمید قادر بانگهێشتی کۆبوونەوەکە نەکرابوو، وە دوای پرسیارلە هەندێک لە ئەفسەرانی تری پێشمەرگە، پێیان گوتم کۆبوونەوەیەکی گەورەی فەرماندەکانی پێشمەرگە هەبووە لە بارەگای فەرماندەیی لە بینای سایلۆ، یەکێک لە ئەفسەرە گەورەکان بۆ سەرپەرشتیکردنی کۆبوونەوەکە و هەلومەرجەکە لەسەر پێشهاتەکان هاتبوو..

هەر یەکێک لە فەریق جەمال ئیمینیکی (سەرۆکی نەرکان)، موسا گەردی، عەبدولڕەحمان کەورینی، هاشم سیتەیی، لیوا هەڵگورد، سەبری عەرەب و ئەفسەرانی تر لە فەرماندەیی هێزی دهۆک (جەماعەتی شیخ

عەلۆ) ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون. زۆری پێ نەچوو، بینیمان زۆربەی فەسیل و سریەکانی لە تەنیشتمانەوە بوون یا ئەوانەی هێزەکانی ئێمەی لێ دابەش بووبوون؛ بەتایبەتی هێزی لیوای سەفین، دەستیانکرد بە چۆلکردنی سەنگەرەکانیان لە بەرەکانی شەڕ و بەرەو سایلۆی دووری رۆژئاوای رەبیعە چوون.

ئەو مەسەلەیەمان زۆر بەلاوە سەیربوو و لەو ئەفسەرانەی تەنیشتمان پرسی، گوتیان: ‹‹فەرمانمان بۆ هاتووە، پێویستە لە هێڵی پێشەوە بکشێینەوە و بەرەو ناو رەبیعە پاشەکشێ بکەین››.

هەوڵماندا رازیان بکەین بەو ئاسانییە بەربەست و سەنگەر جێ نەهێڵن، پێمان گوتن لە هیچ نەترسن، زۆر لە هێزەکانمان دێن بۆ پاڵپشتیمان و بەرپەرچی داعش دەدەینەوە و رێگایان پێ نادەین بێنە ناو گەرەك و ماڵەکانی شار. پێمان گوتن؛ ئەگەر میحوەری ئێرە چۆڵ بکەن، بەربەست و دووڕیان و ڕێگای نێوان شنگاڵ و سحێلا دەکەونەدەست داعش و ئیتر هەموو هاوڵاتییەکان دەکەونە بۆسە و رێگاش دەگیرێ.

تەنها کاتژمێرێك تێنەپەڕی کاتێك بینیمان تەنها ژمارەیەکی کەم لە پێشمەرگە کە لە ژێر فەرماندەیی عەمید قادرخۆرانی لە هێڵی پێشەوەی شەڕگەکە مابوونەوە، ئەوانەی تر هێڵی پێشەوەیان جێهێشت و دۆشکە و سەکۆی تۆپخانە و زرێپۆشیان لەگەڵ خۆیان کێشایەوە کە لەوپەڕی پێویستیاندا بووین.

لەوکاتەدا چەند گرووپێکی داعش کەوتنە جموجۆڵ لە ناو شاری رەبیعە، لە بەری رۆژهەڵات (بەری عەوەینات)ەوە تەقەمان لێ دەکرا، وە لە بەری باکووری رۆژئاوا (لەناو رەبیعە)ەشەوە، ئنجا زانیمان شانە نوستووەکانی داعش لەرەبیعە دەستیان بە جوڵەکرد، ئیتر ئێمە گەمارۆدراین لەنێوان داعشی هێرشبەر لەبەری رۆژهەڵات و باشووری رۆژئاوا (لەگەڵ ئەو شانانەی دەستییان بەجوڵەکرد و لە دواوە ئێمەیان

بە ئامانج گرت، واتە لە ناوەوەی رەبیعە. ئەو شانانە یەکینەکانی ئێمە و ئەمبولانسە گەڕۆکەکانیان دەکردنە ئامانج کە لەنێوان ڕێگای تەل کۆچەر و دووڕیانی ڕۆژهەلاتی رەبیعە بوو، ئوتۆمبێلی هاوڵاتییانیش کە لە شنگالەوە دەهاتن دەکەوتنە بەر فیشەك و تۆپەکانیان، ئەوە وای لێکردین ناراستەکەلە رەبیعەوە بگۆڕین بەرەو ناو ڕۆژئاڤا، بۆ ئەوەی ئەو گردبوونەوە چڕە لە ڕۆژهەلاتی رەبیعە کەمبکەینەوە.

لەو کاتەدا ئەو گرووپەمان کە گەیشتبووە شنگاڵ پەیوەندییان پێوەکردین و پێیان گوتین داعش دەستی بەسەر چەندین گوند داگرتووە و هێرشەکانی چڕتر کردووە و هاوڵاتییان ماڵ و گوندەکانیان جێ دەهێڵن و هەوڵ دەدەن بگەنە چیا، ئێمەش ئاگادرمانکردنەوە وریابن لە گرتنەبەری ڕێگای سنوونێ-رەبیعە، چونکە مەترسی لەسەرە و لەژێر سێرەی بۆردومانی داعشە، لەهەرکوێ بن پێویستە بە زووترین کات بەرەو سنووری ڕۆژئاڤا بچن، لە ڕێگا نەمێننەوە.

## گفتوگۆ

کاتێك بینیمان ئەو هێزەی پێشمەرگە کە ئێمە بۆ پاڵپشتییان هاتبووین بەرەو رەبیعە پاشەکشەیانکرد؛ فەرماندەیی گشتی و بارەگای ئۆپەراسیۆنمان لە تەل کۆچەر لە دۆخەکە ئاگادارکردەوە. فەرماندەیی گشتی فەرمانیدا بچینە بارەگای فەرماندەیی پێشمەرگە تا لە مەسەلەکە تێبگەین و گفتوگۆ دەربارەی هۆکاری کشانەوەیان لە بەرەی شەڕ بکەین، کاتێك لەگەڵ یەکێك لە هەڤاڵانمان چوینە بارەگای فەرماندەیی پێشمەرگە لە سایلۆی رەبیعە، بینیمان هەموو فەرماندە و ئەفسەرەکان لە سایلۆی رەبیعە کۆبوونەتەوە، تاوتوێی مەسەلەکەمان کرد و لە هۆکاری چۆڵکردنی بەرەی شەڕمان پرسی، گوتیان:

''فەرمانی سەرکردایەتی هاتووە بۆ پاشەکشێ''، پرسیمان: چۆن دەکشێنەوە و کێ ئەو ناوچەیە دەپارێزێ، وە چۆن پارێزگاری لەو تاکە

ڕێگایەی شنگاڵ بکەین؟

## گوتیان:

‹‹ ئەوە فەرمانی سەرکردایەتیمانە و لێرە گفتوگۆمان دەربارەکردووە و پابەندی فەرمانەکە دەبین و ناتوانین لەگەڵ ئێوە باسی بکەین››، (هەر ڕێك ئەومیان گوت)• لەکاتی گفتوگۆکاندا جمجوجۆڵێکی گەرم لەناو پێشمەرگە هەبوو، کەلوپەلەکانیان دەپێچایەوە و چەك و تەقەمەنییەکانیان هەڵدەگرت، ئامادەکاری بوو بۆ ڕۆیشتن• هەر خێرا فەرماندەیی گشتی خۆمان لە مەسەلەی چۆڵکردن و ئەو فەرمانەی بۆیان هاتووە و ئامادەکارییان بۆ چۆڵکردن ئاگادارکردەوە، وەڵامی سەرکردایەتیمان ئەوە بوو:

’’پێیان بڵێن؛ ناکرێ ڕەبیعە و بەرەی شەڕ چۆڵ بکەن، ئەوان چۆن دەتوانن سەنگەر چۆڵ بکەن لەکاتێکدا ئێمە لە ڕۆژئاڤاوە هاتوویین بۆ یارمەتیدانیان، لە دوێنێوە ئێمە هێزەکانمان لە چەندین بەرە دەکێشینەوە بۆ پاڵپشتی ئەوان، چۆن دەبێ ئێستا ئەوان ئێمە بە تەنیا بەجێ بهێڵن؟ کە هەر دەشکشێنەوە، پێویستە چەکە قورسەکان نەبەن، بۆ بەرپەرچدانەوەی داعش پێویستمانە، با چەکی قورس و تەقەمەنیمان بۆ جێبهێڵن، ئنجا کوێیان دەوێت، با بڕۆن››• ئەوەمان بە فەرماندەیی پێشمەرگە ڕاگەیاند، بەڵام زۆر بە تونڈی ڕەتیانکردەوە کە یەك شتیش جێبهێڵن، پێمان گوتن: ‹›بۆ خۆمان ناوێت، وەك ئەمانەت بۆمان جێبهێڵن، یا وەك (قەرز) بۆ ئەوەی شەڕی پێ بکەین و دواتر کە هاتنەوە بەرەی شەڕ یا ئەوکاتەی پێویستیمان پێ نامێنێت بۆتان دەگێڕینەوە››، بەڵام ئەومشیان بەتونڈی ڕەتکردەوە.

لەکاتی گفتوگۆکان لەگەڵ فەرماندەیی پێشمەرگە لە سایلۆی ڕەبیعە، عەمید قادر پەیوەندی پێوەکردم و گوتی: کەرتەکانی تریش کشاونەوە و شوێنەکانیان چۆڵە، وە گۆتی کە ئەو ناکشێتەوە و لە بەرەی شەڕ

دەمێنێتەوە، وە داوایکرد هێزی زیاتر بنێرن بۆ پرکردنەوەی ئەو شوێنانەی پێشمەرگە جێیانهێشتبوو.

وەك ئەمانەتێکی مێژوویی دەبێ بڵێین کە ئەو چەند پێشمەرگە کەمەی لە شوێنەکانیان لەگەڵ هێزەکانمان مابوون، ئەوانەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوون لەناو وەزارەتی پێشمەرگە، وە پێویستە ئەوەش بڵێیم کە زۆر لە پێشمەرگەکان هەستیان بە شەرم و شەرمەزاری دەکرد چونکە دەیانبینی کچان و کوڕانی رۆژئاڤا لە میحوەری ئەوان دەجەنگن، بەڵام ئەوان پشتیان تێکردوون و لەوێ دەکشێنەوە. لەمیانی گفتوگۆکاندا، وە دوای ئەوەی بێ هیوابوویین کە چەکەکان نە بۆ ئێمە و نە بۆ هاوڕێ پێشمەرگەکانیشیان جێ ناهێڵن کە بڕیارياندا وە لە سەنگەر بمێننەوە و هەموو چەکە قورسەکانیشیان کێشانەوە، پێمان گوتن:

" چیتان دەوێ بیکەن، بەڵام کشانەومتان کارمساتە". لەوکاتەدا داعش رێگای نێوان رەبیعە- مەحمودیە و ئەو تاوەرمشی گرت کە کۆنترۆڵی رێگا سەرەکیەکەی دەکرد، بەتایبەتی دوای کشانەوەی هێزی پاڵپشتی کە لە گوندی چل بارات جێگیربووبوو، بەو شێوەیە، هیچ رێگایەکی رۆیشتن یان تێپەڕین نەما لەنێوان رەبیعە و سحێلا(زاخۆ).

## هیچیان لەبەردەم نەما، جگە لە رۆژئاڤا

کاتێك رێگای نێوان رەبیعە و سحێلا و چەند گوندێکی وەك قاهیرە و سعودیە و مەحمودیە بڕا و داعش لە گوندی (بەهار- الربیع) نزیك بووەوە، رێگامان لەبەردەم کوردانی ئێزیدی و تورکمان و عەرەبە هەڵاتووەکان کردەوە کە لە رەبیعە کۆبووبوونەوە، هێنامانە رۆژئاڤا و لە بەرەی شەرمان دوورخستنەوە، ئەوکاتە فەرماندەیەکی پێشمەرگە لە

لیـوای ٨ و فەرماندەیـی هێـزی دهـۆك پێـی گوتیـن ڕێـگای زاخـۆ گیـراوه، پێمـان گوتـن:

"" نـەوه باشـه، مەکشـێنەوه و لێـره بمێننـەوه لـه سـەنگەر، بەیەکـەوه شـەڕدەکەین››، بـەڵام گوتـی

""داواتـان لێدەکەیـن ڕێگامـان بـدەن بچەڕینـەوه ڕۆژئاڤـا››، پەیوەندیمـان بـه فەرماندەیـی گشتیەوه کـرد و ئـەو داوایـەی فەرماندەی پێشمەرگەمان پـێ گەیانـدن، بـەڵام فەرماندەیـی هەڵوێستی خۆیـان دووبارەکـردەوه

"پێیـان بڵێـن دەبـێ بمێننـەوه و له بەرەی شـەڕ نەکشـێنەوه، شـەرمەزاریيه سـەنگەری شـەڕ جێبهێڵـن، وه ئەگـەر هـەر دەشکشـێنەوه، دەبـێ چەکـی قـورس جێبهێڵـن بـۆ نـەوەی شـەڕی پـێ بکەیـن، وه ئـەو داوایـه بـۆ هـەر کەسـێکه لەگەڵمـان دەمێنێتـەوه

گفتوگـۆکان بـەردەوام بـوون، هێنـان و بردنێکـی بـێ ئەنجـام و ڕێکخـراوی داعش پێشـڕەوی دەکرد و ناوچەکانی سـەر بە پێشـمەرگەش زۆر بەخێرایی دەکەوتـن، نامەکانیـش لـه شـنگاڵەوه دەگەیشـتنه سـەرکردایەتیمان بـۆ پەلەکـردن لـه هاناوەچوونیـان، ژمارەیەکـی یەکجـار زۆری پێشـمەرگه لـه سـایلۆکه کۆبووبوونـەوه (زیاتـر لـه چـوار هـەزار چەکـدار و ئەفسـەر، بـه ئوتۆمبێـل و چەکەکانیانـەوه)، ئـەو هێزانـه سـەربه (لیـوای ٨ و هێـزی دهـۆك و هێـزی سـپیلك و هێـزی زێرەڤانـی و هێـزی پشـتگیری تۆپخانـەی یەکـەم و هێـزی لیـوای ٤ و هێـزی سـەفین) بـوون. ئەوانـه بوونـه ئامانجی ئاسـانی تۆپخانـەی داعـش، بـه لۆجیکـی سـەربازی نابـێ ئـەو هێـزه زۆره لـه ناوچەیەکـی بچوکـی جوگرافـی تەسـك کۆببنـەوه.

دوای گفتوگـۆی بـێ ئەنجام لەگەڵیـان، بـه فەرماندەیـی گشتی خۆمـان گوت ئـەوان لێـره نامێننـەوه و دەکشـێنەوه، باشـتر وایـه ڕێگایەکیـان بـۆ دابیـن بکەیـن لەڕێـی ڕۆژئاڤـاوه، هەرنەبـێ بـۆ ئـەوەی بزانیـن لـه ئێمـه زیاتـر

کەسی تر لە رەبیعەنیە و بزانین چۆن هێزەکانمان جێگیر بکەینەوە و بەپشتبەستن بە گۆڕانکاریە خێراکان چۆن بەهێزیان بکەینەوە، دوای رەزامەندی فەرماندەیی گشتی بۆ پێشنیازەکەمان رێگایان پێدرا بە رۆژئاڤادا تێپەڕبن، ئاگاداری خاوەن بالاترین پلەی ناو هێزی پێشمەرگەمان کردەوە ئەوانەی لەناو رەبیعە کۆبووبوونەوە کە ئێمە رێگایان پێ دەدەین بە رۆژئاڤادا بکشێنەوە.

لە کاتژمێر ٣٠١٥ی ئێوارە، رۆژی ٣ی ئاب، زیاتر لە چوار هەزارکەس لە هێزی پێشمەرگە بە تەواوی چەک و تەقەمەنییەکانیانەوە لە دەروازەی سنووری نێوان رەبیعە و تەل کۆچەر پەڕینەوە بۆ ناو رۆژئاڤا، لەو کاتەدا ژمارەیەک لە شەرڤانانی ئێمە و پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە لەگەڵ ئێمە مابوونەوە لە هێڵی پێشەوە، بریندارببوون و گەیەنرانە نەخۆشخانەی نیشتمانی لە دێریک، دوای پاشەکشێی زۆرینەی پێشمەرگە، جگە لەو ژمارە کەمەی لەگەڵ هێزەکانمان لە شوێنەکانی خۆیان بەباشی دامەزرابوون، بەڵام دوای ئەوەی شەڕەکان سەختتر و هێرشە تیرۆریستییەکان لەسەر ئەو شوێنە چڕتربوون، هێزەکان بەرەو دواوە پاشەکشێیان کرد، وە لە ئێوارەی هەمان رۆژ توانیمان ئەو چەند پێشمەرگە کەمەی لەگەڵمان مابوون رازیان بکەین بچنە دێریک بۆ چارەسەری بریندارەکان کە ناردبوومانن نەخۆشخانەی دێریک.

## دەستگرتنی داعش بەسەر رێگا

لەگەڵ کشانەوەی هەموو هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەی نێوان

مەحمودیە و رەبیعە[11] و مشیرفە و شەعلان و سنوونێ[12] و کورسی[13] و لەوێشەوە بۆ چیای شنگاڵ و باشووری چیا و ناوەندی قەزای شنگاڵ، بەو شێوەیە گەلی کوردی ئێزیدی و تورکمانی شیعە و عەرەبی شیعە و مەسیحیەکانی نەو ناوچەیە بەتەنیا رووبەڕووی تیرۆری داعش بوونەوە، وە هیچ رێگایەکیش لەبەردەم نەو خەڵکە نەمایەوە بۆ رزگاربوون و گەیشتن بە رەبیعە یا رۆژئاڤا یا هەر جێگایەکی تر، جگە لەو رێڕەوەی کە هەوڵی پاراستنیمان دەدا. لەکاتی پاشەکشێی هێزەکانی پێشمەرگە لە رەبیعە چوینە بارەگای سەرکردایەتی ئۆپەراسیۆن لە بینای گومرگی تەل کۆچەر، پارچە شوشەی شکاو لە هەموو شوێنێك بوون و پەیوەندیەکانی لاسلکی هێزەکانی خۆشمان بۆ چرکەساتێك نەدەوەستان، فەرماندەی مەیدانی زۆر تورەبوو لە بەرێوەچوونی دۆخەکە لە رەبیعە، بە گلەییەوە گوتی:

"''نەو بەڵایە چیە نێمەت تووشکرد؟» لێم پرسی نەگەر تورەبوونی بەهۆی چۆڵکردنی رەبیعەیە لەلایەن پێشمەرگەوە، گوتی

"کێشە تەنها رەبیعە نیە، لە شنگاڵ کێشە هەیە پێویستە بە خێرایی بچیتە جەزعە بۆ پەیوەندی لەگەڵ هەڤاڵان بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخەکە و هەماهەنگی لەگەڵ نەو پێشمەرگانەی لە ناوچەکە ماون.."

دەسبەجێ لەگەڵ یەکێك لە هەڤاڵان دەرچووین و لە رێگا هەنگاوەکانمان خێراکرد بەرەو شنگاڵ.

---

١١- هێزەکانی پشتیوانی یەکەم بە فەرماندەیی سیداد بارزانی بوون لە گوندی شەربلاتی باکووری شارۆچکەی رەبیعە و خواروو گوندی مەحمودیە جێگیربوو. نەو هێزانە خاوەنی جبەخانەی چەکی قورس و تۆپ و زرێپۆش بوون. فەرماندەی هێز پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ بەڕێز مەسعود بارزانی هەبوو، وە وەکو سەرچاوەی بڕیار بوو لە میحوەری رۆژئاوای دجلە.

١٢- شارۆچکەیەی گەورەی ئێزیدییەکانە، سەربە قەزای شنگاڵە، دەکەوێتە لای باکووری چیاوە.

١٣- گوندێکی شاخاویە، دەکەوێتە دامێنی باکووری چیای شنگاڵ، وە باشووری شارۆچکەی سنوونێ و بەسەر دوورگەی چیاییدا دەڕوانێ لەلای باکووری چیاوە

## پاشەکشێی پێشمەرگە لە شنگاڵ
## ناوی کەرتە سەربازی و ئەمنییەکانی دەسەڵاتیان لە شنگاڵ هەبوو

وەک لای هەموو خەڵکی شنگاڵ و ئەوانەی بەدواداچوون بۆ ئەو مەسەلەیە دەکەن ئاشکرایە و بۆ هەرکەسێکیش کە گومانی هەیە دەکرێت سەبارەت بەو ڕاستییانەی کە دەیانخەینەڕوو؛ بگەڕێنەوە سەر ئەرشیفی هەواڵەکان یا لە هەر هاوڵاتییەکی ڕاستگۆ و بێلایەن لە شنگاڵ بپرسن.

ڕاستییەکە ئەوەیە کە لە ڕوخانی ڕژێمی سەدامەوە لە ساڵی ٢٠٠٣وە هێزەکانی پێشمەرگەی (حیزبی)، بەشێوەیەکی نیمچە سەربازی و ئەمنی و ئیداری و حیزبی؛ دەسەڵاتیان لە ناوچەی شنگاڵ گرتبوودەست، دوای ساڵی ٢٠٠٧یش بوونی پێشمەرگە و بارەگا حیزبیە کوردییەکان لە شنگاڵ زیاتر بوون، بەتایبەتی لەدوای کەوتنی موسڵ زیاتر و زیاتربوون. هەروەها زۆر لە لق و لێژنە ناوخۆیی و ناوچە حیزبییەکان پێکهاتەی سەربازی خۆیان هەبوو. پێش ڕودانی کارەساتەکەی شنگاڵ، ئەو ناوانەی خوارەوە فەرماندەی هێزە ئەمنی و سیاسی وسەربازییەکان بوون لە شنگاڵ:

- عەمید سەدیق، بەڕێوەبەری ناسایشی شنگاڵ.

- عەقید عەواد سوور، بەڕێوەبەری پۆلیسی شنگاڵ.

- سەربەست باپیری، بەرپرسی لقی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە شنگاڵ وە بە حاکمی فعلی شنگاڵ دائەنرا.

- قاسم شەشۆ، ئەندامی سەرکردایەتی لە لقی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە شنگاڵ وە بەرپرسی فەرماندەیی لە شنگاڵ[١٤].

---

١٤- فەرماندەیی: ناماژەیە بۆ دابەشکردنی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ هێزەکان، ئامیری فەرماندەیی واتە ئەفسەری بەرپرسی یەکەمی هێزەکانە. بەزۆری فەرماندەیی یەکەیەکی زۆر گەورەی سەربازیە، لە لیوا گەورەترە یا هاوتایەتی

- لیوا سەعید جیستیی، فەرماندەی لیوایزێرەڤانی لە شنگاڵ.

- عەمید سمی بۆڵی، فەرماندەی هێزی ١٨ی زێرەڤانی لە شنگاڵ.

- عەمید حاجی خدر، فەرماندەی هێزی ١٤ی زێرەڤانی لە شنگاڵ.

لە دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٣ی ئاب، جوڵانی زۆرێك لە هێزی پێشمەرگەمان بینی بە ڕەبیعەدا تێپەڕدەبوون بەرەو زاخۆ، گواستنەوە یان جێگۆڕکێ هەڕەمەکی بوو. سەرەتا وامانزانی جموجۆڵ و گواستنەوەیەکی ئاساییە لەنێوان کەرتە سەربازییەکان، بەڵام کە ژمارەکەیان زیادی کرد و بە ڕەبیعەدا پەڕینەوە بۆ زاخۆ لەگەڵ زۆر هاوڵاتی ئێزیدیش، کاتێك هۆکاری چۆڵکردنەکەمان لە هاوڵاتییان پرسی، گوتیان:

''پێشمەرگە نامانپارێزن، هیچمان بۆ ناکەن، لەژێر ڕەحمەتی داعش جێماندەهێڵن''

هەتا ئەوکاتە لەو بڕوایەدابووین مەسەلەکە لە ڕاکردنی هەندێك کەرت و سریە زیاترنیە، بەڵام دوای کشانەوەی پێشمەرگە لە ڕەبیعە و هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر گوندەکان لە شنگاڵ و کەوتنی تەواوی ڕێگای نێوان ڕەبیعە و شنگاڵ، ئنجا درکمان بە مەترسییەکە کرد، بۆیە سەرکردایەتیمان پەلەی کرد لە ناردنمان بۆ شنگاڵ تا لە نزیکەوە ئاگاداری دۆخەکەبین

ئێمە بەرەو ڕێگای (سیاسی) نزیك سنوور بەرەو جەزعە دەچوین بۆ ئەوەی لەوێوە بپەڕینەوە شنگاڵ. لەڕێگا تووشی ئوتۆمبێلێکی هێزەکانی خۆمان بووین کە بووبووە پێشەنگی کاروانێکی ئوتۆمبێلی پێشمەرگە. ئوتۆمبێلەکەمان ڕاگرت بۆ پرسین لە بارودۆخی ڕێگا و کاروانی ئەو ئوتۆمبێلانەی بەدوایانەوەبوون، گوتیان؛ ئەوان لە هێزەکانی جەزعەن و داوایان لێکراوە یاوەریی کاروانەکەبن بۆ ڕەبیعە، وە گوتیان هەر بگەنە من ئەوان بەجێ دەهێڵن، بێگومان منیش ئاگاداری ئەو مەسەلەیە

نەبووم، بۆیە بە (بێ تەل، لاسلکی) پەیوەندیم بە فەرماندەیی گشتیمانەوەکرد، فەرماندەیی گشتیش لای خۆیانەوە ڕەتیان کردەوە کە ئاگاداری هیچی ئەو کاروانەبن، لەوکاتەدا ئەو هەڤاڵانەی یاوەریی ئەو کاروانەیان دەکرد گوتیان، ناچارین بگەڕێینەوە شنگاڵ پێش ئەوەی کاتەکە درەنگ و تاریک دابێت..

پەیوەندیمان بە هەڤاڵانمانەوە کرد لە سنوونێ و کورسی و فەرماندەی مەیدانی لە تەل کۆچەر و بەرپرسی هەواڵگری سەربازیش، دوای هەموو ئەو پەیوەندیانە تێگەیشتین کە یەکێک لە فەرمانده باڵاکانی پێشمەرگە پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵ ئەو فەرماندەیەی فەوجەکەی ئێمە هەیە کە بەرەو شنگاڵ دەچێت، لە ڕێگای ئەوەوە داوای پەڕینەوەیان کردبوو بۆ ڕۆژئاڤا، ئەوە دوای ئەوەی ڕێگای نێوان سنوونێ و ڕەبیعە داخرا و هەندێک ئوتۆمبێلی پێشمەرگە کەوتنە بۆسەی داعش، لەوکاتەدا بە هەڤاڵەکەی ئێمەیان گوتبوو گوایا ئەوان دەچنە ڕەبیعە بۆ پشتیوانی هێزەکان و کردنەوەی ڕێگا، هەڤاڵەکەشمان بە وردی بابەتەکەی بە ئێمە ڕانەگەیاندبوو، فەرماندەییشمان وایزانیبوو کێشەیەک لە هەماهەنگیدا هەیە، ئەوە هۆی چوونمان بوو بۆ شنگاڵ.

یەکێک لە ئەفسەرەکان هات و پێی گوتین کە پێویستە زۆر زوو بیانگەیەنینە ڕەبیعە بۆ ئەوەی هێزەکانیان ڕێکبخەنەوە و لە ناوچەکە جێگیریان بکەنەوە، کاروانەکە هەندە گەورەبوو، بەڕاددەیەک نەماندەتوانی لەشوێنی خۆمانەوە کۆتاییەکەی ببینین، دوای ئەوەی یەکینەکانمان توانینان ڕێڕەوێکیان بە درێژایی ٥٠ کیلۆمەتر لەنێوان جەزعە و کورسی لەوێشەوە بۆ سنوونێ ئنجا شنگاڵ بۆ دابین بکەن، ئەو کاروانە گەورەیە یەکەم گرووپی گەورەبوو لە شنگاڵەوە بەو ڕێڕەوەدا دەرچێ کە لەبنەڕەتدا بۆ گەیشتن بە خەڵک و ڕزگارکردنیان کردبوومانەوە، کەچی واقمان وڕما کاتێک کاروانێکی سەربازی زەبەلاح ئەو ڕێڕەوە بەکاردێنێ بۆ دەرچوون لە شنگاڵ، وە بۆ پاراستن و

سەلامەتی ئەو رێڕەوە یەکینەکانمان بە لێشاو لە رۆژئاڤاوە دەهاتن و بەدرێژایی رێڕەوەکە لەشێوەی دوو هێڵی هاوتەریب لەوێ جێگیردەبوون، بەوشێوەیە جەزعە و خاڵە سنووریەکانمان بوونە هێڵی دواوەی سەنگەری شنگاڵ و کەوتنە ژێر فەرماندەیی یەک ئۆپەراسیۆن.

هێزە کشاوەکانی پێشمەرگە لە شنگاڵ لەو رێڕەوە پەرینەوە کە کردبوومانەوە، هێزێکیش لە شەرفانەکانمان یاوەریان کردن و لە ناوچەی جەزعەوە گەیشتنە رۆژئاڤا، ئنجا گەیاندمانن بە تەل کۆچەر٠ لە کاتژمێر ٦٠٣٠ی تەواوی رۆژی ٣ی ئاب، زیاد لە ٨ هەزار پێشمەرگە لە دیوی باکووری رۆژئاوای تەل کۆچەر کۆبووبوونەوە، خەریکی هەماهەنگی بووین بۆ گەیاندنیان بە رەبیعە، بەڵام کاتێک گفتوگۆمان لەگەڵ کردن، حەپەساین کە گوتیان:

'' فەرمانی تۆندیان پێ دراوە لەهیچ شوێنێک نەوەستن و بەردەوامبن لە کشانەوە بۆ گەیشتن بە ناوچەی سحێلا لە رێگای رۆژئاڤاوە››، لەگەڵ ئەوەشدا: ‹› ناکرێ هەر هیچ دوابکەون، دەبێ هەر ئەمشەو بگەنە سحێلا''.

پێمان گوتن:

''''ئێمە دەزانین ئێوە هاتوون بۆ ئەوەی لە رەبیعە دامەزرێن نەک بۆ پاشەکشێی تەواو بەرەو سحێلا و یەکجاری ئەو ناوچەیە جێبهێڵن!››، گوتیان

''فەرمانەکە ئەوەیە و ناتوانین گفتوگۆی لەسەر بکەین''

ئەو ئەفسەرە پلەبالایەی بە نوێنەرایەتی ئەوانەوە دەدوا پلەکەی عەمید بوو، بە (دکتۆر)ناویان دەبرد، وە زۆرجاریش خۆی لە ئێمە دووردەخستەوە و خۆی دەخزاندە ناو کاروانەکە و قسەی لەگەڵ هەندێک لەو فەرماندانە دەکرد کە لە ئوتۆمبێلەکان دانەدەبەزین.

## لێکترازانی هەندێک لە ئەندامانی پێشمەرگە

لەکاتی پاشەکشێی پێشمەرگە لە شنگاڵ، زۆر گەنجی کوردی ئێزیدییان لێ جیابوونەوە و نەچوونە ژێر فەرمانی کشانەوەیان، شەرمف و کەرامەت و خەڵکی خۆیان لەژێر چەقۆی هەتیوەکانی سەرۆکی عێراقی پێشوو سەدام و ئیبن لادن جێنەهێشت، ئەو گەنجانە هیچیان پێ نەبوو جگە لە چەکەکانی شانیان[١٥]، هەروەها لەکاتی پەرینەوەی پێشمەرگە کشاوەکان لە شنگاڵەوە بەرەو رۆژئاڤا بەشێکیان پەیوەندیان بە ئێمەوە کرد، بەمەرجێك یارمەتیان بدەین و چەکیان بدەینێ و بیانگێڕینەوە شنگاڵ، ئەوەشیان بۆ کرا.

## ئەگەر خۆڕاگریت

زۆر سەرمانسوڕما لە قسەی فەرماندەکانی پێشمەرگە: ‹‹کە ئەوان ناچنە ناو رەبیعە ‹‹بەلاّم›› لەسەر فەرمانی سەرکردایەتی بالاّیان بەرەو سێماڵکا دەچن››

بابەتەکە بە هەموو مانایەك بێزارکەر و جێی بێ ئومێدی بوو، فەرماندەیی گشتی و فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنی تەل کۆچەرمان لەو مەسەلەیە ئاگادارکردەوە، فەرمان هات کە ‹‹ئەوانە سەنگەریان جێهێشتووە و پشتیان لە ئەرکی بەرگریکردن لە گەلەکەیان کرد، ئیتر ئەوانە بە ڕاکردووی شەڕ هەژمار دەکرێن، بۆیە دەبێ ئەوانە چەکبکرێن و لە سنوور دووربخرێنەوە بەرەو (تەل عەلو)، دواییش پەیوەندی بە سەرکردایەتی بالاّیان دەکەین بۆ بڕیاردان لەسەر بابەتەکە. پێویستە بڵێم

هەستمکرد کە ڕەفتاری لەو شێوەیە ئاسان نیە و کێشەی زۆر دروستەکات کە ئێمە لەوەمان کەم نیە، بەتایبەتی لەم دۆخە

---

١٥- دەکرێت بگەڕێنەوە سەر دیدارە تەلەڤزیۆنیەکەی کەناڵی روناهی لە رۆژی دوایی لەگەڵ یەکێک لە کەسایەتیەکانی ئێزیدی،هەروەها لەگەڵ یەکێک لە فەرماندەکانی پێشمەرگە بەناوی قاسم شەشۆ.

هەستیارە، بۆ دڵنیایی لە راستی و دروستی مەسەلەکە، پەیوەندیم بە یەکێک لە هاورێکانمەوە کرد کە ئەفسەرێکی پێشمەرگە بوو کە لەو سەنگەرە جێگربووبوو و ئگادارمکردەوە لە پاشەکشێی هێزەکانی شنگاڵ و چەککردنیشیان لەلایەن ئێمەوە، سەرەتا ئەویش هەمان ڕای فەرماندەی گشتی هەبوو و گوتی

'' شایانی زیندان و گوللەبارانکردنن، نەك تەنها چەککردن، چونکە لە سەنگەر ڕایانکرد و شەرەفی سەربازیان لەکەدارکرد و خەڵکی خۆیان بۆ کۆمەڵکوژی جێهێشت››، دوای ئەوە پەیوەندیمان بە فەرماندەیەکی تر کرد لە ڕۆمێلان، داوامان لێکرد بە پەلە بگاتە تەل کۆچەر و ئاگادارمانکردەوە لەو فەرمانەی لە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەوە پێمان گەیشتبوو، دیاربوو ئەو دڵخۆش نەبوو بەو مەسەلەیە، بەڵام گوتی دێمەلاتان، چەند خولەکێکی پێ چوو و ئەو فسەرە پەیوەندی کردەوە و گوتی:

'' تۆزێك بیرم لە مەسەلەکە کردەوە، لەو بڕوایەدام ئەوانە شایستەی ئەوەن چەك بکرێن، بەڵام ئەگەر ئەوەتانکرد ناوبانگی خۆتان لەکەداردەکەن و هەموو دەڵێن؛ یەکینەکانی پاراستن دەستییان بەسەر چەکی پێشمەرگەدا گرت، و لەوانەیە بڵێن؛ ئەوە یەکینەکان بوون ڕێگرییان لە پێشمەرگە کرد بەرگری بکەن بەهۆی ئەوەی چەکەکانیان لەدەستدا، بۆیە پێمواید باشترە ڕێگایان بدەن بکشێنەوە زاخۆ.

ویستمان ڕێگاچارەیەکی گونجاو بدۆزینەوە بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی فەرماندەیی گشتی، لە هەمان کاتیشدا ڕێ نەدان بە دەرفەتی درز و لێکترازانی زیاتر لەناو کورد و حیزبە رکابەرەکان. سەدان ئوتۆمبێل و زرێپۆش و بارهەڵگری چەکی قورس لە دۆشکە و تۆپ و راجمە و ئەمبوڵانس و تانکی ئاو و سوتەمەنی و ئوتۆمبێلی گەورەی سەربازی لەوێ ڕێزکرابوون، سەرەتا و کۆتاییان دیارنەبوو،

خەڵکی گوندی تەل کۆچەر و گوندەکانی دەوروبەری بە چاوی کنجکۆڵی لەوان و لە هێزەکانی ئێمەیان دەڕوانی کە لە ناوچەکە بەرەو رەبیعە یا جەزعە دەچوون یا لە شوێنەکانی ترەوە دەهاتن.

گەڕاینەوە ئەو شوێنەی (دکتۆر)و ئەفسەرەکانی تری لێ کۆببوونەوە، لە سەرمتای کاروانەکە وەستابوو و پاسەوان و یاوەرە تایبەتەکانی دەوریان دابوو، پێمان گوتن:

" ئەگەر پاشەکشێش دەکەن و هەموو ئەو بارە گرانە بەسەر ئێمەدا جێ دەهێڵن، پێویستە یارمەتیمان بدەن، ئێمە یەك لە سەدی ئەو چەکانەمان نیە کە ئێوە پێتانە، وە ئەو سەنگەرەی ئێوە بە تەنها بەسەر ئێمەیدا بەجێی دەهێڵن وزە و هێزمان دەبات، وە ئێمە یەك پارچە چەك یا یەك گوللەشمان لە هیچ لایەکەوە دەستناکەوێت، بۆیە پێویستە ئێوە هەندێك چەك و تەقەمەنیمان بۆ جێبهێڵن" بەڵام بە هەموو شێوەیەك رەتیان کردەوە و گوتیان:

" ئەوە ئیشی ئێمەنیە، دەتوانن لەگەڵ سەرکردایەتیمان قسەبکەن، ئەگەر رازی بوون، فەرمانی چیمان پێ بدەن ئێمەش بەجێی دێنین" ڕوون و ئاشکرابوو کە ئەو هێزە بەپێی فەرمانی ورد و ڕێکوپێك دەجوڵان نەك بەهەڕەمەکی، بۆیە لەسەر بنەمای فەرمانی ڕوون و دیار لە شنگاڵ کشانەوە.

پێمان گوتن:

" ئەگەر خەڵك لە شەنگال جێ دەهێڵن و سەنگەر و میحومر چۆڵ دەکەن، ناتانەوێ یارمەتیمان بدەن بۆ ئەوەی هاوکاری ئەو برایانەمان بکەین کە ئێوە پشتتان تێکردن، ئێمەش یارمەتیتان نادەین و ڕێگانادەین بە ڕۆژئاڤادا بپەڕنەوە"، ئەوکاتە ئەفسەرێك لە فەرماندەکانی پێشمەرگە نزیك بووەوە و گوتی:

''ئێمە داوای مۆڵەت لە ئێوە ناکەین، چۆن بمانەوێ دەپەرینەوە و هەر کێش ڕێگریمان لێ بکات، لێی دەدەین..''

بەوپەڕی چاوقایيمیی و بێ ڕێزییەوە ئەوەی گوت، پێمان گوت:

''ئەگەر پاڵەوان و ئازا و خۆڕاگریت تا ئەو ڕاددەیە بۆچی ڕاتکرد و ئەو خەڵکە بێ تاوانەت بەجێهێشت لەوێ سەرببڕێن؟''

لێرە خۆت هەڵنەکێشی لە دژ براکانت، بڕۆ لەبەرانبەر داعش ئازابە، بگەڕێوە شنگاڵ و بیپارێزە...›› ئنجا دکتۆر هات کە پلەکەی لە پلەی ئەو ئەفسەرە بێ ڕێزە باڵاتربوو، لە دەمی دایەوە و پێی گوت کە دەمی داخات و خۆی لە گفتوگۆ هەڵنەقورتێنێ و بچێتەوە ناو ئوتۆمبێلەکەی، بە ڕێزەوە داوای لێبوردنی کرد، لەوێوە هەستمانکرد درێژدادڕی سوودی نیە و لەخۆڕایی لەگەڵ ئەو هێزە وزە و کاتمان بەفیڕۆدا، بەتایبەتی کە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ جەزعە و لەوێشەوە بۆ شنگاڵ زۆر سەخت و ترسناك بوو، ئەوکاتە پەیوەندیمان بە فەرماندەیی گشتی کرد و پێشنیازمانکرد:

'' کات بەفیڕۆمەدەن لەگەڵ ئەوانە، وە باشترین شت ئەومیە ڕێگای پەرینەومیان بدەن لە هێڵی سنووری بۆ ئەوەی نەکەونە بەر گوللەی داعش و هیچ ئومێدێکیش نیە لەوەی هیچ چەك و تەقەمەنییەکمان لێیان دەسکەوێت››، لەوکاتەدا هەڤاڵێکی فەرماندە لەگەڵ بەڕێومبەری ئاسایشی ڕومێڵان و بەرپرسی هەواڵگری گەیشتن، پێمان گوتن؛ دەبێ ئێمە بگەڕێینەوە سەنگەر و مەسەلەی کشانەوەی ئەو کاروانە گەورەیە و یاوەریتان بۆ دەرچوونیان لە ڕۆژئاڤاوە بۆ ئێوە جێدەهێڵین.

## پێشوازی

دوای ئەوەی فەرماندەیی گشتیمان ڕێگەیدا ئەو هێزانە بە ڕومێڵاندا

بپەڕنەوە قەرەچووغ و لەوێشەوە بۆ گربالات[١٦]؛ کاروانە دوورودرێژەکەی لە شنگاڵ دەکشایەوە؛ بەڕێکەوتن و سەرەتای کاروان لە گوندی رمێلاڵ پاشا و کۆتاییەکەشی لە تەل کۆچەر بوو٠ زیاتر لە ٨ هەزار پێشمەرگە و سەدان ئوتومبێل، چەکی گەورە، تۆپ، فازیفە، ئەمبولانس، تەقەمەنی زۆر ووووووو٠٠٠٠هتد٠ کاتێک کاروانەکە لە ناوچەی کەرکی لەکی نزیک بووەوە، هەندێک لە لایەنگران و ئەندامانی حیزبی ناوبراو (پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق)، هاتنەدەرەوە و ئاڵاکانیان هەڵکردبوو و بە دروشمی بژی پێشمەرگە و بارزانیەوە چەپڵەیان بۆ لێدەدان، ئەوەی ئەو دیمەنەی بینیبا، وایدەزانی ئەو هێزانە بەرەو هەڵمەتی ئازادکردن بەرێکەوتوون، یا لە سەرکەوتنێکی مەزن دەگەڕێنەوە، هێزێک نین پشتیان لە ئەرکی سەربازیی و نەتەوەیی و نیشتمانیان کردووە لە بەرانبەر خەڵکی شنگاڵ، بەڵام کێشەی وابەستەیی و عەقڵیەتی خۆبەکەمزانین و دەروێشیی لە ڕەگی ئەو کەسانە داکوتراوە کە تەنها دەتوانن چەپڵەلێدەن و دروشم بڵێنەوە و کوێرانە پشتگیری لە ئاغا و گەورەکانیان بکەن.

## پڕکردنەوەی خەندەک

کاتێک هێزی پێشمەرگە گەیشتنە گوندی گربالات تا لە سنوور بپەڕنەوە بەرەو گوندی سحێلا، خەندەکەکە بووبووە بەربەست لەبەردەمیان، ئەو خەندەکە هەمان خەندەک بوو کە حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق هەڵیکەندبوو›› بۆ پاراستنی هەرێم لەو تیرۆرەی کە لە سوریا و ڕۆژئاڤاوە دەهات››، بەڵام بووبووە ئاستەنگ بۆ پەڕینەوەی پێشمەرگە لە ڕۆژئاڤاوە بۆ باشوور.

بۆ زانیاری، حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق دەستیکردبوو بە هەڵکەندنی خەندەکێکی چەند مەتر پانیی و زیاتر لە چوار پێنج

١٦- گربالات: گوندێکی سنووریە لەنێوان ڕۆژئاڤا و باشوور، دەکەوێتە ڕۆژئاوای پردی سحێلا و باشووری دەروازەی فیشخابوور- سیمێڵکای سنووری.

مەتریش قوولیی. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ەوە دەستیکرد بە هەڵکەندنی خەندەک لە خاڵی سنووری نێوان باشوور (عێراق) و رۆژئاڤا (سوریا)، لە سێگۆشەی سنووری هەتا گوندی وەلید تا ئەوسەری سنووری نێوان خاکی هەرێمی کوردستان و رۆژئاڤا. شایانی باسە؛ لەدامەزراندنی هەردوو وڵاتی لە سوریا و عێراق، لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم و سەربەخۆیی لەدوای جەنگی جیهانی دووەم، بەو قوولییی و بەرینییە لەنێوان ئەو دوو وڵاتە خەندەک لێ نەدراوە لەکاتێکدا لە زۆر لە قوناغەکاندا ناکۆکی و دوژمنایەتیشیان هەبووە، بەتایبەتی لە سەردەمی دابەشبوونی حیزبی بەعس بۆ دوو بەشی عێراقی و سوری و دژایەتی یەکتری هەردوو رژیمەکان لەڕووی سیاسی و سەربازی و فکرییەوە. کاتێک کورد لە عێراق بەشێکی سنووری لەگەڵ حکومەتی بەعسی سوریا کۆنترۆڵکرد هێشتاش کەس هیچ خەندەکێکی لێ نەدا، بەڵام دوای دەرکردنی رژیمی سوریا لە سنووری عێراق و هەرێمی کوردستانی عێراق، وە دوای دامەزراندنی بەڕێوەبردنی خۆسەر لە رۆژئاڤا و دامەزراندنی یەکینەکانی پاراستنی گەل کە بەباشی ناوچەکەی دەپاراست و ئەوکاتەی هەموویان ئابلۆقەیەکی خنکێنەرییان لە هەموو لایەکەوە خستبووە سەر رۆژئاڤا و خەڵکەکەش؛ هەموو خەڵکی رۆژئاڤا ئازاریان دەچێشت و چاوەیان بڕیبووە براکانیان لە کوردستانی عێراق؛ ڕێک لەوکاتەدا هەرێم بەپەلە دەستیکرد بە لێدانی ئەو خەندەکەی کە هیچ پێویست نەبوو و هیچ سوودێکیشی نەبوو بۆ برایانی کورد لە کوردستانی عێراق، بۆیە گەلی کورد لە رۆژئاڤا ئەوپەڕی بێزاریی خۆیان لەو خەندەکە دەربڕی، وە لە زۆر لە خۆپیشاندانەکانی دیوی رۆژئاڤاوە(سەرکۆنە) ئیدانەی لێدانی خەندەکەکە دەکرا هەوڵێی راگرتنی دەدرا.

خەندەکەکە بەربەستێک بوو لەبەردەم ئەو کاروانەی لە شنگاڵ پاشەکشێی دەکرد، بۆیە هێزی پێشمەرگە ناچاربوون هەندێک لە

ئوتۆمبێلە سەربازییەکانیان فڕێدەنە ناو خەندەکەکە و ئنجا بۆ چەندین کاتژمێر بە دەستی خۆیان خەندەکەکە بە خۆڵ پڕکەنەوە، تا توانییان نەو چالاییە قوونڵە نەهێڵن و دوای چەندین کاتژمێر کار خەندەکە قوونڵ و بەرینەکەیان پڕکردەوە و پەڕینەوە باشوور، بەم شێوەیە تەنها ژمارەیەکی زۆر کەم پێشمەرگە لە تەواوی بەرەی شەڕ لە گوندی وەلید تا شنگاڵ مانەوە، واتە تەواوی ناوچەی رۆژئاوای ڕووباری فورات نیمچە چۆڵ بوو لە هێزی پێشمەرگە. زۆربەی ئەو ناوچانە داعش داگیریکردن: زوممار، پردی موسڵ، میحومری رۆژهەڵاتی رەبیعە و هەموو گوندەکانی نێوان رەبیعە و سنوونێ، نێوان رەبیعە و گوندی مەحمودیە و دەیان گوندی دەوروبەری شنگاڵ. لە هەردوولای سنوور لە گوندی بەهار هەتا گوندی کورسی و سنوونێ لە شنگاڵ؛ کەس لە ناوچەکە نەمابوو جگە لە یەکینەکانی پاراستنی گەل و یەکینەکانی پاراستنی ژنان و هەندێك لە گەنجانی ئێزیدی کە ڕەتیانکردەوە بکشێنەوە و هەندێك لە پیاوانی ئێزیدیش بۆ پاراستنی مەزارە پیرۆزەکانیان بە چەکی شانیان و کەمێك تەقەمەنی مانەوە.

## چیای پیرۆز

هێرشەکان بۆ سەر هەموو سەنگەرەکان زۆر دڕندانەبوون، شەپۆلی تیرۆریستەکان لە بەری رۆژهەڵاتەوە دەهاتن و هەوڵیان دەدا بەرەو هێڵی سنووری بێن، لە کاتێکدا پێکدادانەکان لەوپەڕی تونديدابوو و زۆرمان لێ کوشتن و ڕێی پێشڕەویمان لێگرتن، تاکە خەمی ئێمە ئەوەبوو ڕێ نەدەین بگەنە سنوور و نەهێڵین تاکە ڕێگامان لێ بگرن کە لە بیابانی جەزعە لەگەڵ شنگاڵ کردبوومانەوە. لەو شەوە سەختەدا ئاگر لە دڵ و چاو و ڕۆح و چاوانمان دەبارى، دۆخەکەش زۆر سەخت بوو و لە سەرووی پێشبینی مرۆڤ و لە تیژی شمشێر تیژتربوو. نیگەرانی خەڵکی شنگاڵ بووین، خێزانە داماوە بەجێهێڵراوەکان بۆ چارەنوسیان هەوڵیان دەدا بگەنە چیای شنگاڵ، هەندێکیشیان خۆیان لەدەست

تیرۆریستەکان دەبینیەوە، منداڵ و بەسالاّچوو و ژنەکانیان دەکوشتن، ماڵ و هەرچی کەوتبا بەردەستیان تالاّنیان دەکرد، کچە کوردەکانیان بەرەو کەنیزەکیی و کۆیلەیی دەبردن. وێنەی درندەیی و کارەسات و مەرگەساتە ئازاربەخشەکانیان لەڕێی پەیامی لەهاناوەچوون و گریانی پیر و منداڵەوە دەگەیشتە دەستمان. گەلی کوردی ئێزیدی ڕووبەڕووی خیانەت بوونەوە و بەتەنیا بۆ کەڵبەی داعش بەجێبانهێشتن و جگە لە مەلەکی تاوس کەسیان نەبوو، شەڕڤانەکانیشمان کە گەیشتبوونە شنگاڵ، چەندی بۆیان دەکراهەوڵی ڕزگارکردنی ئەوانەیان دەدا کە دەربازبووبوون و ڕێگریان لە گەیشتنی تیرۆریستەکان کرد بە چیا.

کورد ئێزیدییەکان جگە لە چیا پەناگەیەکیان نەبوو، ئەو چیا ڕووتەڵە بەردەڵانە سەختە، ئەو چیایەی نە کانیاوێك نە بیرێك نە درەختێکی لێیە؛ بۆ ئەوان وەك کەشتیی ڕزگاربوون بوو لە مەرگ و سەربڕین و بەکۆیلەکردن و تاڵانکردن و کوشتن. ئێتر دەبوا هێزەکانمان پارێزگاری لە چیابکەن، لە ڕێڕەوەکانی چیا لەلای باکووریەوە (گوندی گوهبەل و کورسی) و لەلای باشوور (دەروازەی باکووری شار). ئەگەر ئێزیدییەکان ڕێ و شوێن و چەك و هۆشیارییان هەبوایە، دەیانتوانی بەرگری لە خۆیان و ژن و منداڵ و بەسالاّچووان بکەن و بەرپەرچی تیرۆریستان بدەنەوە، بەڵام نە چەکی قورس و نە مامناوەند و نە هێزی خۆجێی تەواویان هەبوو، نە ڕاهێنانیان پێ کرابوو، نە هۆشیاری بەرگری و خۆپاراستنیان هەبوو.

ئەوەی نەگەیشتە چیا، بە گوللەی تیرۆریستانی تینوو بەخوێن کوژران، یا وەك کۆیلە گوازرانەوە شارۆچکە عەرەبیە دراوسێکانیان، بەڵام ئەوانەی بەپێ هەوڵی گەیشتن بە چیایاندا، کەوتنە ژێر ڕەحمەتی گەرمای پڕوکێنەر و تینوێتی و برسێتی و ترس.

فریشتەی مەرگ بێ سۆز و بێ بەزەییانە باڵەکانی لە شنگاڵ

بلاوکردبوونەوە و هاواری منداڵی برسی و تینوو، منداڵە ونبووەکان و دایکە داماوەکان و فرمێسکی بەسالاچووان و خەمی لەدەستدانی کچ و برا و خوشک و منداڵەکانیان دڵی دەگوشین. ڕێپێوانی خەڵکی شنگاڵ بەرەو چیای ڕووتەڵان، چیرۆکی بەر لە سەد ساڵی ئاوارەبوونی ئەرمەنییەکان دەگێڕێتەوە لە بیابانی سوریا بەرەو دێرزۆر، کاتێک بەهۆی تینوێتی و برسێتی و نەخۆشی و هێرشی چەتە و ڕێگر و خێڵ و ڕاوکەرانی کەللەسەر دەمردن. بەڵێ، هەمان مەرگەسات لەگەڵ کوردە ئێزیدییەکان دووبارەوە بووەوە، هەمان فەرمانی درندانەی بکوژ، دوژمن فەرمانی ٧٤مەیان لە دژی ئێزیدییەکان دەستپێکرد.

لێرەدا پێویستە بڵێین کە زۆرینەی ڕەهای ئەو تیرۆریستە خوێنڕێژانەی لەژێر ئاڵای داعش هێرشیان کردە سەر شنگاڵ، لە ناوچە و گوندە عەرەبیە سوننە و تورکمانە سوننەکانی دەوروبەری شنگاڵ بوون، هەندێکیشیان دانیشتووی شنگاڵ بوون یا لە ئۆردوگاکانی ئەو قەزایە بوون، وە هەندێکیشیان ڕۆژێک لە ڕۆژان (دۆستی) ئێزیدییەکان بوون. ئەو خەنجەرەی لە کەلەکەی خەڵکی ئێزیدی درا هی دەستی دوور و بێگانە نەبوو، بەڵکو ئەوە برا هاونەتەوەکانیان بوون بۆ چارەنووسیان بەجێانهێشتن و دراوسێکانیشیان سەریان برین و کچەکانیان بەکۆیلەکردن، ماڵ و مەزار و پیرۆزییە ئایینییەکانیان گلاوکردن.

کۆتایی بەشی یەکەم

١-٥/ ئاب ٢٠١٥

## بەشی دووەم

# شنگاڵ لەنێوان کۆمەڵکوژی و بەرگریدا

## تابلۆی مەرگەسات لەسەر خۆڵی بیابان

لە ٣ی مانگی ئاب، سەدان لە هەزار کوردی ئێزیدی و تەواوی پێکهاتەکانی تری هەرێمشەلێکراو بە لەناوبردن بۆ چارەنوسی خۆیان جێهێڵران، بەڵێ ڕووبەڕووی لەناوچوون بوونەوە، لە هەمان ڕۆژ گرووپێك لە یەکینەکانمان بێ ئەوەی زانیاری پێشوەختیان هەبێ یا هیچ هەڵسەنگاندنێکی وردی ناوچەکەیان کردبێت؛ بەرەو چیای شنگاڵ کەوتنەڕێ بۆ ڕزگارکردنی ئەوەی کە دەتوانرا ڕزگاربکرێن لە ئێزیدییە بەجێهێڵراوەکان. شەوی ٤/٣ی مانگی ئاب یەکێك بوو لە سەختترین شەوەکان و زۆرترین هێرش و ترس و دڵەڕاوکێ لەوەی کە ڕۆژ و خۆری ٤ی مانگی ئاب چیمان بۆ دێنێت.

بەرەبەیانی ڕۆژی ٤ی ئاب، بەیاوەری یەکینەکانمان یەکەم پێشەنگی ڕزگاربوانی ئێزیدی و مەسیحی و تورکمان و عەرەبی شیعە دەستیانکرد بە پەڕینەوە بە )دەروازەی ژیان(ی نێوان شنگاڵ و ڕۆژئاڤا، لە ڕێگا شوێنەواری ئوتۆمبێلەکان چاڵاییان لەسەر خۆڵە نەرمەکەی بیابانە

وشکەکە دروستدەکرد، دوای ئەوان خەڵکە راکردووەکەی تری شنگاڵ بەو دەروازەیەدا هاتن، دەیان هەزار کەس لە تۆقیوو تێنو و پێخاوس، هەندێکیان نەخۆش وهەندێکیان دەروونیان ماندوو، هەبوو بۆ منداڵە بەجێماوەکەی دەگریا یا بۆ کچە دیلەکەی لەدەستی داعش، یا گریانی منداڵ بۆ باوکە تازە کوژراوەکەی، هەندێکیش هەزاران خەم و پەژارەی گوندە سوتاو و ماڵە وێران و ژنە بەدیلگیراو و مەزارە گلاوکراو و کەنەفتە سەربڕاو و ماڵە تاڵانکراوەکانیان لە دڵدابوو.

خەڵک بە ئوتۆمبێلەکانیان و بە تراکتۆر و تاکسی و ئەمبوڵانس و ئوتۆمبێلی سەربازی ڕایاندەکرد کە پێشمەرگە جێیانهێشتبوون؛ هەندێك خۆیان لە سندوقی ئوتۆمبێلەکان پەستابوو، ئەوەی تریش خۆی بە هەر شتێکەوە هەڵدەواسی تا خۆی رزگاربکات، هەزارانی تریش بە کەساسییەوە بە پیادە کەوتبوونە ڕێ، خۆڵە نەرمەکە بووە تۆز و چەند مەترێك بەسەر سەری خەڵکە هەڵاتووەکە بەرزبۆتەوە و

ڕەنگی سوور و زەرد بەسەر روخساریانەوە دەنەخشێنێت، چاوی بەفرمێسکی منداڵان، کەزیە بەسراوەکانی کچان، سمێڵە چڕەکانی بەسااڵچوان، جلە سپییەکانی پیاوان و لەچکە شینە ئاسمانییەکانی ژنان، هەموویان ڕەنگی بیابانیان گرت، ڕەنگی تەپوتۆز و بیابانی وشك، ڕەنگی ترس و تۆقاندنی هەناوی بیابان.

پێویست بوو لەسەرمان لەگەڵیانبین تا یەکەم گرووپ دەگەیەنینە تەل کۆچەر یا ڕمێاڵن، کاروانەکان هیچ لەیەك دانەبڕان، ئوتۆمبێلەکان بەدوای یەکتردا دەهاتن، ئوتۆمبێلی تەواویشمان نەبوو بۆ دەربازکردنی هەموو ئەوانەی لە شنگاڵ گیریانخواردبوو، دەبوا هەرچەندی دەکرێت ئوتۆمبێلی خەڵکی لە ڕۆژئاڤاوە بێنین؛ بەڕاددەیەك سەدان کەس لە ڕۆژئاڤا خۆبەخشانە لەگەڵ ئێمە هاتن بۆ گەیشتن بە نزیکترین خاڵ لە شنگاڵ بۆ گواستنەوەی گەمارۆدراوەکان بە شارەکانی ڕۆژئاڤا.

هەموو مـاڵ و گوندەکانـی نزیـک ڕێـی مەرگەسـاتی نێـوان جەزعـە و تـەل کۆچـەر و ڕمـێلان، خەڵکەکەیـان هاتنـە سـەر ڕێـگا و بـە ئـاو و خـواردن فریـای لێقەومـاوان کەوتـن. دەتبینـی لـە هەمـوو گونـدەکان سـەدان گوندنشین گردبووبوونـەوە و ئـاو و خواردنیان دەدا ئێزیدییـەکان، بـێ ئـەوەی کاروانەکـە بوەسـتێ، هـەر وەسـتانێك دەبـووە هـۆی جەنجاڵی و ڕێ گرتـن.

## پێشوازی لە ڕمێلان

دوای ئـەوەی پەیوەندیمـان بـە فەرمانـدە سـەربازی و مەدەنییەکانـەوە کـرد و دوا وێنـەی بارودۆخەکەمـان خسـتەبەرچاویان، پێمـان ڕاگەیانـدن کـە سـەدان هـەزار گیرخـواردوو لـە شـنگاڵەوە بـەرەو ڕۆژئاڤادێـن، بـێ ئـەوەی یـەك چرکـەش بەفیڕۆبـدەن بەڕێوەبەرێتی مەدەنـی لـە ناوچەکـە چادری گەورەیان لـە باشـووری ڕۆژهەڵاتی ڕمـێلان هەڵـدا و چێشـتخانەیەکی مەیدانییـان لـێ دانـا و تانکـی ئـاوی سـاردیان هێنـا و نەخۆشـخانەیەکی مەیدانـی سـەر بـە مانگـی سـووری کوردییـان لـەوێ دانـا، هێزەکانـی ئاسـایش وەك قۆناغـی یەکـەم هـەر خێـرا ئامـادەکاری و ئاسـانکارییانکرد لـە ناوچەکـە بـۆ گەیشـتنی ئێزیدییـەکان بـە ڕمـێلان. زۆربـەی ئەوانـەی لـە شـنگاڵەوە هاتـن؛ مانـدوو و شـەکەت و تینـوو و برسـی و تۆقیـو و دڵتەنـگ بـوون، لـە خاڵی یەکەمـی پێشـوازی لـە ڕمـێلان پێشـوازییان لـێ دەکـرا، هـەر لەگـەڵ گەیشـتنی کاروانەکـە بـۆ ڕمـێلان، ڕۆڵـی ئێمـە وەك یەکینـەکان کۆتایـی دەهـات و ڕادەسـتی بەڕێوەبەرێتی مەیدانـی و ئاسـایش دەکـران، یەکینەکانمـان جارێکـی تـر دەگەڕێنـەوە جەزعـە و لەوێـوە بـە دەروازەکـەدا دەپەڕنـەوە بـەرەو شنگاڵ بـۆ یـاوەری کاروانێکـی تـر. زۆرجار یەکینەکانمـان خـواردن و ئـاو لەگـەڵ خۆیـان دەبـەن بـۆ دۆخـی ناڕاسـایی، هەروەهـا بـۆ دابەشـکردنی بەسـەر دەسـتە و بنکەکانمـان لـە سـەنگەر بەدرێژایـی ڕێـگای سیاسـی لـە تـەل کۆچـەرەوە تـا جەزعـە، لـە جەزعـە لەنـاو دەروازەکـە هەتـا شـنگاڵ.

دڵمان کون کون دەبوو لە خەم و ئازاری گەلە بریندار و داماوەکەمان، لە گوندەکانیان ڕایانکردبوو، تا ئاستی مردن؛ هەزارجار لە مردن دەترسان، منداڵت دەبینین ژیرنەدەبوونەوە، منداڵی شیرەخۆر هیچیان لە مەمکی دایکیان نەدەدۆزیەوە، منداڵ لە دایک و کەس و کاریان دابڕابوون و خۆیان لەگەڵ خەڵکی بێگانە دەبینییەوە، ژنەکان منداڵە شیرەخۆرەکانیان لە برسان و تینوێتیان لە رێگادا مردن، خۆڵەکەیان هەڵدەکەند و دەیانناشتن، منداڵان کەس و کاریان کوژرابوون، خۆیان لەگەڵ ئەو خەڵکە هەڵاتووە دەبینییەوە کە بەرەو چیا دەچوون، لە ترسی مەرگ ‹‹مەرگی ئیسلامی›› و هاواری ‹› اللە اکبر›› کە بەدکارترین و تاوانبارترین و درندەترین و دواکەوتووترین نەخۆشییە کە خەڵکی سەرزەمینی پێ شۆک دەکا.

## پێکدادان لە ڕێگا

ئەوەی داعش بیری لێ نەکردبووەوە هاتنەپێشەوەی هێزەکانمان و کردنەوەی دەروازەکەی نێوان شنگاڵ و ڕۆژئاڤا بوو، بەیانی زوو دەیان هەزار ئێزیدی گەیشتنە شوێنی سەلامەت لە ڕۆژئاڤا و لە هەمان کات نامە و هەواڵی تاوانێکی کۆمەڵکوژیمان پێدەگەیشت کە داعش لە گوندەکانی باشووری شنگاڵ ئەنجامیداوە، بەتایبەتی لەو گوندانەی بێ ئاگا بوون و نە ڕەچاوی کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و نە ئەو خیانەتەشیان کردبوو کە لەلایەن زۆر لە دانیشتوانە عەرەب و تورکمانە سوننەکان لێیان کرا. ئەو گوندانە تاسان کاتێک داعش لەپڕ بەسەریاندادان و ژن و پیاویان لەیەک جیاکردنەوە و گەورەیان لە منداڵان جیاکردنەوە، گەورەکانی گوندیان کوشتن و ژن و منداڵیان دەستبەسەرکردن، لە هەمان کاتیش کۆمەڵێک لە داعشەکان هەوڵیان دەدا بەدوای ئەو ئێزیدییانەدا بچن کە سەرکەوتنن سەر چیا تا لەوێ بیانکوژن، هەروەها داعش دەستیکرد بە تەقاندنەوەی مەزارەکانی ئێزیدی و چوونە ناو شنگاڵ. لەهەمان کاتیش هێرشەکانیان بۆ سەر

ئێمە لە رەبیعە و سنوونێ و کورسی و گۆهبەڵ بەشێوەیەکی درندانە زیادیکرد، مەبەستیشیان لەو هێرشانە ڕێگرتن بوو لە گواستنەوەی ئێزیدییەکان و خنکانیان لە چیا، ئەوەی بە فیشەك و سەربڕین نەکوژرێ، لە تینوێتی و برسێتی و وشکی لەبەر خۆری سووتێنەری مانگی ئابدا لەو ناوچە وشکە بمرێ.

ئێمە (هێزەکانی ڕۆژئاڤا) بەتەنیابووین، دەروازەی سەلامەتی نێوان شنگاڵ و ڕۆژئاڤامان دەپاراست و شەڕی ئەو داعشانەمان دەکرد کە هێرشیان دەکردەسەر دەروازەکە، هەموو سنووری نێوان ڕۆژئاڤا و باشوور لە گوندی مەحمودیەوە تا جەزعەمان دەپاراست و بەرپەرچی هەوڵەکانی داعشمان دەدایەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی سنوور و هاتنە ناو خاکی ڕۆژئاڤا و بڕینی پەیوەندی جوگرافی نێوان ڕۆژئاڤا و باشوور. هەموو ئەوانە تەنها لە سنووری عێراق و بەرەی شنگاڵ بوو، لە هەمانکاتیشدا پێکدادانی توند لە دەوروبەری کۆبانێ هەبوو، پێکدادانی گەورەش لە حەسەکە و باشووری قامشلو و ڕۆژئاوای سەرێ کانی و تەل تەمرهەبوو، ناوچەکانمان لە کۆبانێ و تەواوی جەزیرە لەژێر هێرشی داعشدابوون، لەوکاتەشدا گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان بە ئامانجی داگیرکردن پەلاماری عەفرینیان دەدا و لە چەندین لایەکیشەوە هێرشیان دەکردە سەر ناوچەکانمان لە سنووری ڕۆژهەڵاتی حەلەبەوە، ڕۆژئاڤا تەواو گەمارۆدرابوو بە شووڕەی تیرۆر و ئاگر و مەرگ.

ئەوکاتە ئێمە لە ڕۆژئاڤا گەمارۆ درابووین و هەڕەشەی مەرگ و لەناوبردنمان لەسەربوو و بێ وچان بەرگریمان لە ناوچەکانمان دەکرد زۆربەی گەلی کوردمان لە بەرەی شەڕ لەئامادەباشیدابوون، هەروەها بەدەست کێشەی گەورەی کەمیی تەقەمەنی دەماننالاند، کەمیی بۆمب و فیشەك بەڕاددەیەك کە بڕواناکەیت، هەروەها ناوچەکانمان بەدەست کەمیی دەرمان و پێداویستی پزیشکی و دەرفەتی کار و پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانەوە دەینالاند. لەو بارودۆخە یەك کەس لە

رۆژئاڤا نەیگوت:›› چی دەکەین لە شنگاڵ ؟›› یا ‹› ئیشمان پێیان چیە؟›› بەپێچەوانەی ئەوە، هەر هەمووی ئامادەبوو بۆ بەرگریکردن لە شنگاڵ و کارکردن بۆ دەربازکردنی ڕزگاربووەکان و پێشوازی لێکردنیان، هەرچی لە تواناداهەبێ، پێشکەشیان بکرێت. هاوکات دەیان لە هێزەکانمان لە چەندین بەرەوە کێشانەوە، لەکاتێکدا هەر بەرەیەک پێویستی بە زۆرترین شەڕڤان هەبوو، دەیان دەستە لەو هێزانە بەرەو شنگاڵ بەڕێکەوتن بۆ پاراستنی ڕێگا و دەروازەکە، ئنجا سەرکەوتنە لوتکەی چیا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داعش و بەرپەرچدانەوە و ڕێگریکردنیان لە گەیشتن بە چیا. لە ٣ و ٤ی مانگی ئابدا، چەند شەڕڤانێکمان لە شەڕەکانی هێڵی دەروازەکە و چیا بریندار بوون و ژمارەیەکیشیان شەهید بوون، هەر کاتژمێرێک تیدەپەڕی لە بوونی ئێمە لەناوچەکە شەڕەکان توندتر دەبوون.

## کامپی ئێزیدییەکان

هەر کاروانێک لە شنگاڵەوە بەڕێدەکەوت و لە دەروازەکەوە دەگەیشتە ڕۆژئاڤا؛ یاوەری دەکرا و دەگەیەنرا شوێنی پێشوازی لە ڕەیڵان، لەوێشەوە چاودێری تەندروستی و فریاگوزاری پزیشکی پێشکەش بریندار و نەخۆشەکان دەکرا و هەندێکیان دەگوازرانەوە نەخۆشخانەی قامشلو یا دێریک، دوای پشوودانیان و بۆ چۆڵکردنی شوێن بۆ ئەو هەزارانەی تر کە دەهاتن؛ ئەوان دەگوازرانەوە بۆ گوندەکانی کوردە ئێزیدییەکان کە لە جەزیرە بوون، وەکو ؛ ئامودە، قامشلو و ترپەسپی، هەندێکی تریشیان دەگوازرانەوە کامپی نەورۆز کە بەپەلە بۆ کردنەوەی جێگا بۆ ئێزیدییەکان و ئەو شیعانەی لەگەڵیان بوون لە دێریک دامەزرابوو. هەموو ئێزیدییە رزگاربووەکان سەرپشک بوون لە هەڵبژاردن لە نێوان مانەوە لە کامپی دێریک یا هەر جێگایەکی دەیانەوێت، هەندێکیان پێیان باش بوو بچنە کوردستانی عێراق، ڕێگاکە لەبەردەمیاندا والابوو، ئوتۆمبێلەکان دەیانبردنە ناوچەی سحێلا، کە حکومەتی هەرێم و نەتەوە

یەکگرتـووەکان لـە لێـواری ڕێـگای نێـوان سـحێلا و زاخـۆ لـە ناوچـەی دێربوونـی نزیـك رۆژئاڤـا چـادری بـۆ هەڵدابـوون، هەروەهـا هـەزاران لـە هاوڵاتیانـی کـورد لـە زاخـۆ و دهـۆك بـە ئوتۆمبێلەکانیـان چوونـە رۆژئاڤـا، هـاوکاری گواستنەوەی نێزیدییەکانیـان کـرد لـە ڕمێلانـەوە بـۆ ئـۆردوگای دێربوونـی، سـەدان ئوتۆمبێلـی ژمـارە دهـۆك، هەولێـر، نەینەوا و سلێمانیت لـە ڕێـگای نێـوان دێریـك، ڕمـێلان، قامشـلو و تـەل کۆچـەر دەبینـی، ئیتـر سـنوور هیـچ بەهایەکـی نەمابـوو، شـەرم بـوو لـەو هەلومەرجـە مێژوویـیە هیـچ لایەنێـك بایـەخ بـە پرسـی سـنوور و کۆنترۆڵکردنـی و ڕێگرتـن لـە جوڵـەی نێـوان باشـوور و رۆژئاڤـا بـدات. هـەر بەڕاسـتی سـنوور لابرابـوو، ئەگـەر بـۆ سـاتێکیش بووبـێ، بۆیـە زۆر بـە ئاسـوودەیی ڕێـگای نێـوان دهـۆك و قامشـلو کراوەبـوو، لـە دروسـتبوونی هـەردوو دەوڵەتـی عێـراق و سـوریاوە؛ ئـەوە یەکەمجاربـوو سـنوور لادرێـت.

## خۆبەخشی گەنجە ئێزیدییەکان

لـە ٣ی ئابـدا و لەکاتـی کشـانەوەی پێشـمەرگە لـە شـنگاڵ و ڕەبیعـە و ناوچەکانی تر، زۆر لە گەنجە ئێزیدییەکانیان لێ جیابوونەوە و لە شنگاڵ مانـەوە بـۆ پاراسـتنی کـەس و کارییـان. بەگوێـرەی گوتـەی ژمارەیەکـی زۆر لـەو گەنجانـە؛ دەمەقاڵێـی تونـد لەنێـوان گەنجـەکان و فەرمانـدەی ئـەو پێشـمەرگانە ڕوویـدا، ئەوانـەی ڕەتیانکـردەوە چـەك و تەقەمەنـی بـۆ ئـەو گەنجانـە جـێ بهێڵـن بـۆ پاراسـتنی خۆیـان. بەگوێـرەی گوتـەی ئـەوان و پشتڕاستکردنەوەی یەکێك لـە ئەفسـەرانی پێشـمەرگە؛ تەقـە لـە هەندێـك لـەو گەنجانـە کـرا کـە ناڕەزایەتییـان دەربـڕی لـە پاشەکشـێی پێشـمەرگە، لەکاتـی گەیشـتنی پێشـمەرگە کشـاوەکان بـۆ رۆژئاڤـا لـە رۆژی ٣ی ئـاب و جێهێشـتنی شـنگاڵ بـۆ چارەنوسـی خـۆی، بەتایبەتـی دوای ئـەوەی گەنجـەکان هەندێـك لـە ئێزیدییەکانییـان لـە ڕیـزی کشـاوەکاندا بینـی. هـاوکات لەگـەڵ بەڕێکەوتنـی یەکینەکانمـان بـەرەو شـنگاڵ و مانەوەیـان لـە بـەرەی شـەڕ، ئەوکاتـە زۆر لـە گەنجـەکان لێیـان جیابوونـەوە و بـە

چەکەکانی خۆیان هاتنە ریزی یەکینەکانمان، تەنانەت هەندێکیان بێ چەك بوون.

لە ٤ی ئابدا و لەکاتی ڕاکردنی دەیان هەزار ئێزیدی لە شنگاڵ و گەیشتنیان بە ڕۆژئاڤا و دواجار گەیشتنییان بە شوێنێکی تاڕادەیەك پارێزراو، دوای ئەوەی گەنجە ئێزیدییەکان دڵنیادەبوون لە سەلامەتی کەس و کارەکانییان کە گەیشتوون بە خاکی ڕۆژئاوا، داوایانلێکردین ڕێگایان بدەین لە ڕۆژئاڤا بمێننەوە یا لەگەڵ هێزەکانمان بگەڕێنەوە شنگاڵ، بۆ ڕزگارکردنی خێزان و منداڵ و خزمەکانییان، ئەوانەی کە لە شەنگاڵ مابوون یانیش هاوکاریکردنی یەکینەکانمان بۆ دەربازکردنی ڕزگاربووەکان و پاراستنی چیا و بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی داعش، ئێمەش ڕاستەوخۆ رازی بووین، هەرچی پێویستیان بوو بۆمان دابینکردن و هاوکاریمانکردن لە گەڕانەوەیان بۆ شنگاڵ، یا بۆ مانەوەیان لەگەڵ یەکینەکانمان لە ڕۆژئاڤا.

نەك تەنها لە ڕۆژئاڤا، بەڵکو دەیان گەنجی ئێزیدی ئەوانەی کەس و کاریان گەیاندنە کامپی دێربوونی لەسەر ڕێگای سحێلا-زاخۆ، گەڕانەوە لای یەکینەکانمان لە ڕۆژئاڤا بۆ نەوەی یارمەتیان بدەین تا جارێکی تر بگەنەوە شنگاڵ، لەهەمان کاتدا زۆر لەو کەسایەتییە دیارانەی ئێزیدی و پیاوانی ئایینی و بەسالاچووەکانیان کە لەگەڵ دەربازبووەکان گەیشتبوونە ڕمێلان؛ لە شوێنی پێشوازی مانەوە بۆ یارمەتیدانی ئیدارە مەدەنییەکانی ڕۆژئاڤا و گرنگیدان و چاودێریکردنی ئێزیدییەکان، هەروەها بۆ هاوکاری نەو گەنجانەی دەیانویست لەگەڵ یەکینەکانمان بگەڕێنەوە شنگاڵ بۆ دەربازکردنی خێزانەکان و بەرخۆدان و بەرەنگاربوونەوەی داعش.

بەهیچ شێوەیەك ناکرێ نەو ئازایەتییەی گەنجە ئێزیدییەکان نواندیان لەبیربکرێ لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ شنگاڵی گەمارۆدراوی بەر سێرەی

مەرگ و ئاگر، هەڵوێستی ئەو گەنجانە مایەی سەرفرازی بوو، بەم زوانە و ڕاستەوخۆ لەشکرێکی نوێ شانبەشانی یەکە شەڕڤانەکانمان لەسەر نەخشەی شنگاڵ لەدایک دەبێت.

## شەڕەکان لە چیای شنگاڵ

هێرشێکی گەورەی داعش هەبوو بۆ سەر ناوەندی ڕەبیعە و گوندەکانی دەوروبەری، هەروەها هێرشی هەمەلایەنەش بۆ سەر هێزەکانمان بەدرێژایی ڕێگای سنووریی نێوان ڕۆژئاڤا و عێراق دژی دەروازەی مرۆیی کە لەنێوان شنگاڵ و ڕۆژئاڤا کردبوومانەوە. شەڕەکان هەر بەومندە نەوەستان، بەڵکو شەڕی زۆر لە لێوار و دەوروبەری چیای شنگاڵ لەنێوان یەکینەکانمان و تیرۆریستانی داعش هەڵگیرسا؛ لە کاتژمێر ١١ی نیوەڕۆی ڕۆژی ٤ی ئاب، یەکەیەک لە هێزەکانمان چالاکییەکیان لە دژی کاروانێکی جاشەکانی داعش ئەنجامدا لە گوندی چل میرە[١٧] لە شنگاڵ، ئوتۆمبێلێکیان تێکشکێنرا و ئەوەی تێیدابوو کوژرا. دوای نیوەڕۆش یەکینەکانما ن پێنج چالاکی تری سەربازی جیاجیایان دژی تیرۆریستانی داعش لە شنگاڵ ئەنجامدا، لەهەمان کاتیشدا و دوای ئەوەی پاڵپشتی گەورە گەیشت؛ یەکینەکانمان هێرشێکی تێکشکێنەر کردەسەر ڕەبیعە بۆ وەدەرنانی تیرۆریستەکان لە شار و پاککردنەوەی لێیان.

لەوکاتەدا یەکینەکانمان توانیان چەندین هێرش بکەنە سەر تیرۆریستانی داعش کە هەندێک گوندیان لە باکووری ڕەبیعە داگیرکردبوو تێکیان

١٧ - چل میرا یا چل میرا، واتە ٤٠ پیاو یا ٤٠ میر. بەگوێرەی گێڕانەوە میللییە ئێزیدییەکەی شنگاڵ، ئەو ناوچەیە داستانێکی قارەمانانەی گەورە بووە لەلایەن چەکدارە ئێزیدییەکان لەدژی هەڵمەتی عوسمانییەکان کە مەسیحییەکانی تێدا بە ئامانج گیرابوون، ئێزیدییەکانیش قبوولیان نەکرد ئەو مەسیحییانەی هانایان بۆ چیای شنگاڵ بردبوو، ڕادەستی عوسمانییەکانیان بکەن، شەڕ لەو شوێنە هەڵگیرسا تا هێزە داگیرکەرەکەیان شکاند و ئێزیدییەکان لە چیا دەربانکردن و توانیان مەسیحییەکان بپارێزن. بۆیە ئەو شوێنە وەک مەزارگەیەکی پیرۆزی ئایینی لەلای ئێزیدییەکان دادەنرێ، پەرستگایەکی لێیە بەسەر لێواری باکووری چیای شنگاڵدا دەنواڕێ.

شکاندن و لە هەردوو گوندی مەحمودیە و قاهیرە دەریانکردن، هەروەها هێزەکانمان توانیان داعش تا دەرەوەی شاری رەبیعە پاوبنێن و رەبیعە نزیکەی بەتەواوەتی کەوتەوە دەست ئێمە.

لەو ئۆپەراسیۆنە جیاجیایانەی شنگاڵ و سنوونێ و رەبیعە، بۆ پاراستنی کوردە ئێزیدییەکان و ڕزگارکردنیان لەدەست تیرۆریستانی داعش و گەیاندنیان بە شوێنی سەلامەت لە رۆژئاڤا، وە لەماوەی ئەو ئۆپەراسیۆن و پێکدادانانە ٦ شەڕڤانمان لەپێناو ئەرکی مرۆڤایەتیی و نەتەوەیی و برایەتی بەرانبەر خوشک و برا ئێزیدییەکانیان شەهیدبوون.

ناوی شەهیدەکانی بەرگری شنگاڵ لە رۆژانی سەرەتادا:

(مەعسوم دێریک/ محییەدین، مەزلوم دێریک/ عەزیز، قەندیل ئامودە/ عەبدولعەزیز فەتاح، مەزلوم قامشلو، دلۆ ڕێزان)[١٨]

## کامپی مەشق و ڕاهێنان

دەیان گەنجی کورد بەگشتی و ئێزیدی بەتایبەتی بە لێشاو بەرەو شنگاڵ هاتن بۆ بەرگریکردن لە کوردە ئێزیدییەکانی ئەوێ، دەبوا ئەوە ڕێکبخرێ بۆ ئەوەی بێسەروبەری سەربازی یا ناڕێکی لە جوڵە و بڕیاردانی تاکە کەسی و چۆنایەتی دروست نەبێت، ئەوەش خراپترین شتە کە لە هێزی سەربازی شەڕکەر و بەرە هەستیارەکانی شەڕ ڕوودەدات، بۆیە پێویست بوو ئەو گەنجانە بەشێوەیەکی گونجاو ڕێکبخرێن و ڕەچاوی تایبەتمەندییان بکرێت، هەروەها پێویستی زۆر و خێرامان هەبوو بە گەنجان بۆ بەشداربیان لە شەڕ و بەرخۆدان.

"داوا لە گەنجانی کورد لە کەرکوک و سلێمانی و هەڵەبجە و هەولێر و دهۆک و شێخان و شنگاڵ و سۆران دەکەین بەشداربن لەو بەرخۆدانەی

---

١٨ - بەدرێژایی مانگەکانی بەرگریکردن لە شنگاڵ، هێزەکانی رۆژئاڤا نزیکەی ٨ شەهیدی لە بەرەی شنگاڵدا. ناو و بەرواری شەهیدبوونی شەهیدەکان لە پاشکۆ(کۆتایی کتێبەکە)دا دێت.

یەپەگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی جاشەکانی داعش››؛ بەناوی شەڕڤانەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل لە شنگاڵ و عێراق.

ئەو بانگەوازەی سەرەوەم لەڕێی ڕاگەیاندنەوە بۆ گەنجانی کورد لە کوردستانی عێراق نارد تا دوای ئەوەی حکومەتەکەیان پشتی تێکردن؛ ئەوان بەئەرکی خۆیان هەستن بەرانبەر براکانیان، لەهەمان کاتیشدا فەرماندەی ئەکادیمیا سەربازییەکانی سەر بە فەرماندەیی گشتی یەپەگە خێرا سەربازگەیەکی تایبەت بە شەڕڤانانی ئێمەی گۆڕی بە سەربازگە بۆ گەنجانی ئێزیدی و ئەو گەنجە کوردانەی هەرێمی کوردستان کە لەو دووسێ ڕۆژەی دوایی پەیوەندییان کردبوو، سەربازگەکە لە گوندی (شەڕکە)ی گوندەواری ڕۆژهەڵاتی دێریک و نزیک دەروازەی سنووری نێوان ڕۆژئاڤا و باشوور بوو.

سەربازگەی (شەڕکە) وەک بارەگایەکی فەرماندەیی کاتی بوو بۆ کوردە ئێزیدییەکان و ناوەندێکیش بوو بۆ کۆکردنەوەی خۆبەخشەکان و ئەکادیمیایەکی سەربازیش بوو بۆ مەشق و پێدانی چەک و فێرکردنی هەندێک تاکتیکی خێرای شەڕ. فەرماندەیی سەربازگەکە هاوبەش بوو لەنێوان هەردووک فەرماندەی یەکینەکانمان وە هەندێک بەسالاچوو و گەنجی ئێزیدی ئەوانەی ئەزموونی کاروباری سەربازیی و سیاسی و ڕێکخراوەییان هەبوو. بەهۆی نزیکی کامپەکە لە گوندی (کەربەلات) ی سنووری و دەروازەی سیمالکا-فیشخابووری سنووری؛ گەیشتنی گەنجە خۆبەخشەکان ئاسان بوو، بەتایبەتی ئەوانەی لە بەیانی ڕۆژی ٤ی ئاب بە تەنیا دەهاتن، تا ژمارە گەیشتە ١٠٠ خۆبەخش. ئەوە جگە لەوانەی لەگەڵ هێزەکانمان بەرەو شنگاڵ چوون یا ئەوانەی لە شنگاڵ ڕاستەوخۆ(لەوێ) چوونە ڕێزی یەکینە شەڕکەرەکانمان.

بۆ ئێزیدییەکان گرنگ بوو ڕێکخستنی تایبەت بەخۆیان هەبێ بۆ خۆڕێکخستنەوەیان و بۆ ئەوەی خۆیان مەشق بەخۆیان بکەن و بە

ناسنامەی خۆیان بەشداربن لە بەرخۆدان. ئەو کارە سالانێك بوو دەبوا هێزە کوردییەکان بیکەن و وەك پێویست نەیانکرد؛ هۆشیاریی و فەرهەنگی بەرگری لەخۆکردن نەبوو و ئێزیدییەکانیش چەکی پێویستیان نەبوو بۆ بەرگریکردن لەخۆیان لە ئەگەری هەر هێرشێك، دەکرێ بڵێین یەکێك لە هۆکارەکانی کارەساتەکەی شنگاڵ کەمتەرخەمی دەسەڵاتەکەی هەرێم بوو، بەتایبەتی پێشمەرگە لەلایەنی هۆشیاریی کۆمەڵگە و لەڕووی مەشقی سەربازی و میکانیزمی بەرگری لەخۆکردن و دابینکردنی چەکی پێویست بۆ بەشداریکردنی کۆمەڵگەکە شانبەشانی هێزە پرۆفێشنەڵەکان لە بەرگریکردن و بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێك.

بەڵام ئێمە لە رۆژئاڤا، لەیەکەم رۆژی قەیرانی سوریا لە بەهاری ٢٠١١ پشتمان بە بیرۆکەی بەرگریکردن لەخۆ و پارێزگاریکردن لە کۆمەڵگە بەستبوو، چەندین رۆژ مەشقی سەربازی و سیاسیمان بە هەزاران لە کچان و کوڕان کرد بەمەبەستی ئامادەکردنییان بۆ پاراستنی خۆیان و کۆمەڵگەیان لە ئەگەری هەر ڕوداوێکی لەناکاو، هەروەها پشتمان بەو کێ و کوڕانە بەست لە دانانی شانەی سەرەتایی بۆ دامەزراندنی یەکینەکانی پاراستن کە لە هاوینی ٢٠١٢ گۆڕا بۆ هێزێکی پرۆفێشنەڵ و کۆمەڵگە لە هەموو ڕوێکەوە هاوکاری و پاڵپشتی دەکات.

ئەو نەزموونەمان زۆر گرنگ بوو بۆ ئەوەی بۆ ئەو برا کوردە ئێزیدییانەی بگوازینەوە کە گەمارۆدرابوون و هەموو نان و ساتێك کۆمەڵکوژیان لەسەر بوو، پەلەکردن و کات بەفیڕۆنەدان لە پرۆسەی رزگارکردن و ڕێکخستنی بەرگری و پاڵپشتی لە هەموو شتێك گرنگتربوو. ئێزیدییەکان تاکە هیوایان ئێمە بوو بۆ ڕزگارکردن و هاوکارییان بەبێ دواکەوتن، سەربازگەی (شەرکە) ئەو کڕۆکە بوو کە لەوێوە هێزە ئێزیدییەکان دەرکەوتن و لەماوەی چەند رۆژێکی دیاریکراودا بوونی خۆیان لە بەرەکانی شەڕ و بەرخۆدانەدا سەلماند، هەر لەوێشەوە بیرۆکەی ڕێکخستنی یەکینە سەربازییەکان بۆ ئێزیدییەکان لەژێر

فەرماندەیی ڕاستەوخۆی خۆیان هاتە کایەوە.

## یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ/ یەپەشە

## بۆ ڕۆڵەکانی شنگاڵ:

ئەو بارودۆخەی کە تێیدا دەژین و ئەو رووداوانەی کە لە ناوچەکەدا تێپەڕین و بەسەرماندا تێدەپەڕن گرنگیی بەرگری لەخۆکردنیان بۆ دەرخستین. هەموو ڕاستییەکان بۆیان سەلماندین خۆڕێکخستن و پاراستنی ناوچەکانمان بە هێزە خۆییەکان باشترین ڕێگایە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەوهێرشە دەرەکییانەی ئێمە بە ئامانج دەگرن. ڕووداوەکانی دوایی تاقیکردنەوەیەك بوون بۆ هەموو ئەو هێزانەی نەیانتوانی ئێمە بپارێزن و بەتەنیا بە ڕووی تیرۆر و کۆمەڵکوژی جێبانهێشتین. سەرەڕای هەموو ئەو مەترسییانەی لەسەرمان بوو و هۆشداریيە دووبارە و بانگەوازەکانمان بۆ هەموو لایەنە کوردییەکان تا لە مەترسییەکان دوورمانخەنەوە و هێزێکی تایبەتیش بۆ بەرگریکردن لە شنگاڵ و خەڵکی ئێزیدی پێکبهێنن و گەنجان ڕێکبخەن و چەکداربکەن؛ کەچی گوێ لە هیچ بانگەواز و هۆشداریيەکمان نەگیرا و کەسیش بەهەندی وەرنەگرت. لەیەکەم هێرشی تیرۆریستان بۆ سەرمان پشتمان تێکرا و گەلەکەمان لەژێر هەڕەشەی لەناوبردن و کۆمەڵکوژی و ئاوارەکردن و ئەنفال مانەوە.

بۆیە بڕیارماندا پەلەبکەین لە ڕێکخستنی خۆمان لەچوارچێوەی هێزێکی تایبەت بە پاراستنی شنگاڵ لە دژی هێرشی تیرۆریستان، بە پاڵپشتی برایانمان لە یەکینەکانی پاراستنی گەلی کورد (یەپەگە) و هاوکاری ڕاستەوخۆیان بۆ ئێمە لە ڕێکخستن و دامەزراندن و بەرەنگاربوونەوە لە بەرەکان، ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکان بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش.

ئێمە وەك ڕۆڵەکانی شنگاڵ، بڕیارماندا وە بە هێز و تواناکانی خۆمان

بەرهنگاری تیرۆر ببینەوە و خاك و گەلی خۆمان بپارێزین و ئەوەش بە پاڵپشتی برایانمان لە یەکینەکانی پاراستنی گەلی کورد (یەپەگە) کە تا ئێستا درێغیان نەکردووە لە هاوکاری و بەشداریان لەگەڵمان لە ئۆپەراسیۆنە تایبەتییەکانی دژ بە تیرۆری داعش و داوا لە هەموو ڕۆڵەکانی شنگاڵ دەکەین پەیوەندی بە هێزەکانمانەوە بکەن بۆ بەرگریکردن لە خاك و خەڵك و پیرۆزییەکانمان. بەبۆنەی ئەو بەرخۆدانە مێژوویییەی لەگەڵ براکانمان لەدژی تیرۆر دەستمانپێکردووە؛ ڕێکخراوی سەربازی خۆمان بۆ بەرگریکردن لە خۆمان لەژێر ناوی (یەکینەیێن بەرخۆدانا شنگاڵ) ڕادەگەیەنین.

هەروەها داوا لە هەموو ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان دەکەین پشتیوانمانبن و دەستی هاوکاریمان بۆ درێژبکەن لەڕووی دارایی و مەعنەویی و سەربازی و بەخشینی چەك و تەقەمەنی و کەرەستەی سەربازی، بۆ ئەوەی ڕێکخراوە داکۆکیکارەکەی خاك و خەڵکە زەحمەتکێشەکەمان پێشبخەین.

بە خەڵکی خۆمان لە شنگاڵ و هەموو کوردی ئێزیدی دەڵێین؛ ئێمە بەرگری دەکەین و چالاکی ئەنجام دەدەین لە دژی جاشە تیرۆریستەکانی داعش و دەستەوسان ناوەستین لە بەرانبەر هێرشەکانیان و دەستدرێژیکردنە سەر خاك و خەڵك و پیرۆزییەکانمان، ئەوە ئەرکی مێژوویی ئێمەیە، داوا لە هەموو گەنجانی کوردی ئێزیدی دەکەین بەرەو شنگاڵ بەڕێکەون و بێنە ڕیزی یەکینەکانی بەرخۆدان.

## فەرماندەیی گشتی یەکینەیێن بەرخۆدانا شنگاڵ

## ٤ی ئابی ٢٠١٤

بەو بەیاننامەی دامەزراندن کە بەیەکەوە لەگەڵ برا ئێزیدییەکانمان لە شەوی ٤ی ئابدا دەرمانکرد و ڕۆژی دواتر بلاوکرایەوە؛ بەشێوەیەکی فەرمی یەکەم هێزی سەربازی سەربەخۆی ئێزیدییەکان ڕاگەیەنرا. ئەو هێزە

تازە لەدایکبووە لە هەموو ئەرکەکانی هێزەکانمان لە شنگاڵ بەشداری دەکرد. لە رۆژئاڤاش هەموو شتێکمان بۆ دابیندەکردن لە مەشقی سەربازی، چەك، جل و بەرگ، هاوکاری دارایی و میدیایی و سیاسی و ئوتۆمبێل و پێداویستی لۆجیستی و هاوکاری پزیشکی، هەروەها جۆرێك لە ئەنجومەنی سیاسی یا مەدەنی بۆ سەرکردایەتیکردنی بەرخۆدان و نوێنەرایەتی سیاسی و چاودێریکردنی رزگاربوان و رێکخستنی پەنابەران لە کامپ و دانیشتوانی گوندە کوردییەکان لە رۆژئاڤا پێکهێنرا، هەروەها رێکخستنی پێداویستییەکانی ژیانی رزگاربوان ئەوانەی پەنایان بردبووە بەر چیای شنگاڵ.

پێویستە لێرەدا بڵێین کە هەموو ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی لە شنگاڵ و گوندەکانی دەوروبەری ئەنجاممان دەدان، بەپلەی یەك بەناوی یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ رامانەگەیاند، ئەوە هاندەرێك بوو بۆ پێشوەچوونی رێکخستنی سەربازی و پەیداکردنی جەماوەر و وەرە و متمانەبەخۆبوون و بەخشینی تۆزێك لە هیوا بە کۆمەڵگەی ئێزیدی، لەکاتێکدا متمانەییان بەخۆیان و بە برا کوردەکانییان و حکومەتی هەرێم و هەموو جیهانیش لەدەستدابوو، بۆیە دامەزراندنی ئەو یەکینانە و بەشداریپێکردنی ڕاستەوخۆیان لە ئۆپەراسیۆن و بەرخۆدان لە شنگاڵ، فاکتەرێکی بەهێزبوو بۆ هێشتنەوەی کۆمەڵگەی ئێزیدی بەیەکگرتوویی و دڵنیابوون لەوەی کە توانای تێپەڕاندنی شۆکی کۆمەڵکوژی و ستەمی هەیە.

هەر کە دامەزراندنی یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ راگەیەنرا، بەشێکی زۆر لە گەنجە ئێزیدییەکانی دانیشتوانی پارێزگا جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان بەرەو رۆژئاڤا هاتن بۆ پەیوەندیکردن بە هێزەکانی تایبەت بەخۆیان و بەشداری لە بەرگریکردن لە کۆمەڵگە و پیرۆزییەکان و خەڵکی خۆیان.

## بەرخۆدانی شنگاڵ

ڕاگواستن لە شنگاڵەوە بەرەو ڕۆژئاڤا بەردەوام بوو، لەهەمانکاتدا هێرشەکانی داعشیش بەشێومەیەکی درندانە بۆ سەر گوندەکانی دامێنی چیا بەردەوام بوون و گرووپە تیرۆریستییەکان هەوڵی کۆنترۆڵکردنی لوتکەی چیایان دەدا، لەکاتێکدا یەکینەکانی پاراستنی گەل و یەکینەکانی پاراستنی ژنان و یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ و هەندێك لە پیاوانی ئێزیدی کە لەسەر چیابوون؛ ئازایانە ڕووبەڕووی تیرۆریستان بوونەوە. شەڕ و پێکدادان و ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەلایەن هێزەکانی شنگاڵ لە دژی تیرۆریستان بەردەوام بوو. لە ڕۆژی ٥ی ئاب هێزەکان توانیان تیرۆریستان لە گوندی چل میرا بەئامانج بگرن و ٣ تیرۆریست و ئەمیرێکییان کوشتن بەناوی مەسعود، هەروەها توانیان ئامێرێك بتەقێننەوە و دەستبەسەر چەك وئامێری تری تیرۆریستاندا بگرن، ئێوارەی هەمان ڕۆژیش هێزەکانی شنگاڵ چالاکییەکی بێ وێنەیان لە ناوەندی شاری شنگاڵ ئەنجامدا و ٤ تیرۆریستی داعشیان کوشتن.

هەر لەهەمانکاتیشدا گرووپێکی تری بەرخۆدانی ئێزیدی سەربەخۆ لە مەزاری پیرۆزی (شەرفەددین) لە باکووری ڕۆژهەڵاتی چیای شنگاڵ ڕووبەڕووی تیرۆریستانی داعش بوونەوە، توانیان ٦ تیرۆریست بکوژن و ٣ی تریش بەدیل بگرن، ئەو ئۆپەراسیۆنە قارەمانانەیە دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو لە دڵی ئێزیدییەکان و ئەو گەنجانەیان کە لە چیا بوون و چەکیان دەستدایە بۆ ڕووبەڕووی تیرۆریستان. مەشخەڵی ئەو بەرخۆدانەی یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ هەڵیانگیرساند، بەس بوو بۆ گێڕانەوەی متمانە بۆ گەنجانی ئێزیدی و شکاندنی دیواری ترس و تۆقین لە تیرۆریستان و دڵنیابوونەوە لە توانای ڕاوانی ئەو تیرۆریستانە و بەرپەرچدانەومیان، نەك ڕاکردن لێیان، دەکرێت شکستیان پێ بهێنین و ڕێ لە کۆمەڵکوژی بگیرێ.

هەر لە هەمان ڕۆژی کە ئەو چالاکییانە ئەنجامدران ؛ یەکینەکانی

بەرخۆدانی شنگاڵ لە بەیاننامەیەکدا دەستخۆشی لەو ئۆپەراسیۆنە و سوپاسی یەکینەکانی پاراستنی گەلیانکرد و داوایان لە گەنجانی ئێزیدی و گرووپە بچووکە پەرتەوازەکان کرد کە یەکێتییەکی تۆکمە پێکبهێنن لەپێناو بەرخۆدانی کاریگەرتر بۆ ئەوەی ئەنجامی باشتری هەبێ.

بەدرێژایی چەند رۆژێک، پێکدادان لەنێوان هێزەکانی شنگاڵ و رێکخراوی تیرۆریستی داعش بەردەوام بوو. یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ بەهاوکاری یەکینەکانی پاراستنی گەل چەندین ئۆپەراسیۆنیان لە گوندەکانی سولاق و دووگرێ ئەنجامدا، هاوکات پێکدادان لەنێوان یەکینەکانی پاراستنی گەل و تیرۆریستانی داعش لە دەوروبەری شەرقیە لە شاری رەبیعە و گوندەکانی دەوروبەری لەوپەڕی سەختیدابوو.

## داعش بەرەو باکوور دەڕوات

دوای پاشەکشێی خێرای هێزی پێشمەرگە لە چەندین ناوچەی بەرفراوانی وەک؛ شنگاڵ و زوممار و رەبیعە و بەنداوی موسڵ و ناوچەکانی تر؛ رێکخراوی تیرۆریستی داعش هێرشێکی گەورەیان لەچەندین لاوە بەئاراستەی جەرگەی پارێزگا کوردستانییەکانی وەک دهۆک و هەولێر کرد. رێکخراوە تیرۆریستییەکە لە لێواری شاری هەولێر بوو و تەنها ٢٠ کیلۆمەتر لێیەوە دووربوو و زۆر لە شارەکانی تری وەک مەخموور و چەندین قەزا و گوندی تری کوردی داگیرکردبوو، لەوکاتەدا هەزاران ئوتۆمبێلی مەدەنی لە دهۆکەوە بەرەو هەولێر و لە هەولێریشەوە بەرەو چیاکانی کوردستان دەچوون.

لە سلێمانیش هەمان شت ڕوویدا، هەزاران ئاوارەی کوردی نیشتەجێی کامپی مەخموور بەرەو شاری ڕانیەی نزیک چیای قەندیل لە سنووری ئێران هەڵاتن. بارودۆخەکە کارەسات بوو، سەکردایەتی کوردیش هانای بۆ وڵاتە زلهێزە جیهانی و ناوچەییەکان دەبرد تا ڕێگری بکەن، لەکاتێکدا زۆر لە هێزە ناوچەییەکان لەخۆشی نزیکبوونەوەی

روخانی هەرێمی کوردستان (دەستیان لەیەک دەخشاند)• ئەوکاتە کورد کەسی نەبوو کورد نەبێ، لەسەر بانگهێشتی سەرکردە کوردەکانی عێراق، هێزەکانی گەریلای سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان بەرەو مەخموور بەڕێکەوتن بۆ بەرگریکردن لە مەخموور و هێزەکە لە باشووری کەرکوک و نزیک هەولێر و شێخان جیگیربوون، ئەوە جگە لەو هێزەش کە لە سلێمانییەوە بەرەو هەولێر و مەخموور بەڕێکەوتن بۆ بەرگریکردن و ڕێگریکردن لە کەوتنی هەولێر و مەخموور.

لێدوانەکانی سەرکردە کوردەکان ئەڕێنیتر و برایانەتر و ڕاستگۆیانەتر بوون، هەرچەندە تەنها بۆ ماوەیەک بوو (وەک نەریتی خۆیان)• بەڕێز مەسعود بارزانی سەردانی هێزەکانی گەریلای کرد کە لە مەخموور بەرگرییان دەکرد، بەرەی هاوبەشی پێشمەرگە و گەریلا لە کەرکوک بەربەست و بەهێز بوو و لێدوانەکانی بەڕێز موراد قەرەیلان گیانی بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و برایەتیی لەخۆگرتبوو و ئامادەباشیی خۆیان ڕاگەیاند لە بەرگریکردن لە هەموو بستێک لە خاکی کوردستان و پێشکەشکردنی هەرچی بۆیان بکرێ بۆ برایانیان لە هەرێم.

لەهەمان کات هێزێک لە کوردستانی ئێرانەوە بەرەو کەرکوک و مەخموور بەڕێکەوتن و بەشداریانکرد لە بەرگری لە هەرێم دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش• هێرشەکانی داعش و هەستی کورد لە نزیکبوونەوەی مەترسی کۆمەڵکوژیی؛ هاندەرێکی بەهێز بوو بۆ وەلانانی ناکۆکییە حزبییە تەسک و ململانێ هەمیشەییەکانیان، بۆیە زۆر بەئاسانی چەک و تەقەمەنی بە لێشاو هاتە ناوچە کوردییەکان و پێشمەرگە و سەرکردەی کوردی هەموو شار و ناوچەکانی کوردستانت لە بەرەکانی شەڕ دەبینی.

هەروەها گوتاری میدیاییشیان زۆر باشتربوو، ئەو کەناڵانەش کە ئاڵوودەی فڕێدانی جنێو و تۆمەتبارکردنی نەیارانی سیاسی حزبەکەیان

بوون؛ دواتر دەستیانکرد بە بڵاوکردنەوەی سروودی نەتەوەیی هاوبەش کە بانگەوازی برایەتیی و یەکڕیزیی و تەباییان دەکرد، کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانیان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ تێکڕای شەڕکەر و سیاسی و فەرماندەی هەموو حیزب و لایەن و بەشەکان دەکرد، گەلی کورد بەگشتی متمانەی بەو یەکڕیزییە سەربازییەی بەرە کوردییەکان هەبوو. هەزاران گەنجی کوردی خۆبەخش لەناو هێزە سەربازییە جیاجیاکان زیادیکرد، لە بەرەکانی شەڕ و ئەو نەخۆشخانانەی پێشوازیان لە بریندارەکانی هەموو کەرت و هێزە جیاجیاکان دەکرد؛ خوێنی کورد تێکەڵی یەکتربووبوو و کۆبوونەوەی چڕوپڕیش لەنێوان سەرکردە کوردەکانی باشوور و رۆژئاڤا بەردەوام بوون، شاندەکانیش لێرە و لەوێ دەهاتن، یا ئەوەتا کورد هەمووی لەناوبچن، یا بەیەکەوە بەرگری بکەن و سەرکەوتنی مەزن بەدەستبێنن. دەکرێ بگوترێ؛ ئەوکاتە داعش کوردی یەکخست و شنگاڵ بووە وانەیەک بۆ هەموو کورد، ڕوون و لەبەرچاوبوو کە چارەنووسی هەموو شار و ناوچە کوردیەکان لە کارەساتی شنگاڵ باشتر نابێت.

بەرواری نێوان ٧ بۆ ١٠ی مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٤ لە ترسناکترین و هەستیارترین رۆژانی ژیان و بوونی هەرێمی کوردستانی عێراق بوو، گشتی؛ یا ئەوەتا وەك چۆن موسڵ و تکریت و ئەنبار و ڕەمادی و ڕەققە و دێرزور و ناوچەکانی تر کەوتن و داعش لەماوەی چەند رۆژێکدا قووتیدان ئەویش دەکەوێت، یا ئەوەتا بەرەنگاری داعش بێتەوە و بەرپەرچی پێشڕەوییەکانی بدات و جیهان پاڵ بنێت بۆ دەستوەردانی خێرا لە عێراق دژی داعش. جیهان لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخەکەی دەکرد، رۆژانەش دیدار و کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ شاندەکانی هەواگری و سەربازی زیاتردەبوون، جاری وا هەبوو ڕۆژانە لەگەڵ ٥ تا ٧ وڵات کۆدەبووینەوە، ئەوە جگە لە پەیوەندییە میدیایی و سیاسییەکانیش. جموجۆڵی خێرای تیرۆرستەکانی داعش لە سوریا

و عێراق هانی هەزاران تونددڕەویدا لە ئەورووپا و ئەمەریکا بۆ ئەوەی لە ناوجەرگەی پایتەختەکانی ئەورووپادا بجوڵێن و چالاکی بکەن، کە هەستیانکرد مەترسی گەیشتۆتە بەردەرگای ماڵەکانیان و هەستیان بە ساردیی تیغی چەقۆی تیرۆریستان کرد لەسەر ملی نەرمیان؛ هەموو ئەوانە وایانکرد زۆر لەو وڵاتانە پەلەبکەن لە ناردنی نوێنەرانیان بۆ کوردستانی عێراق و کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنە کوردییە جیاجیاکان، بە یەکینەکانی ئێمەشەوە.

وە دەتوانین بڵێین چوونمان بۆ شنگاڵ و ڕزگارکردنی دەیان هەزاران هاوڵاتی؛ بووە هۆی بەدەستهێنانی ناوبانگێکی نێودەوڵەتی و راکێشانی سەرنجییان بۆ لای ئێمە، دەکرێ بڵێین شنگاڵ دەروازەیەك بوو بۆ ڕۆژئاڤا بۆ پەیوەندی زیاتر بە جیهانی دەرەوە کە ئێمەیان پەراوێزخستبوو و بە چاو و ڕوانگەی تورك و ئۆپۆزسیۆنی ڕەگەزپەرستی سووری و هەندێك لایەنی کوردی دژ بە یەکینەکانمان و ئەزموونی تازەی بەڕێوەبەرێتی خۆسەریی تەماشایان دەکردین. لێرەدا ناڵێم پەیوەندییەکانمان لە بەرخۆدانمان لە شنگاڵەوە دەستیپێکرد، بەڵام بەشێوازێکی فراوانتر دەرگاکەی بۆ کردینەوە و وێنایەکی پۆزەتیڤتری ئێمەی لە هەزری سیاستمەدار و سەرکردەکانی جیهاندا دەرخست کە لە ئێمە دووربووون لەبەر چەندین هۆکار، ئەوەش ڕوونکردنەوەی زۆر هەڵدەگرێت.

## گەیشتنی کۆمەک بۆ شنگاڵ

لە ڕۆژانی یەکەمی کارەساتی شنگاڵ و هێرشی داعش بۆ سەر شار و ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق؛ سەرکردەی باڵای پارتی کرێکارانی کوردستان موراد قەرەیلان ڕایگەیاند کە ئامادەی ناردنی هێزن بۆ هەر ناوچەیەك پێویستی بە بەرگری هەبێ، هەر بەڕاستیش زۆری پێ نەچوو تا کۆدەنگییەك لەنێوان سەرکردایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجامدرا بۆ گواستنەوەی

ژمارەیەک گەریلا بۆ شنگاڵ، بۆیە پێویستە گەریلاکان لەناوچەکانی ژێر دەسەلاتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە پارێزگای دهۆکدا بپەڕنەوە و لەوێشەوە بچنە ناو خاکی رۆژئاڤا، هەر بۆ وەرگرتنی ئەو ڕەزامەندیەش بڕیاردرا پێشمەرگە ڕێگایان پێ بدرێ لەڕێگای رۆژئاڤاوە بچنە شنگاڵ، هەر بەڕاستیش ئەوە کرا، بەو پێیەی پارتی دێموکراتی کوردستان ڕێگای بە گەریلاکاندا بە پاس بە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی ئەواندا لە دهۆکەوە بپەڕنەوە تا گەیشتنە سنووری رۆژئاڤا؛ ئیدارەی رۆژئاڤاش ڕێگایان بە پێشمەرگەدا بە بەکارهێنانی ئەو دەروازەیەی یەکینەکانی پاراستنی گەل بۆ چوونە شنگاڵ کردبوویانەوە؛ پێشمەرگەش بەوێدا پەڕینەوە شنگاڵ.

لە رۆژی ٧ی مانگی ئاب کۆمەڵێک گەریلا بە خاکی رۆژئاڤادا گەیشتنە جەزعە، لەوێشەوە ئەو دەروازە مرۆییەیان گرتەبەر کە یەکینەکانمان دروستیانکردبوو بۆ گەیشتن بە شنگاڵ. بە گەیشتنی هێزەکانی گەریلای خاوەن ئەزموون لە شەڕی شاخ و تاکتیکی شەڕی پارتیزانی؛ کاریگەری مەعنەوی و سەربازی لەسەرئەو هێزانە هەبوو کە لە شنگاڵ بوون. هێزەکانی گەریلا لەگەڵ یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ و یەکینەکانی پاراستنی گەل و هێزێکیش لە پێشمەرگە، بەیەکەوە هێزێکی کوردستانی هاوبەشیان پێکهێنا.

لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێین، گەیشتنی هێزەکانی گەریلا کاریگەری نەتەوەیی و نیشتمانی هەبوو، دەیان لە گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە زنجیرەچیای شنگاڵی سنووری نێوان تورکیا و عێراق (باکوور و باشوور) دابەزین و سنووری رۆژئاڤایان بڕی و گەیشتنە شنگاڵی دوورەدەست لەپێناو بەرخۆدان و بەرگری لە ئێزیدییەکان.

لەلایەنی تاکتیکییەوە، هێزەکانی گەریلا بە ئازایەتیی و پێشەنگی و قوربانیدان و گیانفیدایی و بەجۆش و بێ ترس لە شەڕ ناسراون.

تاکتیکی شەڕی گەریلا (شەڕی پارتیزانی) دەرمانە کاریگەرەکەی تاکتیکی شەڕی دژ بە داعشە. ئەگەر بتەوێ گرووپ یا هێزێکی ناڕێك و بزێو و جوڵە ئاسان لەناوببەیت؛ ئەوا پشتبەستن بە هێزی گەورە و نیزامی زیانت پێ دەگەیەنێت و گران و تەمبەڵ دەبیت و دەکەویتە بەر هێرشی لەناکاو و شاراوەی دوژمن، بەوشێوەیە بەپشتبەستنت بە هێزەکانی گەریلا کە پشت بە تاکتیکی شەڕی پارتیزانی و هونەرەکانی هێرش بەو و ڕاکە و هەڵکوتانەسەری شەوان و جموجۆڵ لە چوارچێوەی گرووپە بچووکەکان؛ دەتوانی ڕووبەڕووی تیرۆریستانی داعش ببیتەوە و لە شوێنی خۆیان بیانوەستێنیت و دواتریش هێرشی بەدوای یەك بکەیتە سەریان و شەکەتیان بکەیت..

ڕێك ئەوە ڕوویدا لە ڕۆژانی دواتر، لە هەموو شوێنێکی شنگاڵ چالاکییە بروسکەئاسا و خێراکان لەدژی گرووپەکانی داعش لەزیادبوون بوون؛ لە ناوەندی شار و گوندەکانی لێواری چیا، چالاکییەکانی ڕاوکردن و تەقینەوە و هێرشی لەناکاو و بۆسە؛ بناغەی ئەو ستراتیژە بوو کە هێزە کوردییەکان پشتیان پێ دەبەست لە شنگاڵ لە دژی تیرۆریستانی داعش کە چێژیان لە سەرکەوتنە خێراکانیان دەبینی لە ناوچەکانی تر.

ئەرکی ئەو هێزانەی لە شنگاڵ بوون بەرەنگاربوونەوەی داعش و ڕێگریکردن بوو لە داگیرکردنی گوند و ناوچە و خاڵی زیاتر، بەتایبەتی لە چیا، پاراستنی هەموو هاوڵاتییە ڕزگاربوو و جێگیربووەکانی لوتکەی چیای شنگاڵ و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن لە ناوچە نزیکەکان بۆ شەکەتکردنی داعش و بەرپەرچدانەوەی ئەو گرووپانەی هەوڵیان دەدا ڕێگای گەیشتنی ئەو کۆمەکە ببڕن کە لە ڕۆژئاڤاوە بۆ شنگاڵ دەهات و خنکاندن و ڕێگریکردن لە گەیشتنی هەر شتێك بۆ شنگاڵ، لەهەمان کاتدا یەکینەکان لەسەر هێڵێکی دوورودرێژی سەر ڕێگا سنووریەکانی نێوان باشوور و ڕۆژئاڤا بەرگریان دەکرد، بەهەموو توانایانەوە هەوڵیان

دەدا ئەگـەر هەرچیـش ڕووبـدات نـەوان هـەر پارێـزگاری لـە دەروازەکـە بکـەن.

## پرۆسەی چۆڵکردن

دوای پاشەکشـێی پێشـمەرگە لـە شـنگاڵ و بەجێهێشـتنی ئێزیدییـەکان و بـۆ چارەنووسـی خۆیـان و سـەرەڕای هەمـوو بانگەوازەکانـی لەهاناوەچـوون لەلایەن خەڵکی گەمارۆدراو لە چیا و چالاکوانانی کورد و سیسیەتمەدارانی ئێزیدییـەوە؛ کەچـی کەسـێك بەدەنـگ بانگەوازەوەکانـەوە نـەهات، دەکـرێ بڵێیـن؛ هەمـوو مەسـەلەکان زۆر خێـرا ڕوویـان دەدا و لـە عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان خەڵـك تاسـابوو. سـەرەتا هێـزە نێودەوڵەتییەکانیـش تەنهـا چاودێرییـان دەکـرد تـا بزانـن دۆخەکـە بـە کـوێ دەگات، بـەڵام لـەدوای گەیشتنی یەکینەکانی پاراستنی گـەل و گواستنەوەی دەیان هەزار ئێزیـدی و گەیاندنـی مەرگەساتیان بـە ڕای گشتی جیهانـی؛ ئنجا هەندێـك وڵات کەوتنـە گفتوگـۆ بـۆ دۆزینـەوەی ڕێگاچارەیـەك بـۆ ڕزگارکردنـی گەمارۆدراوەکانـی سـەر چیـا.

حکومەتـی عێراقـی لەڕێـگای هێلـی کۆپتـەرە سـەربازییەکانیەوە هەوڵـی گواسـتنەوەی هەندێـك لـە گیرخواردووەکانـی چیایـدا، بـەڵام مەسـەلەکە تەنهـا بـۆ ئەوەبـوو گلەیـی لەسـەر خۆیـان هەڵگـرن و وا پیشـاندەن گوایـا بایـەخ بـە ئێزیدییـەکان دەدەن، ئـەو هێلـی کۆپتەرانـە نەیاندەتوانـی هەموو ڕۆژێ لـە ٥٠ کـەس زیاتـر بگوازنـەوە، هەروەهـا لـە دژەفڕینـە ئاسـمانییە چالاکەکانیـش دەترسـان کـە داعـش بـەکاری دەهێنـان، بۆیـە چۆڵکـردن بـە کۆپتـەر کاریگـەر نەبـوو، هەمووشـمان ئـەو کۆپتـەرە عێراقییەمـان لەبیـرە کـە لـە ڕۆژی ١٢ی ئابـی ٢٠١٤ لەکاتـی گواسـتنەوەی گیرخواردوانـی چیـا هـەر لـەدوای بەرزبوونـەوەی چەنـد مەتریـك لـە زەویـەوە کەوتەخـوارەوە و ئەندامـە ئێزیدییەکـەی پەرلەمانـی عێـراق فیـان دەخیـل لـەو کۆپتـەرەدا بریندارببـوو.

تاکە ڕێگا بۆ گواستنەوەی ئێزیدییەکان دەروازە مرۆییەکەی نێوان شنگاڵ و رۆژئاڤا بوو، هیچ بژاردەیەکی باشترمان نەبوو بۆ ئەو پڕۆسەیە، بۆیە لەسەرمان بوو بەهەر نرخێک بێ پارێزگاری لەو دەروازەیە بکەین، ئەو دەروازەیە شادەماری ژیان بوو بۆ شنگاڵ، بۆ هاوڵاتیانی گیرخواردوو لە چیا و بۆ ئەو گوندنشینانەش کە نەیانتوانی بگەنە چیا و ناچاربوون خۆیان لە گوند و دۆڵەکان پەنابدەن و چاوەڕوانی فریادڕەسێک بوون، هەمان شتیش سەبارەت بە هێزەکانی بەرخۆدان لە شنگاڵ، ئاو و خۆراک و دەرمان و چەک لەو دەروازەیە دەچووە شنگاڵ، گیرخواردووانیش لە چیاوە بەشێوەیەکی گونجاو و جیاجیا بە ڕۆژ لە شنگاڵەوە بۆ رۆژئاڤا دەگوازرانەوە[19] داعش دەروازەکەیان بە بەردەوامی بە ئامانج دەگرت، بۆیە جموجۆڵی هاوڵاتیانی بێ چەکیش خۆی لەخۆیدا جێی مەترسیی بوو.

## فرێدانی ئاسمانی

هێڵی کۆپتەرە عێراقییەکان ناوە ناوە بڕێکی باش خواردنییان لەڕێگای ئاسمانییەوە دەگەیاندە شنگاڵ، بەڵام ئەو بڕە بەشی ئەو هەزاران کەسەی نەدەکرد کە لەوێ گیریانخواردبوو، لە هەمان کاتیشدا و دوای فشاری نێودەوڵەتی و لێدوانی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان (بان کی مون) سەبارەت بە ڕاگرتنی ئەو کۆمەڵکوژییەی دژی کۆمەڵگەی ئێزیدی[19] ئەنجام دەدرێ؛ لێدوانەکانی سەرۆکی ئەوکاتی ئەمەریکا باراك ئۆباما لە ٧ی مانگی ئاب سەبارەت شەڕ دژی داعش و دوای کۆبوونەوە

---

١٩- سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بان کی مون رۆژی سێشەممە ١٢ی ئابی ٢٠١٤ داوای لە ولاتانی جیهان کرد کاری زیاتر بۆ هاوڵاتیانی عێراقی بکەن ئەوانەی لە دەست پێشڕەویی چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق رایانکردووە و پەنایان بۆ چیا دوورەدەستەکان بردووە. بان کی مون بە رۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند کە سەرگەردانی ئێزیدییەکان و ئەوانەی تریش لە چیای شنگاڵ بەتایبەتی، تۆقینەرە، هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد؛ بارودۆخ لە چیا ترسناکە و گوتی داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەم کاری زیاتر بکەن بۆ دابینکردنی پارێزگاری زیاتر کە پێویستیانە.
/https://WWW.dw.com/ar

چڕەکانمان لەگەڵ نوێنەرانی چەند وڵاتێک لە سلێمانی سەبارەت بە پێویستی دابینکردنی پاڵپشتی بۆ ئێمە بە مەبەستی ڕێگریکردن لە تیرۆریستان لە کۆمەڵکوژیی زیاتر لە شنگاڵ و پێویستی زۆر بۆ خێرا ڕزگارکردنی هاوڵاتییە گیرخواردووەکان؛ هەندێک لە وڵاتان، بەتایبەتی بەریتانیا بڕیاری گەیاندنی ئاو و خۆراک و دەرمان بەشێوەی دابەزاندنی ئاسمانی بە پەرەشووت بۆ ناو شنگاڵیاندا. ئەوکاتە پرۆسەی دابەزاندنم لەگەڵ هێزەکانی بەریتانیا و یەکینەکانمان ڕێکەوتبوو بۆ ئەوانەی لەسەر چیا بوون، بەڵام دەبێ ئەوە بڵێین کە ئەوە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و بیرۆکراتی بوو زیاتر لەوەی فریاگوزاری و ڕزگارکردن بێ، بۆیە لە چەند ڕۆژێک زیاتر بەردەوام نەبوو، ئنجا لایەنەکان گفتوگۆیان دەربارەی بژاردەی تر کرد.

ئێمە لەنزیکەوە ئاگاداری ئەو گفتوگۆیانە بووین بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەکی باشتر بۆ چارەسەرکردنی پرسی گیرخواردووەکانی شنگاڵ؛ یەکێک لە بژاردەکان دروستکردنی پردێکی ئاسمانی گەورە بوو بۆ گواستنەوەی هەموو ئەوانەی لەسەر چیا ماون تا بگوازرێنەوە ناوچە ئارامەکانی هەرێم، بژاردەکەی تریش ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی بوو لە هەرێمەوە بەرەو شنگاڵ (نزیکەی ١٠٠ کم) بۆ هەڵگرتنی گەمارۆی سەر شنگاڵ و گواستنەوەی هەموو ئەوانەی لەوێ ماون. بێگومان تا ئەوکاتە نەدەکرا ئەو هێزە (نێودەوڵەتی و ناوخۆیی)ە کەڵک لە خاکی ڕۆژئاڤا وەرگرن بۆ گەیشتن بە شنگاڵ، بۆیە گفتوگۆکان لە بازنەیەکدا دەخولانەوە بۆ دەرئەنجامێکی پراکتیکی

## شاندێکی ئەمەریکی لە شنگاڵ

بەمەبەستی بینینی بارودۆخی شنگاڵ لە نزیکەوە و دوای هەماهەنگی هاوبەش؛ لە ١٤ی ئابی ٢٠١٤ شاندێکی ئەمەریکی بە هێلی کۆپتەری سەربازی و بە یاوەری پاسەوانی سەربازی ئەمەریکی و وەرگێڕ لە

ڕۆژئاڤاوە بەرەو شنگاڵ چوون، بۆ ئەوەش داوا لە یەکینەکانمان و هێزەکانی شەنگال کرا پارێزگاری لە شاندەکە و ئەو هاوڵاتییە ئێزیدییانە بکەین کە لە دەوری شاندەکە کۆبوونەوە بۆ گەیاندنی دەنگ و ناڕەزایەکانیان. ئێزیدییەکان باسیان لە جێهێشتنی پێشمەرگە و حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمیش کرد و باسی تاوانەکانی داعشیان دەرهەق بەوان و سوپاسی هێزەکانی ڕۆژئاڤا و گەریلایان کرد لە بەرانبەر پاراستن و بەرگریلێکردنییان. شاندە ئەمەریکییەکە گوێی لە هاوڵاتییە ئێزیدییە ڕزگاربووەکان و گیرخواردووەکانی چیا گرت، ئنجا گەڕانەوە ئەو شوێنەی لێیەوە هاتبوون.

لەهەمان ڕۆژ وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا (پنتاگۆن)[٢٠] لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: گواستنەوەی ئاسمانی ئەو ئێزیدییانەی لە چیا ماون بژاردەیەکی دووەم ، چونکە ژمارەی ئێزیدییەکانی لەوێ ماون کەمترە لە پێشوو و توانای دەرچوونیشیان لە چیا نیە تا لە دەروازەکەی شنگاڵەوە بچنە ڕۆژئاڤا

لەهەمان کاتیشدا فڕۆکە بێ فڕۆکەوانە ئەمەریکییەکان بۆردومانی تیرۆریستانی داعشیانکرد لە هەندێك ناوچەی سوریا و عێراق و دەوروبەری شنگاڵ، ئاراستەیەك هەبوو لە چڕکردنی لێدانەکان.

## شەهیدانی ڕۆژئاڤا لە شنگاڵ

هەر لە یەکەم ڕۆژی چوونی یەکینەکانمان بۆ ناو خاکی عێراق (لە

---

٢٠- پنتاگۆن ڕۆژی پێنجشەممە، ١٤ی ئابی ٢٠١٤ لە بەیاننامەیەکدا گوتی:
" ژمارەی ئێزیدییەکانی لە چیای شنگاڵ زۆر لەوە کەمترە کە پێشتر ترسی لێ دەکرا...ئەو ئێزیدییانەی لەوێ ماون لە دۆخێکی باشتردان لەوەی پێشتر بیریان لێ دەکرایەوە و ئەو خواردن و خواردنەوەی بۆشیان دادەبەزێنین پێیان دەگات". هەروەها بەیاننامەکە لەسەر هەمان هەڵسەنگاندن گوتی:
دەزگاکان بڕیاریانداوە کە پێویست بە گواستنەوەیان ناکات" جەختیشیان لەوە کردەوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەپێێ پێویست بەردەوام دەبێت لە پێشکەشکردنی هاوکارییە مرۆییەکان.
https:///www.dw.com/ar

هەرێمی کوردستان و قەزای شنگاڵ و رەبیعە)، شەڕفانەکان ئازایەتییەکی بێ وێنەیان نواند لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستان و پاراستنی سنوور و بەدەنگەوەهاتنی بانگەوازی برا کوردە ئێزیدییەکانمان لە شنگاڵ، لەو بەرخۆدانە مێژوویییەی رۆژئاڤادا؛ شەڕفانە کوردەکان درێغیان نەکرد لە بەختکردنی گیانی خۆیان، ژمارەیەك لە شەڕفانە کوڕ و کچەکان لە رەبیعە و جەزعە و سنوونێ و شنگاڵ بریندار بوون و ژمارەیەکیشیان لەو بەرخۆدانە مێژوویییە لە شنگاڵ شەهید بوون؛ لە ٩ی مانگی ئاب ژمارەی شەهیدانمان لە شنگاڵ گەیشتە ١٠ شەهید و سەرکردایەتی گشتی یەکینەکانمان ئەو بەیاننامەیەی دەرکرد.

## بۆ میدیا و ڕای گشتی

سەرەتا سەری ڕێز و نەوازش بۆ گەورەیی شەهیدانمان دادەنوێنین؛ شەهیدانی بەرخۆدانی شنگاڵ ئەوانەی گیانی خۆیان بەختکرد لەپێناو پاراستنی گەلەکەیان و رزگارکردنیان لە چنگی ئەو کۆمەڵکوژیی و جینۆسایدەی بۆی بەجێ هێڵدران.

ئێمە وەك یەکینەکانی پاراستنی گەل؛ فەرماندە و شەڕڤان، لەسەر بەڵێنی خۆمان بووین و دەبین بۆ پاراستنی گەلی کوردستان و درێغی ناکەین لەهەر کۆششێك لەو پێناوە و ڕووبەڕوبوونەوەی دوژمنان لەهەرکوێ بن بەمەبەستی پاراستنی خاك و خەڵك و شەرەف.

هێرشە تیرۆریستییەکەی ئەو دواییەی رێکخراوی تیرۆریستی داعش کردیە سەر ژمارەیەك ناوچەی باشووری کوردستان؛ بەتایبەتی سەر قەزای شنگاڵ و دەوروبەری بەمەبەستی لەناوبردنی گەلی کوردی ڕەسەنی ئێزیدی بوو لەوێ. کاتێك گرووپە تیرۆریستییە بەکرێگیراوەکان هەموو ناوچە و ئەو خاڵانەیان بەئامانج گرت کە شنگاڵیان بە ناوچەکانی تری کوردستانەوە دەبەستەوە بەمەبەستی گەمارۆدان و کۆمەڵکوژی درندانە لە دژی کوردە ئێزیدییەکانی ئەوێ، پێویست بوو

ئێمە بەزووترین کات ڕێ لە جێ بەجێکردنی پیلانە گلاوەکەی داعش بگرین لە ئابلۆقە و گەمارۆدان و کۆمەڵکوژی. هێزەکانمان دەستیانکرد بە بەرخۆدانێکی مێژوویی بێ وێنە لەڕووی هێرشە دڕندانەکانی تیرۆریستە بەکرێگیراوەکان

هێزەکانمان توانیان دەیان هەزار کوردی ئێزیدی بگوازنەوە و بەسەلامەتی بیانگەیەننە ڕۆژئاوای کوردستان، هەروەها هێزەکانمان بە شەڕی سەخت و فیداکاری شەهیدان گەیشتنە چیای شنگاڵ و گوندەکانی بۆ پاراستنی خەڵکە گەمارۆدراوەکەی ئەوێ و گواستنەوەی منداڵ و گەورە و بەسالاچوو و ڕێکخستنی گەنجەکانیان لە ڕیزەکانی بەرخۆدان.

لەو بەرخۆدانەی هێزەکانمان بە هەموو قارەمانێتیەوە لە شنگاڵ و سنوونێ و ڕەبیعە نیشانیاندا، تیایدا ڕووبەڕووی تیرۆر بوونەوە و ڕێگریانکرد لە پێشڕەویی و شکستیان بە پیلانەکانیان هێنا لە شنگاڵ و کوردستان، لەو بەرخۆدانە ئەفسانەییە ١٠ لە باشترین قارەمانەکانمان گەیشتنە پلەی شەهیدبوون و نەمریی، بە خۆێنی پاکی خۆیان داستانی نەوەکانی دەرۆێشی عەفدی (عەبدی)و عەدولەی میللیان نوسییەوە، بە بەرخۆدان و خۆبەختکردنییان قارەمانێتی دەرۆێش و عشقە مەزنەکەی بۆ ئازادی نیشتمان و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنی داگیرکەریان زیندووکردەوە

ئەو ١٠ شەهیدەمان نوێنەرایەتی داستانی دەرۆێشی عەفدی دەکەن لە شنگاڵ، نوێنەرایەتی عشقی خاك و نیشتمان دەکەن، ئەوان بەدەنگ بانگەوازی دەرۆێشی بریندارەوە دێن بۆ برایەکانی، نوێنەرایەتی ڕەسەنایەتی عەدولە و سوارچاکیی دەکەن.

هەر شەهیدێك لە شەهیدانی بەرخۆدانی شنگاڵ نوێنەرایەتی خودی داستانەکە دەکات؛ ئەڤین، شۆڕش، سولاف، دلۆ، عەباس، روبار،

قەندیل، مەزڵوم، جودی و مەعسوم»[٢١]، جەستەی خۆیان کردە شووڕا و قەڵا لە دەورەی شنگاڵی پیرۆز، خوێنی خۆیان کردە پرد و ڕێگا بۆ ڕزگارکردنی برایەکانیان لە دۆزەخی تیرۆر، هەر شەهیدێك لە شەهیدانمان، شەهیدی بەرخۆدانی شنگاڵە و بە مۆنۆمێنتێك لە مۆنۆمێنتی قارەمانانی نەتەوەی دەروێشی عەفدیە.

ئێمە لە یەکینەکانی پاراستنی گەل بەڵێن بە گەلەکەمان دەدەین لەهەرکوێ بێت، لەپێناو پاراستنی کەرامەت و خاك و شەرەفیان شەڕ دەکەین، خۆمان بەخت دەکەین و بەنرختریـن شتەکانمان پێشکەش دەکەین، درێغی ناکەین لە پێشکەشکردنی گیانمان و بۆ چرکەساتێکیش دووڵ نابین لە بەرخۆدان لەپێناو ئازادی و بەرپەرچدانەوەی داگیرکەر و شکستپێهێنان و ڕاونانی تیرۆریستان. هەروەها بەڵێن بە هەموو شەهیدانی نەتەوەی مەزنی کورد و شەهیدانی بەرخۆدانی شنگاڵ دەدەین، کە لەسەر ڕێبازی نەوان و هەڵگری ئاڵای نەوان و وەفاداری یاد و یادەوەرییان دەبین، لەبەردەم گیانی پاکیان کڕنۆش دەبەین و تۆڵەی نەوان و هەموو بێتاوانێکی نەتەوەکەمان دەکەینەوە کە بە دەستی نەو دوژمنە ترسنۆکانە شەهید بوون

سەروەریی و نەمریی بۆ شەهیدان

شەهیدانی بەرخۆدانی شنگاڵ نەمر و زیندوون

سەرکردایەتی گشتی یەکینەکانی پاراستنی گەل

٢٠١٤/٨/٩

---

٢١- ناوەکان هی نەو شەڕفانانەن کە لە پێنج ڕۆژی یەکەمی بەرخۆدان شەهیدبوون، بەڵام لە ڕۆژ و مانگەکانی دوایی ژمارەی شەهیدانی ڕۆژئاڤا لە بەرەی شنگاڵ گەیستە ٨٠ شەهید، ناوەکانیان لە پاشکۆی کتێب لە لاپەڕەکانی کۆتایدا هەیە.

## هێزە کوردییە هاوبەشەکان

لە شنگاڵ چەندین پێکهاتەی سەربازی جیاجیا هەبوون، خۆجێی و کوردستانی، جگە لە یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ گرووپی جیاجیا و پەرش و بڵاویش هەبوون دەستیان بە چالاکی کردبوو لەناو ئێزیدییەکان، زۆربەی ئەوانە پاشماوەی لێژنە ناوچەییەکانی سەر بە حیزبە کوردییەکان بوون کە لە شنگاڵ کشانەوە و ئەوانەشیان لەگەڵ کەس و کاریان بۆ چارەنووسی خۆیان جێیانهێشتن، هەندێك لەوانە ناچاربوون چەك هەڵگرن و بەرگری لە کەس و کاری خۆیان بکەن. ئەو گرووپانە چالاك بوون، بەتایبەتی دوای دامەزراندنی یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ و گەیشتنی یەکینەکانی پاراستنی گەل بۆ شنگاڵ و گەیشتنی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، فەوجێکی سەربە پێشمەرگەش لەوێ بوون لەگەڵ گەریلاکان هاتنە ناوچەکە، بەو شێوەیە ئەو هێزانەی لەوێ بوون:

١- یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ (یەپەشە)

٢- یەکینەکانی پاراستنی گەل و یەکینەکانی پاراستنی ژنان، (یەپەگە و یەپەژە)

٣- هێزەکانی پاراستنی گەلی کوردستان و یەکینەکانی ژنی ئازاد، (هەپەگە و یەژە ستار)

٤- هێزەکانی پێشمەرگە (هێزەکانی ٨٠)

٥- گرووپە بچووکە ئێزیدییە پەرش و بڵاوەکان کە ژمارەیان کەمتربوو لە هێز و یەکەی سەربازی

ئەو هێزانە هەندێکجار هاوبەشی کاریاندەکرد و هەندێکجاریش بەجیا، بەڵام لەسەرەتادا تەواو هاوکاربوون، لە چەك و تەقەمەنی و خاڵە سەربازیی و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لەچوارچێوەی پلانە

هاوبەشەکاندا بووە. ئەو هێزانە لەسەر هێڵی جەزعە - شنگاڵ بلاودەبووە بۆ پاراستنی دەروازەکە. هەروەها لە ناوەندی شارۆچکەی سنوونێ و گوندەکانی کۆرسی و مەزارگەی شەرەفەدین[لە باکوری چیا و لەسەر لوتکەکانی چیا و لە هەندێك گوندی دەوروبەری چیا و دەوروبەری کامپی (سەردەشتە)[٢٢] بلاوبووبوونەوە بۆ پاراستنی ڕزگاربووەکان، ئەوە جگە لە جێگیرکردنی ئەو هێزانەش لەسەر ڕێگای چیا کە بە ناوەندی قەزای شنگاڵەوە دەبەسرێتەوە. ئەرکی سەرەکی ئەو هێزانە پاراستنی ئەوانەی لە چیا مابوون و پاراستنی مەزارگەکانی ئێزیدیی کە دەستی داعشییان پێنەگەیشتبوو، هەروەها هەوڵی ڕزگارکردنی هەندێك لەو دەربازبووانەی لە هەندێك گوند و دەشت مابوون.

## هەڵمەتی ڕزگارکردن

لە ڕۆژانی یەکەمی پێکهێنانی هێزی هاوبەشی کوردی و دوای ماوەیەکی کەم، ئەو هێزانە دەستیانکرد بە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی باکووری قەزای شنگاڵ لە سنوونێ ، ئەوە لە ڕۆژی ٩ی ئابی ٢٠١٤ بوو و ئۆپەراسیۆنەکە چەند ڕۆژێك بەردەوام بوو و لە ١٢ی ئابی ٢٠١٤ فەرماندەیی هاوبەشی هێزە کوردییەکان ئەو بەیاننامەیەی دەرکرد:

## بۆ میدیا و ڕای گشتی
## ڕاگەیەنراوێک لە فەرماندەیی هاوبەشی هێزەکانی کوردستان

دوای ئەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش توانی کۆنترۆڵی زۆربەی قەزای شنگاڵ بکات و هەڵمەتێکی درندانە بکاتە سەرگەلی کوردی ئاشتیخوازمان کە بەبێ پارێزگاری لەژێر ڕەحمەتی تیرۆر مانەوە؛

---

٢٢- سەردەشتێ، ناوچەیەکی تەختاییە لە لوتکەی چیای شنگاڵ و پشتێنەیەکی گرد و لوتکە دەوردراوە و کردوویەتی بە ناوچەیەکی پارێزراو، بووە پەناگەیەک بۆ ئێزیدییەکان کە لە کۆمەڵکوژی دەستی داعش هەڵاتبوون، لەوێ کۆبوونەوە و کامپێکی گەورەیان بۆ دروستکردن، دوایی کامپەکە گۆڕا بۆ چەندین کامپی تری جیاجیا لەسەر لوتکەی چیا، هەر کامپە سەربە لایەنێکی سیایەوە بوو.

هێزەکانمان لە چەندین بەرەوە بەگژ تیرۆریستانی داعشدا چوونەوە و قوربانی زۆریاندا تا توانییان کۆنترۆڵی تەواوی چیای شنگاڵ بکەن و شوێنێکی ئارام بۆ خەڵکە گەمارۆدراوەکەمان لە چیا دابین بکەن، بەڕاددەیەك هیچ بوونێکی تیرۆریستانی داعش لە چیای شنگاڵ نەماوە و بوونیان لە دەشت و گوندەکانی دەوروبەری قەزادا قەتیسکراوە، ئێمەش بەرپەرچی هەموو هێرشە تیرۆریستییەکانی چیا لە دژی گەلەکەمان دەدەینەوە کە پەنایان بردۆتە بەر ئەوێ و ڕێ لە پێشڕەوییان دەگرین..

ئەو هێزانەی لەژێر فەرماندەیی لیوای فەرماندەیی هاوبەشی هێزەکانی کوردستان (یەکینەکانی پاراستنی گەل، هێزەکانی پاراستنی گەل و یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ) توانیان دەیان هەزار کەس لە گەلەکەمان بگوازنەوە و بەسەلامەتی بیانگەیەننە ڕۆژئاوای کوردستان و هێشتاش پرۆسەی گواستنەوەیان بەردەوامە بە هەوڵ و کۆششی هێزە هاوبەشەکانمان و بەپاڵپشتی ڕاستەوخۆی حکومەتی کانتۆنی جەزیرە لە ڕۆژئاڤای کوردستان، سەبارەت بە ڕۆڵەکانی گەلەکەشمان کە لە چیا ماون، مەترسی جددی هەڕەشەی تیرۆریستانی داعش لەسەر ژیانیان نەماوە، بەڵام پێویستی زۆریان بە خۆراك و دەرمان و ئاوی خواردنەوە هەیە. هەتا ئێستا وەك پێویست خۆراکی تەواو نەگەیشتۆتە ناوچەکە، ئەو کەرەستانەش کە بە هێلیکۆپتەر خرانەخوارەوە، ئامانجی خۆیان نەپێکا و لە شتێکی ڕەمزی تێنەپەڕی و پێداویستییە سەرەکییەکانی ئەوانی دابین نەکرد.

بەرخۆدانی هێزە قارەمانەکانمان بەردەوامە لە بەرپەرچدانەوەی تیرۆریستانی داعش، گورزی باشمان لێ وەشاندوون و زیانی زۆرمان پێگەیاندوون، سەرەڕای نەبوونی پاڵپشتی سەربازی؛ بەڵام بەرخۆدانمان بەردەوامە دژی داعش لەسەر زەوی، بە تاتیبەتیش پاڵپشتی ئاسمانیی، هێرشە ئاسمانییەکان چالاك نەبوون و لە ڕاستیدا هێزێکی وێرانکەری ڕاستەقینەییان نەبووە و سنووردارببوو و کاریگەریشی نەبوو بۆ دەرکردنی

تیرۆریستانی داعش لە شنگاڵ و دەوروبەری، بۆ پارێزگاریکردن لە گیانی هاوڵاتییە گەمارۆدراوەکانی گوند و شارەدێکانی دەوروبەر؛ لەسەر هێزە نێودەوڵەتییەکان پێویستە هێرشە ئاسمانییەکانیان چڕتربکەن لەسەر بارەگا و شوێنی جێگیربوونی تیرۆریستانی داعش لە قەزای شنگاڵ و شارەدێکانی سنوونێ و رەبیعە.

داوا لە هەموو لایەنە پەیوەندیدار و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەکەین پەلەبکەن لە گەیاندنی خۆراك و دەرمان و ئاو بۆ چیای شنگاڵ و ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی هێزە هاوبەشە کوردییەکان، بۆ ئەوەی رێگری بکەین لە ڕووداتی کارەساتێکی مرۆیی کە هەڕمشە لە گەلەکەمان بکات لە چیای شنگاڵ، داوا لە رێکخراوە پزیشکی و فریاگوزارییەکان دەکەین بۆ ناردنی تیمی تەندروستی بۆ یارمەتیدانی نەخۆش و بریندار و تووشبوان لە چیای شنگاڵ.

فەرماندەیی هاوبەشی هێزەکانی کوردستان

٢٠١٤/٨/١٢

## شەڕی پڕۆپاگەندە

### " ئاگاداری: بڵاوبکەنەوە

بەکرێگیراوانی داعش بە بەرزکردنەوەی وێنەی سەرۆك ئۆجەلان بە شنگاڵدا دەسووڕێنەوە بۆ چەواشەکردنی خەڵك و دەرهێنانیان لە حەشارگە و پەلکێشکردنیان بۆ لای خۆیان و کوشتنیان. لە ٩ی ئاب ئەو هۆشدارییەمان بڵاوکردەوە و داوامان لە ڕادیۆکان کرد دووبارە بڵاوبکەنەوە، هەروەها ئاگاداری هەموو ئەو ئێزیدییانە بکەنەوە کە گیرپانخواردبوو و خۆیان حەشاردابوو لە دەشت و گوندە ئێزیدیە پەرت و بڵاوەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش؛ وەك چۆن داعش تێبینییان کردبوو گەریلاکان وێنەی سەرۆك ئۆجەلانیان بە ئوتۆمبێل و بەدەستەوەبوو کاتێك بەسەر بارەگا و خاڵە سەربازییەکانیاندا دەگەڕان؛ داعش درکیان بەوەکرد کە ئێزیدییەکان متمانە بە هێزە کوردییەکان دەکەن، بەتایبەتی ئەو گەریلایانەی تازە هاتبوون بۆ ڕزگارکردنیان؛ بەڵە چەند ڕۆژێك داعش هەمان شێوازیان بەکارهێنا، ئەوەش بە پۆشینی جل و بەرگی کوردی و بەرگی پێشمەرگە. لە ڕۆژی ٥ی ئابدا چالاکوانان سەبارەت بەو چەواشەکارییە هۆشداریان دابوو، داعش ئەو خاڵەیان قۆستەوە و دەستیانکرد بە پۆشینی بەرگی کوردی و هەندێکجار بە وێنەی سەرۆك ئۆجەلان بە ئوتۆمبێلەکانیانەوە لە گوندە چۆڵکراوە ئێزیدییەکاندا دەسووڕانەوە بەمەبەستی خەڵەتاندن و دەرهێنانی ئەو ئێزیدییانەی ڕزگاربووبوون و خۆیان حەشاردابوو. هەر کە زانیاریمان سەبارەت بەو مەسەلەیە پێگەیشت، خەڵکمان لێ هۆشیارکردنەوە بۆ ئەوەی نەکەونە ناو تەڵە فێڵبازەکەی داعش. هەرچەندە پیلانەکانی داعش بەوەندە نەوەستان، بەڵکو زۆرجار ئەو کەسایەتییە عەرەبانەیان بەکاردەهێنان کە پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ ئێزیدییەکان هەبوو بۆ ڕازیکردن و پەلکێشکردنیان بۆ ناو تەڵەکە؛ زۆر لەو ئێزیدییانەی هانایان بۆ گوندە عەرەبییەکانی دەوروبەری قەزای شنگاڵ یا موسڵ

بردبوو ڕادەستی داعش کرانەوە، بەڵام نابێ نکوڵی لەوەش بکەین کە زۆر لەو خێزانە عەرەبانە ئێزیدییەکانیان داڵدە و حەشاردان و هەموو هەوڵێکیاندا تا بیانگەیەننە ناوچە ئارامە کوردییەکان لە کوردستانی عێراق یا رۆژئاڤا، هەندێک لە برا عەرەبەکانیش هاوکاریان کردین لە ڕزگارکردنی زۆر لەو کچە کوردانەی داعش بەدیلی گرتبوون و گەیاندنیانە کوردستان..

## شەڕی پڕۆپاگەندەی کوردی

هەر کە نوخبە سیاسیی و میدیاییەکان لە شۆکی هێرشە لەناکاوەکانی داعش بۆ سەر شنگاڵ و ناوچەکانی تری کوردستان و لە نەبوونی هاودەنگیی سەربازیی لە خەندەکەکان و نەبوونی نزیکیی لە گوتاری سیاسی بەناگاهاتنەوە؛ زۆر لە کەسایەتی و دامەزراوە میدیاییەکان گەڕانەوە سەر خوو و نەریتی دیاری خۆیان لە پەلاماردانی ئەم و ئەو لایەنی کوردی و بلاوکردنەوەی پڕۆپاگەندەی درۆ و هاندان و کارکردن بۆ دروستکردنی لەمپەر لەنێوان خەڵک و ئەو لایەنە کوردییانەی لەیەک نزیکبوونەوە، (ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بووبێت).

هەڵمەتەکانی ناوزڕاندن و پڕۆپاگەندە و سووکایەتی پێکردن لەلایەن هەندێک کەسایەتی نەوەستا کە دەترسان و سەغڵەت بوون بەو نزیکیی و هاودەنگییە کوردییە سەربازیی و کۆمەڵایەتییە. ئەو لایەنانە نیشانەکانی یەکڕیزیی کوردی نێوان حیزبەکانی هەر چوار پارچەیان بۆ هەرس نەدەکرا، بەتایبەتی لەنێوان هێزە سەربازییەکانیان لە کەرکوک و شنگاڵ و مەخموور و چەند بەرەیەکی تر، ئەو لایەنانە دەستیانکرد بە بەکارهێنانی هەندێک کوردی قین لەدڵ و بەحیزبیکراو و بەکرێگیراو بۆ خستنەپاڵی تۆمەت لێرە و لەوێ. لەیەکەم ڕۆژەوە هەوڵماندا کراوە و ڕاستگۆبین لەگەڵ ڕای گشتی کوردی، گوتارەکەشمان گوتاری برایانەبێ، لەسەر بنەمای دۆستایەتی و یەکڕیزیی و خاڵە

هاوبەشەکان بخەینە پێش جیاوازییەکان، هەستیاری حیزبی و فکری و ناوچەگەرێتی و سەرکردایەتی جیاواز. لەبیرمە ئەوکاتە بانگەوازێکی کورتم خستە بەردەم ڕای گشتی و میدیای کوردی و گوتم:

'' ئەی برایانی کورد: تکاتان لێدەکەم ئەو شەڕە میدیایی و دەمەقاڵێ و باسە بێ بەرهەم و تانە و ناوزراندنە ڕاگرن، هەڵمەتی ناوزڕاندن دەرهەق بە برایانتان ڕاگرن و یەکگرن'' لەسەر هەمان گوتار و شێواز مامەوە تا کۆتایی، بەڵام دەنگەکانی تر بەهێزتر و کاریگەرتربوون، دەرکەوتنی میدیایی و هەمیشەییان هەبوو و گرووپی گەورە و شوێنکەوتەی خۆیان هەبوو''

## کەرەسەکانی پڕۆپاگەندەی دژبەر

''١- یەکینەکانی پاراستنی گەل نەچوونەتە ڕەبیعە و بوونیان نیە لەوێ لەنێوان پێشمەرگە.

''٢- یەکینەکانی پاراستن بەبێ ئاگاداری ئێمە چوونەتە ناو ڕەبیعە و مافی ئەوەیان نیە لەوێ بن''.

''٣-یەکینەکانی پاراستنی گەل بوونیان نیە لە شنگاڵ، ئەوان کەسیان لە ئێزیدییەکان ڕزگارنەکرد، بەڵکو ئێمە ڕزگارمان کردن''.

''٤- یەکینەکانی پاراستن ڕێ بە ئێزیدییەکان نادەن لە شنگاڵ دەرچن و بچنە ڕۆژئاڤا و ڕێگایان لێ دەگرن''.

''٥- یەکینەکانی پاراستن ئاڵا حیزبیەکانیان لەسەر مەزارگە و پەرستگای ئێزیدییەکان هەڵدەکەن و ئەوەش سووکایەتییە بە ئێزیدییەکانی شنگاڵ دەکرێت''.

''٦- ئەمەریکییەکان هەماهەنگی لەگەڵ یەکینەکان ناکەن و دانیشیان پێدانانێن''.

"٧- یەکینەکانی پاراستن گەنجە ئێزیدییەکان ناچاردەکەن لە ریزەکانیان چەکەلگرن و ناچاربیان دەکەن لە شنگاڵ شەڕبکەن.

٨- یەکینەکان و گەریلا رێگا نادەن ئەو ئێزیدییانەی لە چیای شنگاڵ ماون دەرچن و بچنە هەرێمی کوردستان و دەیانکەنە قەڵغانی مرۆیی".

"٩- یەکینەکان رێ لە بۆردومانی فڕۆکەکانی ئەمەریکی دەگرن لە شنگاڵ و ناوچەکانی تر".

"١٠- پێشمەرگە لە شنگاڵ هەڵاتن و بۆیان نیە بچنەوە شنگاڵ، ئێمە شنگاڵ دەپارێزین و بۆ ئێمەیە...)، لایەنەکەی تریش وەڵامی دەدانەوە: ‹› ئێمە لە شنگاڵ هەڵنەهاتووین، ئەوە پاشەکشێیەکی تاکتیکی بوو".

ئەو دەنگۆ و سووکایەتییەی لایەنەکان لێرە و لەوێ بەردەوام بوو، لەگەڵ هاتنە سەرهێڵی هێزەکانی ئەمەریکا و بەئێودەوڵەتیکردنی کارەساتی ئێزیدییەکان؛ دەنگۆکانیش زیاتربوون، خۆشبەختانە مەسەلەکە لەئێوان بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ راگەیاندکار و چالاکوان و هەندێك لە سیاسی دۆڕاو و پاشکۆیانی دەزگا هەواڵگرییە هەرێمییەکان قەتیس بووبوو، بەڵام لە بەرەکانی شەڕ و لەئێوان چەکدار و ئەفسەرەکان مەسەلەکە جیاوازبوو، مەترسییەکە بەبێ جیاوازی هەمووانی گرتبووەوە، تۆپ و گوللەی تیرۆریستان و تەقینەوەکانیان جیاوازی نێوان پێشمەرگە و گەریلا و یەپەگە و یەپەژە و ئەوانەی تری نەدەکرد.

بەڵام پێویستە ئەوە بڵێین ئەو ململانێ و دەنگۆ و هەڵمەتە میدیایانە بەخێرایی کاریگەری خۆیان لەسەر کۆمەڵگەی ئێزیدی جێهێشت، بەو شێوەیە ئێزیدییەکان لەئێوان ئەم و ئەو پەرت بوون، هەندێکیان شارەزایی پەتپەتێنیان هەبوو، وەك (ساوێك)مشار وابوون، بە هاتن و چوون لێی دەخواردن. بەگشتی ئەو هەڵمەت و دەنگۆیانە لەو قۆناغە

ناسکەی مێژووی گەلی کورد مایەی شەرم و زیانبەخشی بوو و لە ئاست ئەو خوێنە ڕژاوەی کورد و قوربانیدانی سەربازی و مەترسییە گەورانە نەبوو کە ڕوویان لە میللەت کردبوو.

## کۆمەڵکوژی کوجۆ

گوند یا ئۆردوگای کوجۆ دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژئاوای قەزای شنگاڵ و نزیکەی ٢٣ کم لێیەوە دوورە، لە قەزای بەعاج نزیکە کە زۆرینەی عەرەبی سوننەیە. کاتێک داعش بەهاوکاری هۆزە عەرەبە دراوسێکانی لە دووەم و سێیەمی مانگی ئاب هێرشیان کردە سەر شنگاڵ و هێزی پێشمەرگەش هەڵاتن بەبێ هیچ بەرگرییەک بۆ پاراستنی ئەو ئێزیدییانەی سەدانیان لێ بەدیل گیران و لێ کوژران، زۆرترین گوند و کۆمەڵگاکانی باشووری قەزای شنگاڵ ڕووبەرووی کۆمەڵکوژی بوونەوە، بەتایبەتی ئەوانەی نەیانتوانی بەرەو هەرێمی کوردستان یا ڕۆژئاڤا بکشێنەوە، وەک چۆن ئێزیدییەکانی دانیشتووی بەشی باکووری قەزای شنگاڵ کردیان.

هەزاران ئێزیدی لە باشووری شنگاڵ پەنایان بردە بەر چیا، بەڵام هەموویان نەگەیشتنە شوێنی سەلامەت لەوێ، بۆیە کەوتنە ژێر گەمارۆی تیرۆریستانی داعش، هەندێکیان کوژران و هەندێکیش بەدیل گیران. کۆمەڵکوژی و ڕاونانی یەکەم لەلایەن تیرۆریستانی داعش لە سەرەتای ڕۆژانی داگیرکردنەکەی شنگاڵ ڕوویدا؛ واتە لە ڕۆژانی ٢ و ٣ تا ٧ی مانگی ئاب، بەڵام دۆخی هەندێک لەو گوندانەی زۆربەی خەڵکەکەیان نەیانتوانی هەڵبێن و خۆیان ڕزگاربکەن جیاوازبوو، بە گەمارۆدانی گوندەکانیان لەلایەن داعش و ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی تووشی هێدمەبوون؛ وەک لە گوندی تەل عەزیز ڕویدا؛ کاتێک یەکەم ڕۆژ تیرۆریستان چوونە ناو گوندەکەیان؛ هاوڵاتییان بەرەو چیا هەڵاتن، بەڵام زۆرینەیان نەیانتوانی بگەنە چیا و گەمارۆدران، پیاو و

بەسالاچووەکانیان کوشتن و ژنەکانیشیان بەدیل گرتن بەرەو بەعاج و موسڵیان بردن.

مەسەلەکە لە کوجۆ جیاواز بوو، دوو هەفتەبوو گوندەکە گەمارۆدرابوو، هاوڵاتیان بەهەموو ڕێگایەک هەوڵیان دەدا پارێزگاری لە ژیانی خۆیان بکەن، هەموو بانگەوازەکانی فریاکەوتن سوودیان نەبوو؛ حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق گوێیان لە بانگەوازەکانیان نەگرت، لەهەمان کاتیش هێزە کوردییەکانی لە چیای شنگاڵ بوون نەیانتوانی هیچ ڕێگایەک ببڕن تا بگەنە کوجۆی دوور لە چیا و گەمارۆدراو لە هەموو لایەکەوە.

ڕێکخراوی داعش لەڕێی هەندێک لە کەسایەتی عەرەبی ناوچەکە هەوڵی فریودانی خەڵکە گیرخواردووەکەی گوندیدا، ئەوەش بە بەڵێن پێدان کە نەیانکوژن بە مەرجێک واز لە ئایینی خۆیان بهێنن و ببنە موسڵمان، بەڵام خەڵکەکە ئەوەیان ڕتکردەوە، بەگوێرەی گوتەی رزگاربووانی گوندی کۆجۆ یەکێک بەناوی ئەبو حەمزە ئەلخاتوون ئەمیری داعش سەرپەرشتیاری کاروباری ئەو گوندانە بوو و خەڵکی ناچاردەکرد چەکەکانیان کۆبکەنەوە و رادەستی تیرۆریستانی بکەن، ماوەیەکی بۆ دیارکردن تا موسڵمانبوونی خۆیانی ڕابگەیەنن، یا ڕەوانەی چیایان دەکات، دوای ڕەتکردنەوەی یەکجارەکی ئێزیدییەکانی گوندی کۆجۆ بۆ موسڵمانبوون؛ هەموویان لە خوێندگاکەی گوند کۆکردنەوە و ژنیان لە پیاوان جیاکردنەوە، بەبیانووی ڕەوانەکردنی پیاوان بۆ چیا، بە ڕیز لە بناری چیا ریزیان کردن و گوللەبارانیان کردن بۆ ئەوەی کەسیان بە زیندوویی نەمێنێتەوە، دواتر کۆمەڵێکی تری گوندنشینەکانیان بۆ لایەکی تری گوند گواستنەوە، لە هەمان پرۆسەی درندانە بەشێوەیەکی مەیدانی خەڵکی بێتاوان و بێ چەک لە گەنج و پیاوە بەتەمەن و کەنەفتەکانیان گوللەبارانکردن.

گوللەبارانکردنی مەیدانی بەردەوام بوو تا ئێوارەی رۆژی ١٥ی مانگی ئاب، کە زۆربەی پیاوانی گوندی تێدا کوژران و بریندار‌بوون، کج و ژنە گەنجەکان وەک کۆیلە گوازرانەوە موسڵ، لەنێوان ئەو ژنە گەنجە ئێزیدییانە کچە تەمەن نۆزدە بەهارییەکە نادیە موراد[٢٣] بوو کە توانی دوای چەند مانگێک لە دیلێتی لە موسڵ هەڵبێت. نادیە تووشی دەستدرێژی سێکسی و کۆیلێتی سێکسی و ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی بووبوو، بەڵام توانی لە موسڵ هەڵبێت و دواییش بگاتە ئەڵمانیا.

هەندێک لەو پیاوانەش کە چەندین بڕین لە جەستەیان بوو بەڵام هێشتا زیندووبوون، بۆ ماوەی چەند رۆژێک بەردەوام لە گوند و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش بە تینوێتی و برسێتی و بریندارى بەپێ رۆیشتن، تا گەیشتنە لوتکەی چیای شنگاڵ، لەوێشەوە پەڕینەوە رۆژئاڤا.

رۆژانی ١٥ و ١٦ی مانگی ئاب بۆ خەڵکی گوندی کۆجۆ و گوندەکانی ئێزیدییان بەمانای وشە کارەسات و مەرگەسات بوو، تەنها لە گوندی کۆجۆ هەزار کەس لە ژن و پیاو کوژران و بە کۆیلەکران. هەندێک لە خێزانەکان بەتەواوی لەناوبران و یەک کەسیان رزگارنەبوو. تیرۆیستانی داعش سەدان کەسیان لە خەڵکی کۆجۆ و گوندەکانی تری ئێزیدییان بەشێوەیەکی هەرەمەکی لە گۆڕی بەکۆمەڵ ناشت؛ زەویان هەڵدەکەند و تەرمەکانیان فڕێ دەدان و خۆڵیان بەسەردادەکردن، دەیان گۆڕی بە کۆمەڵ لە دەوروبەری شنگاڵ هەبوون، وەک بڵێی داعش رەفتاری سەرۆکە نەتەوەییەکەیان (سەدام حوسێن) دووبارەدەکەنەوە کە قێزەوەنترین تاوانی بەرانبەر گەلی کورد کرد لەژێر ناوی (هەڵمەتەکانی ئەنفال)، کاتێک (فەوجەکانی مەرگ)ی بەعسی سەدامیی خەڵکی گوندە

٢٣- نادیە موراد باسی تەها لەدایکبووی ١٩٩٣، ئێجا لە ساڵی ٢٠١٦ وەک باڵێوزی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیازپاکیی دەستنیشانکرا. خەڵاتی نۆبڵی ناستی لە ٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٨ پی بەخشرا

کوردییەکانیان کۆدەکردنەوە و پیاویان لە ژن و منداڵ جیادەکردنەوە و بە بارهەڵگری سەربازی دەیانگواستنەوە بیابانە دوورەدەستەکانی رەمادی و ئەنبار، لەوێش گرووپە بەعسیەکان گۆڕ و خەندەکیان هەڵکەندبوون بۆ ئەوەی ژن و منداڵ و پیاوان فڕێ بدەنە ئەو چاڵانە و هەموویان بە نارنجۆکی دەستی و گوللە بکوژن، دواتریش بە بوڵدۆزەر خۆڵیان بەسەردابکەن، ئەوەی بە گوللە و نارنجۆکیش نەمردبێ بە خۆڵ بخنکێ. بەعسیەکان بەوشێوەیە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لەنێوان ساڵانی ١٩٨٦-١٩٨٩ەزەفتاریان لەگەڵ گەلی کورد کرد.

داعشەکان کە زۆربەیان پاشماوەی سەدامی و شۆڤێنیە بەعسییەکانی هاوپەیمانی تیرۆریستی قاعیدە بوون، شوێن پێی سیمبوڵی سەرۆکە پاڵەوانەکەیان سەدام حوسێنیان هەڵگرتبوو، هەمان تاوان و درندەییان لە عێراق و سوریا دەرهەق بە گەلی کورد دەکرد. شەڕی داعش تەنها شەڕێکی ئایینی نەبوو، بەڵکو لە هەمان کات شەڕی ناسیۆنالیزمی توندڕەوی عەرەبی بوو دژی نەتەوەکانی تر، لەپێش هەموویان گەلی کورد، بۆیە هەڵس و کەوتی داعش لەبەرانبەر کورد لەوپەڕی درندایەتیی و ساددییەتدا بوو، ئەندامانی داعش جگە لە کوڕانی هۆزە سوننەکانی دەوروبەری موسڵ کەسی تر نەبوون، بەگوێرەی گوتەی زۆر لە رزگاربووەکان؛ ئەو داعشانەی هێرشیان کردە سەر ئێزیدییەکان و بەتایبەتی گوندی کۆجۆ لە هۆزەکانی گوندە عەرەبییەکانی دەوروبەر بوون، وەك ‹›عەرەبی متیوتە و خاتوونییە و کیجلا و عەگیدات...''

هەموو چیرۆکەکانی کۆمەڵکوژی و هەڵاتن و بەکۆیلەکردن و ئەشکەنجەمان لە دەمی رزگاربووانەوە دەبیست کە بەزۆر توانیبوویان بگەنە ناوچەکانمان لە چیا یا رۆژئاڤا، چیرۆکەکان ئازاری دڵیان دەدا و گریان لە رۆح بەردەداین، هەتا زیاتر گوێمان لە چیرۆکی رزگاربووەکان دەگرت، زیاتر پابەند دەبووین بە بژاردەی بەرخۆدان و پشتنەکردن لە خەڵك تا کۆتایی، هەرچی رووبدات، لەوەش گرنگتر بەجێنەهێشتنی

خەڵکی شنگاڵ لەژێر هەر هەلومەرجێك بێ و پارێزگاریكردن لە دەروازە مرۆییەكەی نیوان شنگاڵ و رۆژئاڤا و دابینكردنی هەموو هاوكارییەك بۆ رزگاربووەكان و كردنەوەی باوەش و پێشكەشكردنی هەموو جۆرەكانی هاوكاری و خۆشەویستییەك بۆیان

## دیسان جەزعە

سەرەڕای هەموو هەوڵەكانی داعش بۆ داگیركردنی خاكی رۆژئاڤا؛ لە خاكی هەرێمی كوردستانی عێراقەوە؛ یەكینەكانمان قارەمانانە بەرپەرچی ئەو هێرشانەیان دایەوە كە تیرۆریستان بەدرێژایی سنوور دەیانكرد و دوای شكستی داعش لە كۆنترۆڵكردنی تەواوی شاری حەسەكە و دووبارەكردنەوەی سیناریۆی موسڵ و دوای شكستی گەورەیان لە كۆنترۆڵكردنی تەواوی قەزای شنگاڵ و بەتایبەتی شكستیان لە داگیركردنی چیا و لەناوبردنی ئەو ئێزیدییانەی مابوون، لەبەر هەموو ئەو هۆیانە تیرۆریستانی داعش لە كەلێنێك دەگەڕان بۆ لێدانی هێزەكانمان و خنكاندنی رۆژئاڤا و بڕینی شادەماری ژیان لەگەڵ شنگاڵ.

ئەو هۆیانە داعشیان هاندا بۆ كۆكردنەوەی هێزێكی زۆر، لە سوریا و عێراقەوە تیرۆریستی زۆر بە ئوتۆمبێل هاتن، لە رەقە و حەسەكە و دیرزۆر و شەدادی و موسڵ، لەگەڵ دەیان لە خۆكوژ و قەناس بەدەست و ئەمیرەكانیان جبەخانەی زەبەلاح و گران و زرێپۆش و دەبابە كە لە موسڵ و رەقە و ئەو شوێنانەی تری داگیریانكردبوو، دەستیان بەسەرداگرتبوو، رێكخراوی تیرۆریستی داعش بەهەموو هێزیانەوە لە ١٩ی ئابی ٢٠١٤هێرشیانكردە سەر شارۆچكەی جەزعە.

## بۆچی دیسان جەزعە؟

هەمووجار تیرۆر شارۆچكەی جەزعەی دووردەدەست و فەرامۆشكراوی بە ئامانج دەگرت، هۆكارە سەرەكییەكانی پشت ئەو هەموو بەئامانجگرتنەی شارۆچكەی جەزعە چین و كۆكردنەوەی ئەو هەموو

هێـزه بـۆ داگیرکردنـی، بۆچـی؟

هۆکاری زۆر هەبـوو، لێـره هەندێکیان وەك نموونـه بـاس دەکەیـن، بـەڵام سـنووردارنەکراوە (هـەر ئەوەنـده نیـه).

١- بەمەبەسـتی بڕینـی شـادەماری ژیـان لەنێـوان رۆژئاڤـا و شـنگاڵ، ئەگـەر جەزعـه بکەوێـت، هیـچ خاڵێکـی نزیـك لەژێـر دەسـەڵاتی یەکینەکانمـان نامێنـێ تـا بتوانیـن بکەینـه خاڵـی دەسـتپێك بـۆ کردنـەوەی دەروازەیەکـی مرۆیـی و سـەربازی لەنێـوان رۆژئاڤـا و شـنگاڵ.

٢- خنکاندنـی ئێزیدییـەکان و هێـزه کوردییـەکان لـه شـنگاڵ و بڕینـی هـاوکاری ژیانـی و سـەربازی لەسـەریان و لەناوبردنیـان، ئـەوکات هیـچ ڕێگایـەك بـۆ ڕزگاربـوون نابـێ لەبـەردەم شـنگاڵییەکان و هێـزه کوردییـەکان

٣- کردنـەوەی بەرەیەکـی شـەڕ لـه باشـوور دژی رۆژئاڤـا بـۆ بەهێزکردنـی بـەرەی شـەڕ لـه رۆژهـەڵات لەنـاو خاکـی عێـراق و دواتـر بەئامانجگرتنـی تـەل کۆچـەر، لەوێشـەوە بـەرەو ڕومـێلان و دێریـك و گرکـی لەگـی و شـار و شـارۆچکەکانی تـری جەزیـره و داگیرکردنـی هەموویـان.

٤- دابڕینـی میحـوەری یەکینـەکان لـه حەسـەکه و شـنگاڵ- تـەل کۆچـەر، تـا لـەلای رۆژهـەڵات و باکـوورەوە بسـووڕێنەوە بـۆ حەسـەکه و بڕینـی ئـەو هاوکارییانـەی لـه قامشـلو و ئامـودەوە دەهاتـن، ئـەوەش ئاسـانکاری دەکات بـۆ داعـش لـه داگیرکردنـی حەسـەکه.

٥- جەزعـه بـووە خـەم و حەسـرەت لـه قـوڕگ و دڵـی داعشـدا، کاتێـك لەڕابـردوو ئـەو هەمـوو زیانـه گەورەیـان پێگەیشـت لـه هەوڵـی داگیرکردنـی شـارۆچکەکه، ئەوکاتـه جەزعـه بـووە گۆڕسـتانی ئەمیرەکانـی داعـش، بـه هەمـوو مانـا و ڕاسـتییەکان، داعـش هەوڵـی دەدا تۆڵـه لـه هێزەکانمـان بکاتـەوە.

لەبـەر هەمـوو ئـەو هۆکارانـە و هـۆکاری تـر؛ لـە شـارۆچکەی (هـۆل)ی باشـووری جەزعـە هێرشـەکانی داعـش دەستـپێکرد، لـە یـەک کاتـدا لـە ٦ میحـوەری جیـاوە و بـە بەکارهێنانـی هەمـوو جـۆرە چـەک و کەرەسـتە و تاکتیکێـک.

## ١٤٠ کوژراو لە داعش

داعـش وەک ڕەوە کوللـە پەلامـاری شـارۆچکەی جەزعەیانـدا و ئـەوەش تونـدوتیژترین پێکدادان بوون لە مێژووی شەڕی ئێمە لەگەڵ تیرۆریستان. زۆرجـار پێکدادانـەکان لـە ژوورەکانـی ماڵێکـدا دەبـوون، زۆرجاریـش داعـش دەچوونـە نـاو خوێنـدگای شـارۆچکەکە و شەڕفانەکانیشـمان لەسـەربانەوە شـەڕیان دەکـرد، زۆرجاریـش داعـش پەلامـاری ئـەو تـاوەرەی ئـاوی شـارۆچکەکەیاندەدا کـە شـەڕفان و قەناسـەکانی لـێ دامەزرابـوون، داعـش بـە چەندیـن شـێواز هەوڵـی تەقاندنـەوەی ئـەو تاوەرەیـان دەدا لـە ڕێگـای ئوتۆمبێلـی بۆمبڕێژکـراو و پشـدێنی بۆمبڕێژکـراوی ئەندامەکانیـان.

داعـش چەکـدار و چـەک و تەقەمەنـی زۆری لـەوێ هەبـوو، چونکـە ئـەوان چاویـان لەوەبـوو بەهـەر نرخێـک بـێ شـارۆچکەکە داگیربکـەن، گرنـگ نیـە چەنـد قوربانـی بـە گیانـی تیرۆریسـتان و چـەک و تەقەمەنییـان دەدەن، بـەڵام بارودۆخـی ئێمـە جیـاواز بـوو، ئێمـە بـە هەمـوو شـێواز و توانایەکمـان هەوڵـی پاراسـتنی گیانـی شـەڕفانانی خۆمـان دەدا، پشتیشـمان بـە پاشـەکەوتکردنی زۆرتریـن بـڕ لـە چـەک و تەقەمەنـی دەبەسـت و خۆڤایمکرنەکانیشـمان باشـبوون. لـە بـەرواری نێـوان ١٩ تـا ٢١ی ئـاب، توانیمـان زیاتـر لـە ١٤٠ داعـش بکوژیـن، لەناویانـدا زۆر لـە فەرمانـدە و سـەرکردە و ئەمیـر هەبـوو، یەکێکیـان فرۆکەوانێکـی پێشـووی ئەردەنـی بوو»ئەحمـەد عەتاللـە ئەلمەجالییـە» ناسـراو بـە (ئەبـو ئەلعادیـات ئەلکەرکـی).

هەمـوو ئـەو زیانـە گەورانـە وایـان لـە داعـش نەکـرد پاشەکشـێ

بـکات، بەڵکـو هێرشـەکانیان زیاتـر بـوون و هێـز و چەکـی تریـان لـە ناوچەکانـی تریـش کێشـایەوە و هێنایـان، شـەڕەکە بـە بـێ وەسـتان لەوپـەڕی سـەختیدابوو تـەواوی گوندەکانـی دەوروبـەری شـارۆچکەکە چۆڵ بـوون، هەمـوو لایەنگرانـی داعـش چوونـە باشـوور بـۆ ناوچانەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی تیرۆریسـتان، بـەڵام ئـەو هاوڵاتییـە کـورد و عەرەبانـەی داعشیان ڕەتدەکـردەوە، بـەرەو ناوچەکانـی ئێمـە هاتن. داعـش ماوەیـەک لەمەوبـەر هەمـوو گوندەکانـی دەوروبـەری شارۆچکەی جەزعـەی گرتبـوو و شـەڕەکانیش لەنـاو شـارۆچکەکە ڕوویـان دەدا، سـەختی شـەڕەکان شارۆچکەکەی وێـران کردبـوو، تەنها یـەک ڕێگاش هەبـوو بـۆ بەسـتنەوەی ناوچەکانمـان بـە یەکینـە شـەڕکەرەکانمان لەنـاو شـارۆچکەکە.

## کەمی چەک و تەقەمەنی

لـە زۆرتریـن ئـەو کێشـانەی کـە تەنگیـان پـێ هەڵدەچنیـن و دەبوونـە ڕێگـر لـە یەکلاکردنـەوەی ڕاستەوخۆی شـەڕ، نەبوونـی چەکـی قـورس و تەقەمەنـی بـوو، لەبنەڕەتـدا بەدەسـت کەمـی چەکـی قـورس و زرێپـۆش و دەبابـە و تەقەمەنـی شـەڕ وەک نارنجـۆک و هـاوەن و ئـاڕ پـی جـی و تەنانـەت گوللـەی دۆشکە و ڕەشاشـی مـام ناوەندیشـەوە گرفتاربووین، جگە لـە شـەڕی میحـوەرە فراوانەکانمـان بەدرێژایـی و پانایی ڕۆژئاڤا و سـنووری عێـراق و نـاوەوەی شـنگاڵ لـە دژی داعـش و جەبهـەی نوسـرە و ڕێکخـراوە ئیسلامییـە تونـدڕەوەکانیـش، ئێمـە شـەڕی بەرەیەکی تریشمان دەکـرد کـە هیچـی کـەم نەبـوو لـە بـەرەی یەکـەم، ئـەو میحـوەرە بـەردەوام هەمـوو پێداویسـتییەکانی بەرگـری و شـەڕی لـە چـەک و تەقەمەنـی بـۆ بەرەکـەی تـری دابیـن دەکـرد، کەسـمان نەهێشـت چەکـی لـێ نەکرپـن، پڕۆسـەی قاچاخچێتـی چـەک لەلایـەن بازرگانانـی چـەک و شـەڕ لـە ناوچەکانمـان بـەردەوام بـوو، بـە بەرزتریـن نـرخ چەکیـان پـێ دەفرۆشـتین

بـاش لەبیرمـە نەوکاتـە نارنجۆکـی دەسـتی و تـۆپ و ئارپـی جیەکانمـان

لێ تەواو دەبووین، لەژێر فەرمانی سەرکردایەتیمان بەرەو کەرکوك یا ئەو ناوچانە دەچوین کە بازاڕی چەك و زەخیرەی زۆر بوو، بڕێکی دیاریکراومان لە نارنجۆك و فیشەك و بۆمب دەکڕی و بەخێرایی و لەڕێی هەندێك لە هاوڕێیانمان دەمانگواستەوە رۆژئاڤا و لەوێشەوە راستەوخۆ بۆ بەرەی جەزعە، بۆ ئەوەی شەڕڤانەکانمان بۆ چەند کاتژمێرێك یا تەنها بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی هێرشبەرانە بەکاربێنن، بۆمب بۆمب، فیشەك فیشەك، تفەنگ تفەنگمان بە نرخێکی خەیاڵی دە قات زیاتر لە نرخی خۆی دەکڕی، بازرگانەکان پێویستی ئێمەیان دەقۆستەوە و بەنرخێکی زۆر گران پێیان دەفرۆشتین، ناچاربووین هەر شتێك بکڕین کە بتوانین لەو بەرخۆدانە بەکاری بێنین کە وەك مەرگ و ژیان بوو بۆ شنگاڵ بە پلەی یەك. لەو کاتانەدا پێکدادانەکان لەوپەڕی سەختیدابوون لە شنگاڵ و لە هەردووك دیوی دەروازە مرۆییەکە لەنێوان شنگاڵ و رۆژئاڤا، لەهەمانکاتیشدا شەڕێکی توند لە بەرەی باشووری سەرێ کانی و کۆبانێ هەبوو.

## دژەهێرش بۆ سەر داعش

دوای پتر لە ١٠ رۆژ لە شەڕی سەخت لەناو جەرگەی شارۆچکەی جەزعە و دەوروبەری و هێنانی هاوکاری زیاتری مرۆیی و سەربازی لەلایەن داعشەوە لە هەموو ناوچەکانی تر بۆ جەزعە و بەهۆی سەختی شەڕ و بۆردومانی درندانەی تیرۆریستان و بەرپەرچدانەوەی تێکڕای ئەو هێرشانە لەلایەن یەکینەکانمانەوە؛ شارۆچکەی جەزعە وێران بوو. فەرماندەیی گشتی ئێمە و فەرماندە مەیدانییەکانی تری بەرەی جەزعە بڕیاریاندا هەڵمەتێکی گەورەی بروسك ئاسا بکەن بۆ پەکخستن و شکستپێهێنانی داعش. چونکە دڵنیابووین لەوەی هێشتنەوەی شەڕەکان لەناو شارۆچکەکە هیچ سوودێکی نابێ و تیرۆریستەکانیش واز لە هێرشەکانییان ناهێنن هەتا ئەو چەك و تەقەمەنی و جبەخانە و هەزاران داعشە تینوە بە مەرگ و چێژوەرگر لە سێکس و خۆشییەکانی

٧٢ حۆرییان هەبێ، بۆیە هەر دەبوا شەڕەکە یەکلابکرێتەوە و زیاتر درێژەی پێ نەدرێت، بەتایبەتی کە ڕێگای شنگاڵ بەتەواوەتی داخرا و بارودۆخیش لە چیا سەختتر دەبوو، پێویست بوو پەلەبکرێ لە کردنەوەی ڕێگا و گەیاندنی هاوکاری بۆ شنگاڵ، بەزووترین کات.

شەوی ٢٩/٢٨ی مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٤ هێزەکانمان هێرشێکی بروسک ئاسایان بۆ سەر دەوروبەری جەزعەی ژێردەسەڵاتی تیرۆریستانی داعش دەستپێکرد. یەکینەکانمان شێوازی شەڕی پارتیزانی و هێرشی خێرای شەوانەیان بەکارهێنا، لەڕێگای دزەکردن بۆ نزیکترین خاڵی پێکدادانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تیرۆریستان و لەناوبردنیان پێش ئەوەی هەست بە هێرشەکە بکەن و داوای لەهاناوەچوونی تیرۆریستانی تر بکەن، هەروەها پێویست بوو هێرشە خێراکان هاوکاتبن و دانانی بۆسەی تۆکمە لە چەندین ڕێگا کە لەوانەیە داعش بەوێدا بڕوات..

پلانەکە تۆکمەبوو، لە درەنگانی شەوی ٢٨ی ئاب و سەرەتای شەوی ٢٩ی ئابی ٢٠١٤ دەستیپێکرد؛ لە کاتژمێرەکانی سەرەتای ئەو هەڵمەتە سەربازییە یەکینەکانمان توانیان کۆنترۆڵی هێڵی گەیاندنی عەرجە و جەزعە بکەن و گوندی کاخورتی و پێنج کێڵگەی نێوان ناوچەکانی جەزعە و عەرجە ڕزگاربکەن. لەو هەنگاوەی یەکەم ٣٠ چەکداری تیرۆریست کوژران و دەستگیرا بەسەر چەک و ئوتۆمبێلە سەربازییەکانیان، چالاکییەکە خێرابوو و زۆری نەخایاند.

لەوکاتەدا کۆمەڵێک تیرۆریست بۆ پشتیوانی هێزەکانیان هاتن کە بنکەکانیانمان کۆنترۆڵ کردبوو، بەڵام گروپەکانی بۆسە بۆیان لەسێرە دانیشتبوون، توانیان ٤ ئامێری سەربازییان تێکبشکێنن، یەکێکیان دۆشکەیەکی لەسەربوو و کوشتنی هەرچی لەو ئوتۆمبێلانەدا بوو. بەو شێوەیە پلانەکە سەرکەوت و بۆسە تۆکمەکەش کاریگەری هەبوو لە ڕێگری لە گەیشتنی هەر پشتیوانییەک بۆ شوێنی شەڕەکە. بەرەبەیانی

رۆژی ٢٩ی ئاب داعش هەندێك لە سیخورەكانی خۆی نارد بۆ زانینی ئەنجامی شەڕەكانی شەوی پێشوو، ئەوانیش پێش ئەوەی بگەنە ناوچەكە كوژران و لاشەی تیرۆریستەكان و ئامێر و چەكەكانیان لە بەرەی شەڕدا بەجێمان.

لە ئێوارەی ٣٠ی ئاب، داعش بە مەبەستی كۆنترۆڵكردنەوە و وەرگرتنەوەی ئەو گوند و كێڵگانەی بەر لە دوو رۆژ لەدەستیدابوون؛ هێرشێكی تری بە ئوتۆمبێلی بۆمبڕێژكراوی كردە سەر ناوەندی شارۆچكەی جەزعە بۆ ئەوەی هێرشی یەكەمیان بە ئوتۆمبێلی بۆمبڕێژكراو بكەن، ئنجا هێرشی خۆكوژی بكەنە سەر بنكەكانمان، بەڵام پێش دەرچوونی ئوتۆمبێلە بۆمبڕێژكراوەكە، هێزەكانمان توانیان دەستنیشانی بكەن و لێیدەن و لەناو تیرۆرستەكاندا بیتەقێننەوە بەراست و بە چەپ لەدوای یەك هەڵدەوەران

دوای تەقینەوەی ئوتۆمبێلەكە بە تیرۆریستاندا لەناو جەزعە، ئنجا بۆ ٣ كاتژمێر شەڕی دەستەویەخە لە نێوان هەردوو لا لە خاڵی سفرەوە دەستی پێكرد، تا كاتژمێر ٦ی ئێوارە بەردەوام بوو٠ لەو شەڕە دەستەویەخەیە و لە ئەنجامی تەقینەوەی ئۆتومبێلە بۆمبڕێژكراوەكە ١٨ تیرۆریست كوژران، هەروەها شەڕفانێكمان پێكرا و بەهۆی سەختی برینەكەیەوە شەهیدبوو، دوای زیاتر لە ٣ كاتژمێر شەڕی سەخت؛ یەكینەكانمان شكستیان بە تیرۆریستان هێنا و ناچاریانكردن پاشەكشێ بكەن و هەڵبێن، بەوشێوەیە هێرشەكەشیان شكستی هێنا.

## هێرشێكی سەرتاسەری دەستپێكرد

دوای ئەوەی تیرۆریستانی داعش گوندی كاخورتی و پێنج كێڵگەكەیان لەدەستدا و دوای كەوتنی گرووپەكانیان بەسەر بۆسەكانی ئێمە و شكستی هێرشە هەمەلایەنەكەیان بۆ سەر ناوەندی شارۆچكەی جەزعە لە سەرلەنێوارەی ٣٠ی مانگی ئاب، هێزەكانمان هێرشیان دەستپێكرد،

بـێ نـەوەی دەرفەتـی هەناسـەدان لەبـەردەم تیرۆریسـتان بهێڵێنـەوە بـۆ ڕێکخسـتنەوەی ڕیزەکانیـان و گەیشـتنی هیـچ هاوکارییـەك پێیـان؛ یەکینەکانمـان هێرشـێکیان کردەسـەر سـایلۆی جەزعـەی پارێـزراو کـە بـۆ هـەردوولا زۆر گرنـگ بـوو، توانـرا جەزعـە و ٤ خاڵـی تـری زۆر بەهێـزی دەوروبـەری کۆنتـرۆڵ بکرێـن.

دوای نـەو هێرشـە سـەرکەوتووە بـۆ سـەر سـایلۆ و ٤ خاڵەکـە؛ هێرشـی بروسـك ئاسـای یەکینەکانمـان بـەردەوام بـوو بـۆ سـەر گوندەکانـی سـەفانی و عەکرەشـە و شـەڕ لەو دوو گونـدە بەردەوامبـوو بەدرێژایـی شـەوی ٣١/٣٠ی ئـاب، ئەنجامەکەشـی شـکانی داعـش و هەڵاتنیـان بـوو لـە بەرەبەیانـدا و لاشـەی کوژراوەکانیـان لـەدوای خۆیـان بەجێهێشـت..

## ئەنجامی هەڵمەتەکە

لـە بەرەبەیانـی ڕۆژی ٣١ی ئابـی ٢٠١٤، کۆتایـی هاتنـی شـەڕەکانی جەزعـە و شـکانی تیـرۆر لـەوێ و سـەرکەوتنی یەکینەکانـی پاراسـتنی گـەل بەسـەر تیـرۆریسـتان ڕاگەیەنرا٠ لە ماوەی دوو ڕۆژی هەڵمەتی بروسکئاسا بۆ سـەر داعـش، یەکینەکانمـان تیرۆریستانی داعشیان تێکشکاند و بەتەواوەتـی لـە شـارۆچکەی جەزعـە و گونـدەکانـی دەوروبـەری بـە دووری ٨ کیلۆمەتـر گونـد و بنکەکانیـان لـێ پاککردنـەوە، هەروەهـا کردنـەوەی دەروازەی نێـوان شـنگاڵ و ڕۆژئاڤا٠ لـەو ئۆپەراسـیۆنە یەکینەکانـی پاراسـتنی گـەل دەسـتیانگرت بەسـەر نـەو چـەك و تەقەمەنییانـە:

دۆشکە، بی کەی سی، کلاشینکۆف، دەزگای لاسلکی، بڕێکی زۆر لە فیشـەك و تەقەمەنـی و کەرەسـەی تەقینـەوە، ئوتۆمبێلـی سـەربازی، لـە هەمـوو ئەوانـەش گرنگتـر دووڕخسـتنەوەی تیرۆریسـتان بـۆ مەودایەکـی بـاش لـە دەروازەی شـنگاڵ-ڕۆژئاڤا، هەروەهـا کردنـەوەی دەروازەکـە لەبـەردەم هاوڵاتییـان و بریندارەکان بـۆ گەیاندنـی هاوکاری سـەربازی و کەرەسـتەی لۆجیسـتی٠ بەدرێژایـی نـەو شـەڕانەی لـە ١٩ی مانگـدا هەڵگیرسـا و تـا ٣١ی

ئاب بەردەوام بوو، ١٥ شەڕفان لە کچان و کوڕانی یەکینەکانمان لەو بەرخۆدانە قارەمانانەدا شەهیدبوون و ژمارەیەکی تریش بریندار بوون، لەنێو بریندارەکان فەرماندەی مەیدانی جەمشید ئۆسمان بوو.

## دەرئەنجامی مانگی ئاب، ئابی بەئازار

مانگی ئاب بۆ کورد بەگشتی و بۆ ئێزیدییەکان بەتایبەتی مانگێکی پڕ ئازار و ناخۆشی بوو، پڕبوو لە مەرگ و دیلێتی و هەڵاتن و کۆچکردن و جێهێشتنی گوند و ماڵ، منداڵ و شیرەخۆر لە برسان و تینوێتیان لە بڵێسەی دۆزەخی بیابانە وشکەکان گیانیان لەدەست دەدا.

تا گەیشتینە کۆتایی مانگی ئاب، زۆربەی گوندەکانی ئێزیدییان بەتەواوەتی چۆڵ بووبوون و سەدان هەزار لە ئێزیدییەکان بە دەروازەکەدا هەڵاتن بەرەو رۆژئاڤا، هەزارانیان لە کامپی نەورۆز مانەوە لە دێریک، زۆریشیان لە گوندەکانی جەزیرە لە رۆژئاڤا پەرتەوازەبوون، بەڵام بەشی زۆریان بەرەو زاخۆ و دهۆك چوون و ژمارەی ئەوانەش کە ولاتیان جێهێشت و چوونە ئەوروپا کەم نەبوو، خەڵکی شنگاڵ تەواو چۆڵیانکرد.

لەو کۆمەڵکوژییەی رێکخراوی تیرۆریستی داعشی ئەنجامیدا، پتر لە ٥ هەزار هاوڵاتی گیانیان لەدەستدا و پتر لە ٦ هەزار ژن و منداڵ و پیاو ڕفێنران، بە کۆیلەکران و وەك لە بازاڕی شارە عەرەبیە سونەکان لە موسڵ و رەققە و دێرزۆر فرۆشران، جگە لەوەی دواییش منداڵەکانیان بەزۆر لە ریزەکانی داعش بەناوی (بەچکەشێرانی خەلافەت) چەکدارکردن.

پتر لە ١٠ هەزار ئێزیدی لە چیا مانەوە و مانەومیان لە بەرزایی چیا بەلاوە باشتربوو نەك کۆچ بکەن و زێدیان جێبهێڵن، ئەوانە گەمارۆدرابوون و بەحاڵ ناوەناوە پێداویستی لۆجیستی و پزیشکیان

لە رۆژئاڤاوە لە رێگای هێلیکۆپتەری سەربازییەوە بەدەست دەگەیشت.

یەکینەکانی پاراستنی گەل یەکەمین هێزی سەربازی بوون گەیشتنە شنگاڵ و دەروازەی مرۆییان بۆ ئێزیدییەکان کردەوە، یەکینەکان گەیشتنە چیا ننجا یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵیان لە رۆژئاڤا دامەزراند، ئەوانیش چوونە شنگاڵ بۆ بەشداریکردن لە بەرخۆدان، دواتر هێزی پاراستنی گەل لەڕێی دەروازەکە گەیشتنە شنگاڵ و لەگەڵ هێزە کوردییەکان بەشداریانکرد لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی داعش و ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە دژی تیرۆریستان، هەروەها گرووپ و کەسانی ئێزیدیش لە شنگاڵ مابوونەوە بۆ پاراستنی کەس و کار و پیرۆزەکانیان.

داعش هەموو شتێکی کرد بۆ کۆنترۆڵکردن و خنکاندنی شنگاڵ لەڕێگای جەزعە و دەروازەی مرۆیی نێوان شنگاڵ و رۆژئاڤاوە، بەڵام بەرخۆدانی مێژویی یەکینەکانی پاراستنی گەل و یەکینەکانی پاراستنی ژنان و گەلی رۆژئاڤا، داعشیان شکاند و لە دوا رۆژی مانگی ئاب لە جەزعە وەدەریاننان و دەروازەکەش لەنێوان رۆژئاڤا و شنگاڵ کرایەوە.

لەو بەرخۆدانەی هێزە کوردییەکان بەدرێژایی مانگی ئاب لە بەرەی شنگاڵ و جەزعە و ڕەبیعەدا، ٢ شەڕڤانی یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ و ٢٥ شەڕڤانی یەکینەکانی پاراستنی گەل شەهیدبوون. هێزە کوردییەکانیش لە ئۆپەراسیۆنەکانی شنگاڵ و دەوروبەری دەیان داعشیان کوشت و ژمارەیەکی زۆری ئامێر و چەکی تیرۆریستانی داعشیان تێکشکاند، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکانی ئێزیدی لە دامێن چیاشیان ڕزگارکرد، بەتایبەتی لە بەری باشوورییەوە.

شنگاڵ و مەرگەساتی ئێزیدییەکان بووە کارنامەی سەرکردە باڵاکانی جیهان و چەندین لێدوان درا سەبارەت بە ئێزیدییەکان و ئەو کۆمەڵکوژییانەی ڕووبەڕووی بوونەوە و وێرانبوونی ناوچەکە بەهۆی

تیرۆریستە تەکفیرییەکان. لێدوانەکان جەختیان لەسەر پێویستی رزگارکردن و دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی ڕیشەیی دەکردەوە بۆ ئەوانە کە لەژیاندا ماون، وێنە و دیمەنەکانی شنگاڵ بەشێکی زۆری لە میدیای جیهانی و تەوەری گفتوگۆی سیاسی و میدیاکاران و چالاکوان و سەرکردە و ڕێکخراوە مرۆییەکانی داگیرکرد و بووە خەمی سەرەکی بۆ هەموو کوردیش بەشێوەیەکی گشتی.

ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش وەک ئاگری دێمەکار لە سەرتاسەری وڵاتان هێرش و تەشەنەی دەکرد، هەزاران کەسی تووندڕەویان لەهەموو شوێنێکەوە بەلای خۆیاندا ڕادەکێشا، لە تونس و مەغریب تا لیبیا و میسر و سعودیە و ئەردەن و فەلەستین و تورکیا و ئێران و ئەفغانستان و ماڵیزیا و ئەندەنوسیا و چیچان و هەموو وڵاتانی ئەوروپی و ئوستراڵیا و ئەمەریکا. هەروەها چالاکییە تیرۆریستییەکانی داعش لە وڵاتە ئەوروپییەکان زیادیکرد لە دژی نامانجە مەدەنییەکان، لە وێستگەی شەمەندەفەر، فڕۆکەخانە، یاریگا و شەقامە جەنجاڵەکاندا، وێنە و دیمەنی گوللەبارانکردن و سەربڕینیان بەبێ ڕەچاوکردن و بێ کۆنترۆڵ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکردەوە. ئەو ڕێکخراوە ئەختەبووتیە وەک شێرپەنجە لەجەستەی خەڵکدا بڵاودەبووەوە و هەڕەشەی لە هەموو مرۆڤایەتی دەکرد.

هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمەریکا بۆ سەر بنکەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە سوریا و عێراق لە پتردەبوون و سەرنجی نێودەوڵەتی لە زیادبووندا بوو و زیاتر تیشکی دەخستە سەر کورد و هێزە سەربازییە شەڕکەرەکانی کە توانی ڕووبەڕووی داعش ببێتەوە و تێکیانبشکێنێ و ڕێگری لە پێشڕەوی زیاتریان بکات، هەموو ئەوانە کوردیان کردە ژمارە و وایکرد هەزار حسابی بۆ بکرێ.

گفتوگۆکان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی گەورەی نێودەوڵەتی

زیاتردەبـوون بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی رێکخـراوی تیرۆریسـتی داعـش، ئێمـەش بێگومـان وەك کـورد دەبـوو ئامادەبیـن بـۆ بەشـداری لـە هەرهاوپەیمانییـەك کـە بـۆ ئـەو ئامانجـە پێکدەهێنـرا، بۆیـە پێویسـت بـوو گوتـار و لێـدوان و وێنەمـان گونجاوبـێ و هاندەریـش بـێ بـۆ ولاتـە زلهێـزەکان بـۆ بەشـداریپێکردنمان بەشـێوەیەك لـە شـێوەکان لـەو هاوپەیمەنییـەی بەنیازبـوون پێکبهێنـن. بـۆ ئـەو مەبەسـتە مـن بـە شـێوەیەکی شەخسـی کۆبوونەوەکانـم چڕکردنـەوە لەگـەڵ نوێنەرانـی ولاتـە ئەوروپییـەکان، هەروەها لـە لێدوانـە میدیاییەکانـم هەوڵمـدا تیشـك بخەمەسـەر یەکینەکانمـان وەك هاوپەیمانێکـی متمانەپێکـراو بـۆ هـەر هاوپەیمانییـەك لـە داهاتـوو. لـە ٢٨یـا ئابـی ٢٠١٤ ئـەو لێدوانەمـدا:

''ئێمـە ئامادەیـن بەهەمـوو هێـز و کاریگەرییمانـەوە بەشـداربین لـە هـەر هاوپەیمانییەکـی نێودەوڵەتـی بـۆ بەرەنگاربوونەوەی رێکخراوی تیرۆریسـتی داعـش، ئێمـە ئەزموونـی گەورەمـان هەیـە لە بەرەنگاربوونەوە و شکاندنی.

بێگومـان دەبـوو کاری زۆر زۆر بکەیـن لەپێنـاو سەرخستنی هـەر هەوڵێکی لـەو شـێوەیە، بەتایبەتـی بـۆ نەهێشـتنی ئـەو ترسـەی ولاتانـی رۆژئـاوا و گرنگیـدان بـە مەسـەلە هەسـتیارەکان و ئـەو خاڵانـەی ئـەوان لەسـەرمان حساب دەکـەن، بەتایبەتـی کـە زۆر لـە قـەوارە و لایەنـی ناوخـۆ و سـوری و کـوردی ئاسـتەنگیان بـۆ دروسـتدەکردین لـە هـەر کرانەوەیەکمـان بـەڕووی جیهانی دەرەوەدا، شـەو و رۆژ کاریان بۆ ناوزڕاندن و شـێواندنی ناوبانگمان دەکـرد لەبـەردەم جیهـان و هێـزە کاریگـەرەکان.

## گەڕانەوە بۆ چیای پیرۆز

ژیـان لـە چیـای شـنگاڵ لەڕاددەبـەدەر سـەخت بـوو، گوزەرانیـش بـە کولەمەرگـی بـوو، دابینکردنـی پێداویسـتییەکانی رۆژانـە زۆر ئاسـتەم بـوو، لەکاتێکـدا هێـرش و شـەڕەکانی دەوروبـەری چیـا لەنێـوان گـەریلا و یەکینەکانـی بەرخۆدانـی شـنگاڵ و یەکینەکانـی پاراسـتنی گـەل لەلایـەك و

تیرۆریستانی داعش لەلایەکی تر وە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانیش بە هەمان شێوە بەردەوام بووں، هەروەها هەوڵەکانی داعشیش بۆ بڕینی ڕێگای نێوان ڕۆژئاڤا و شنگاڵ و خنکاندن و لەناوبردنی ئەوانەی لە چیا مابووں بەردەوام بوو. سەرەڕای ئەو هەموو بارودۆخە سەختە؛ هێشتاش زیاتر لە ١٠ هەزار ئێزیدی مانەومیان لە چیای پیرۆز هەڵبژارد، لەژێر ئەو چادرانەی خۆری پڕوکێنەری مانگی ئاب دەیسووتاند، پەناگرتووە ئێزیدییەکان لە چیا هەموو متمانەیەکی خۆیان خستەسەر برا شەڕڤانە کوردەکان کە چیایان دەپاراست و هێرشیان دەکردە سەر دوژمن لە لێوارەکانی چیا و بەرپەرچی هێرشی تیرۆریستەکانیان دەدایەوە.

سەرەڕای گەیشتنی دەیان هەزار ئێزیدی بۆ خێوەتگا و گوندەکانی ڕۆژئاڤا و زاخۆ و لە ژینگەیەکی ئارامتر دەژیان؛ بەڵام سەدان لەمانە خۆیان پێچایەوەو گەڕانەوە بۆ چیا بۆ ئەوەی لە زێد و ماڵ و مەزارگەکانی خۆیان نزیکبن و هاوکاری شەڕڤانەکانیان بکەن. گەڕاوەکان بۆ چیا تەنها گەنجەکان نەبووں بۆ ئەوەی بچنە ڕیزی بەرخۆدان، بەڵکو زۆریان لە بەسالاّچووان و ژن و منداڵ بووں، ئەوانەی درکیان بەوە کردبوو کە ژیان لە دەرەوەی چیا و خاکی خۆیان ناکرێ؛ نە بریسکەی کۆچ بۆ ئەورووپا و نە مانەومیان لە کامپەکانی هەرێم و ڕۆژئاڤا بەلاڕێی دابردن.

## گرنگیی مانەوە لە چیا

دەبێ لەهەموو ڕوێکەوە هەلومستە بکرێ لەسەر مانەوەی زیاتر لە ١٠ هەزار ئێزیدی لەسەر چیا: لەڕووی دەروونی، دیموگرافی، سەربازی، مرۆیی، سیاسی و تەنانەت نێودەوڵەتیش؛ مانەوە لەسەر چیا مەسەلەیەك بوو لەوپەڕی گرنگی و زیندوێتی بوو، هەموو ئەوانەی لەسەر چیا مابووں دەیانتوانی لە هەر دەرفەتێك کە بۆیان دەڕەخسا لە چیا ڕەوبکەن یان بێنە خوارەوە یا بەرەو ڕۆژئاڤا بچن یان ڕێگاکەیان تەواو بکەن بە ئاراستەی زاخۆ یان بە تەواوەتی بەرەو ئەورووپا کۆچ بکەن،

لەوانەیە بیانتوانییایە لەو بارودۆخە سەخت و گەمارۆ و مەرگەی یەخەی گرتبوون ڕاکەن، بەڵام مانەوەیان بەلاوە پەسەندتربوو، ئەوەش مەسەلەیەکە لەوپەڕی گرنگیدایە.

ئەگەر هەموو ئێزیدییەکان چیایان جێهێشتبا و لە ناوچەکە دوورکەوتبانەوە، شنگاڵ لە ڕووی جوگرافیەوە لە پرسی مرۆیی و نێودەوڵەتی نەدەما و مەسەلەکەش دەگوازرایەوە بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی پەنابەران و بەهاناوەچوونی نێودەوڵەتی، ئەوانیش بە دابینکردنی چادر و بەتانی و ڤاکسین و هەندیک خواردن بۆ ئێزیدییەکان کۆتاییان پێ دەهێنا، بەڵام مانەوەیان لە چیا شنگاڵی لەژێر سەرنج و چاوی جیهان هێشتەوە و لەرووی میدیایی و نێودەوڵەتی و کوردستانیش بایەخپێدانی بەردەوامبوو. ئەگەر هەموو ئێزیدییەکان چیایان جێهێشتبا و دوور کۆچیان کردبا؛ هیچ هۆکار و پاڵنەرێکی بەهێز نەدەما هانی شەرڤانە ئێزیدییەکان بدات بۆ مانەوە و بەرخۆدان لە چیا، ئەوانیش جێهێشتنی چیا و دابەزین لەگەڵ کەس و کاریان بۆ کامپ یا هەندەرانیان هەڵدەبژارد، کەسیش نەدەما بەرەنگاری داعش ببێتەوە لە ناوچەکە. ئەگەر هاوڵاتییان و شەرڤانە ئێزیدییەکان چیا و هەموو شنگاڵیان جێهێشتبا، زۆر ئەستەم بوو بۆ گەریلا و شەرڤانانی ڕۆژئاڤا لەو ناوچە دوورەدەستە بمێننەوە بۆ پاراستنی بەرد و خانووی چۆڵ و گۆڕەکان، هێزەکانی ڕۆژئاڤاش ئەو بەرخۆدانە مێژوویییەی بەدرێژایی سنووری ئەنجام نەدەدا، بەتایبەتی لە جەزعە و دەروازەوە بۆ شنگاڵ، ئەوکاتە دەروازەکەش هیچ مانایەکی کاریگەری نەدەما و بایەخی خۆی لەدەست دەدا.

ئەگەر هەموو ئێزیدییەکان چیایان جێهێشتبا؛ ئەو فشارە گەورەیەی سەر هەردوو حکومەتی هەرێم لە هەولێر و حکومەتی ناوەند لە بەغدا نەدەما بۆ پاراستنی رزگاربووە پەناگیرەکانی چیا و گەیاندنی هاوکاری مرۆیی و پزیشکی و بایەخ بەوان و بە چیا. مانەوەی ئێزیدییەکان لە چیا هۆکاری فشار بوو بۆ سەر هەموو لایەک تا بایەخ بە شنگاڵ و

ئێزیدییەکان بدەن.

ئەگەر هەموو ئێزیدییەکان چیایان جێهێشتبا، میدیای رۆژئاوایی و نێودەوڵەتی چەند جارێک لە کامپەکان سەردانی دەکردن و ئنجا دەچوونە لای چیرۆک و روداوی تری تازە و نوێ، شنگالیش لە کارنامە و باس و خواسی میدیای جیهانی دەردەچوو، لەهەمان کاتیشدا لە کارنامەی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوی منداڵان و تەندروستی جیهانی و رێکخراوی پەنابەرانیش دەردەچوو. هەمان شتیش سەبارەت بە هێزە نێودەوڵەتییەکان کە ئامادەکارییان دەکرد بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە دژی داعش. ئەگەر شنگاڵ؛ بەتایبەتی چیای شنگاڵ لە خەڵکەکەی چۆڵ بووایە، ئەو بایەخە نێودەوڵەتییە ڕووی لەو ناوچانەی تر دەکرد کە زیاتر پێویستیان بە دەستوەردان و ڕزگارکردنیان هەبوو لە چنگ داعش.

هەندێک لە نەریتە نێودەوڵەتییەکان ئاسانکاری دەکەن بۆ هەر هێزێکی نێودەوڵەتی بۆ دەستوەردانی سەربازی بە مەبەستی پاراستنی هاوڵاتییە بێ چەکەکان کە ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە، بەڵام هەرهێزێکی نێودەوڵەتی سەختە لەپێناو هێزێکی سەربازی دابڕاو دەست لە بارودۆخەکە وەربدات، تەنانەت ئەگەر لەدژی دوژمنێکی هاوبەشیش بجەنگێ. ئەگەر هەموو ئێزیدییەکان چیایان جێبهێشتبا و تەنها شەرڤانە کورد و ئێزێدییەکان لەوێ بمابانەوە، هیچ لایەنێکی نێودەوڵەتی پابەندی هاوکاریکردن و یارمەتیدانی ئەو هێزانە نەدەبوو، ئەوکاتە پرسەکە دەبووە پرسی شەڕی نێوان ٢ هێزی سەربازی لە ناوچەیەکی چۆڵی بێ هاوڵاتی، مەسەلەکەش تەواو جیاوازە کاتێک هاوڵاتی سڤیل لەنێواندا دەبن، بەتایبەتی کاتێک کەمینەیەکی ئایینی زۆرلێکراوی گەمارۆدراو لە چیا ڕووبەڕووی لەناوچوون و کوشتن و بەکۆیلەکردن دەبوونەوە لەلایەن رێکخراوێکی تیرۆریستی درندە.

هەروەها مانـەوەی ئێزیدییـەکان لـە چیـا سـەدان گەنجی کـورد بەگشتی و ئێزیـدی بەتایبەتـی لـە هەمـوو شـوێنێك هانـدا بـەرەو شـنگاڵ بچـن بـۆ ئـەوەی شانبەشـانی بـرا خۆڕاگرەکانیـان بەشـداری بەرخـۆدان بـن. چیـا بـووە مەشخەڵی سـەرفرازیی و پیرۆزیـی و شـەرمەفمەندی ئێزیـدی و بانگەوازێکی هەمیشـەیی بـۆ هەمـوو شـەرمەفمەندان و غیرەتمەندانـی کورد، کارکـردن بـۆ ئـەوەی شـنگاڵ نەکەوێتـە دەسـت قێزەونترین بوونـەوەری خـودا لـە تیرۆریستان، زۆر لـە کچە ئێزیدییـەکان کەزییەکانیـان دەبـڕی و لەسـەر گـۆڕی ئـەو شـەهیدە قارەمانانەیـان دادەنـا کـە لەپێنـاو داکۆکیکـردن لـە چیـای پیـرۆز شـەهید بـوون.

چیـا لـە پێنـاوی هەمـوو کچە دیلەکانـی دەسـتی داعـش بەرخۆدانـی دەکـرد، لـە پێنـاوی هەمـوو شـەهید و قوربانییەکـی ئێزیـدی و بەسـاڵاچوو و (پیـر)[٢٤]ی ئێزیـدی بەرخۆدانـی دەکـرد کـە بەدەسـتی تیرۆریستان شـەهید بووبـوو و دەسـبەرداری بیروبـاوەڕ و ئاییـن و پیرۆزییەکانـی نەبـوو، بەرخۆدانـی چیـا بەرخۆدانـی دارهەنجیرەکـە بـوو کـە لای ئێزیدییـەکان پیـرۆزە، بەتایبەتـی لای شـنگاڵییەکان کـە لـە ڕاددەبـەدەر شـانازی بـە دارهەنجیـرە ناسـراوەکانییانەوە دەکـەن، زۆرجار هێمـای (دارا هێژیـرێ) بـۆ شـنگاڵییەك بـەکاردێ، واتـە دارهەنجیرەکـەی شـنگاڵییان.

## هێزەکانی ئێزیدی

هەمـوان دەزانـن لەکاتـی کشانەوەی پێشمەرگە لـە شـنگاڵ، زۆر لـە پیـاو و گەنجـی ئێزیـدی نـاو هێزەکانـی پێشـمەرگە پێیـان باشـبوو پشـت لـە کـەس و کاری خۆیـان نەکـەن و لـە چیـا بمێننـەوە بـۆ پارێـزگاری لـە کـەس و کار و پیرۆزییەکانیـان. زۆر لـەو گەنجانـە چوونـە نـاو ڕیزەکانـی

٢٤- پیـر پلەیەکـی ئایینـی(ھ) لـە ئایینـە کوردییـە ڕەسـەنەکان، وەک ئایینـی زەردەشـتی و ئێزیـدی و عەلـەوی و کاکەیـی و یاراسـانی، لـە بەرانبـەر شـێخ لـە ئیسـلام دێ، نـەو (پیر)انـە لـە چینـە کۆمەڵایەتییـە جیاوازەکانـن لـە تـەواوی چینەکانـی سـەرەوە و خـوارەوەی بەگوێـرەی ڕێکخسـتنی کۆمەڵایەتـی ئێزیـدی دابەشـکراون. ئـەوان نوێـەداری لـە کاروبـاری مریـد و دەسـت و پێوەنـدەکان دەکـەن و خزمەتـی مەزارگـە و ناوەنـدە پیـرۆزەکان دەکـەن وە وانـەی ئایینـی ئێزیدییەکانیـش دەڵێنـەوە.

یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ، هەر کە لە ٥ی مانگی ئابدا ڕاگەیەنرا و سەدان کەس لە کامپ و ناوچەکانی تری کوردستان بەرەو شنگاڵ کەوتنەڕێ و چوونە ڕیزی یەکینەکانیان، هەروەها زۆر لە پیاو و لاوان بەتەنیا یا لە ڕیزی گرووپی بچووکی خێزانی لە چیادا مانەوە، دەوری مەزارەکانیاندابوو بۆ پاراستنییان لە هێرشی تیرۆریستان، بەوشێوەیە ئەو مەزارانە بوونە جۆرێک لە ئارامترین ناوچە کە سەدان هاوڵاتی لە خێزانە ئێزیدییە داماوەکان پەنایان بۆ دەبرد.

بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی ڕاستەوخۆمان هەبوو لەگەڵ هەموو کەسایەتییە دیار و فەرماندەکان لە کۆمەڵگای ئایینی و سەربازی ئێزیدی کە لە چیا مابوون، بەتایبەتی لەگەڵ کەسایەتی وەکو قاسم شەشۆ و برازاکەی بەناوی حەیدەر شەشۆ و ئەوانەی تر، هەریەک لەوانەش ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو لەناو ئەو گرووپانەی کە لە هیچ کەرتێکی ناو شنگاڵ ڕێک نەخرابوون. ئەوانە نە چوونە ڕیزی یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ، نە چوونە ناو هێزەکانی پاراستنی گەل و نە چوونە ناو یەکینەکانی ئێمە و نە ناو هێزی پێشمەرگەش، کێشەی زۆریان لەگەڵ هێزی پێشمەرگە هەبوو، بەتایبەتی کە زۆربەیان پێش ڕوداوەکانی ٣ی ئاب ئەندامی لێژنە ناوچەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، هەستیان دەکرد لەلایەن حزبەکەیانەوە تووشی ستەم و خیانەت هاتوون، هەر کەسێکیش دەتوانێ بچێتەوە سەر ئەرشیفی بینراوی کەناڵە کوردییەکان و ڕاگەیەنراوە ڕێکخراوەییەکانی ئەو کەسانە بۆ دڵنیابوون لە قەبارەی لەیەک دووری یان دوورونگی نێوان ئەوان و دەسەڵاتدارانی هەرێم؛ بەتایبەتی پارتی دێموکراتی کوردستان.

سەرەڕای ئەوەی ئەو گرووپە جیاجیایانە بەفەرمی نەچوونە ناو یەکینەکانی ئێمە و هیچ یەکەیەکی ناو هێزە هاوبەشە کوردییەکان، بەڵام ئەوە کاریگەری نەبوو لەسەر کاری هاوبەش و هەماهەنگی و پێشکەشکردنی هەموو هاوکارییەکی سەربازی و لۆجیستی و پزیشکی لەلایەن ئێمەوە بۆ ئەوان، ئەوان خەڵکێکی ئازا بوون و پشتیان لە

ناوچە و مـاڵ و منـداڵ و پیرۆزییەکانـی خۆیـان نەکـرد، هـەر بۆیـە شایستەی هەموو ڕێز و هاوکارییەك بـوون، ئـەوە لۆژیك و نزیکبوونەوەی ئێمـە بـوو لـە هەڵس و کەوتمـان لەگەڵیـان. زۆر بـاش لەبیرمـە لەکاتـی پەیوەندییەکانمـان لەگەڵیـان؛ زۆرجـار داواکانیانمـان بەجـێ دەهێنـا، بەتایبەتـی لـە مەسـەلەی جێگیرکردنـی هێـز، پێیـان بـاش بـوو مەسـەلەی پاراسـتنی مـەزارەکان بـۆ خۆیـان جێبهێڵیـن، بەتایبەتـی مـەزاری شـەرەفەددین و هەندێك گوندیش لـە دامێـن چیـا، هـەر بەراستیش ئـەوە جـێ بەجـێ کـرا.

## هێزی پاراستنی ئێزیدخان

لـە ٤ی ئەیلولـی ٢٠١٤ەوە، نـاوی هێـزی پاراسـتنی شـنگاڵ (کـە دواتـر گـۆڕا بـۆ هێـزی پاراسـتنی ئێزیدخـان)، لـە کەناڵەکانـی ڕاگەیانـدن دەرکـەوت و بوونـی خـۆی لـە شـنگاڵ سـەلماند، بەتایبەتـی لـە دەوروبـەری مـەزاری شـەرەفەددین. ئـەو هێـزە نوێیـەی ئێزیـدی لەژێـر فەرماندەیـی حەیـدەر شەشـۆ بـوو، دوای ناکۆکـی بنەماڵـەی شەشـۆ لەگـەڵ پارتـی دیمۆکراتـی کوردسـتان؛ لـە یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان نزیـك کەوتـەوە، ئیتـر ئـەو هێـزە نوێییـەی ئێزیـدی بەجۆرێـك لـە جـۆرەکان لەلایـەن یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان و ڕۆژئاڤـاوە هـاوکاری دەکـرا، لەگـەڵ تێپەڕبوونـی کات پەیوەندییەکـی بەهێـز لەنێـوان ئـەوان و هێزەکانـی پاراسـتنی گـەل و پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان دروسـتبوو، بەتایبەتـی لێکتێگەیشـتنیان لەگـەڵ بەڕێـز زەکـی شـنگاڵ، فەرمانـدەی بـاڵا لـە پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان و کەسـایەتی ناسـراوی ئێزیـدی..

ئـەو هێـزە نوێیـە چالاکـە کـە لـە مـەزاری شـەرەفەددین لـە باکـووری شـنگاڵ دامـەزرا، بەخێرایـی توانـی پێـی خـۆی گیربـکات لـە ڕیزەکانـی بەرخـۆدان لـە شـنگاڵ و لـە گۆڕەپانـی ئێزیـدی لـە کوردسـتان و لـە ئەورووپـا، بەتایبەتیـش کـە زۆر لـە فەرماندەکانـی ئـەو هێـزە ئێزیدیین و هەڵگـری ڕەگەزنامـەی ئەڵمانیـن، وڵاتانـی ئەورووپـی و حکومەتـی عێراقیـش

بەلایانەوە ئاسایی بوو پەیوەندیان هەبێ و لەگەڵیان کۆببنەوە و گوێ بۆ داواکاریی و پێشنیازەکانیان بگرن، هەروەها هاوکاری داراییش بۆ ئەو هێزە زیاتربوو بە بەراوەرد لەگەڵ یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ، سەرەڕای ئەوەی یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ چالاکتر بوون و زیاتریش شەڕیان لە دژ داعش کردبوو، بەڵام هاوکاری بۆ ئەوان سنووردار بوو، ئەوەش بۆ چەندین هۆ دەگەڕێتەوە کە دواتر دێینە سەر ئەو باسەش.

لە زۆربەی کاتەکان هاوکارییەکی بەهێز لەنێوان هەردوو هێزە ئێزیدییەکە و ئەو هێزە کوردییانەش هەبووە کە لە شنگاڵ شەڕیان دەکرد، هەردوو هێزەکە لە چەند بۆنەیەکدا فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشییان پێکدەهێنا بۆ یەکخستنەوەی خەبات و بەرخۆدانیان لە دژی داعش، هەندێك ناکۆکی دەکەوتە نێوانیان، بەڵام هەر زوو دەگەڕانەوە سەر هاوکاریکردنی یەکتر بۆ لێدانی داعش، هاوکاری و هەماهەنگی لە پەیوەندییە باوەکانی نێوانییان بوو. هەرێەکێك لە هێزەکانی پاراستنی ئێزیدخان و یەکینەکانی پاراستنی گەل بەدرێژایی ساڵی ٢٠١٤ هەتا رۆژی ئازادکردنی شنگاڵ بەتەواوەتی لە پایزی ٢٠١٥؛ دەیان شەهیدیاندا لە شەڕەکانی بەرپەرچدانەوە و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دژی تیرۆریستان..

## ئاڵاکانی ئێزیدی

دوای ڕووداوەکانی ٣ی ئاب، هەستی پشت تێکردن و خیانەت لەلایەن گەلی خۆیانەوە زاڵ بوو بەسەر دەروونی تاك و کۆمەڵی ئێزیدییەکان. ئەوە وایلێکردن ئاراستەی سەربەخۆیی و دوورکەوتنەوە لە پارت و لایەنە کوردییەکان و تەنانەت نەتەوەی کوردیش بگرنەبەر، لە سەروبەندی دامەزراندنی هێزی پاراستنی ئێزیدخان لەسەر مەزاری شەرفەددین و بەپێی ڕاگەیەنراوە فەرمییەکانی ئەو هێزە؛ وێنەی ئاڵای نوێی ئەو هێزەش کێشرا و ئاڵاکەش ناونرا ئاڵای گشتی ئێزیدی، وە بەپێی

بۆچوونی خاوەنەکانی «نوێنەرایەتی هەموو ئێزیدییەکانی جیهان دەکات نەک تەنها شنگاڵ»، هاوشێوەی (رۆژی ئاڵای عێراق) یا (رۆژی ئاڵای کوردی)، ئەوانەی لەسەر مەزاری شەرەفەددین کۆبووبوونەوە رۆژی ٤ی ئەیلوولییان بە رۆژی ئاڵای ئێزیدی ناونا. ئەو ئاڵایەی هێزی پاراستنی ئێزیدخان خاوەندارێتی دەکات، ٣ ڕەنگی هەیە، سپی و سوور و زەرد، ئاڵاکە سێ هێڵی ئاسۆیی هەیە، هێڵە سوورەکە لە ناوەڕاستی دوو هێڵی سپیدایە لە سەرەوە و خوارەوەی، خۆرێکی زەردی گەشاوە لەناوەڕاستدا بە ٢٤ تیشک هێڵە سوورەکە دەڕازێننەوە، بۆ زانیاری هەموو ئێزیدییەکان دان بەو ئاڵایەدا نانێن و پشتگیریی هێزی ئێزیدخان و پارتە سیاسییەکەشی ناکەن.[٢٥]

## ئاڵای یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ

ئاڵای یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ کە لە ٤ی ئابی ٢٠١٤ دامەزرا، بە یەکەمین ئاڵای ئێزیدی دادەنرێت کە لە رۆژەکانی سەرەتای بەرخۆدانی مێژوویی لەسەر چیای شنگاڵ هەڵکرا، ئەو بەرخۆدانەی یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ شانبەشانی هێزەکانی پاراستنی گەل و یەکینەکانی پاراستنی گەل لە شنگاڵ ئەنجامیاندا. ئاڵای یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ یەکەمین ئاڵای ئێزیدی بوو کە لەسەر چیای خۆڕاگری شنگاڵ شەکایەوە، بەڵام ئەو ئاڵایە بە ئاڵای سەربازی مایەوە و هەرگیز لە سنووری سەربازی تێنەپەڕی ، یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵیش بیریان لەوە نەکردەوە ئاڵاکەیان بگۆڕن بە ئاڵای هەموو ئێزدییەکان وەک چۆن براکانیان لە هێزی پاراستنی ئێزیدیخان ئەنجامیاندا، لەکاتێکدا ئاڵای یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ زیاتر لە ئاڵاکانی تر هێمای ئێزیدییەکانی لەخۆگرتبوو، ڕەنگە کوردییە پیرۆزەکانی تێدابوو، وەک سەوز و سوور و زەرد، لەگەڵ خۆرە درەوشاوەکەی و گومبەتی مەزاری شەرەفەددینی پیرۆز و باڵی زەردەشت (فاراڤاهار). ئاڵاکە بەو شێوەیە

٢٥- پارتی دیموکراتی ئێزیدی

دیزاینکرابوو:

ئالایەکی سێگۆشەیی، بەشێوەی ئاسۆیی دابەشی سەر دووبەشی یەکسانی هاوتەریب کرابوو، بەشی سەرەوەی سوور و بەشی خوارەوەی سەوز، لەناوەڕاستیش لاکێشەی هێمای پیرۆز، ئەویش باڵی زەردەشتە بە ڕەنگی زەرد، لە نیوەی سەرەوەش نیوە تیشکی خۆرێکی پرشنگدار، لەناو بازنەکەشدا، هێمای گومبەتی مەزارگەی شەرەفەددینی ئێزیدیانی تێدایە.

کاتێک یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ لە رۆژئاڤا دامەزرا، من راسپێررام بۆ دیزاینکردنی ئالایەکی گونجاو بۆ ئەو هێزانە، ئەوکاتە چەند نموونەیەکی نزیکمان دروستکرد، چەند رۆژێک دوای دامەزراندنی یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ نموونەکەی ئێستایان لە رۆژی ٧ی ئاب بە شێوە کۆتاییەکەی هەڵبژارد، ئەوەش شەرەفێک بوو بۆ من ئەو ئالایە دانێم کە بووە یەکەمین ئالای ئێزیدییەکان و بەناوبانگترین ئالا لە بەرخۆدانی مێژوویی شنگاڵ.

ئەو ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی لە یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ (پارتی ئازادی و دیموکراتی ئێزیدی) سەریهەڵدا؛ ئالای تایبەتی خۆی هەبوو جیا لە ئالای یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ، هەمان شتیش سەبارەت بە یەکە سەربازییەکانی ژنان کە هاوکات لەگەڵ یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ دامەزرا، ئەو یەکینانەی ژنانیش ئالای تایبەت بە خۆیان دیارکرد.

لە مانگەکانی کۆتایی ساڵی ٢١٠٤، دەیان ئالای جیاجیا لێرە و لەوێ لەسەر لوتکە چیای شنگاڵ و بارەگا سەربازییەکان و ئوتۆمبێلەکان دەشەکانەوە، ئالای فەرمی هەرێمی کوردستان، ئالای هێزەکانی پاراستنی گەل، ئالای لیواکانی ژنانی ئازاد، ئالای یەکینەکانی پاراستنی گەل و ئالای یەکینەکانی پاراستنی ژنان و ئالای یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ و ئالای هێزەکانی پاراستنی ئێزیدخان، لەگەڵ ئالای پارتی

دیمۆکراتی ئێزیدی و ئاڵای پارتی ئازادی دیمۆکراتی ئێزیدی. چیای شنگاڵ لە کەرنەفاڵی ئاڵا ڕەنگاوڕەنگەکان دەچوو کە گوزارشت بوو لە فرەچەشنی، هەروەها لە جیاوازی نێوەندەکان لە کوردستان بەگشتی و شنگاڵ بەتایبەتی.

## کۆبانێ، دوانەی شنگاڵ

## شەڕ و پێکدادان لە هەموو ناوچەکانی کوردستان

لەگەڵ چوونە ناو مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٤، بەدرێژایی میحوەری باشوور شەڕ لەنێوان هێزە کوردییە جیاجیاکان و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان لەوپەڕی سەختیدابوو، لە عەفرینەوە لەوپەڕی ڕۆژئاوای کوردستان تا خانەقین، ئەوپەڕی باشووری ڕۆژهەڵات، سنووری باشووری گەلی کورد لە سوریا و عێراق بەتەواوەتی کەوتە ژێردەسەڵاتی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، نەک تەنها داعش، بەڵکو ڕێکخراوە هاوپەیمانەکانی قاعیدە و ئیسلامی توندڕەوی پەرشوبڵاو لە دەوروبەری عەفرین و گەڕەکە کوردییەکان لە حەلەب و ئەلباب و وەک نەو دۆخەی کە لە هەموو شەڕگەکانی کورد هەبوو. شەڕەکانی شنگاڵ لە هەموو بەرەکاندا لەوپەڕی سەختیدابوون. هێرشە ئاڵ و گۆڕپێکراوەکان زاڵ بوو بەسەر ڕێڕەوی شەڕ لە شەنگال؛ لەلایەکەوە داعش هێرشی دەکردە سەر بنکەی هێزە کوردییە جیاجیاکان بەئامانجی وێرانکردنی، لەلایەکی تریشەوە هێزە کوردییەکان هەڵمەتی دەستوبردیان دەکردە سەر زۆر بنکەی داعش لە گوندەکانی دەوروبەری شنگاڵ، لەهەمانکاتیشدا شەڕ و پێکدادان بەردەوام بوون بەدرێژایی سنووری نێوان ڕۆژئاڤا و باشوور و بە درێژایی دەروازەی مرۆیی نێوان شنگاڵ و ڕۆژئاڤا.

## کۆبانێ

بارودۆخ لە کۆبانێ زۆر مەترسیداربوو، بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکای تری ڕۆژئاڤا و ناوچە کوردنشینەکانی تر. لە ڕۆژەکانی سەرەتای ساڵی

٢٠١٣ کۆبانێ لەڕووی جوگرافییەوە لە ناوچەکانی تری کوردستان و رۆژئاڤا دابڕا، لەژێر گەمارۆی رێکخراوە توندڕەوەکانی ژێر فەرمانی جەبهەی نوسرە و هاوپەیمانکانیدابوو، دواتریش لەسەرەتای ساڵی١٩١٤ لەلایەن رێکخراوی تیرۆریستی داعش لە سێ لایەوە گەمارۆدرا، ئەوکاتە قوڕەکە خەستتربوو، کۆنترۆڵکردنی هەموو ناوچەکانی دەوروبەری کۆبانێ وەکو: مەنبەج، جرابڵس، شیوخ، سڕین، تەل ئەبیەض، عەین عیسا و رەقە لەلایەن داعش بووە هۆکاری ئەوەی دەیان هەزار کورد لەو ناوچانە بەرەو کۆبانێی گەمارۆدراو هەڵبێن کە بە ئاستەم دەیتوانی نان بۆ هاوڵاتیيە گەمارۆدراوەکانی تری بەری رۆژهەڵات و رۆژئاوا و باشوور دابین بکات. بێگومان بەری باکووریشی هاوسنووری باکووری کوردستان بوو کە لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی تورکیادابوو و رێگایان لە هەموو هاتوچۆیەک لە کۆبانێوە و بۆ کۆبانێ دەگرت، بۆیە لە زۆر ڕووەوە بارودۆخی کۆبانێ لە بارودۆخی شنگاڵ نالەبارتربوو، هەرنەبێ دەروازەیەک هەبوو لەنێوان شنگاڵ و رۆژئاڤا و هێزی زۆر لە شنگاڵ هەبوون جگە لە گواستنەوەی ئاسمانیش، بەڵام بارودۆخی کۆبانێ تەواو جیاوازبوو؛ هێزی زۆری لێ نەبوو، جگە لە چەند هەزار گەنجێکی کوردانی کۆبانێ بە چەکی سووکەوە و بێ بەش بوون لە هەر پێداویستییەکی سەربازی کە لەوانەیە لە دەرەوە بۆیان بێ. دوای شکستی هەموو گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆن بارودۆخەکە خراپتربوو، هەندێک لەو گرووپانەی ئۆپۆزسیۆن پەیوەندی باشیان لەگەڵ کۆبانێ هەبوو یا بەرژەوەندی هاوبەشیان لەگەڵ یەکینەکان هەبوو، هەندێک هاوکاری لەلایەن ئەوانەوە دەگەیشتە کۆبانێ کە لەبەرامبەر داعش شکستییان خواردبوو زۆریش لەوان هیچ شوێنێکیان نەبوو پەنای بۆ ببەن جگە لە کۆبانێ، کە وەک تاکە دورگەی ئارام و ئازادی لێهاتبوو لە دەریای ڕەشی داعشدا.

## گڕکانی فوورات

دوای ئەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش کۆنترۆڵی تەواوی ناوچەکانی دەوروبەری کۆبانێی کرد و زۆر لە گرووپە میانڕەوەکانی ئۆپۆزسیۆن پەنایان بۆ کۆبانێ برد؛ جگە لە بەرخۆدان هیچ بژاردەیەکی تر لەبەردەم کۆبانێ و گرووپە میانڕەوەکانی ئۆپۆزسیۆن و یەکینەکانی پاراستن و حکومەتی ناوخۆ و هەموو هاوڵاتییە گەمارۆدراوەکانی تر نەبوو. بەرخۆدان تاکە ڕێگا بوو بۆ بەرپەرچدانەوەی داعش و ڕێگریکردن لە گەیشتنیان بە کۆبانێ، بەتایبەتی ئەوەی لە شنگاڵ ڕوویدا نموونەیەک بوو بۆ درندەیی داعش و بەتایبەتیش بەرانبەر کورد، هەموو ئەوانە هاندەربوون بۆ ئەوەی هەموو ئەو گرووپانەی ئۆپۆزسیۆن کە پەنایان بۆ کۆبانێ بردبوو لەگەڵ هێزە کوردییەکانی کۆبانێ هاوپەیمانی و ژووری هاوبەشی ئۆپەراسیۆنی سەربازی دروستبکەن بەناوی ژووری ئۆپەراسیۆنی گڕکانی فوورات. گڕکانی فوورات لە ١٠ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٤ ڕاگەیەنرا، هاوکات بوو لەگەڵ شەڕی بەرەکانی پێشەوە لە کوبانێ.

پێویستە لێرە ئەوە بڵێین، هەندێک لەو گرووپانەی ئۆپۆزسیۆنی بەشداربوو لە گڕکانی فوورات دژی داعش، پێشتر هێرشیاندەکردە سەر کۆبانێ و هەوڵی داگیرکردنیان دەدا، بەڵام مەترسی داعش ئەو گرووپانەی لەگەڵ یەکینەکانی پاراستنی گەل یەکخست، کە دوو ساڵ بوو لە چەند بەرەیەکی دەوروبەری کۆبانێ لەشەڕی بەردەوامدابوون.

ئەو گرووپانە چەندین چەکی قورس و تۆپیان هەبوو کە یەکینەکانی پاراستنی گەل نەیانبوو، هەر بۆیە ئەو تۆپ و ڕەشاشە قورسانە گرنگی زۆریان هەبوو لە شەڕی خۆڕاگری کۆبانێ کە داعش خەریکبوو لە هەموو لایەکەوە گەورەترین هێرشی بکاتەسەر، بەمەستی داگیرکردنی و بڵاوکردنەوەی ڕەنگی ڕەش بەسەر ئەو دوورگە زەردەی لەسەر نەخشەی هزری نەخۆشی داعش مابوو.

لێرەدا دەبێ بگوترێ؛ یەکینەکانی پاراستنی گەل و ڕای گشتی کوردی و

کوردستانی لە ٣ی ئابەوە هەموو سەرنج و بایەخێکیان بۆ سەر شنگاڵ بوو و سەدان شەڕڤانی کچ و کوڕیان ڕەوانەی بەرەکانی شنگاڵ و ڕەبیعە و جەزعە کرد، ئەوە جگە لە هاوکاری بەردەوام بۆ ئەو هێزانە لە چەك و تەقەمەنی و پێداویستی سەربازی، کە بە جۆرێك لە جۆرەکان لە چەندین ڕووەوە کاریگەری هەبوو لەسەر کۆبانی. بەدرێژایی مانگی ئاب هاوکاری پێویستی کۆبانێ نەکرا و هەتا ناوەڕاستی مانگی ئەیلوول لە فەرماندە و شەڕڤان و چەك کە جاران ڕێگایەکیان دەدۆزیەوە بۆ گەیاندنی بە دەست شەڕڤانەکان لە کۆبانێ، تەنانەت لەلایەنی میدیایشەوە فۆکس خستنە سەر کۆبانێ بە پلە دوو یا پلە سێ دەهات لە دوای شنگاڵ و جەزیرە. هەموو ئەو بارودۆخانە بریتی بوون لە هۆکاری یارمەتینەدەر بۆ کۆبانی کاتێك لە هەموو لایەکەوە ڕووبەڕووی هێرشی فراوان بووەوە لە ١٥ی مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٤.

## کۆبانێ و ئەو وانانەی لە شنگاڵ فێربوو

نمونەی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی شنگاڵ کە لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش ئەنجامدرابوو؛ لە هزری هەموو کورددا چەسپیبوو، درکیان بەوە کردبوو ئەگەر ڕێکخراوی داعش هێرش بۆ ناوچەکانیان بکات چی چاوەڕێیان دەکات و چیان بەسەردێت ئەگەر بەدیل بگیرێن یا بکەونە ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی تیرۆریستان. ئەوەی بەسەر ژنان و منداڵی شنگاڵ هات، ژنانی کۆبانێش هەمان چارەنوسیان دەبێ ئەگەر تیرۆریستان داگیری بکەن، هەمان شتیش دەبێ سەبارەت بە گەنجان و پیاوان و شار و گوندەکان. مەرگەساتی شنگاڵ وانەیەکی سەخت بوو بۆ هەموو گەلی کورد و کۆبانێش خەریکبوو ببێتە شنگاڵی دووەم.

بەو هەموو چەك و ئامێر و تەقەمەنییەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە موسڵ و ڕەقە و فرۆکەخانەی تەبەقە و بنکەی سەربازی لە عەین عیسا دەستی بەسەرداگرت، جگە لە هەزاران تیرۆرسیتی تینوو بە خوێن لە نەتەوە جیاوازەکانی وەك چیچانی، ئازەر، تورك، تونسی،

لیبی، میسڕی، عێراقی و ئەردەنی و جگە لە عەرەبە دراوسێکانی کۆبانێ کە دڵ پڕ لەقین بوون بەرانبەر کورد و چاویان برێبووە زەوی و زار و موڵکی کورد؛ داعش بە هەموو ئەوانە لە ١٥ی ئەیلوول لە چەند لایەکەوە هێرشێکی گەورەکەی کردەسەر کۆبانێ. لە رۆژهەڵات و باشوور و رۆژئاوایەوە لە هەموو میحوەرەکان شەڕ هەڵگیرسا، هەتا هەموو ئەو شەڕڤانانەی لە هێڵی پێشەوەی شەڕ شەهیدنەبوون داعش نەیتوانی هیچ پێشڕەوییەك بکات، بەو شێوەیە داعش دەستیکرد بە دروستکردنی چەند درزێك لە شەرگە زۆر و زەبەندەکانەوە و پێچ کردنەوە بە دەوری بنکەکانی بەرگریکردن و ئابڵۆقەدانیان، هاوکات رووکردنە ناوەندی ناوچەکە کە دەکەوێتە ئەوپەڕی باکوور، واتە بەرەو شاری کۆبانێ.

سەرەڕای هێرشی دڕندانە لە هەموو میحوەرەکانی پێشەوە، بەڵام فەرماندەیی سیاسی و سەربازی کۆبانێ نەیهێشت پشێوی و شەڕی دەروونیی لەناو هاوڵاتییان و شەڕڤانان بڵاوبێتەوە، هەر بۆیە لە میحوەرەکانی دواوەی شەڕ کارەکان بەڕێکی دەڕۆیشتن.

ئامانجی سەرەکی یەکینەکان ئەوە بوو هیچ هاوڵاتییەکی کورد نەکەوێتە دەست داعش، ئەوە جگە لە کەوتنەدەستی دانیشتوانی گوند و شارۆچکەکان، بۆیە کاتێك شەڕ دەگەیشتە نزیك هەر گوند یا شارۆچکەیەك، زوو دانیشتوانەکەیمان دەگواستەوە، بەتایبەتی کەنەفت و ژن و منداڵ و نەخۆش، لەکاتێکدا زۆربەی پیاوان و گەنجان لەگەڵ یەکینەکان لە بەرەکانی شەڕ بەرگریان دەکرد، هەر کاتێك داعش پێشڕەوی دەکرد بەرەو گوند یا شارۆچکەیەك، جگە لە خانووی چۆڵ هیچی تری نەدەبینی، دانیشتوانەکەی بەرەو گوندە سەلامەتەکان هەڵاتبوون.

پاشەکشێی یەکینەکان بەرەبەرە بوو، ئەو پاشەکشێیەش زۆرجار بەهۆی شەهیدبوونی زۆربەی شەڕڤانەکان یا بەهۆی تەواوبوونی هەموو

تەقەمەنیی دەبوو، یا بەهۆی گەمارۆی تیرۆریستان بوو کە زۆرجار شەڕی ڕووبەڕوویان نەدەکرد، بەڵکو لە خاڵە تۆکمەکانی بەرگری یەکینەکان دەسووڕانەوە، ئەوەش پتر لە ٢٢ رۆژی ویست تا داعش توانی بگاتە دەوروبەری شاری کۆبانێ، بەشێوەیەك زۆرینەی ڕەهای هاوڵاتیانی توانیان بگەنە خاکی باکوور، یا لەناوچەی دابڕاوی نێوان سوریا و تورکیا گردبوونەوە.

بەهۆی درێژەکێشانی شەڕەکان بۆ پتر لە ٢٠ رۆژ؛ پرسی کۆبانێ بووە پرسی رای گشتی نێودەوڵەتی، دەوڵەتە زلهێزەکانیش ناچاربوون سەرنج بخەنە سەر ئەو بەرخۆدانە ئەفسانەییەی یەکینەکان و خۆبەخشەکانی کۆبانێ لە بەرپەرچدانەوە و ڕێگریکردن لە پێشڕەوی داعش، هەروەها ڕای گشتی کوردیش گرنگی زیاتریدا بە بەرخۆدانی کۆبانێ، سەدان کەس لە شار و بەشەکانی کوردستان بۆ بەشداریکردن لە بەرخۆدان و ڕێگریکردن لە کەوتنی ناوەندی شاری کۆبانێ بەرەو ئەوێ چوون.

ئیدارەی سیاسی و مەدەنی لە کۆبانێ شانبەشانی یەکە سەربازیەکانی بەرخۆدان لەناوجەرگەی کۆبانێ مانەوە و لە شارەکە هەڵنەهاتن، هەمان شتیش بۆ دامەزراوە میدیاییەکان کە دەنگی بەرخۆدان بوون بۆ هەموو جیهان. ئەگەر هەموو ئەوانەی باسمانکرد لە شنگاڵ رووبان بدابایە، مەرگەساتێك رووی نەدەدا بەو قەبارەیەی کە ئێزیدییەکان توشی هاتن، مەرگەساتی شنگاڵ وانەیەکی پڕ لە ئازاربوو بۆ هەموو کورد، بەتایبەتی بۆ کۆبانێ کە هەموو گوندەکانی خۆی و نیوەی شارەکەی لەدەستدا و سەدان شەهیدیشیدا، بەڵام پارێزگاری لە هەموو هاوڵاتییانی کرد و نەپهێشت مەرگەساتی شنگاڵێکی تر لە کۆبانێ دووبارەببێتەوە، لە بەکۆیلەکردنی کچان و ژنان و فرۆشتنیان وەك کۆیلە لە بازاڕی عەین عیسا و ڕەقە و مەنبەج.

## ڕۆژئاڤا شنگاڵی فەرامۆش نەکرد

ئەگەرچی شەڕی کۆبانێ شەڕی مان و نەمان بوو بۆ کۆبانێ و ڕۆژئاڤا بەگشتی، پڕۆژەی ئیدارەی خۆسەریش لەبەردەم سەختترین تاقیکردنەوەی مێژووی خۆیدابوو، هەرچەندە کۆبانێ پێویستی بە هەموو تفەنگ یا فیشەك یا بۆمب و شەڕڤانێك بوو و داوای هاوکاری لە شار و ناوچەکانی تری ڕۆژئاڤا دەکرد، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هێشتا ڕۆژئاڤا بیری لەوە نەکردەوە شنگاڵ بەتەنیا جێبهێڵێ یا فەرامۆشی بکات یا هاوکاریی و شەڕڤان و یارمەتی پێویستی لێ ببڕێ، نە فەرماندەیی یەکینەکانیش دەستپێشخەرییانکرد لە کێشانەوەی تەنانەت شەڕڤانێکیش لە ڕۆڵەکانی ڕۆژئاڤا لە بەرەی شنگاڵ کە لە هەموو لایەکەوە لە سەختترین شەڕدابوو.

کاتێك داعش هێرشە گەورەکەی لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلوول بۆ سەر کۆبانێ؛ ئەوە هاوکات بوو لەگەڵ هێرشەکانی یەکینەکان بۆ ئازادکردنی گوندەکانی باشووری ناوچەی قامیشلو و هەوڵی دەدا بگاتە شارۆچکەی تەل حەمیس و ئازادکردنی لەدەست ڕێکخراوی داعش و دوورخستنەوەی مەترسی لە پەلاماردانی قامیشلو و ترپەسپی و ناوچەکانی تری جەزیرە، بەرهەمی سەرەتایی ئەو ئۆپەراسیۆنە لە ١٦ی ئەیلول بەم شێوەیە بوو:

ئازادکردنی ١٩ گوند و ٧ کێلگە و کوشتنی ٥٣ لە تیرۆریستان، لەنێویاندا چەند ئەمیرێك هەبوو.

بەهۆی هێرشی داعش بۆ سەر کۆبانێ هێرشەکانمان سڕکرد و ژمارەیەکی زۆر لە شەڕڤان و فەرماندە و چەکەکانمان گواستنەوە لادێکانی ڕۆژئاوای ناوچەی (سەرێ کانی-راس العین) بۆ کردنەوەی بەرەیەك لە دژی داعش و هەوڵی گەیشتن بە کۆبانێ لەڕێگەی مەبروکە، سلوك، تەل ئەبیەز- کۆبانێ، بەڵام هێزەکانی جەزیرە نەیانتوانی نەو ڕێگەیە بکەنەوە، ئەوکاتە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی گرنگترین بژاردە بوو کە

رێی تێدەچوو و دەبوایە پەنای بۆ ببەین.

## هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، کۆبانێ و شنگاڵ

دوای ئەوەی هێزەکانی جەزیرە نەیانتوانی رێگەی سەرێ کانی بۆ کۆبانێ بکەنەوە و لەسەر داوای هەندێک لە برایان؛ بینیمان ئەگەر هەوڵی پەیوەندی لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و هەوڵی دەسەبەرکردنی پاڵپشتی ئاسمانیی ئەوان بدەین لە دژی داعش بۆ کۆبانێ هیچ زیانێکی نابێ. ئنجا لە ٢٣ی ئەیلول بەرەی سەرێ کانیم جێهێشت و بەرەو شاری سلێمانی بەڕێکەوتم بۆ بینینی ئەفسەرە ئەمەریکییەکان کە دەمێک بوو لە پەیوەندیدابووین لەگەڵیان. دوای چەند دیدار و هەوڵێک توانیمان ژوورێکی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لەنێوان هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و کۆبانێ پێکبهێنین لەپێناو هەماهەنگی هێرشە ئاسمانییەکان دژی تیرۆریستانی داعش لە کۆبانێ و دەوروبەری. بەم شێوەیە فرۆکەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە ٢٧ی ئەیلوول دەستیانکرد بە بۆردومانی تیرۆریستانی داعش لە کۆبانێ. گرنگی ئێمە لە ناوەندی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و هەماهەنگی نێوانمان هەمووی تەنها لە کوبانێدا نەمایەوە، هەرچەندە فۆکسی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەپلەی یەکەم بۆ سەر کۆبانێ بوو، بەڵام بۆ بەئامانجگرتنی تیرۆریستان لە رەقە و تەل ئەبیەز و هۆڵ و رەبیعە و دەوروبەری شنگاڵیش هەماهەنگیمان لەگەڵ دەکردن.

بنکەیەکی ئۆپەراسیۆنی ئاسمانی بۆ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە هەولێر بوو و یەکیش لە بەغدا، ئەرکی ئەو دوو بنکەیە هەماهەنگی ئۆپەراسیۆنە ئاسمانییەکانی دژ بە داعش بوو لە هەرێمی کوردستان و عێراق، ژوورەکەی سلێمانیش تایبەت بوو بە کۆبانێ، بەڵام ژوورەکە بوو بە بنکەی بۆردومانکردنی داعش لە ناوچەکانی تر، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی یەکینەکانی پاراستنی گەلی لێبوو، وەک رەبیعە و شنگاڵ و دەوروبەری، کە زانیاریییەکان لە هەموو هێزەکانی بەرخۆدانی شنگاڵەوە دەگەیشتنە ئێمە لە بنکە و لەوێشەوە دەگوازرانەوە بنکەی هەولێر یا

بەغدا بۆ بۆردومانکردنی ئەو شوێنانەی دەستنیشان دەکران.

لە رۆژانی کۆتایی مانگی ئەیلول، داعش هێرشێکی گەورەی کردە سەر گوندەکانی دەوروبەری جەزعە بەمەبەستی تێکدانی دەروازەی مرۆیی نێوان شنگاڵ و جەزعە و گەمارۆدانی شنگاڵ بەتەواوی و داگیرکردنی تەل کۆچەر و ڕومێلاّن و ناوچەکانی تر. داعش سەدان چەکداری خۆی بە چەکی مۆدێرن و پێشکەوتوو لە کاتیۆشا و زرێپۆش و دەبابە و تۆپ پرچەککردبوو و لە گوندەکانی دەوربەری هەردوو سنووری کۆکردنەوە، بەتایبەتی لە گوندی قادسیە و کەنهوو و فەلەستین و گوندەکانی تری دەوروبەر. ئامانجی یەکەمیان داگیرکردنی دەروازەی مرۆیی نێوان شنگاڵ و رۆژئاڤا بوو، ئنجا داگیرکردنی جەزعە و لەوێشەوە بەرەو تەل کۆچەر. ئەو هەڵمەتە تیرۆریستییە هاوکات بوو لەگەڵ هەڵمەتە تیرۆریستییەکەی داعش بۆسەر کۆبانێ، لەهەمان کاتیش هێرشێکی بەرفراوانی داعش بۆ سەر هەموو خاڵەکانی بەرگری هەبوو لە شنگاڵ و بەدرێژایی هێڵی نیوان باشوور و رۆژئاڤا.

## ڕاونانی داعش لە کەهنوو

هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دەستی کرد بە دابەشکردنی ئەرکەکانی لە نێوان ناوەندە هەمەجۆرەکانی لە هەمان کاتدا داهاتەکان دیاریکراوبوون لەرووی کات و بڕو دابەشکردنی لە نێوان ناوەندە جیاوازەکانەوە؛ بۆ نموونە کاتژمێری تایبەت و فڕۆکەی بۆردومان و فڕۆکەی چاودێری و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بۆ هەر یەکێک لە بنکەکانی ئۆپەراسیۆن تەرخانکرابوو، کات و داهات تەرخانکراوەکانی بۆ کۆبانێ بەپێی خشتەی تایبەت دیارکرابوو، هیچ کەسێکیش پێی نەدەزانی جگە لەوانەی ژووری ئۆپەراسیۆن، بۆیە دەبوا ئەو داهاتانە بە باشترین و وردترین شێوە بەکاربێنین بۆ ئەوەی هیچی بۆ کارە لاوەکییەکان و بەبێ سوودی ستراتیجی بەفیڕۆنەدرێن، بەڵام داهات تایبەتییەکانی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی جیاواز و جیاکرابوونەوە لە بەرنامەی

کۆبانێ، هەروەها بەرنامەی کۆبانێش جیاواز بوو لە ناوچەکانی تری سوریا، بەتایبەت رەقە و بنکە سەرەکییەکانی داعش.

چەند بۆنەیەک هەبوو ناچاربووین داهات ئاسمانیەکانی کۆبانێ بگوازینەوە بۆ شنگاڵ، ئەوکاتەش کۆبانێ بێبەش دەبوو لە سەرچاوە تەرخانکراوەکانی ئەو شەوە و ئەوەش چەندجارێک ڕوویدا، بەتایبەتی لەکاتی هێرشی گەورەی داعش بۆ سەر جەزعە و تەل کۆچەر و دەروازەی مرۆیی لەگەڵ شنگاڵ.

لە ئێوارەی ٢٩ی ئەو ڕۆژە، زانیاری هەواڵگریمان بۆ هات کە گردبوونەوەیەکی زۆر گەورە هەیە و چەکی قورس و دەبابەی تیرۆریستان ئامادە دەکەن بۆ هێرشکردنە سەر دەروازەی مرۆیی و ناوچەکانی تر، ئەفسەرەکانی هاوپەیمانیمان لەو زانیارییە ئاگادارکردنەوە، بەڵام ئەوان نەیانتوانی هیچ سەرچاوەیەکی ئاسمانی بۆ بەدواداچوون یا بۆردومان بۆ ئەو ناوچە سنووریە مردووە دابین بکەن، بەهۆی ئەوەی زۆربەی عێراقییەکان چاویان لەسەر جەرف ئەلسەخەری نزیک بەغدا و لەسەر کەرکوک و بەرەی باشووری هەولێر بوو و هیچ توانایەکیش لەبەردەست نەبوو ئەوکاتە، هیچ ڕێگای ترمان نەبوو و سەرکردایەتی جەزیرەش فشاریکرد هانا بۆ سەرچاوەکەی کۆبانێ ببەین کە لەوکاتەدا کۆبانێش لەژێر هێرشێکی گەورەدابوو، کاتێک فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکانی چاودێری گەیشتنە ئاسمانی شنگاڵ؛ سەدان تیرۆریستییان بینی بۆ ئامادەکاری هێرش لەشەودا گردبووبوونەوە. گردبوونەوەی تیرۆریستان لەو شوێنە کراوەیە کردییانی بە نێچیرێکی ئاسان بۆ فڕۆکەکان کە بێ وەستان بۆردوومانی دەکردن، هەروەها بۆردومانی زرێپۆش و دەبابە و هەندێک لەو ماڵانەی دەکرد کە خۆیان لێ شاردبووەوە، هەموویان وێران بوون.

لەو قۆناغەی شەڕدا داعش لەخۆباییبوون و متمانەبەخۆبوون بەسەریاندا زاڵ بووبوو و بێ ئەزموون بوون لە مامەڵەکردن لەگەڵ فڕۆکەی چاودێری و خۆپارێزیی لە بۆردومانی ئاسمانی، بۆیە گردبوونەوەیان لە کەنەوو

بۆ لەشکرکێشی بووە دۆزەخێك بۆ خۆیان و بوونە نێچیرێکی ئاسانی ئەو فڕۆکانەی کە لێیان دەدان لەهەمانکاتیشدا و بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکینەکانمان لە ناوچەکە؛ لە چەند لایەکەوە هێرشێکی زەمینییان کردەسەر داعش، بەو شێوەیە هەوڵی ئەو شەوەیان شکستی هێنا، بەڵام لە شەو رۆژانی دوایی هەر هەوڵیان دەدا، سەرچاوە ئاسمانییەکانی کۆبانێش بەردەست نەبوون بۆ ئەوەی هەمووجار بۆ شنگاڵی بنێرین.

پێوسیتە لێرە هەندێك لەو ڕوداوانەمان لەبیربن کە لەو ماوەیە ڕوویاندا، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان بە ئەندازەی سەربازی بەرەی شنگاڵ هەبوو. زۆرجار هەندێك لە بنکەکان زانیاری وردیان دەدایە هەندێك خاڵ گوایا بنکە و خاڵ و سەنگەری تیرۆریستانی داعشن، خۆشبەختانە بنکەکانی تر کە لە عێراق و هەرێم کاریان دەکرد ئەو زانیارییانەیان دەنارد بنکەکانی ئێمە لە سلێمانی بۆ پشتڕاستکردنەوە، کاتێك پەیوەندیمان بە یەکینەکانمان یا هێزە کوردییەکانی تری شنگاڵ دەکرد؛ بۆمان دەردەکەوت کە ئەو شوێنانە هی تیرۆریستان نین، بەڵکو هی یەپەگە یا هەپەگە یا یەپەژمیە. ئەو رووداوانە چەندینجار دووبارە بوونەوە، لەسەر ئەو بنەمایە فەرماندەیی هێزەکانی پاراستنی گەلی کوردستان لە شنگاڵ[٢٦] ڕاگەیەنراوێکییان بە زمانێکی توند سەبارەت بەو پیلانگێڕییە بڵاوکردەوە کە بە مەبەست شەڕفانانیان دەکردە ئامانج و هەوڵیان دەدا هاوپەیمانان هاندەن بۆردومانی بەرەکانی شنگاڵ بکەن، هەروەها بنکە جیاجیاکانی هاوپەیمانی بەپشتبەستن بە ڕاپۆرتەکانی بنکەکانی هەولێر و بەغدا هیچ ئامانجێکی ناوچە سنووریەکان و بەرەکانی شنگاڵی بۆردومان نەدەکرد، بەڵکو لە بنکەکەی ئێمەوە دڵنیای دەکردەوە بۆ ئەوەی هەڵەیەکی کارەساتبار ڕوونەدا کە بەرگریکاران ببنە ئامانج، ئەوەش دەبووە پێشکەشکردنی هاوکاری

---

daxuyaniysehayan-/-https://www.hezenparastine.com/ku/daxuyani-mainmenu٢٥٣-٢٦
em-re-nadin-provokasyona-li-engal-٢٥٧/٢٢١٨-ypgainmenu

زێڕێن بۆ تیرۆریستانی داعش، بۆیە پێکهێنانی ژووری ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی نێوان هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و بەرخۆدانی کۆبانێ کاریگەری زۆر گەورەی هەبوو، نەك تەنها بۆ کۆبانێ بەڵکو بۆ هەموو رۆژئاڤا و بۆ بەرەی شنگاڵ و رەبیعە و بەرە هاوبەشەکانی تریش.

## لە شنگاڵەوە بۆ کۆبانێ

ئەو کوردە ئێزیدییانەی لە ململانێیەکی تاڵدابوون لە دژی تیرۆریستانی داعش لە شنگاڵ، دڵیان لە کۆبانێ لێیدەدا؛ برینەکە یەك بوو و بەرخۆدانیش یەك و دوژمنیش هەمان درندەبوو. کوردە ئێزیدییەکانیش وەك هەموو کوردەکانی جیهان بەهەموو شێوە و ڕێگایەك پشتیوانی خۆیان بۆ بەرخۆدانی کۆبانێ پیشان دەدا و هیچ کەسێك لەو ڕۆژە مێژوویەدا جیاوازی لەنێوان کۆبانێ و شنگاڵ نەدەکرد؛ نموونە: پەرلەمانتاری ئێزیدی ناسراو فەلەکناس ئۆجا[٢٧]، ئەو هاونیشتمانییەکی ئەڵمانی بە ڕەچەڵەك کوردە و لە ڕۆژانی سەرەتاوە هاتە سنووری نێوان سروج (تورکیا) و کۆبانێ و لەوێ چەند مانگێك مانی گرت تا ئازادکردنی کۆبانێ، بەدرێژایی ئەو ماوەیە بە هەموو توانا و پەیوەندییە فراوانەکانییەوە پشتیوانی لە بەرخۆدانکارانی کرد لە جەرگەی کۆبانێوە.

هەروەها هێزی پاراستنی شنگاڵ (دواتر، ئێزیدیخان) بە فەرماندەیی حەیدەر شەشۆ پاڵپشتی خۆی بۆ کۆبانێ دەربڕی و داوای لە جیهانکرد پەلەبکەن بۆ هاوکاریکردنی بەرخۆدانی کۆبانێ لە دژی داعش و لەو ڕاگەیەنراوەی حەیدەر شەشۆدا هات:

" زیاتر لە هەفتەیەك و نیوە گەلەکەمان لە کانتۆنی کۆبانێ بە جۆرەها چەکی قورس و لە چەندین میحوەرەوە لە چەندین لاوە

---

٢٧- فەلەکناس ئۆجا ئەندام پەرلەمانی یەکێتی ئەورپا بوو لە ئەڵمانیا، دواتریش چووە تورکیا بۆ کاری سیاسی کوردی و ئنجا چەند جارێک لە پەرلەمانی تورکی بە پەرلەمانتار هەڵبژێررا لە حزبی گەلانی دیموکرات دیموکراتی

ڕووبەڕووی ڤێزەوەنترین پەلامارى تیرۆریستى بۆتەوە و لە چەند لایەکەوە گەمارۆدرا و دەیان هەزار هاوڵاتى کانتۆنەکەیان ئاوارەکرد، ئەوەى لە کۆبانێ ڕوودەدات دووبارەبوونەوەى هەمان سیناریۆى شەنگالە، ئامانجییان ڕوخاندنى کانتۆنەکەیە بەسەر سەرى خەڵکەکەى و سڕینەوەى بوونى کوردە لەوێ بەتەواوەتى، وەك چۆن پێشتر لە شنگاڵ دەیانویست بیکەن، بەڵام خۆڕاگرىى گەلەکەمان لە کۆبانێ بە سەرکردایەتى یەکینەکانى پاراستنى گەل (یەپەگە) و تۆمارکردنى جوانترین داستانى بەرخۆدان و خەبات؛ بووە ڕێگر لە بەدیهێنانى ویستى ڕێکخراوى دەوڵەتى ئیسلامى ناسراو بە داعش.

ئێمە لە هێزى پاراستنى شنگاڵ، هاوەنگى و پشتیوانى خۆمان بۆ گەلەکەمان لە کۆبانێ و یەکینەکانى پاراستنى گەل لە بەرخۆدانیان دژى تیرۆرى داعش ڕادەگەیەنین، بەرخۆدانى ئەوان بە هى خۆمان دەزانین و بەرەى ئەوان بەرەى ئێمەیە و سەرکەوتنیان سەرکەوتنمانە و ئامانجیشیان ئامانجمانە..

بژى بەرخۆدانى کۆبانێ لە شنگاڵ

بژى بەرخۆدانى شنگاڵ لە کۆبانێ

بژى برایەتیى گەلان

شەرمەزارىى و ڕسوایى بۆ دوژمنانى مرۆڤایەتیى

نوسینگەى ڕاگەیاندنى هێزى پاراستنى شنگاڵ

٢٠١٤/٩/٢٥

بەو شێوەیە پەیامی پشتیوانی بۆ کۆبانێ لە چەندین بۆنە لە شنگاڵ و هەموو ئێزیدییەکان دووبارە بوونەوە، هەمان شتیش لە کۆبانێ بەتایبەتی و لە رۆژئاڤا بەگشتی. رۆژئاڤا وەکو باوەشی گەرم مایەوە بۆ خوشک و برا شنگاڵییەکان و پاڵپشتی بەهێز بوو و ئەو برایەبوو کە لە مەرگەسات و بەرخۆدان پشتیوان و سارێژکەری برینەکانیان بوو. سەدان کج و کوڕی گەنجی رۆژئاڤا لە شنگاڵ شەڕیانکرد، خوێنیان تێکەڵ بە خوێنی خوشک و برا ئێزیدییەکان بوو، ئێستاش ڕوفاتی زۆر لە گەنجەکانی رۆژئاڤا و کۆبانێ گەواهیدەرن لەسەر خۆڵی چیای پیرۆزی شنگاڵ، وەک گوزارشت لە یەکڕیزیی و هاودەنگی و چارەنووسی هاوبەشی نێوان برایەتی خوێن لە دژی ئەو دڕندانەی بیابان کە لە عەگالەکەی خۆیان هەڵاتوون.

## گەڕانەوە بۆ ڕەبیعە

هەروەک زانراوە هێزی پێشمەرگە لە ٣ی مانگی ئابی ٢٠١٤ بەتەواوی لە شارۆچکەی ڕەبیعەی سەرسنوور کشایەوە و دوا خاڵی هێزی پێشمەرگە گوندی (بەهار) بوو لە باکووری ڕەبیعە، بەڵام یەکینەکانی پاراستنی گەل لە ڕەبیعە مانەوە و بەدرێژایی ٢ مانگ شەڕی تیرۆریستانیان کرد و هەردووڵاش لە دۆخی پەلاماردان و کشانەوە یا هەڵاتن دابوون. داعش دیوی رۆژهەڵات و باکووری رۆژهەڵاتی شار و گوندەکانی باشووری رۆژهەڵاتی بەتەواوەتی لەژێر دەستدابوو، لەکاتێکدا هێزەکانی رۆژئاڤا دیوی رۆژئاوای نزیک دەروازەی سنووری لەگەڵ تەل کۆچەر و سایلۆ ستراتیجیەکانیان لەدەست مایەوە، جگە لە تەواوی هێڵی سنووریش کە لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی رۆژئاڤادابوو و گۆڕەپانێکیش بوو بۆ پێکدادانی بەردەوامی نێوان هێزەکانی رۆژئاڤا و تیرۆریستانی داعش.

دوای پێکهێنانی ژووری ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لەنێوان هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و یەکینەکانی پاراستنی گەل لە سلێمانی؛ هەماهەنگی نێوان یەکینەکان و فەرماندەیی پێشمەرگە بەشێوەیەکی کردەیی زیادی

کرد جا ج راستەوخۆ بێ یا لەڕێی بنکەکانی ئۆپەراسیۆنی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیەوە بێ، هەروەها لە چوارچێوەی هەماهەنگی هاوبەش لەڕێی هاوپەیمانی و لەڕێگەی پەیوەندییە ڕاستەوخۆکانەوە لەسەر زەوی؛ بڕیاردرا بە هەماهەنگی هێرش بکرێتە سەر شارۆچکەی رەبیعە و بەتەواوی لە تیرۆریستانی داعش پاکبکرێتەوە، هێزەکانی پێشمەرگە لە باکوورەوە بەرەو ڕێگای رەبیعە-سحێلا هێرش دەکەن و لەهەمانکاتیشدا هێزەکانی ڕۆژئاڤا لە بەری ڕۆژئاواوە بەرەو لای ڕۆژهەڵات و باشووری شارەکە دەچنەناوەوە.

لە ١ی تشرینی یەکەم و بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزی ئاسمانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی کە دەستی کرد بە بەئامانجگرتنی بنکەکانی تیرۆرستانی لە رەبیعە و دەوروبەری، هێزی پێشمەرگە هێرشێکی کردەسەر گوندەکانی مەحمودیە و سعودیە کە دەکەونە باکووری شارۆچکەی رەبیعە، لەهەمانکاتدا هێزەکانی ڕۆژئاڤا لە بەری ڕۆژئاواوە هێرشیان کردەسەر داعش، بۆردومانی ئاسمانی و تۆپباران و شەڕ بە چەکی مامناوەند و سووک و ئۆپەراسیۆن بەردەوام بوو تا ٢ی تشرینی یەکەم، هێزی پێشمەرگە گەیشتنە بەری باکووری ڕۆژهەڵات لە رەبیعە و کۆنترۆڵی سێڕیانی عەومینات و وێستگەی شەمەندەفەر و گەڕەکەکانی ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەیانکرد، لە کاتێکدا هێزەکانی ڕۆژئاڤا توانیان لە هەموو گەڕەکەکانی ڕۆژئاوا و باشووری شارۆچکەکە بڵاوببنەوە و ٣٦ کەس لە تیرۆریستانی داعش لە نەخۆشخانەی رەبیعەی پارێزراو گەمارۆبدەن.

ئۆپەراسیۆنی بڵاوبوونەوەی هێزەکان بە ئاگایی و گەڕان بەدوای مین و تەقەمەنیدا بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لەناو رەبیعە بەردەوام بوو، لەکاتێکدا گرووپە تیرۆریستییەکان هەوڵی شکاندنی گەمارۆی نەخۆشخانەکەیان دەدا؛ ئەوەش لەڕێگەی هێرشکردنەسەر بەری باشوور و ڕۆژهەڵات؛ بەتایبەتی لەلای گوندی مشێرفەوە، بەڵام هەموو هەوڵەکانیان شکستخواردوو بوون، تیرۆریستە پەناگیر و گەمارۆدراوەکانی ناو ئەو

نەخۆشخانەیەی فڕۆکەکانی هاوپەیمانی لە ئاسمانەوە بە بەردەوامی بۆردومانی دەکرد خۆیان ڕادەست نەدەکرد، دواتر چواریان لێ کوژران و دوانیش خۆیان ڕادەستی پێشمەرگەکرد، بەڵام ئەوانەی تر لە شەوی ١٦ی تشرینی یەکەم دەرچوون و بە ئاراستەی گوندی مشێرفە ڕۆیشتن. بەگوێرەی گوتەی یەکێک لە ئەفسەرانی پێشمەرگە؛ هێزەکانیان ڕێگایان بۆ کردنەوە بۆ دەرچوون لە نەخۆشخانەکە و لە ڕەبیعە بە تەواوەتی، بەو شێوەیە ناوەندی شارۆچکەی ڕەبیعە بەتەواوەتی لە داعش پاککرایەوە و هێزەکانی ڕۆژئاڤا و هێزەکانی پێشمەرگە بە هاوبەشی شارۆچکەکەیان کۆنترۆڵکرد و دەبوا بەردەوامبن لە هەڵمەتە هاوبەشەکە تا گەیشتن بە شنگاڵ، بەڵام دوای کۆنترۆڵکردنی ڕەبیعە هێزەکانی پێشمەرگە لەوێوە وەستان و بەرەو باشوور نەجوڵان.

لە سەرەتای گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ڕەبیعە؛ ڕێگاکان کراوەبوون لەنێوان ڕەبیعە و تەل کۆچەر، واتە لەنێوان ڕۆژئاڤا و باشوور، هاتوچۆ لەنێوان هەردوولا زۆر خۆش و ئاسان بوو. زۆرجار هێزی پێشمەرگە پشتیان بە تەل کۆچەر دەبەست بۆ بازاڕکردن و پەیداکردنی پێداویستی لۆجیستی و هەموو پێداویستییەکانی پێشمەرگە، بەتایبەتی کە تەل کۆچەر ئاوەدان بوو و هەموو دوکانەکانی کراوەبوون، پێچەوانەی ڕەبیعەی چۆڵ لە هاوڵاتی و دوکان، هەروەها پێداویستیەکان لە ڕۆژئاڤا بەردەست و هەرزانتر بوون بە بەراورد لەگەڵ باشوور، جگە لەوەش هاتوچۆ لە ڕۆژئاڤاوە بەرەو باشوور زۆر ئاسان بوو، هەر ئەوەندەبوو لە تەل کۆچەر بپەڕیتەوە بۆ ڕەبیعە، لەوێشەوە بچیتە هەر جێگایەک لە باشوور، ئەوە ئەگەر لە بازگەی سەر پردی سحێلا نەوەستێنرێن کە زۆربەی جار لە سەرەتادا نەرم و نیانن بۆ ئەو هاتوچۆیە

## گرتنی ڕێگای نێوان شنگاڵ و ڕۆژئاڤا

لە ئەنجامی هێرشە درندانە بەردەوامەکانی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر دەروازەی مرۆیی نێوان شنگاڵ و ڕۆژئاڤا، لە ڕۆژانی سەرەتای

مانگی تشرینی یەکەم، داعش توانی ڕێگاکە ببڕێ و چەند بەشێکی دەروازەکە داگیربکا، بەوشێوەیە شنگاڵ گەڕایەوە دۆخی گەمارۆدراوی تەواو و ڕێگای لەگەڵ ڕۆژئاڤا بڕا، هاوڵاتیان لە چیا و ئەو هێزە کوردییانەی لەوێ بەرگرییان دەکرد کەوتنەوە ژێر گەمارۆ؛ لەلایەکەوە هەموو ڕێگاکان لە شنگاڵ بڕان، لەلایەکی تریشەوە شەڕلە دامێنی چیا لەوپەڕی سەختیدابوو، بەتایبەتی لە گوندەکانی (بارا) و (دووگرێ) و (گەلی شیلۆ) و (دەهۆڵا) و (سەکینێ) و (بورك)، هەموو ئەو شوێنانە دەکەونە بەری باکوور و باکووری ڕۆژئاوای شنگاڵ کە(بە شێوەیەکی سەرەکی) یەکینەکانی پاراستنی گەل و هێزەکانی پاراستنی شنگاڵ (ئێزیدخان) لێی دامەزرابوون، هەروەها هێزەکانی پاراستنی گەل و یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ. بۆ زانین ئەو شەڕانە لە تا ٢ی تشرینی یەکەم بێ وچان بەردەوام بوون و سەرەڕای ئەوەی هێزە کوردییەکان توانییان لەو شەڕانەدا شکست بە تیرۆرستان بهێنن و زۆریشیان لێ کوشتن؛ بەڵام هەندێك لە گوند و کامپەکان کەوتنەدەست داعش، لەوانە کامپی دەهۆڵا و بورك لە سەر ڕێگای دەروازەی شنگاڵ و ڕۆژئاڤا، هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لەو شەڕانەی دژی داعش لە میحوەری شنگاڵ پاڵپشتی هێزە کوردییەکانی نەکرد.

دوای ئەوەی لەو شەڕانە هێزەکانی پاراستنی گەل و یەکینەکانی پاراستنی گەل و هێزەکانی ئێزیدی قارەمانانە بەرگریان لە پاراستنی شنگاڵ کرد ژمارەیەك شەڕڤانیان شەهیدبوون، لەکاتێکدا بارودۆخی هاوڵاتییان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو خراپتر دەچوو؛ بەهۆی پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژئاڤا و کەم و کوڕی زۆر لە دەرمان و خۆراك و تەقەمەنی، بۆ ئەو مەبەستە هەموو لایەنە کوردییەکان بەگشتی و ئێزیدییەکان بەتایبەتی داوایان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد پەلەبکەن لە لادانی ئەو ئابلۆقەیە لەسەر شنگاڵ و هاوکاری ئەو هێزانە بکەن کە لەوێن، هەروەها داوایان لە هێزەکانی ڕۆژئاڤا و هێزەکانی پێشمەرگە کرد بۆ ئازادکردنی ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە نێوان ڕەبیعە و شنگاڵ یا

نێـوان شـنگاڵ و جەزعـە بـۆ لادانـی ئابلۆقەکـە، بەرپرسـی ڕاگەیاندنـی هێـزی پاراسـتنی شـنگاڵ لـە ١٩ی تشـرینی یەکـەم بانگەوازێکـی بەپەلـەی بڵاوکـردەوە؛ دەڵێ:

بانگـەواز، بانگـەواز، بـۆ هەمـوو ڕێکخـراوە مرۆییـەکان و ڕێکخراوەکانـی مافـی مـرۆڤ و هەمـوو دەزگا حکومییـەکان و ئەنجومەنـی ڕۆحانی ئێزیدی و ناوەندەکانـی لالـش بـە لقـە جیاجیاکانییـەوە؛ بەنـاوی مرۆڤایەتـی داوا لـە هەمووتـان دەکـەم..

سـەرووی دوو هەفتەیـە زیاتـر لـە ٢ هـەزار کـەس لـە چیـا گەمـارۆدراون، قەیرانێکـی گـەورەی خـۆراك و شـیری منـداڵان و جـل و بەرگـی زسـتانە هەیـە، بەتایبەتـی کـە زسـتان هاتـووە و کـەش و هـەوا لـە چیـا زۆر سـەختە، بۆیـە هیـوادارم ئێـوە داوا لـە لایەنـە پەیوەندیـدارەکان بکـەن بەخێرایـی هاوکارییـە مرۆییـەکان بـە هێلێکۆپتەرەکانـدا بنێـرن، هەروەها گواسـتنەوەی هەرکەسـێك کـە دەیەوێـت چیـا بەجێبهێڵێـت، بەتایبەتـی خێـزان و منداڵـەکان، هیـوادار و داواکاریـن لـە هەمـوو ئـەو هێزانـەی پێشمەرگە یـا یەپەگـە کـە دەروازەی سـەلامەتی ئازاد بکەنـەوە یـا بکەنـەوە کـە زیـاد لـە دوو هەفتەیـە چەتەکانـی داعـش داگیریـان کـردووە، ئـەوەش بـووە هـۆی دابڕانـی چیـا لـە گوند و کامپەکانی ئێزیدی و لە کوردستانیش، جارێکـی تریـش بەنـاوی مرۆڤایەتـی داواتـان لێدەکـەم بەخێرایـی بجوڵێـن.

لەوکاتـەدا کۆبانـێ ڕووبـەڕووی هێرشـی دڕندانـەی تیرۆریسـتانی داعـش دەبـووەوە و بەرخۆدانـە ئەفسانەییەکە لـە چەنـد گەڕەکێکـی بچووکـی باکـوور و ڕۆژئـاوای شـار قەتیـس بـوو، هەروەها فڕۆکەکانیـش بـێ وچـان بۆردومانـی بنکەکانـی داعشیان دەکـرد لـە شـار و دەوروبەری، لـە میحومری جەزیـرەش شـەڕەکان لەوپـەڕی سـەختیدابوون، لـە میحـومری سـەرێ کانـی و لـە گەڕەکەکانـی باشـووری شـاری حەسـەکە و گوندەکانـی باشـووری ناوچـەی جەزیـرە و دەوروبـەری جەزعـەش، یەکینەکانـی پاراسـتنی گـەل بەرپەرچـی هێرشـەکانی داعشییان دەدایـەوە و لەهەمـان کاتیشدا هێرشـی

دژە بەرانبەرییان بۆ ڕاونانی تیرۆریستان دەکرد لە دەوروبەری دەروازەی مرۆیی.

## چاوەکانی یەپەگە

## چاوێک لەسەر کۆبانێ و چاوێک لەسەر شنگاڵ‘‘

ئەو ڕستەیەی سەرەوەم لە بەرواری ١٧ی کانونی یەکەمی ٢٠١٤ لەکاتی کۆبوونەوە چڕەکانی نێوان ئێمە و هێزی پێشمەرگە بە سەرپەرشتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی نووسیوە، بۆ مەبەستی ئۆپەراسیۆنێکی گەورە لە رۆژئاڤاوە بەرەو شنگاڵ بۆ کردنەوەی ڕێگایەك بۆی و ئازادکردنی هاوڵاتی و سەربازە گەمارۆدراوەکان لەوێ. گفتوگۆی نێوان هەردوو لایەنە کوردییەکان و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی گەیشتە ئەنجامێك کە جێی ڕەزامەندی هەردوولا بوو، بەوپێیەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ڕووپۆشی ئاسمانی و پاڵپشتی هەڵمەتەکە دەکا، جگە لە تەقەمەنی و ڕاوێژکارانیش لەسەر زەوی، بڕیاریش درا ئۆپەراسیۆنەکە لە ڕەبیعەوە بێ و هێزەکانی پێشمەرگە و یەکینەکانی پاراستنی گەل لەوێ کۆببنەوە، ئنجا هێزەکانی پێشمەرگە دەپەڕنەوە خاکی رۆژئاڤا و لەگەڵ هێزەکانی رۆژئاڤا لە دەروازەی مرۆیی نزیك دەبنەوە کە لەژێر کۆنترۆڵی داعش دایە، لەوێوە دوو هێزە کوردییەکە بەیەکەوە بەشداری ئۆپەراسیۆنەکە دەکەن لە جەزعەوە بەرەو شنگاڵ، لەهەمان کاتیشدا ئەو هێزە کوردیانەی لە شنگاڵ بوون؛ بەتایبەتی هێزەکانی پاراستنی گەل و یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ کار دەکەن بۆ هێرشێکی سەرتاسەری بۆ سەر داعش لە دەوروبەری شنگاڵ؛ تا ئاسانکاری بۆ ئەو هێزانە بکەن کە لە شنگاڵەوە دێن بۆ کردنەوەی دەروازەکە و دەرکردنی داعش لە ناوچەکە.

بۆ هەماهەنگی ئۆپەراسیۆنەکە؛ شاندێکی باڵای ئەرکانی گشتی پێشمەرگە کە پێکهاتبوون لە لیوا جەمال ئیمنکی و فەرماندەی لیوای هەشت هاشم سیتەیی و چەند ئەفسەرێکی تر سەردانی رۆژئاڤایان کرد بۆ

بینینی فەرماندەکانی یەکینەکان، هەروەها بەمەبەستی پشکنینی ڕێگا و ناوچەکە بۆ دانانی پلانی گونجاو بۆ دەستپێکردن. بە پێی سروشتی دۆخەکە تا ئەو چرکەساتە هیچ پەیوەندییەك لەنێوان هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و هێزەکانی پاراستنی گەل و یەکینەکانی پاراستنی گەل نەبوو، هەماهەنگی لەڕێگەی ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی سلێمانییەوە بەپلەی یەك بەناوی یەکینەکان ئەنجام دەدرا و ئێمەش لەڕێگەی فەرماندەیی گشتییەوە هەماهەنگیمان لەگەڵ ئەو هێزانە دەکرد کە لە شنگاڵ بوون.

دوو مانگ تێپەڕیبوو بەسەر بڕینی ڕێگای نێوان شنگاڵ و ڕۆژئاڤا، بارودۆخ لە چیا زۆر سەخت بوو بەتایبەتی زستانی ئەو ساڵە زوو هات و زۆربش سارد و سۆڵ بوو و بارودۆخی ئاوارەکان لە لوتکەی چیا زۆر نالەباربوو؛ چادرەکان لەژێر باران و بای تونددەوە دەفڕین، بەهۆی نەبوونی دەرمان و خۆراك و سەختی گوزەران نەخۆشی لەناو منداڵان بڵاوبووەوە. هێزە سەربازییەکانی بەرخۆدانی شنگاڵیش لە هەمان بارودۆخدابوون. ئەو هێزە بە پلەی یەك پشتیان بەو هاوکارییانە دەبەست کە لە ڕۆژئاڤاوە بۆیان دەهات؛ وەکو ئوتۆمبێل و نەخۆشخانە و پێداویستی لۆجیستی و چەك و تەقەمەنی، بۆیە نەدەکرا بیر لەوە بکەنەوە لە چیا بمێننەوە بۆ ماوەیەکی درێژ ئەگەر بەتەواوەتی لە ڕۆژئاڤا دابببڕێن .

سەرەڕای(دۆخی) گەمارۆ و بڕینی هاوکارییەکان، بەڵام بەرخۆدان بەردەوام بوو، لەگەڵ ئەوەی داعش کۆنترۆڵی هەندێك خاڵی کردبوو و چەندین شەڕڤانیش لەو هێزانەی چیا شەهیدبوون؛ بەڵام ئەگەر گەمارۆی تەواوی سەر شنگاڵ درێژەی کێشابوایە بارودۆخەکە بەردەوام نەدەبوو، بۆیە زۆر گرنگ بوو ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی نێوان ڕۆژئاڤا و پێشمەرگە پەلەی لێ بکرێ، بە پاڵپشتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ گەیشتن بە چیای شنگاڵ.

نزیکەی دوو مانگ بەسەر گەمارۆی شنگاڵ و پەنجا ڕۆژیش بەسەر گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ڕەبیعە تێپەڕیبوو، بەڵام ئۆپەراسیۆنەکە زۆر درەنگ کەوت، لەکاتێکدا دەکرا لە مانگی تشرینی یەکەمەوە دەستپێبکرێ یا لانی کەم لە تشرینی دووەم، بەڵام هەندێك ناکۆکی و لێکدانەوەی جیاجیا لەنێوان حیزبە کوردییەکان ڕێگربوو لە پەلەکردن لە هەڵمەتەکە. هەر لایەنە و دەیوسیت خۆی بە تەنیا ئەوە بکات و شەرەفی ئازادکردنی شنگاڵ بۆ خۆی قۆرخ بکات و کەسی تری لەگەڵ نەبێ، بەڵام مەسەلەکە لە توانای تاکە لایەنێك گەورەتربوو، بەبێ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و ڕێگای ڕۆژئاڤا مەحاڵ بوو پێشمەرگە بتوانێت لە ڕەبیعەوە بەرەو شنگاڵ بەناو خاکی ژێر کۆنترۆڵی داعشدا تێپەڕێ، هەروەها هاوپەیمانی نێودەوڵەتیش ئامادەنەبوو هەماهەنگی لەگەڵ ئەو هێزە کوردییانە بکا کە لە شنگاڵ بوون بەهۆی هەستیاری زۆری نێوانیان و یاساکان و زۆری تر لە بابەتی پەیوەندیداری سیاسی و سەربازی، ئیتر بۆ ئەو هێزە کوردیانەی لە شنگاڵ بوون ئاسان نەبوو بەتەنیا کاربکەن و دەست بە ئۆپەراسیۆنەکە بکەن بۆ ئازادکردنی شنگاڵ و کردنەوەی ڕێگا بۆ ڕۆژئاڤا و مانەوەش بەتەنیا لە چیا؛ لەبەر هەموو ئەوانە دەبوا بەدوای ڕێگاچارەیەکی گونجاودا بگەڕێین، لە پەیوەندی و کۆبوونەوە سێ قۆڵیەکەی (ڕۆژئاڤا، پێشمەرگە، هاوپەیمانی) گەیشتینە ئەو ئەنجامە:

کاتێك گوتمان ‹‹ چاوەکانی یەپەگە›› چاوێك لەسەر کۆبانێ و چاوێك لەسەر شنگاڵ، ئەوە ئاماژەیەك بوو بۆ ئامادەییمان بۆ ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی ئازادکردنی شنگاڵ، لەکاتێکدا ئێمە لە هەموو بەرەکان لە شەڕی زۆر سەختدابووین، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هەرگیز لاریمان نەبوو لە کۆکردنەوەی هێزەکانمان لە دەوروبەری ڕەبیعە و جەزعە و تەل کۆچەر؛ وەك ئامادەکاریی بۆ کاتژمێر سفر و هەنگاونان بەرەو شنگاڵ، بۆ ئەو هەنگاوە لەسەر ئاو و ئاگر بووین و هەموو شتێکیش ئامادەبوو، بەڵام..!

شەوی ١٩ی کانونی یەکەم، ئەفسەرێکی پلەبالای پێشمەرگە پەیوەندی پێوەکردین و گوتی:

فەرمانمان بۆ هاتووە بەرەو شنگاڵ بەڕێکەوین، بێ ئەوەی هێزەکانی رۆژئاڤا ئاگاداربکرێنەوە. کە لێمان پرسی: ئەوە چۆن دەکرێت لەکاتێکدا دەبێ بە رۆژئاڤادا تێپەڕن؟ گوتی: بەگوێرەی ئەو زانیارییەی هەیانە؛ ئەوان ڕێگایەکیان دۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی لەناو خاکی عێراقەوە لە ڕەبیعەوە بچنە شنگاڵ، نەک لەناو رۆژئاڤاوە، بۆ دڵنیابوون لە راستی و دروستی ئەو بڕیارە لەناکاوەی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان، لە سەرکردایەتی هاوپەیمانێتیمان پرسی، دوای ماوەیەك ئەوانیش پشتڕاستیانکردەوە، کاتێك گوتیان پێشمەرگە بڕیاریداوە بەتەنیا بەناو خاکی عێراقدا لە ڕەبیعەوە بچنە شنگاڵ، بەبێ تێپەڕبوون بە رۆژئاڤادا، لەئەنجامدا ئەو ڕێککەوتنەی پێیگەیشتبوین هەرمسی هێنا[٢٨] ، ڕاستەوخۆ دوای ئەوە ئەو زانیارییە نوێیەمان گەیاندە فەرماندەیی یەکینەکان، دوای گفتوگۆ بڕیاردرا یەکینەکان لە جەزعەوە بەرەو شنگاڵ بچن و هەربەڕێگاوەش دەست بەشەڕبکەن لەگەڵ داعش، بەمەرجێك ئەو هێزانەی لە شنگاڵن لە شنگاڵەوە بەرەو رۆژئاڤا بچن بۆ ئەوەی مەسەلەکە لەسەر هەردوولا ئاسان بکەن.

بەو شێوەیە هێزەکانی رۆژئاڤا هێرشیانکردەسەر ئەو گوند و خاڵانەی داعش لێی جێگیربووبوو لەسەر ڕێگای شنگاڵ-رۆژئاڤا و هێزەکان پێشڕەوییانکرد، لەهەمانکاتیشدا یەکینەکانی تر خەریکی کێومااڵ (تمشیط) بوون لە بەشی رۆژهەاڵتی ناوەوەی سنووری عێراقی بۆ ئەوەی داعشەکان بەرەو رۆژئاڤا ڕانەکەن، بەمجۆرە و بەبێ هیچ هەماهەنگییەك هێزە کوردییەکان لە ٢٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٤ بە دوو هێڵی هاوتەریب و هاوکات؛ هێڵێك لە رۆژئاڤاوە بەرەو شنگاڵ و هێڵێکیش لە ڕەبیعەوە بەرەو شنگاڵ چوون، هاوکات ئەو هێزانەی لە

٢٨- دواتر دڵنیابووینەوە کە هۆکاری ئەو بڕیارە لەپڕەی سەرکردایەتی هەرێم لە ئەنجامی یارییەکی نێران بوو بۆ دروستکردنی حالەتێکی نەشیاو لەنیوان لایەنە کوردییەکان

چیای شنگاڵ بوون و بە فەرماندەیی بەرەی گەل بەرەو شار چوون؛ لەوێ لەگەڵ داعش تووشی شەڕ بوون تا توانیان بەشەکانی باکووری شاری شنگاڵ کۆنترۆڵ بکەن.

رۆژی ٢٠ی کانونی یەکەم رۆژێکی پڕ لە جوڵە و چالاکی خێرا و سەرکەوتوو بوو بۆ کورد دژی رێکخراوی تیرۆریستی داعش کە بەرگرییان نەکرد و لە گۆڕەپانەکە نەمان، بەتایبەتی لە بەرەی پێشمەرگە هیچ پێکدادانێک ڕوونەدا و پێشمەرگە بەبێ هیچ ئاستەنگێک لە رەبیعەوە بەرەو شنگاڵ بەڕێکەوتن، وەک بڵێی داعشەکان لە هەوادا بە هەڵم بووبن. بەدرێژایی رێگای رەبیعە بۆ شنگاڵ هیچ پێکدادانێک ڕووی نەدا شوێنەواری ئەو تیرۆریستانەش دیارنەما کە لە ٣ی ئابەوە زۆر بە چڕی لەو ناوچەیە جێگیربووبوون، هیچ شەڕ و بریندار و دیل و لاشەی داعش نەبوو، جگە لە ٣ لاشەیان لە گوندی تەل شوور لە باکووری رۆژئاوای شنگاڵ کە بوردوومانی فڕۆکە کردبوونی بە خەڵووز، ئەوەش کاتێک ئوتۆمبێلەکانیان پەکیان کەوتبوو و نەیانتوانیبوو وەک بڕا تیرۆریستەکانیان ڕاکەن؛ ئەوانەی لەگەڵ جوڵەی پێشمەرگە لە رەبیعەوە بەرەی شەڕیان جێهێشت.

لە هەمان کاتیشدا هێزەکانی رۆژئاڤا توانیان دەروازەکە بۆ شنگاڵ بکەنەوە و داعش لە بەرەی باکووری رۆژئاوا وەدەرنێن و ئەو گوندانەی لە هەفتەکانی دوایی کەوتبوونە دەست تیرۆریستان وەرگرنەوە، هەموو ئەوانە هاوکات بوون لەگەڵ پاککردنەوەی رێگای چیایی لە چیاوە بۆ گەڕەکەکانی باکووری نزیک چیای شنگاڵ لەلایەن گەریلاوە، ئەو رۆژە رۆژێکی سەخت بوو بۆ داعش کە هەموو ناوچەی باکووری شنگاڵی لەدەستدا و ناوچەکان کەوتنەوە ژێر کۆنترۆڵی هێزە کوردییە جیاوازەکان لە پێشمەرگە و یەکینەکانی پاراستنی گەل و هێزی پاراستنی شنگاڵ و یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ و هێزەکانی پاراستنی گەلی کوردستان.

## چۆڵکردنیان ڕەتکردەوە

کاتێک هێزەکانی پێشمەرگە لە ڕەبیعەوە گەیشتنە شنگاڵ، داوا لە ئێزیدییە ئاوارەکانی چیا کرا خیوەتگاکانییان چۆڵ بکەن و بە پاس بگوازرێنەوە کامپەکانی دهوروبەری زاخۆ و کامپەکانی تری تایبەت بە شنگاڵییەکان، بەڵام سەرەڕای ئەو بارودۆخە سەختەی پێیدا تێدەپەڕین؛ خەڵکەکە ڕەتیانکردەوە چیا چۆڵکەن و بگوازرێنەوە کامپەکانی هەرێم، بە شێوەیەکی بن بڕ ڕەتییانکردەوە و ئامادەنەبوون چیای خۆیان و شەرڤان و بەرگریکاران جێبهێڵن، هەروەها کردنەوەی دەروازەی نێوان ڕۆژئاڤا و شنگاڵ و ڕێگای ڕەبیعەش فاکتەری هاندەر و هیوای گەورەی ئێزیدییەکان بوون بۆ وابەستەبوونی زیاتر لە ماناوەیان لە چیا و چۆڵ نەکردنی.

لە گرنگترین ئامانجە سەرەکییەکانی پێشمەرگە لە چوونیان بۆ شنگاڵ؛ چۆڵکردنی کامپی سەردەشتی بوو لە لوتکەی چیا و گواستنەوەیان بۆ پارێزگای دهۆک. بوونی هاوڵاتیان لە چیای گەمارۆدراودا مایەی شەرمەزاریەکی گەورەبوو بۆ حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها مانەوەی چیای شنگاڵ وەک دووڕگەیەکی ئازاد و منارەیەک بۆ بەرخۆدان لە دەریای تیرۆری داعشی مایەی شەرمەزاریەکی گەورەبوو بۆ ئەو ڕێکخراوە لەخۆباییە و هەموو ئەو هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییانەی لەپشت داعشەوە بوون و پیلانیان بۆ دادەنا، بۆیە مانەوەی ئێزیدییەکان لە چیا و بەردەوامیی هێزە کوردییەکان لە بەرخۆدانە قارەمانانەکە و بەرپەرچدانەوەی هەموو هێرشەکانی داعش؛ شنگاڵی کردە درکێک لە چاوی تیرۆریستاندا، هەروەها دانپێدانانێکی ڕوون و ئاشکرایە بە توانای ئەو هێزانەی بە کەرەستە و چەک و تەقەمەنی کەم بۆ چەندین مانگ بەردەوام بوون لە بەرخۆدان و بێ ئەوەی هیچ هاوکارییەکان پێ بگات کاتێک لەژێر گەمارۆدا دەژیان.

مانەوەی ئێزیدییەکان و پابەندییان بە چیا و کامپە وێرانەکەیان

هەمووی ناچارکردن رێز لە بڕیارەکەیان بگرن و دۆخی سەپاوی شنگاڵ قبووڵ بکەن؛ کە بڕیتییە لە بەرخۆدان و ئازادیی نەوەك بژاردەیەکی نەڕێنیی، لە هەمان ڕۆژیشدا پەلەکردنی خێرای هێزەکانی پاراستنی گەل و یەکینەکانی پاراستنی گەل بەرەو شنگاڵ و ئازادکردنی گەڕەکەکانی باکووری؛ هانی هێزەکانی تریدا لەلای خۆیانەوە بەرەو شار بکەونەڕێ بۆ ئەوەی پشکی شەڕەفی ئازادکردنیان بەرکەوێ.

ڕۆژانی کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ سەرکەوتنی کوردیان لە چەندین بەرەوە بەخۆوە بینی، لە کۆبانێ خۆڕاگربوون و زیانی زۆر گەورەیان بە تیرۆریستان گەیاند و ١٥٠ کەس لە هێزی پشتیوانی پێشمەرگە گەیشتنە کۆبانێ بۆ پشتیوانی برا شەڕڤانەکانیان کە لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەمەوە لەوێ شەڕیان دەکرد. هێزەکانی پێشمەرگە و گەریلا توانیان هەردوو شاری جەلەولا و سەعدیە ئازادبکەن[٢٩]. هەموو ئەو سەرکەوتنانە وەی گەلی کوردیان بە تێکڕا بەرزدەکردەوە و هانی پێشمەرگە کوردەکانی هەموو هێز و حیزب و شەڕگەکانیدا بۆ خۆڕاگریی و بەرخۆدان لە دژی تیرۆری جیهانی بە نوێنەرایەتی داعش.

کاتێك میدیای نێودەوڵەتی ڕاستەوخۆ شەڕەکانی بۆ هەموو کونجێکی جیهان پەخشدەکرد؛ بەتایبەتی بەرخۆدانی ئەفسانەیی لە کۆبانێ، ئەستێرەی کورد لە هەموو جیهان دەدرەوشایەوە و کورد بووە باسی سەرزمان. هەموو ئەو سەرکەوتن و دەرکەوتنەی کورد پێی ناسرا، فاکتەری زۆر هاوکار و کاریگەر بوون بۆ کرانەوەی دیپلۆماسی و سیاسی بۆ ئەوەی دەرگاکان بە ڕووی نوێنەرەکانیاندا والأبکرێن. ئیتر کورد ژمارە یەك بوو و لە جیاتی هەموو جیهانی دیموکراسی و مرۆڤایەتی پێشکەوتوو بەرەنگاری تیرۆر دەبووە.

لەکاتێکدا ولاتانی ناوچەکە لە خراپترین بارودۆخدابوون؛ عێراق

---

٢٩- هێزەکانی پێشمەرگەی سەربە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و گەریلا و هێزەکانی بەرگری گەلی کوردستان توانیان هەردووک شارەکان لە ٢٣ی تشرینی دووەمی ٢٠١٤ ئازادبکەن.

لەسەر لێواری کەوتن و نزیکی روخان بوو و داعشیش لە دەرگای بەغدای دەدا و هەڕمشەی لە پارێزگا شیعییەکانی باشوور دەکرد، سوریاش لە حالەتی خۆنبەربوون و پەککەوتن بوو بەهۆی گرووپە توندڕەوەکان، جگە لەوەش داعش کۆنترۆڵی دوو لەسەر سێی سوریای کردبوو، قازیفە و موشەك لە هەموو لایەکەوە دەکەوتنە ناوجەرگەی پایتەختی گەمارۆدراو، بەڵام تورکیا بارودۆخی ناوەخۆی زۆر نالەباربوو و ناشیرینترین وێنەی هەبوو بەهۆی پاڵپشتی و هاوکاری لەگەڵ گرووپە تیرۆریستییە توندڕەوەکان و بەشداری نەکردنی لە شەڕی دژ بە داعش، هەروەها خاکی خۆی کردبووە دەروازەیەك بۆ تیرۆریستانی نێودەوڵەتی بۆ هاتنیان بۆ سوریا و عێراق و لەوێشەوە بۆ هەموو جیهان.

## خۆسەری لە شنگاڵ

لەدوای بەرخۆدانی قارەمانانەی بەردەوامی شنگاڵ و بەئامانجی بەڕێوەبردنی کاروباری شنگاڵییەکان لەلایەن خۆیان و لەژێر کاریگەریی شێواز و میکانیزمی بەڕێوەبەرایەتی خۆسەری لە رۆژئاڤا؛ نەنجومەنی سیاسی کە لە ساڵی ٢٠١٤ بە بەرخۆدانی شنگاڵ دامەزرابوو؛ گەیشتە بڕیارێك کە پێویستە کار بۆ دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتی خۆسەری شنگاڵ بکرێ. وەك دەزانرێ، یەکەم نەزموونی مۆدێرنی کوردی لە بەڕێوەبەرایەتی خۆسەری لە رۆژئاڤاوە سەریهەڵدا، کاتێك خۆسەری کانتۆنی جەزیرە لە ٢١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤ راگەیەنرا و دوای هەفتەیەکیش واتە لە ٢٧ی کانوونی دووەم کۆبانێ خۆسەری ڕاگەیاند، عەفرینیش بەدوای ئەوداهات و لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤ خۆسەری ڕاگەیاند.

ڕاگەیاندنی هەرسێك بەڕێوەبەرایەتی خۆسەری لە سێ کانتۆنی کوردی لەکاتێکدا کە زریانی داعش لە بەرزبوونەوەبوو، شانبەشانی گەردەلوولی جەبهەی نوسرە و ئەو گرووپە توندڕەوانەی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٢ەوە شار و شارۆچکەکانی رۆژئاڤایان بەئامانج گرتبوو؛ بەڕێوەبەرایەتی خۆسەری

هات بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە ئیداریی و سیاسیی و خزمەتگوزارییەی ناوچەکە پڕبکاتەوە کە رژێم دروستیکردبوو و بووبووە جێی چاوتێبڕینی ئۆپۆزسیۆنی تووندڕەو و تیرۆریستانی نوسرە و داعش. بەڕێوەبەرایەتی خۆسەری لە منداڵدانی شەڕ لەدایکبوو و لەژێر فشاری جەنگیشدا بەردەوام بوو، بۆئەوەی دەستبکات بە بنیاتنانی دامەزراوەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی و نوێنەرایەتی سیاسی بۆ پێکهاتەکانی کورد و مەسیحی و عەرەب لە ناوچەکە. بەڕێوەبەرایەتی خۆسەری نموونەیەکی گونجاو و کردەیی بوو لەو هەلومەرجە سەخت و نالەبارە.

وەک دەزانرێت، یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ لە رۆژئاڤا دامەزرا و لە دامەزراندنەکەیدا پشتی بەست بە ئەزموون و مۆدێلی یەکینەکانی پاراستنی گەل. رۆژئاڤا بە هێزی سەربازی و بەڕێوەبەرایەتی خۆسەری وەک پاڵپشتێکی بەهێز بۆ شنگاڵ و هەموو هێزەکانی بەرخۆدان لە شنگاڵ مایەوە، بۆیە شتێکی سروشتی بوو ئێزیدییەکان لەژێر کاریگەری مۆدێلەکەی رۆژئاڤادابن لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی و کارگێڕی و خزمەتگوزاری و سیاسی و٠٠٠٠هتد، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش ئەنجومەنی دامەزرێنەریان لە شنگاڵ پێکهێنا لە بەرواری ١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ ئەرکی سەرەکی ئەنجومەنی دامەزرێنەر دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی خۆسەری و سەرکردایەتیکردنیشی بوو. لەو کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵێک بڕیار درا سەبارەت بە بەرخۆدان و ئازادکردن و گێڕانەوەی ژیان بۆ شنگاڵ، ئازادکردنی ژنە ڕفێنراوەکانی ئێزیدی و ئاوەدانکردنەوە و بڕیاری تری تایبەت بە بارودۆخی شنگاڵ. ئەو کۆبوونەوەیە لە شنگاڵ ئەنجامدرا، لەکاتێکدا هێزە سەربازییەکان لە بەرەی باشووری شارەکە بەدرێژایی هێڵی سنووری جیاکەرەوەی نێوان هێزە کوردییەکان و تیرۆریستانی داعش لەگەڵ تیرۆریستان لە شەڕدابوون.

## ناڕەزایی لە بەرانبەر بەڕێوەبەرێتی خۆسەری

پێویستە لێرەدا بگوترێ؛ بەشداربووانی ئەنجومەنی دامەزرێنەر و ئەوانەی داوای ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی خۆسەریان دەکرد لە شنگاڵ؛ زۆربەیان لەو ئێزیدییانە بوون کە لە دەوری یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ کۆبووبوونەوە، با لەوە وردتربین، ئەوان لایەنگری جوڵانەوەی ئۆجەلانیستی بوون لە شنگاڵ، واتە هەموو ئێزیدییەکان بەشدارنەبوون لەو ئەنجومەنە و هەموشیان داوای بەڕێوەبەرایەتی خۆسەریان نەدەکرد؛ لانی کەم بەو شێوازەی کە ڕاگەیەنرا، بەڵام پارتی دیمۆکراتی کوردستان و لایەنگرانی دژایەتی وردودرشتی هەنگاوەکەیان کرد و بێزاری تۆندی خۆیان دەربڕی بەرانبەر هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بە ئێزیدییەکان و دابڕاو لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەوپێیەی سەرکردایەتی پارتی دیمۆکراتی کوردستان وای دەبینێ کە شنگاڵ بەشێکە لە سنووری هەژموون حیزبی و بەڕێوەبەرایەتی خۆیان؛ بۆیە مافی جیابوونەوە و سەربەخۆیی یا دروستکردنی هیچ بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بەخۆی نیە لە دەرەوەی دەسەڵاتی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و حکومەتی هەرێم.

لێرەدا دەبێ جەخت لەوەش بکەینەوە کە پارتی دیمۆکراتی کوردستان تەنها لە شنگاڵ دژایەتی بیرۆکەی بەڕێوەبەرایەتی خۆسەری نەدەکرد؛ بەڵکو بە تۆندی دژایەتی دامەزراندنی یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ و هێزی پاراستنی شنگاڵیشی دەکرد و داوای لێدەکردن کە خۆیان هەڵوەشێننەوە و بچنە پاڵ هێزی سەربازی ئەوان، زیاتر لە بۆنەیەکدا پارتی دیمۆکراتی کوردستان دژایەتی هەڵکردنی ئاڵای تایبەت بە ئێزیدییەکانی کرد کە هێزی پاراستنی شنگاڵ (دواتر ئێزیدخان) وەک ئاڵای کۆکەرەوەی هەموو ئێزیدییەکان دروستیکردبوو.

پارتی دیمۆکراتی کوردستان و میدیا و نوسەرەکانی بەردەوام دژایەتی بیرۆکەی بەڕێوەبەرایەتی خۆسەری شنگاڵیان دەکرد، ئەومیان بە دابەشکردنی کوردستانی عێراق و دابڕینی شنگاڵ لێیەوە و (یاری ئێرانی

شیعی) و (پیلانگێڕی لە بەغدا)ەوە ناودەنا بە ئامانجی لێدانی هەرێم، هیچ تاوان و تاوانچێك نەما بە بەڕێوەبەرایەتی خۆسەری و نەوانەش نەڵێن کە پێی هەڵسابوون و ئەوانەش کە پاڵپشتیان دەکرد. بێگومان نە حکومەتی هەرێم و نە پەرلەمان و نە حیزبە سیاسییەکانیشی دانیان بەو بەڕێوەبەرایەتییە خۆسەرییەی لەدایکبووی شنگاڵ نەنا، بەڕێوەبەرایەتییەکەش بە بەڕێوەبەرێتی ئەمری واقع مایەوە، بە پشتبەستن بە بوونی یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ و هێزەکانی پاراستنی گەل بە پلەی یەك و ئێزیدییە لایەنگرەکانی جوڵانەوەی ئۆجەلانیی لە شنگاڵ بە پلەی دوو، هەروەها بەشێوەیەکی سەرەکی و زیندوو پشتیان بە رۆژئاڤا دەبەست.

بەڵام حکومەتی عێراقی ئەوکاتە لە دۆخێکی وادانەبوو بتوانێ بە ئەرێنی یا نەرێنی حوکم لەسەر راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی خۆسەری بدا لە شنگاڵ، چونکە سەرقاڵی بە پاراستنی بەغدا و پارێزگا شیعییەکانی باشوور، هەروەها لەنێوان ئەوان و شنگاڵیش هیچ پەیوەندییەکی جوگرافی نەبوو، لە دوای کەوتنی موسڵیش هیچ فەرمانبەر و فەرمانگەیەکی فەرمی لە شارەکەدا نەبوو و بەغدا بابەتی ناکۆکییەکانی سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتی شنگاڵی لە نێوان شنگاڵ و هەولێر جێهێشت، بەتایبەتیش لەنێوان ئێزیدییەکان و پارتی دیمۆکراتی کوردستان، بە پلەی یەك

## گرنگیی بەڕێوەبەرێتی تایبەت بە شنگاڵ

سەرەڕای ئەوەی بابەتەکە تایبەتە بە گەلی کورد و هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی و ئێزیدییەکان بەتایبەتی، لەوانەیە گونجاونەبێ کەسانی تری وەك ئێمە دەستبخەنە ناو بابەتەکە، بەڵام وەك دەربڕینی ڕای خۆمان، دەتوانم بڵێم کە گرنگە کوردانی ئێزیدی بەڕێوەبەرایەتی تایبەت بەخۆیان هەبێ، ئەو بەڕێوەبەرایەتییەش وا گونجاوتردەبێ ئەگەر بە هەرێمی کوردستانی عێراق ببەسرێتەوە؛ بەهۆی ئەوەی

شنگاڵ بەشێکە لە کوردستان و ئێزیدییەکان بەشێکی ڕەسەن و سەرەکی گەلی کوردن، بەڵام ئێزیدییەکان تایبەتمەندێتی ئایینی و کەلتووری خۆیان هەیە، بەشێوەیەکی سەرەکیش لە دوو پێکهاتەی سەرەکی کوردستانی عێراقدا دەژین؛ پێکهاتەی یەکەم لە شێخانە کە بارەگای لالشی پیرۆز و سەرکردایەتی باڵای سیاسی و ڕۆحی هەموو ئێزیدییەکانی جیهانی لێیە، پێکهاتەی دووەم و مێژوویی قەزای شنگاڵ. پێویستە هەر یەکێك لە حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان گەرەنتی بەڕێوەبەرێتی خۆسەری ئێزیدییەکان بدەن بۆ ئەوەی بتوانن پارێزگاری لە تایبەتمەندێتی خۆیان و کاروباری ژیان و خزمەتگوزاری خۆیان بکەن، بەبێ ئەوەی کەسی دی حوکمڕانیان بکا، بۆیە لەو بڕوایەدام هەموو ئەو گرژییانەی لە بەرانبەر ئێزیدییەکان پیشاندرا لەدژی فۆرمێکی گونجاو کە لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەری کۆك بوون ؛ زۆر ناڕەوابوو. ئەو هەموو هێرشە لەدژی بیرۆکەی هەوڵی ئێزیدییەکان بۆ خۆبەڕێوەبردن زۆر نادادپەروەرانە و ناڕەوا و خۆبەزلزانانەبوو.

کوردانی ئیزیدی بەدرێژایی مێژووی هاوچەرخیان ڕووبەڕووی پتر لە ٧٤ کۆمەڵکوژی و جینۆسایدو و ئەتککردن بوونەوە لەلایەن تورك و عەرەب، تەنانەت لەلایەن خوشك و برا موسڵمانە توندڕەوەکانیشەوە. ئەو کۆمەڵکوژییەی ئێزیدییەکان لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ تووشی بوون ئەو تاڵە موومبوو کە پشتی حوشتری شکاند، ئیتر شنگاڵ متمانەی بە هیچ سیستمێکی ئاسایشی عێراقی و کوردی نەما، بۆیە وەك چۆن مەسیحی و شەبەك و ئەو پێکهاتانەی مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە و بۆیان هەیە میکانیزمی داکۆکیکردن لەخۆیان هەبێ؛ ئێزیدییەکانیش ئەو مافەیان هەیە بۆ خۆپاراستن. لەسەر حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێم بوو لە ساڵی ٢٠٠٣وە یا هەرنەبێ دوای کۆمەڵکوژی قەحتانیە لە ٢٠٠٧ پەلەبکەن لە دامەزراندنی سیستمێکی تایبەت بە ئێزیدییەکان توانای پاراستنی ئەوانی هەبێ لە ئەگەری هەر هێرشێك.

ئێزیدییەکان مافی خۆیانە میکانیزمێکی بەرگری گونجاویان هەبێ، ئەو میکانیزمە دەکرێ سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە یا وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم بێ، یا بەشێك بێ لە سیستمی بەرگری عێراقی وەك پێشمەرگە و هەموو پێکهاتە سەربازییەکان لە عێراق. ڕاستییەکان سەلماندوویانە کە ناکرێ پشت بە سوننە و شیعە ببەسرێ بۆ پارێزگاری لە هیچ پێکهاتەیەکی تری وەك ئێزیدی و شەبەك و مەسیحی. حکومەتی ناوەند چەندجارێك پشتی تێکردن و وەك نێچیر بۆ تیرۆریستە تووندڕەوەکان بەجێیهێشتن، دواجار کاتی کەوتنی موسڵ بوو، هەروەها ڕوداوەکان دەریانخست کە هێزەکانی پێشمەرگە بەو عەقڵیەتە حیزبییە و پشك پشکانێی ناوچەیی و نەبوونی باوەڕی بەرگری نەتەوەیی کۆکەرەوە؛ ناتوانن وەك پێویست بەرگری لە ئێزیدییەکان بکەن. کارەساتی گەورەتر ئەوەبوو کاتێك لە ٣ی ئاب پێشمەرگە بەبێ هیچ بەرەنگاربوونەوەیەك کشانەوە و ئێزیدییەکانیان بۆ چارەنوسی ڕەشی خۆیان جێهێشت، بۆیە پێویستە ئێزیدییەکان لەناو خۆیان پەرە بە فەرهەنگی بەرگریکردن لەخۆیان بدەن و سوود لەو ئەزموونە وەرگرن کە هەیە بۆ دامەزراندنی هێزێکی سەربازیی یەکگرتووی کۆکەرەوە؛ ئەرکی سەرەکی بەرگریکردن بێ لە شنگاڵ و هەموو ئێزیدییەکان. دەیان هێزی سەربازی جیاجیا لە هەرێمی کوردستانی عێراق هەیە و سەربە سەرکردە و بنەماڵە و خێڵەکانن، ئەو هەموو گرژییەی بۆ چی بوو کاتێك ئیزیدییەکان یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ یا هێزی پاراستنی شنگاڵ (ئێزیدخان)یان دامەزراند؟

باشتربوو حکومەتی هەرێم بە هەموو شێوەیەك یارمەتی ئەو هێزانە بدات و پاڵپشتیان بکات و موچە بداتە شەڕڤانەکانیان و هاوکارییان بکات بە چەك و تەقەمەنی و مەشق و ڕاهێنان و بیانخاتە سەر وەزارەتی پێشمەرگە.

جیاوازی لە هەندێك بابەت لەنێوان شنگاڵ و ڕۆژئاڤادا هەیە، بەڕێوەبەرایەتی خۆسەری لە ڕۆژئاڤا کە لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٤

دامەزرا، بنەمای ئابووری بەهێزی هەبوو، ئەوە بەڕێوەبردنەکەی ئاسان دەکرد، دەسەڵاتی بەسەر دەریایەك لە پترۆڵ و غاز و زەوی کشتوکاڵی بە پیت و بەرهەم هەبوو کە سەبەتە خۆراکی سووریا لە گەنم و جۆ و گەنمەشامی و سەوزە و زەیت و زەیتوون و میوە بەرهەم دێنێ، جگە لە پەمۆ و بەرهەمی سەرەکی تری کشتوکاڵی، رۆژئاڤا شاری گەورە و ڕووبەری جوگرافی بەرفراوانی هەیە، هێزە سەربازییەکانی شارەزایان هەیە لە شەڕ و تاکتیکەکانی، ئەزموونی سیاسی و حیزبی کوردی لە رۆژئاڤا دێرینتر و زۆر پێشکەوتووترە لەوەی لە شنگاڵ هەیە. شنگاڵ ناتوانێ لەڕووی ئابوورییەوە پشت بەخۆی ببەستێ، بەڵکو دەبێ هاوکاری و یارمەتی دارایی لەلایەن حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی و لایەنە نێودەوڵەتییەکانەوە وەرگرێ، بەبێ ئەوە شنگاڵ ناتوانێ شار و گوندە وێرانبووەکانی ئاوەدانبکاتەوە کە تیرۆر وێرانی کردوون، ناتوانێ دامەزراوەکان دامەزرێنێ و موچەی فەرمانبەران و شەڕڤان و کەمدەرامەتەکان بدات. هەموو ئەوانە وا لە شنگاڵ دەکەن

هەوڵی دۆزینەوەی فۆرمێکی یاسایی بدات کە لەلایەن عێراق و لەئاستی نێودەوڵەتی و کوردستانی و تەنانەت لەناو ماڵی پەرتەوازەی ئێزیدییش لەناوخۆیان قبووڵکراوبێ.

پەیوەندی شنگاڵ و رۆژئاڤا پەیوەندییەکی بەهێزی نەتەوەیی و برایەتییە (دراوسێیەتی باش)؛ ئەو خاڵە هاوبەشانە لە یەکەم رۆژی ڕودانی کارەساتەکە هێزەکانی رۆژئاڤایان هاندا بۆ پەلەکردن لە هاوکاری شنگاڵ، دەیان کج و کوڕی رۆژئاڤا خوێنی پاکی خۆیان بەختکرد لەپێناو بەرگریکردن لە شنگاڵ و ئێزیدییەکان هەتا ئازادکردنی. رۆژئاڤا بەهەموو شێوە و ئاستێك هاوکاری هەموو هێزە شەڕکەرەکانی کرد لە شنگاڵ، نەخۆشخانە و بازاڕ و ماڵ و کامپ و دامەزراوەکانی خۆی بەبێ جیاوازی بۆ شنگاڵییەکان والاکرد، بەڵام لەکۆتاییدا لەڕووی یاساییەوە بەڕێوەبەرایەتی خۆسەری رۆژئاڤا ناتوانێ بەردەوامبێ لە مامەڵەکردن لەگەڵ شنگاڵ بەبێ دوزمنکاری لەلایەن حکومەتی هەرێم و حکومەتی

ناوەند و ولاتە دراوسێکان. سەرەڕای هەموو ئەوانەش، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژئاڤا و هێزەکانی دژێغیان نەکرد لە هەوڵی پێشکەشکردنی هەرچی لە توانایاندا هەبوو بۆ شنگاڵ و برایەکانیان.

## ئازادکردنی کۆبانێ و بەرخۆدانی شنگاڵ

دوای ٤ مانگ لە شەڕی سەخت و قارەمانێتی نەمر؛ کۆبانێ توانی خۆی لە چنگی پیسی تیرۆریستانی داعش ڕزگار بکات. دوای ئەوەی زیانێکی زۆریان پێکەوت و لوتیان شکا و بە زەویدا چەقی. کۆبانێ بۆ جیهانی سەلماند کە داعش ئەو هێزەنیە کە نەشکێ، بەڵکو دەتوانرێ ڕووبەڕووی ببینەوە و ئەفسانە خورافیە درۆیەکەشی تێکبشکێنرێ و لەناوببرێ، لە هەر ناوچەیەکیش کە داگیری کردووە یا دەیەوێت داگیر بکات، دەربکرێت. لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ ناوەندی شاری کۆبانێ بەتەواوەتی ئازادکرا کە هاوکات بوو لەگەڵ یادکردنەوەی یەکەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی خۆسەری لە کۆبانێ. لە ئەنجامدا کۆبانێ بووە نموونەیەکی جیهانی، بووە ئەستێرە لە ئاسمانی شار و وڵاتانی جیهان، ئازادکردنی کۆبانێ بووە سەرەتایەك بۆ کۆتاییهێنان بە خەلافەتی تیرۆریستی تاوانبار.

کۆبانێ ئازادکرا، چاوەکان کەوتنە سەر شنگاڵ کە لە لوتکەی بەرخۆدانی ئەفسانەییدابوو، هێزە جیاجیا کوردیەکان لە پێشمەرگەی هەرێم، پێشمەرگەی حیزبی، هێزی پاراستنی گەل، لیواکانی ژنانی ئازاد، هێزی پاراستنی شنگاڵ و یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ و یەکینەکانی پاراستنی گەل و دەیان خۆبەخشی کورد و بیانی؛ بەدرێژایی دیوی باشووری چیا و لەناو جەرگەی شنگاڵ هەموویان لە خەندەکێکدا لەشەڕ و بەرپەرچدانەوەی تیرۆریستان و ڕێگریبوون لە پێشڕەویی و ئۆپەراسیۆن و هێرشی یەك لە دوای یەکی دوژمن بۆ سەریان. هەموو هێزە کوردییەکان لە شنگاڵ بوون و بەشێوەیەك لە شێوەکان بەشداربوون لە بەرخۆدان و پاراستن و ئازادکردنی، لە هێڵی پێشەوەی

بەرەی شەڕ هێزەکان تێکەڵ و هاوبەش بوون لە هەمان خەندەك و سەنگەر لەناو ماڵەکانی ناو گەڕەکەکانی شنگال، کاتێك تۆپەکانی داعش بەسەر بنکەی هێزە کوردییەکاندا دەبارین؛ جیاوازی نەدەکرد لەنێوان کوردی باشوور یا ڕۆژئاڤا یا باکوور، یا ئێزیدی و سوننە و عیلمانی یا لەنێوان ئەم حیزب و ئەو حیزب، هەموویان یەك چارەنووس و یەك ئامانجیان هەبوو ئەویش ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان و ئازادکردنی شنگاڵ و تەواوی ناوچەکە.

زۆربەی کاتەکان هێزە جیاوازەکان لەناوخۆیاندا بەپێی توانایان هاوکاری یەکتریان دەکرد و یارمەتی یەکتریان دەدا، ئنجا ئەگەر لە مەشق و ڕاهێنان یا پرس و ئامۆژگاری یا ئۆپەراسیۆن بوایە یا پێشکەشکردنی چەك و تەقەمەنی و پێداویستی و کەرەسەی لۆجیستی.

لە شەڕی قارەمانانەی بەرخۆدانی کوردی لە شنگاڵ، دەیان پێشمەرگە لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان شەهیدبوون، لەوانە؛ گەریلا و پێشمەرگە و ئێزیدی و ڕۆژئاڤا و لەو خۆبەخشانەش کە لە ئەوروپاوە هاتبوون، ژمارەی بریندارەکانیش کەم نەبوو، ئەوەش لە هەموو ئەو هێزانە بوون کە لە شنگاڵ دژی داعش شەڕیان دەکرد. تا ڕاددەیەکی زۆر هەموو لایەنە کوردییەکان چاویان بڕیبووە شنگاڵ؛ بۆ نموونە هێزەکانی گەریلا زۆر لە فەرماندە باڵاکانی خۆی نارد بۆ سەرکردایەتیکردنی بەرخۆدان لە شنگاڵ، هەمان شت دەربارەی ڕێکخراوی کۆمەڵەی کوردستانی (کەجەکە) کە ئەرکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ڕێکخراوەیی و کۆمەڵایەتی شنگاڵی دایە دوو لە فەرماندە باڵاکانی، ئەوانیش مام زەکی شنگاڵی و سۆزدار ئافێستا، هەردوکیشیان کوردی ئێزیدی بوون، هەمان شتیش سەبارەت بە حیزبە گەورە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان و فەرماندەیی پێشمەرگە.

## کورد لە ڕێککەوتن و ناکۆکیدا

دەکرێ بوترێ جگە لە هاوکاری سەربازی و ئۆپەراسیۆنی لەنێوان

شەڕڤانانی بەرەکانی پێشەوە، لە بەرەکانی دواوە ململانێیەکی گەرم و گوڕ هەبوو لەنێوان هێزە جیاوازەکان بۆ بەدەستهێنانی ئێزیدییەکان و سەرخستنی پڕۆژەی تایبەتی خۆیان، هەروەها لە لایەنی میدیاییشەوە سوود لە بەرخۆدانی سەربازی وەرگرن لە بەرەی شەڕ، ئەوەش بێگومان بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندین خاڵی ناکۆکی نێوان لایەنە جیاوازەکان.

دوای ئازادکردنی کۆبانێ بە ماوەیەك، لە سەردانێکدا بۆ شنگاڵ تێبینی ئەو مەسەلەیەمان کرد کە پێشتر باسکرا ، لە ئەنجامی گفتوگۆ لەگەڵ هەموو لایەنەکان و ڕا و سەرنجی خودیی، دەتوانرا شنگاڵ بکرێتە گۆڕەپانێك بۆ یەکڕیزیی نیشتمانی و نەتەوەیی کوردی وە دەکرا شنگاڵ بکرێتە گۆڕەپانێکی نوێی ململانێی حیزبییانە کە بزووتنەوەی سیاسی کوردی پێ ناسراوە. شنگاڵ دەیتوانی هەردووك ئەگەر لە خۆ بگری، لەکاتێکدا بارودۆخ لە بەرەکانی پێشەوە زۆر باشتر بوو وەك لە بەرەکانی دواوە یا بەرەکانی ئەورووپا، ململانێ و گفتوگۆ میدیاییە بێ کەڵکەکان لەو پەڕی گرژیدابوون..

شتێکی ناساییە کە ئێزیدییەکان خاوەن یەك ڕا و بۆچوون نەبوون و پەرتەوازەبوون، ناکۆکییەکی باوی نێوان شێخان و شنگاڵ هەبوو، هەروەها ناکۆکی لەنێوان ئێزیدییەکانیش بەپێی پەیوەندی حیزبی و ئایدۆلۆجیایان، گرووپێکی ئێزیدی پەیوەست بوون بە پارتی دیمۆکراتی کوردستان و ئەوانەی تریش لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەشێکی تریش لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان و گرووپی تریش لەگەڵ حکومەتی عێراقی و حەشدی شەعبی، ئەوانەی تریش لە بزووتنەوەی نەتەوەیی ئێزیدی بوون خۆیان بە نەتەوەیەکی تەواو دابڕاو لە کورد دادەنا، ئەو بزووتنەوەیەی دواییان کەمنین، کاتێك دوای ئازادکردنی کۆبانێ چوینە شنگاڵ، ژمارەیەکی زۆر لە دروشمم دژ بە حیزبە کوردییەکان و نەتەوەی کورد لەسەر دیوار و قەراغی ڕێگاکان بینی.

## خاڵەکانی ناکۆکی کورد لە شنگاڵ

### پارتی دیمۆکراتی کوردستان:

خۆی بە تاکە میراتگری، بەرپرس (وصی) شەرعی لە شنگاڵ و ئێزیدییەکان دەزانی، لەبەرئەوە دەبێ هەموو هێز و حیزبەکانی تر بکشێنەوە و شنگاڵ تەنها بۆ ئەوان جێ بهێڵن. پارتی دێموکراتی دژی هەبوون یا دامەزراندنی هەر هێزێک بوو کە لەدەرەوەی سیستمی حیزبی و ئیداری و سیاسی و سەربازی ئەوان بێ. داوای کشانەوەی یەکینەکانی پاراستنی گەل و هێزەکانی پاراستنی گەل و هەڵوەشاندنەوەی یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ و هێزی پاراستنی ئێزیدخانی دەکرد، بۆ ئەم مەبەستە دژی هەڵکردنی هەر ئاڵا و دروشمێکی تر بوو جگە لە ئاڵای هەرێم و ئاڵای پارتی دیمۆکراتی کوردستان، بۆ ئەو مەبەستەش لەڕێی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیەوە فشاری دەخستەسەر رۆژئاڤا بۆ کشانەوە لە شنگاڵ و هەموو هێڵی سنووری، هەروەها هەوڵی دەرکردنی گەریلای دەدا و فشاری دەخستە سەر حەیدەر شەشۆ بۆ هەڵوەشاندنەوەی هێز و حیزبەکەی و دەست لەکارکێشانەوەی لە هەر چالاکییەکی سیاسی یا سەربازی لە شنگاڵ.

### پارتی کرێکارانی کوردستان:

ئەو رێکخستەی لە شنگاڵ هەیانبوو دەیگوت پێشمەرگە و بارزانی ‹‹خیانەتیان لە شنگاڵ و ئێزیدییەکان کرد و بەجێیانهێشتن›› و ئەوان بوون بۆ رزگارکردن و گەیاندنی ئێزیدییەکان بە رۆژئاڤا و پاراستنی ئەوانەی لە چیا ماون و بەرپەرچدانەوەی داعش بۆ ماوەی چەندین مانگ و چەندین شەهیدیان داوە )ئەوەش هەمووی راستە(، بۆیە پرسی شنگاڵ تاپۆنەکراوە لەسەر پارتی دیمۆکراتی کوردستان یا حکومەتی هەرێم، سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئەوان و حکومەتی ناوەند بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەیەک بۆ شنگاڵ بەشێوەیەکی راستەوخۆ، دەبێ دان بە یەکینەکانی پاراستنی شنگاڵ دابنرێ و هاوکاری راستەوخۆیان لە

بەغداوە بۆ دابینبکرێ، هەروا پارتی کرێکارانی کوردستان بارەگای لە چیا و دەوروبەری شارۆچکە ئازادکراوەکان هەبوو وە لە خانەسور و سنوونێ و چیا کامپی تایبەت بە ئاوارەکانی خۆی هەبوو...

## یەکێتی نیشتمانی کوردستان:

سەرەڕای ئەوەی کە شانبەشانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە حکومەتی هەرێم هاوبەشن، بەڵام لە زۆر قۆناغدا سیاسەتییان ناکۆک بوو، لەوانەش مەسەلەی شنگاڵ؛ یەکێتی نیشتمانی کوردستان پاڵپشتی حەیدەر شەشۆی دەکرد و یەکێتی کۆمیتەی لاوەکی و کۆمیتەی ناوچەیی هەبوو لە شنگاڵ، ناکۆکیش هەبوو لەنێوان ئەو کۆمیتانە و ئەوانەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان، هەروەها هێزی پاراستنی ئێزیدخان بە سەرکردایەتی حەیدەر شەشۆ ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە پاڵپشتی دەکرا و لەڕێی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە ئەو هێزە بووە بەشێك لە (حەشدی شەعبی) عێراقی، پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پەیوەندییەکی باشیان هەبوو لەگەڵ گەریلا و شەڕڤانانی ڕۆژئاڤا، زۆرجاریش چەك و تەقەمەنی لە قەندیلەوە لەڕێی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە دەگەیەنرا شنگاڵ.

## ناسیۆنالیزمی ئێزیدی:

چەندین ساڵە جوڵانەوەیەکی گەورە لەناو کوردانی ئێزیدی هەیە، لەلایەن چەند وڵات و حزبێك پاڵپشتی دەکرێن و داوای ناسیۆنالیزمی ئێزیدی دەکەن کە ئێزیدییەت بە نەتەوەیەکی جیاوازی سەربەخۆ و تەواو جیا لە میللەتی کورد دادەنێن. ئەرمەن و ئەڵمان و مەسیحییەکان لە دەشتی نەینەوا و زۆر لە ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی ناسیۆنالیستی عێراقی پاڵپشتی نەو تێزەیان دەکرد و هانیان دەدا و پاڵپشتی ئەوانەشیان دەکرد کە داوای نەو تێزەیان دەکرد، تەنانەت حکومەتی ئەرمەنیاش لە ئەرمینیا وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ و جیا لە کورد

دانیان بە ئێزیدییەکاندانـاوە. لێرەدا فاکتەری کوردی هەیە، یا راستتر، ‹‹گەمژەیی کوردی›› فووبان لە ئاگری ئەو جولانەوەیە کرد، ئەوەش لە ئەنجامی ئەو کۆمەڵکوژییە زۆرانەی لەلایەن هەندێك سەرکردەی کورد و میرە کوردەکان لە دژی ئێزیدییەکان ئەنجامدرا؛ وەك میر محەمەد ڕواندزی، هەروەها زۆر لە مەلا و تونداڕەوانی موسڵمانی کورد ئێزیدیان بە بێ باوەڕ دەناساند و بۆ دابڕان لە دەوروبەری کوردی موسڵمانی پاڵیان دەنان. زۆر بەداخەوە مەسەلەکە تەنها لە چوارچێوەی لێدوانی مەلا و بڕیاری میرەکاندا نەما؛ بەڵکو بوو بە فەرهەنگێکی کۆمەڵایەتی خراپ لای کورد موسڵمانە سادەکان، کاتێك لە خواردن و خواردنەوەی ئێزیدییەکانیان نەدەخوارد و نەدەخواردەوە و نە لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە تێکەڵیان دەبوون و گاڵتەکردن بە ئێزیدییەکان لەلایەن خەڵکە سادەکە شتێکی کەم نەبوو و ئیتر ئێزیدییەکانیش دەستەوەستان نەمانەوە؛ ئەوانیش لەنێوان خۆیان گاڵتەیان بە داب و نەریتی کورد موسڵمانەکان دەکرد و لێیان دووردەکەوتنەوە و زیاتر بەسەر خۆیاندا دادەخران، تەنانەت پەیوەندیان لەگەڵ عەرەبی سوننە و مەسیحییەکانی دەوروبەری موسڵ بەهێزتربوو بە بەراورد لەگەڵ کورد موسڵمانەکان..

کاتێك کشانەوەی ٣ی ئاب ڕوویدا؛ کە ئێزیدییەکان بە ‹‹خیانەت و پیلانگێڕیی هاوبەشی نێوان سەرکردایەتی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و تیرۆریستانی دەزانن (بە گوتەی ئەوان) بۆ لەناوبردنی یەکجارەکی ئێزیدییەکان بوو؛ جولانەوەی ناسیۆنالیزمی ئێزیدی بەهێزتربوو و دەنگیشی زیاتر بیسترا، بۆیە هەموو ئەو دروشمانەی لەسەر دیواران دەنوسران، گوزارشت بوون لە تورەیی ئێزیدییەکان لە بەرانبەر ناسنامەی کوردایەتیی و دوورکەوتنەوەیان لێیان زیاتر و زیاتر. بەشێوەیەکی گشتی ، تێزی ناسیۆنالیزمی ئێزیدی لەلایەن زۆربەی گرووپ و جولانەوە جیاوازەکانی ئێزیدی باش پێشوازی لێکرا و بەشێوەیەك لە شێوەکان پشتیوانی لێکرا.

## ئێمە چ ئیشمان بە ئێزیدییەکانە؟

سەرەڕای نەوەی لەناو کوردە نیشتمانپەروەرەکان ژمارەی نەوانە کەم بوو کە نەو پرسیارەیان دەکرد؛ بەڵام تۆڕ یا تاك هەیە وەك کاردانەوەیەك لەسەر تێزی ‹‹ناسیۆنالیزمی ئێزیدییەکان››، داوایان دەکرد واز لە ئیزیدییەکان بهێنن و بایەخیان پێ نەدەن و خۆیان بۆ بەختە نەکەن چونکە خۆیان بە کورد نازانن؛ بۆیە لەسەر کورد نیە قوربانیان بۆ بدات. لە راستیدا هیچ کوردێکی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر گوێی بە دەنگی نەوانە نەدەدا، بەڵام هەندێك لە سادە و ساویلکەکان کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەوان، بەتایبەتی نەوانەی بەدەست نەخۆشی ‹‹نەقشبەندی›› و ‹‹چەوساندنەوەی سوننە›› و عەقڵیەتی خێڵەکی تەسك دەیاننالاند کە کوردی ڕاستەقینە بە پلە یەك بە کوردی سوننە دەزانن، بۆیە بێ باکن بەرانبەر کوردی عەلەوی و ئێزیدی و شەبەك و یاراسانی و شیعە..

## ناکۆکی و ڕێکخستن

قاسم شەشۆ یەکێك لە فەرماندەکانی پێشمەرگەی سەر بە پارتی دیمۆکراتی کوردستان و نەندامی پێشکەوتووی لقی پارتی بوو لە شنگاڵ، بەڵام لەدوای کشانەوەی پێشمەرگە لە ٣ی ئابی ٢٠١٤، لەلایەن پارتی دیمۆکراتی کوردستانەوە گیرا. دوای نەوە پێی باشتر بوو لە چیا بمێنێتەوە لەگەڵ ئێزیدییەکان و لە یەکینەکانی پاراستنی گەل و هێزەکانی گەریلا نزیکتر بووەوە، لە هەموو دەرکەوتنە میدیاییەکانیدا لێدوانی توندی دژی پارتی دیمۆکراتی کوردستان دەدا، بەڵام حەیدەر شەشۆ کە زاوا و برازای قاسم شەشۆ بوو نەو کەسێکی نزیك و نەندامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو و دواتریش بە پاڵپشتی ڕاستەوخۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هێزی پاراستنی شنگاڵ (دواتر ئێزیدخان) ی دامەزراند، کەچی دوای گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ شنگاڵ لە ٢٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٤، قاسم شەشۆ گەڕایەوە باوەشی حیزبی پێشووی و بووە فەرماندەی (فەرماندەیی شنگاڵ- فەرماندەی هێزی شنگاڵ)ی سەر

بە پارتی یەکگرتووی کوردستان و قاسم شەشۆ لە لێدوانەکانی پێشووی هەڵگەڕایەوە لە دژی حیزبە (کۆنە- نوێ)یەکەی، بەڵام حەیدەر شەشۆی برازا و زاوای هێزەکەی خۆی بردە پاڵ هێزەکانی حەشدی شەعبی عێراقی..

جموجۆڵی حەیدەر شەشۆ لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لەگەڵ حەشدی شەعبی، پارتی دیموکراتی کوردستانی بیزارکردبوو، ئەوە وایکرد پارتی لە نیسانی ٢٠١٥ حەیدەر شەشۆ لە قەزای سیمێل لە پارێزگای دهۆك دەسگیربکا و چەندین تۆمەتی مەترسیداریان خستەپاڵ و گرتنی حەیدەر شەشۆ هەرایەکی میدیایی گەورەی نایەوە لە ڕای گشتی کوردی و ڕای ئێزیدی و عێراقی. لەئەنجامدا هیزی پاراستنی شنگاڵ سەر بە(حەیدەر شەشۆ) بەیاننامەیەکی تووندی بڵاوکردەوە دژی دەسەڵاتدارانی هەرێم، لە بەیانەکە داوای ئازادکردنی فەرماندە سەربازییەکەی خۆیان کرد، پێویستە لێرەدا بەیانەکە بڵاوبکەینەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ ئاگاداری هۆی گرتنەکەی و ئەو ناکۆکییانە بێت کە ڕەگی داکوتاوە لەنێوان لایەنەکانی شنگاڵ:

## بەیاننامەیەک لە هێزی پاراستنی شنگاڵ

نامەکەی بارزانی لەسەر هیچ بنەمایەکی یاسایی و دەستووری نیە.

هێزی ئاسایشی قەزای سیمێڵ لە پارێزگای دهۆك بە پشتبەستن بە فەرمانی ڕاستەوخۆی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان؛ بەڕێز حەیدەر شەشۆ، فەرماندەی هێزی پاراستنی شنگاڵ (هێزی ئێزیدخان)ی سەربە هێزەکانی حەشدی شەعبی دەسگیرکرد. ئەوەش بەڕوونی دیارە لە نامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسعود بارزانی و ڕوونکردنەوەی وتەبێژەکەی بەناوی د. ئومێد سالح، (نوسەر مەبەستی ئومێد سەباح)ە

ئەو تۆمەتانەی خراونەتەپاڵ فەرماندەی هێزەکەمان و هاوڕێکانی،

بەگوێرەی دەقی نامەکەی بەڕێز بارزانی و وتەبێژەکەی بێ، بڕیتییە لە:

یەکەم:

پێکهێنانی هێزێکی نایاسایی لە دەرەوەی لە یاسا و دەرەوەی چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگە.

دووەم:

پێکهێنانی هێزێکی تر و بەڕێوەبەرایەتییەکی تر و بە ئاڵایەکی تر لە ناوچەکە؛ بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ ڕێزێك بۆ هەرێم و سەروەریی و دەسەڵاتەکەی.

سێیەم:

وەرگرتنی پارە لەلایەنەکانی تر، وەك بێ منەتی بەرانبەر دەسەڵاتی هەرێم.

چوارەم:

پڕۆژەی کۆن، ئەوەش پیلانێکی شاراوەنیە، هەرێمیش بەڵگەی تەواوی هەیە سەبارەت تێوەگلانی ئەو هێزە و وەرگرتنی پارە بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکەیان لە شنگاڵ.

پێنجەم:

تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستانی.

هەرچەندە ئێمە پتر لە چەند ڕوونکردنەوە و بەیاننامەیەکمان بڵاوکردۆتەوە دەربارەی نایاسایی بوونی ئەو گرتنە و پوچەڵکردنەوەی ئەو تۆمەتانەی خراونەتەپاڵ هێزەکەمان و فەرماندەکەی؛ بەڵام بڕیارماندا بابەتەکە بۆ ڕای گشتی ڕوون بکەینەوە بۆ ئەوەی هەڵوێستی

ڕوون و ئاشکرای خۆمان لەسەر ناوەرۆکی نامەکەی سەرۆکی هەرێم بخەینەڕوو کە هیچ بنەمایەکی یاسایی و دەستووری نیە.

یەکەم:

شاراوە نییە ئێمە وەک هێزێکی ئێزیدی سەربە حەشدی شەعبین کە لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە (بە فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستانیشەوە) پەسەندکراوە و بڕیارە دوایی بگۆڕێ بۆ (پاسەوانی نیشتمانی)، لێرەوە دەپرسین: چۆن دەبێ هێزی پاراستنی شنگاڵ لە دەرەوەی یاسابێ و ئەویش بە فەرمی سەر بە حەشدی شەعبی بێ کە بە یاسا دامەزراوە و هەموو عێراقییەکانیش شایەدحاڵی سەرکەوتنی هێزەکانیانن لە شکاندنی داعش لە چەندین بەرەی شەڕ؟

بەڵام ئەگەر سەرۆکایەتی هەرێم هەموو هێزە سەربازییەکان لە دەرەوەی چەتری پێشمەرگە بە (هێزێکی نا شەرعی و نایاسایی) دابنێ، ئەوە شتێکی تر، لەکاتێکدا دەزانین دەستەی حەشدی شەعبی هاوشێوەی دەسەڵاتی پێشمەرگە، بەشێکی دانەبڕاوە لە سیستمی بەرگری عێراق، لەگەڵ ئەوەش کە هێزی پێشمەرگە هاوکارن لەگەڵ هێزەکانی حەشدی شەعبی و لە هەندێک بەرە و ناوچەش هەماهەنگن، بەتایبەتی ئەو خاڵەیان یەکێک بوو لە گرنگترین خاڵەکان لە بەرنامەی سەردانی سەرۆک وەزیرانی عێراق بەرێز حەیدەر عەبادی بۆ لای بارزانی..

لە بەغدا پەرلەمانتارانی هاوپەیمانی کوردستانی لە لێدوانێکی فەرمیدا رایانگەیاند هەر دەستدرێژییەک بۆ سەر حەشدی شەعبی دەستدرێژییە بۆ سەر پێشمەرگە، بەڵام لە هەولێر بەپێی یاسای کوردستان، هێزێکی نا شەرعی و نایاسایی دەبێ دادگایی بکرێت. لەلێدوانێکیدا دوێنێ سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕاشکاوانە گوتی: حەشدی شەعبی هێزێکی نیشتمانی عێراقیە و هەموو پێکهاتە عێراقییەکان لەخۆدەگرێت و هیچ دەستدرێژییەک بۆ سەریان قبوول ناکەین و هەر کەسێکیش سەرپێچیی بکات ڕەوانەی دەسەڵاتی دادوەری دەکەین.

دووەم:

هێـزی پاراستنی شـنگاڵ لـە بنەڕەتـدا لـە دوای ٣ی ئابـی ٢٠١٤ دامـەزرا، بـۆ پڕکردنـەوەی ئـەو بۆشاییە ئەمنییـە ترسـناکەی دروسـتبوو لـەدوای کشانەوەی تـەواوی دامـەزراوەی بەرگـری کـوردی بەبێ هیـچ بەرمنگارییەك، لەکاتێکدا سـەرۆکی هەرێـم بەڵێنـی بـە هەمـوو عێراقـی و کـورد بەگشتی و ئێزیدییـەکان بەتایبەتـی دابـوو لێپرسـینەوە لەگـەڵ هەمـوو ئەوانـە بـکات کـە کەمتەرخـەم و هـۆکاری جینۆسـایدەکەی شـنگاڵ بـوون بەهـۆی ئـەو کشانەوە لەنـاکاوەی لـەدوای خـۆی ئامـاژە و پرسـیاری بەجێهێشت. سـەرۆکی هەرێـم لەجیاتـی ئـەوەی لێپرسـینەوە لەگـەڵ ئەوانـە بـکات و بیانداتـە دادگا؛ فەرمانـی بـە دەسـەڵاتدارانی خۆیـدا فەرمانـدەی هێـزی ئێمـە دەسـگیربکەن کـە بەدرێژایـی چـوار مانـگ لـە ئابلۆقـە شانبەشـانی هاوڕێکانـی دژی ترسـناکترین رێکخـراوی تیرۆریسـتی داعـش شـەڕی کـرد. دوای کشانەوەی پێشمەرگە هیـچ بژاردەیەکـی تـر لەبـەردەم ئێزیدییـەکان نەمـا جگـە لـە دوو بـژاردە:

یـا جێهێشـتنی ناوچەکـە و چۆڵکردنـی بـۆ داعـش، یـا بەرخـۆدان، ئێمـە وەك هێزێکـی ئێزیـدی بەرخۆدانمـان بـۆ بەرگیکـردن لـە خـاك و شـەرەفی ئێزیدییـەکان هەڵبـژارد، کـە شـەڕەفی هەمـوو عێراقییەکانـە، بـەڵام لـە سـەرووی هەمـوو ئەوانـەش بـە پێشـێلکاری یاسـا و مەترسـی لەسـەر ئاسایشـی نەتەوەیـی کـوردی تۆمەتباربکرێیـن، ئـەوە بابەتێکـی تـرە.

سێیەم:

سـەرۆکایەتی هەرێـم نـاوی (لایەنەکانـی تـر) ناهێنـێ کـە هێـزی پاراسـتنی شـنگاڵ پارەیـان لـێ وەردەگـرێ، وەك چـۆن پێشـتر جەختمـان لـەوە کردۆتـەوە، ئێسـتاش دووپاتـی دەکەینـەوە کـە ئێمـە (هێزێکـی نهێنـی) یـا (هێزێکـی بیانـی) نـین، بەڵکـو هێزێکـی ئاشـکرای نیشـتمانی عێراقـی کوردسـتانی کـە بەفەرمـی سـەر بـە حەشـدی شـەعبین و لەوانـەوە پـارە و چـەك و تەقەمەنـی وەردەگریـن. ئەگـەر سیسـتمی بەرگـری عێراقـی کـە

پێشمەرگەش سەربە هەمان سیستمە لای ئێوە ناوی (لایەنی تر)ە؛ ئەوا ئێمە شانازی پێوە دەکەین و عێراقیش وەک نیشتمانێک بە چەتری سەری هەمووان دەزانین، بەبێ جیاوازی ئایین و مەزهەب و نەتەوە و زمان یا ڕەگەز.

چوارەم:

نازانین (پڕۆژەی کۆن) چیە کە هێزی پاراستنی گەلی پێ تۆمەتباردەکرێت، هەموو بەیاننامە و بانگەوازەکانمان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و لە کەناڵی ئاسمانی ئەنتەرنێت بڵاوکراونەتەوە. ئێمە بەردەوام لە هەموو بۆنەکان جەختمان لەوە کردۆتەوە کە ئێزیدییەکان دووجار پێکهاتەی ڕەسەنن، یەکەم، عێراقیی ڕەسەنن، دووەمیش کوردستانی ڕەسەنن، هەوڵی هیچ پڕۆژەیەک نادەین، نە کۆن و نە نوێ لەدەرەوەی عێراق و کوردستانەکەی، هەموو ئەوەی هەوڵی بۆ دەدەین پاراستنی ئێزیدییەکان و مافەکانیانە، ئنجا ئەگەر ئەوە (پیلانگێڕی) بێ، ئەوا ئێمە شانازی پێوەدەکەین.

پێنجەم:

هەموواندەزانن ئەوەی هەڕمشە لە ئاسایشی نەتەوەیی عێراقی و کوردستانی دەکا داعشە بە پلەی یەکەم و سەرەکی. نازانین هێزێکی ئێزیدی کە داعش ئەو هێزە بە هێزێکی خوانەناس دەزانێت و بۆ پاراستنی خوانەناسەکانە، چۆن مەترسی دەبێت لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کوردستانی ؟

بەڵام ئەوەی لە هەمووی سەیرتربوو، پێداگریی سەرۆکایەتی هەرێم بوو بۆ دادگاییکردنی هێزەکەمان و فەرماندەکەی لە شنگاڵ بە (یاسای کوردستان)، لەکاتێکدا ئێمە و هەموو عێراقییەکانیش دەمانزانی شنگاڵ لە سنووری ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقیدایە و هێشتا لە ڕووی ئیدارییەوە سەربە حکومەتی ناوەندە کە هێزەکانیشمان بەپێی یاسا

سەربە ئەوێنە

ئازادی بۆ سیمبولی بەرخۆدانی ئێزیدی حەیدەر شەشۆ

بژی هێزی پاراستنی شنگاڵ

شنگاڵ ١٠ی نیسانی ٢٠١٥

## هێزی پاراستنی شنگاڵ

دوای ماوەیەکی کەم لە دەسگیرکردن و لێکۆڵینەوە، لایەنە پەیوەندیدارەکان گەیشتنە نیمچە سەودایەك، دوای ئەوەی حەیدەر شەشۆ لە لێدوانێك لە کەناڵەکانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان رایگەیاند کە لەگەڵ هێزەکەی دەچنە پاڵ پێشمەرگە و پەیوەندییەکەی لەگەڵ حەشدی شەعبی دەبڕێت، ئنجا ئازادکرا و یەکسەر بەرەو سلێمانی بەڕێکەوت، زۆر لە چاودێران لێدوانەکەی حەیدەر شەشۆیان لەبەردەم پارتی دیمۆکراتی کوردستان بە ملکەچکردن ناوبرد لەسەر حسابی ئێزیدیەکان.

فشارەکان تەنها ئاراستەی حەیدەر شەشۆ و هێزەکەی نەبوو، بەڵکو فشار و هەراسانکردنەکە زیاتر ڕووبەڕووی یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ و پارتی ئازادی دیمۆکراتی ئێزیدی (پەیەدە) دەکرانەوە، تەنانەت دژی یەکینەکانی پاراستنی گەلیش بوو ئەوانەی لە هێڵی سنووری و ڕێگای شنگاڵ بوون. هێزی پێشمەرگە بەربەستی خۆڵ و ئاستەنگی زۆریان لەناو شاروچکەی ڕەبیعە و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی ڕۆژئاڤا دادەنا؛ بۆ ڕێگریکردن لە هاتوچۆی نێوان تەل کۆچەر و ڕەبیعە، هەروەها بازگە و خاڵەکانی پشکنینی تایبەت بەخۆیان لە ڕێگای نێوان ڕەبیعە-شنگاڵ و لەناو شنگاڵیش. ئامانجیان لە هەموو ئەو هەنگاوانە دروستکردنی بەربەست بوو بۆ جموجۆڵی هێزەکانی ڕۆژئاڤا بۆ ناو شنگاڵ و لەوێشەوە بۆ ڕۆژئاڤا، هەروەها ڕێگریش

بوو لە گەیاندنی هاوکاری بۆ هێزەکانی بەرگری گەل و یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ، ڕێگری لە هاتوچۆی هاوڵاتیان لەنێوان شنگاڵ و ڕۆژئاڤا. هاوڵاتیانی شنگاڵ بەپلەی یەك پشتیان بە ڕۆژئاڤا دەبەست بۆ سەردانی نەخۆشخانە و پزیشك و کاروباری بازرگانی، هەروەها بۆ سەردانی کەس و کاریان لە گوندەکانی ئێزیدی و کامپەکان لە ڕۆژئاڤا، وە بەپێچەوانەش.

## ئۆپەراسیۆنەکانی ئازادکردنی ڕۆژئاڤا و بەرخۆدان لە شنگاڵ

دوابەدوای ئازادکردنی شاری کۆبانێ کە ناوەندی ناوچەکەیە؛ یەکینەکانی پاراستنی گەل و یەکینەکانی پاراستنی ژنان و هێزەکانی هاوپەیمان دەستیانکرد بە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی گوندەکانی دەوروبەری کۆبانێ و دەرکردنی تیرۆریستانی داعش لە گوندەکان. ئۆپەراسیۆنەکە بەرەبەرە بەردەوام بوو و لەهەمان کات و دوای دڵنیابوونەوەی هێزەکانی هاوپەیمانی لە سوودی کارکردن لەگەڵ یەکینەکانی پاراستن و دوای چەند کۆبوونەوەیەکیش لەگەڵیان؛ بڕیاری ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی گوندەکانی باشووری شاری قامشلو و ترپەسپی (القحطانیە)یاندا، بەتایبەتی هەردوو شارۆچکەی تەل حەمیس و تەل بەڕاك کە گرنگن بۆ دەستەبەرکردنی دیوی باشووری شاری قامشلو و باکووری شاری حەسەکە.

ئۆپەراسیۆنەکە بە ئامانجی ئازادکردنی گوندەکان و دواتر بەرەو ناوەندی شارۆچکەی تەل حەمیس بچن بۆ ئازادکردنی لە تیرۆریستانی داعش لە ٢١ی شوباتی ٢٠١٥، وە لە ٢٧ی شوبات یەکینەکان توانیان بچنە ناو شارۆچکەی تەل حەمیس و ئۆپەراسیۆنەکە بەردەوام بوو لە گوندەکانی دەوروبەری، هاوکات؛ هێزەکانی تریش دەسبەجێ هەڵمەتێکیان کردەسەر شارۆچکەی تەل بەڕاك بۆ بڕینی ڕێگا لە هێزەکانی ڕژیم کە هەڵمەتەکەی ئێمە و ڕاکردنی تیرۆریستان لە ناوچەکەیان قۆزتەوە وهەوڵی پێشڕەویان دەدا بەرەو شارۆچکەکە.

## داعش مەسیحییەکان دەکاتە ئامانج

هەر کە یەکینەکانمان دەستیانکرد بە نۆپەراسیۆنی ئازادکردنی تەل حەمیس لە ٢١ی شوبات؛ رێکخراوی تیرۆریستی خێرا هێرشی کردەسەر گوندەکانی ئاشووری لە حەوزی خابوور لەسەر رێگای تەل تەمر-حەسەکە و توانیان ١١ گوندی ئاشووری[٣٠] داگیربکەن و نزیکەی ٢٥٠ ژن و پیاوی بێ چەک بڕفێنن. هێزە ناوخۆییەکانی مەسیحی لەوێ ناوچەکەیان دەپاراست، بەڵام نەیاندەتوانی بەرپەرچی هێرشە دڕندانەکانی داعش بدەنەوە، هەر بۆیە هێزەکانمان ناچاربوون بچنە هاوکاریان و شەڕ هەڵگیرسا لەنێوان هێزەکانمان و گروپە مەسیحییەکان لەلایەک و گرووپە تیرۆریستییەکانیش لەلایەکی تر.

داعش کەمینەکانی تری ئایینی و نەتەوەیی بەئامانج دەگرتن؛ گەلی کورد بەپلەی یەک، هەر ناوچەیەک داعش دەچووە ناوی؛ کورد و مەسیحی و پێکهاتە ئایینی و تائیفییەکانی تر لە شیعە و عەلەوی و دروز و ئێزیدی و شەبەک و سابئە لەبەریان هەڵدەهاتن؛ ئەوە لە دەشتی نەینەوا و شنگاڵ و حەوزی خابوور ڕوویدا، کاتێک زۆربەی ئاشوورییەکان لە گوندەکانیان هەڵاتن و تەنانەت دوای ئازادکردنیشیان زۆریان نەگەڕانەوە گوندەکانیان، هەر کە داعش چووە حەوزی خابوور، دەستیکرد بە تەقاندنەوەی کڵێسا و دێر و ماڵەکان.

لە ٧ی ئایاردا، یەکینەکانی پاراستنی گەل و ئەنجومەنی سەربازی سریانی و هێزە ئاشوورییەکان، بە پاڵپشتی ئاسمانی هێزەکانی هاوپەیمانی

---

٣٠- (مەسیحیە) ئاشوورییەکان (نێستۆرییەکان)ی دانیشتوونی گوندەکانی حەوزی خابوور، لە سەدەی ڕابردووو ڕووبەڕووی چەندین کۆمەڵکوژی و ڕاگواستن بوونەوە؛ دواییین جاریان ڕووداوەکانی سیمێڵ بوو لە باکووری موسڵ، لەنێوان یەکەکانی سوپای عێراقی و هاوڵاتیانی ئاشووری نێستورییەکان لە ٧ی ئابی ١٩٣٣ و بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک خایاندی، دەیان ئاشووری کوژران و ئەوانەی تریشیان ڕاگواستن. بەشی زۆریان ڕوویان لە سوریا، ئەوکاتە سوریا لەژێر ئینتدابی فەرەنسیدابوو و زەویەکانی حەوزی خابوور کە هیهۆزی کوردی مللی بوو، بۆ نیشتەجبوونی ئەوان تەرخان کرا و بەشی سەرەکی شارۆچکەی تەل تەمریان پێکدەهێنا شانبەشانی کورد و عەرەب، وە زۆرینەشی کە نزیکەی ٢٥ گوند بوو لەسەر هەردووک بەری ڕوباری خابوور بوو لەنێوان گوندی تەل تەمر و شاری حەسەکە.

نێودەوڵەتی، ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی گوندە ئاشوورییەکانیان دەستپێکرد، هەروەها ئەو گوند و ناوچانەی دەکەونە نێوان سەرێ کانی و تەل تەمر، نێوان تەل تەمر و حەسەکە و نێوان تەل تەمر و چیای عەبدولعەزیز(چیای کەزوان)• هێزەکان توانیان لە ڕۆژی ٢٠ ئایار چیای کەزوان ئازادبکەن و لە ٢٦ی ئایاریش شارۆچکەی مەبڕووکەی ستراتیجییان ئازادکرد لەسەر ڕێگای سەرێ کانی (راس العین) و گرێ سپی (تل ابیض)• بەوشێوەیە هەموو گوندەکانی ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوای کانتۆنی جەزیرە ئازادکران، هەموو گوندەکانی ئاشووری لە تیرۆریستانی داعش پاککرانەوە و ئۆپەراسیۆنی ڕاونان و پاککردنەوە لە مین و کردنەوەی ڕێگا و ڕاونانی پاشماوەکان بەردەوام بوو..

## بەرەو کۆبانێ یا شنگاڵ؟

بەدرێژایی زستان و بەهاری ساڵی ٢٠١٥، شەڕەکان لەوپەڕی سەختیدابوون لە شەنگال، بەتایبەتی لە بەرەی ڕۆژئاوا و باشوور• شەڕی سەخت ڕوویدا لە بەرەی باشووری شنگاڵ لەگەڵ تیرۆریستانی داعش، بەتایبەتی لە گوندی (باری) لە ڕۆژئاوای چیای شنگاڵ• لەو ناوچە کراوە یە بەڕووی ئەو بنکە گەورانەی داعش لە دەریاچەی خاتوونییە و شارۆچکەی هۆڵ (هەردووکیان لەدیوی ڕۆژئاڤا)، خاڵی دەستپێکردنی هێرشە یەک لەدوای یەکەکانی سەر ڕۆژئاوای شنگاڵ بوون• بەری ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوای شنگاڵ هەمیشە ئامانجی هێرشەکانی داعش بوون کە لەلای خاتوونیە و هۆڵ و بەعاجەوە بۆی دەهاتن، هەروەها بەدرێژایی ڕێگای ستراتیجی ٤٧[٣١] هێرشیان دەکردە سەر بناری باشووری چیای شنگاڵ و گوندەکانی دەوروبەری، لەهەمان کاتیشدا ئەو گردبوونەوە تیرۆریستییانە ئامانجی

٣١- ڕێگای٤٧ی ستراتیجی کە موسڵ و تەلەعفەر بەیەک دەبەستێتەوە و لەوێشەوە بۆ شنگاڵ و لە شنگاڵەوە بەرەو بعاج و لەوێشەوە بۆ سوریا، کە گوندەکانی باشووری حەسەکە و شەددادی و هۆل و گوندەکانی باکووری دێرزۆر و لەوێوە بۆ ڕەقەی پایتەختی تیرۆریستانی داعش. ڕێگای ٤٧ وەک شادەماری ژیان بوو لەنێوان گەورەترین پایتەختەکانی داعش موسڵ و ڕەقە؛ ڕێگای سەرەکی گەیشتنی هاوکاریی بوو لەنێوان سوریا و عێراق، ڕێگای بازرگانی و گواستنەوەی ئەندامەکانیان و نەوت و بازرگانی بوو، بۆیە ئەو ڕێگایە بە گرنگترین ڕێگاکانی خاکی بەناو خەلافەتی داعش دادەنرا.

بەردەوامی هێزە کوردییەکان بوون، بەتایبەتی هێزەکانی گەریلا، کە هێرشی بروسکەئاسایان دەکردەسەر ئەو شوێنانەی لێی دامەزرابوون..

بەڵام لەناو شنگاڵ وەك هەمیشە، پێکدادان لە گەڕەك و ناو ماڵان و شەقامەکان بەردەوام بوو، شارەکە بەتەواوەتی وێران بووبوو بەهۆی تۆپبارانی هەردووڵا و تەقینەوەی ئوتۆمبێل و بۆردومانی ئاسمانی فڕۆکەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی. پێکدادانەکان بێ کۆتایی لە بەری رۆژئاوا و باشوور و ناو شار بەردەوام دەبوو، دەبوا بڕیارێکی یەکلاکەرەوە و هۆشمەندانە بدرێ بۆ ئازادکردنی شارەکە و گوندەکانی باشوور بەتەواوەتی، بەڵام بڕیاری لەو شێوەیە بە هاوبەشی هەموو هێزە کوردستانییە ئێزیدیە بەشداربووەکان لە شنگاڵ؛ نزیکی مەحاڵ بوو لەبەر زۆر هۆ، ناکۆکییەکانیش هەر زیاد دەبوون لەنێوان هێزەکان و هەندێك ڕوداوی جیاجیای بێزارکەریش ڕوياندا، بۆیە هیوای ئەوەمان نەبوو بڕیاری ئازادکردنی تەواوەتی بدرێت، چونکە هیچ هێزێك لەوانەی لەوێ بوون ئامادەنەبوو شەڕەفی ئازادکردنی لەگەڵ هێزەکانی تر بەش بکا، لەهەمان کاتیشدا دەترسان لە چوونە ناو شەڕێك کە ئەنجامەکەی یەکلاکەرەوە نابێت.

## گفتوگۆکان بۆ ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی شنگاڵ

لە رۆژانی سەرەتای مانگی حوزەیران گفتوگۆ لەنێوان یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ و هێزەکانی پاراستنی گەلی کوردستان هەبوو، سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی شنگاڵ بە تەواوەتی. هەردوو هێزەکە ڕەزامەندی حیزبی و سیاسی خۆیان وەرگرتبوو، بەڵام بۆ سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنەکە، پێویستییان بە دوو شتی سەرەکی بوو: یەکەم، هێزێکی گەورەی پشتیوانی رۆژئاڤا، دووەم، وەرگرتنی ڕەزامەندی و پاڵپشتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و دابینکردنی ڕۆماڵی ئاسمانی بۆیان. بێگومان پاڵپشتی ئاسمانیش ئەگەر بکرایە نەوە لەڕێی ژووری

ئۆپەراسیۆنی تایبەت بە رۆژئاڤاوە دەبوو، بۆیە هەماهەنگی لەنێوان هاوپەیمانی و ئەو هێزانەی لە شنگاڵ بوون(بە پلەی یەکەم) لەڕێی وەزارەتی پێشمەرگەوە دەبوو.

سەرکردایەتی سیاسی و سەربازی رۆژئاڤا خەریکی تاوتوێی پرسی ناردنی هێزێکی گەورە بوون بۆ شنگاڵ و دەستکردن بە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی، بۆ ئەو مەبەستە ئۆپەراسیۆنی گەورەی رۆژئاوای سەرێ کانییان لەدوای ئازادکردنی مەبڕووکە ڕاگرت و ئێمەش پلانە نوێیەکەمان بە هاوپەیمانی ڕاگەیەند، بەڵام هاوپەیمانان لەبەر چەند هۆکارێك بابەتەکەیان لە بنەڕەتدا ڕەتکردەوە، هۆی یەکەم ئەوەبوو کە پرسی شنگاڵ تایبەتە بە هەولێر و بەغدا و هیچ پەیوەندی بە هێزەکانی رۆژئاڤاوە نیە. دووەم، ناکرێ ژووری ئۆپەراسیۆنی سلێمانی تەرخان بکرێ بۆ ئۆپەراسیۆنە ئاسمانییەکانی شنگاڵ. سێیەم: نابێت هێزەکانی رۆژئاڤا ئۆپەراسیۆنەکانی ئازادکردن ڕابگرن و بەرەو شنگاڵ بچن، بەتایبەتی کە دەبێ پێشینە بۆ ئازادکردنی ناوچەکانی تری رۆژئاڤابێ، نەك دەرەوەی رۆژئاڤا. چوارەم و لە هەمووی گرنگتر، دەبێت پەلەبکرێت لە هەڵمەتی بەستنەوەی جەزیرە بە کۆبانێ.

شایانی باسە، لەو ماوەیەدا داواکاری زۆر هەبوو لەسەر پێویستی گەڕانەوەی ئەو یەکینانەی لە شنگاڵ و خاکی عێراق بوون بۆ رۆژئاڤا، لە زۆر بۆنەدا هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و ئەفسەرانی ئەمەریکی ئەو داوایەیان دووبارەدەکردەوە، دیارە ئەوەش لە ئەنجامی فشارەکانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان بوو. گفتوگۆکان لەڕێگەی ئێمەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی سلێمانییەوە بۆ ماوەی نزیکەی هەفتەیەك بەردەوام بوون، سەکردایەتی رۆژئاڤا فشاری دەکرد بۆ چوونە شنگال، بەڵام هاوپەیمانی ڕەتیدەکردەوە و هەر لایەکیش بیانوو و پاساوی خۆی هەبوو؛ سەرکردایەتی رۆژئاڤا دەیگوت: پێویستە رۆژئاڤا ئازادبکەین و داعش لە جەزیرە دووربخەینەوە بۆ ئەوەی بەرەی شەڕمان بەهێز و پارێزراوبێ و دواتر دەتوانین بچین کۆبانێ

بـە جەزیـرەوە ببەستینەوە››. گفتوگۆی کوردییش هەبـوو، بەتایبەتـی لـە تورکیـا: دەیانگـوت:›› ئەگـەر هێزەکانـی گـەریلا و هاوپەیمانەکانیـان لەوکاتـەدا شـنگاڵ ئازادبکـەن، بـە ئەرێنـی ڕەنگدانـەوەی دەبـێ بـۆ سـەر ئەنجامـی هەڵبژاردنەکـەی ٧ی حوزەیـران لـە بەرژەوەندی پارتـی گەلانـی دیموکـرات‹‹، بـەڵام بیانـووی هاوپەیمانـی نێودەوڵەتـی ئەوەبـوو: ‹‹کۆبانێ ڕووبـەڕووی داگیرکـردن بـۆوە لەلایـەن داعـش، لەبەرئـەوەی تـەواو گەمارۆدرابـوو و مەحـاڵ بـوو بەئاسـانی هـاوکاری پـێ بـگات، سـەرەڕای ئازادکردنـی شـارەکە و چەندیـن گونـد و دێهـات، بـەڵام داعـش هێشـتاش بەهێزبـوو و دەیتوانـی ڕیزەکانـی خـۆی ڕێکبخاتـەوە و هێرشـێکی گەورەتـر بکاتەسـەر کۆبانـێ و داگیـری بکاتـەوە، بۆیـە دەبـێ ئۆپەراسـیۆنەکە بـەردەوام بـێ تـا جەزیـرە بـە کۆبانـێ ببەسـتینەوە.

مەسـەلەیەکی تـری هەسـتیار هەبـوو کـە دەبـوا هەمـوو لایـەك ئاگاداربـن؛ ئەوەیـش ئەوەبـوو کـە کاتێکـی سـنووردار و سـەرچاوەی ئاسـمانی تایبـەت تەرخـان کرابـوو بـۆ پاڵپشـتیکردنی ئۆپەراسـیۆنی ئازادکردنـی ناوچـەی نێـوان کۆبانـێ و جەزیـرە کـە بەسـەر دوو بـەش دابەشـکرابوو: بەشـێك لەگـەڵ هێزەکانـی کۆبانـێ کاربـکات و بەشـەکەی تریـش لەگـەڵ هێزەکانـی جەزیـرە، لـە حالەتێکـدا ئەگـەر هێـزەکان نەجـوڵان بـۆ کردنـەوەی ڕێـگای نێـوان جەزیـرە و کۆبانـێ؛ ئـەوا پاڵپشـتی ئاسـمانی لـەوێ نابـێ و دەگوازرێنـەوە ناوچەکانـی تـری عێـراق یـا سـوریا و بەدەسـتهێنانی بەرنامەیەکـی تریـش ئاسـان نابـێ بـەم زوانـە.

کاتێك چەنـد بەشـێکی شـاری کۆبانـێ ئازادکـران، خەڵکەکـەی بـێ دواکەوتن گەڕانـەوە، هەمـان شـتیش لـەو گوندانـەی لـە دەسـت داعـش ئـازاد دەکـران؛ هـەر لەگـەڵ ئازادکردنیـان خەڵکەکەیـان دەگەڕانـەوە. خەڵکـی کۆبانـێ چیتـر بەرگـەی دووری مـاڵ و گوندەکانـی خۆیـان نەدەگـرت، گـەڕاوەکان بـۆ ماڵـە وێـران و گونـدە تاڵانکـراوەکان و بەروبوومـی سـوتاویان، پێویسـتی زیاتریـان بـە بژێـوی ژیانیـان هەبـوو لـە ئـاو و کارەبـا و سـووتەمەنی و نـان و دەرمـان و پێدەویسـتییە سـەرەکییەکانی ژیـان، بۆیـە بەسـتنەوەی

کۆبانێ بە جەزیرە و ئازادکردنی ناوچەکانی نێوانیان لە هەر هەنگاو یا پلانێکی دی گرنگتر بوو.

لێرەدا لەپێناو ڕاستگۆیی مێژوویی، من خۆم بەلامەوە باشتربوو ناوچەی نێوان جەزیرە و کۆبانێ ئازادبکەین و هەردوو کانتۆنەکان بەیەکەوە ببەستینەوە و ڕێگا نەدەین ئۆپەراسیۆنەکە بومستێت، بەوشێوەیە دەرفەتمان بە تیرۆریستان نەدەدا هەناسەبدەن یا ڕیزەکانی خۆیان ڕێکبخەنەوە و لە سەنگەری نوێ دامەزرێنەوە و بەوجۆرە ناتوانن دژەهێرش بکەنەسەر ناوچەکانمان کە بە دانیشتووان ئاوەدانن، هەر بۆیە دوای ئەوەی هاوپایمانان پاڵپشتی ئۆپەراسیۆنی شنگاڵیان ڕەتکردەوە و دوای ڕاگرتنی ئۆپەراسیۆنی ڕۆژئاڤا؛ توانیمان سەرکردایەتی سیاسی و سەربازی ڕۆژئاڤا ڕازی بکەین لە پێویستی گرنگیدان بە مەسەلەی چوون بەرەو کۆبانێ بەپلەی یەك و دواخستنی ئۆپەراسیۆنی شنگاڵ بۆکاتێکی تر، یا بۆ ئەو هێزانەی جێبهێڵن کە لە شنگاڵن، دوای ماوەیەك سڕکردن، ئۆپەراسیۆنەکە لە دوو لاوە کەوتەوە جوڵە:

لە ڕۆژهەڵاتەوە هێزەکانی جەزیرە سرکردایەتی چەند بەرەیەکی کۆبانێیان دەکرد، لە ڕۆژئاواشەوە هێزەکانی کۆبانێ و هاوپەیمانەکانیان لە گڕکانی فوڕات بەرەو ڕۆژهەڵات کەوتنەڕێ بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ هێزەکانی جەزیرە، فڕۆکەکانی هاوپەیمانیش هیچ کاتێك ئاسمانی ناوچەی ئۆپەراسیۆنەکەیان جێ نەدەهێشت و چاودێری جموجوڵی تیرۆریستانییان دەکرد و بنکەکانیشیان بۆردومان دەکردن.

لە ١١ی حوزەیران هێزەکانی جەزیرە توانییان گەمارۆی شارۆچکەی سلووك لەسەر ڕێگای گرێ سپی بدەن و هێزەکانی تریش بەرەو ناوەندی گرێ سپی چوون و توانیان ڕۆژی ١٥ی حوزەیران بچنە ناو شارۆچکەکە و لە تیرۆریستانی داعشی ئازادبکەن. لە هەمان ڕۆژدا یەکەم دیداری نێوان هێزەکانی کۆبانێ کە لە ڕۆژئاڤاوە هاتبوون و هێزەکانی جەزیرە ڕوویدا، وە لە ٢٣ی هەمان مانگدا ناوەندی شارۆچکەی سەرێ

کانی ستراتیجی لەسەر ڕێگای (ئیم٤) ئازادکرا٠ بەوشیوەیە ناوچەیەکی بەرفراوان و هەموو سنووری نێوان تورکیا و داعش لەنێوان کۆبانێ و سەرێ کانی ئازادکرا٠ پێویستە بڵێین، ئازادکردنی گرێ سپی گورزێکی کوشندەی لە ڕێکخراوی داعش و وڵاتی تورکیادا، گرێ سپی لە گرنگترین دەروازە سنوورییە کراوەکانی نێوان تورکیا و پایتەختی بەناو خەلافەتی داعشیی بوو لە ڕەقە، زۆرینەی ڕەهای تیرۆریستانی داعش بەو دەروازەیەدا لە جیهانەوە دەهاتنە تورکیا و لە تورکیاشەوە دەهاتنە ڕەقە، هەروەها بازرگانی نەوت و پەمۆ و ئاسن و کەرەسەی بیناسازی و بازرگانی نێوان تورکیا و پایتەختی داعش لەو دەروازەیەدا زۆر چڕبوو، بۆیە کۆنترۆڵکردنی گرێ سپی وەک گرتنی بۆڕی هەناسەدانی داعش و پایتەختەکەیان وابوو.

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین، ئازادکردنی کۆبانێ و بەرخۆدان لە شنگاڵ و ناوچە کوردنشینەکانی تر کاریگەری ئەرێنی زۆری هەبوو لەسەر رای گشتی کوردی لە باکووری کوردستان و تورکیا کە بەشێوەیەکی بەرچاو دەنگیان بە پارتی گەلی دێموکراتیدا لە هەڵبژاردنی ٧ی حوزەیران و تێیدا ئاستەنگی هەڵبژاردنیان تێپەڕاند و سەرکەوتن، زیاتر لە ٨٢ کورسی پەرلەمانی تورکیای بەدەستهێنا٠ بێگومان بەرخۆدانی کۆبانێ و ئازادکردنی زۆرترین کاریگەری لەسەر باری دەروونی کورد بەگشتی و بەتایبەتی لە تورکیا و باکووری کوردستان هەبوو.

## ڕێگا بەرەو ئازادکردنی شنگاڵ

لە هاوینی ٢٠١٥، شەڕەکانی ئازادکردن لە هەموو بەرەکانی کورد لە پێشوەچوونی بەردەوام دابوون، هەمان شتیش سەبارەت بە شەڕەکانی نێوان هێزە کوردییەکان و تیرۆریستانی داعش لە چەندین میحوەر و بێ وچان و بەدرێژایی بەرەی شەڕی کورد لە سوریا و عێراق، بە شنگاڵیشەوە، پێکدادانەکان لە هەموو بەرەکانی باشوور و ڕۆژئاوای شار بەردەوام بوون.

هەوڵەکانمان بەردەوام بوون بۆ دۆزینەوەی فۆرمێکی گونجاو بۆ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی شنگاڵ بەتەواوەتی، بۆ ئەو مەبەستە چەندین کۆبوونەوەمان کرد لەگەڵ فەرماندەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیمۆکراتی کوردستان و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و حکومەتی عێراقی، لە هەموو ئەو کۆبوونەوانەش هەوڵمان دەدا بەپێی توانا بیرورا و پێشنیازی هێزە کوردییەکانی تر بگەیەنین کە لە شنگاڵ بەرگریان دەکرد، بەتایبەتی یەکینەکانی پاراستنی شنگال و هێزەکانی پاراستنی گەل، توانیمان هاوپەیمانی نێودەوڵەتی رازی بکەین بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ فەرماندە مەیدانییەکانی هێزەکانی پاراستنی گەل (گەریلا) و هەروەها فەرماندەی یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ، چەند کۆبوونەوەیەک لە شنگاڵ و سنوونێ کران بەمەبەستی یەکترناسین و تاوتوێی پێشنیاز و بیرورِاکان.

لە ١٨ی ئابدا کۆبوونەوەیەکی فراوانی سێ قۆڵی (لایەنی ئەمەریکی، سەرکردایەتی رۆژئاڤا و سەرکردایەتی پارتی دیمۆکراتی کوردستان) مان لە چیای مەسیف لە هەولێر کرد بۆ گفتوگۆ دەربارەی چەند بابەتێکی گرنگ، پرسی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی شنگاڵ لە سەرووی هەموویانەوە بوو، بەڵام لە هەڵوێستی سەرکردایەتی پارتی دیمۆکراتەوە بەڕوونیی دەرکەوت کە: ‹› مەسەلەی شنگاڵ ئیشی ئێمە نیە و دەبێ بکشێینەوە››، بۆیە نەگەیشتینە هیچ ئەنجامێک سەبارەت بە شنگاڵ.

## دامەزراندنی هێزەکانی سوریای دیمۆکرات و رزگارکردنی هۆڵ

دوای کاری زۆر بەدرێژایی هاوینی ٢٠١٥ و بەدەستهێنانی ئەزموونی زۆر و دامەزراندنە سەرمتاییەکان و دیدار و خولی ڕاهێنان؛ گفتوگۆ لەگەڵ زۆر لە فەرماندەی کورد و عەرەب و مەسیحی و بەپاڵپشتی ڕاستەوخۆی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی؛ هاوپەیمانی عەرەبی سوری دامەزرا، کە ئەویش لەگەڵ یەکینەکانی پاراستنی گەل و یەکینەکانی پاراستنی ژنان و ئەنجومەنی سەربازی سریانی لەژێر ناڵای ‹›هێزەکانی سوریای

دیمۆکرات›› یەکیان گرتەوە، کە لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥ راگەیەنرا و لەدوای ڕاگەیاندنی دامەزراندنەکە؛ فرۆکە بارهەڵگرەکانی ئەمەریکا بڕێکی زۆر لە چەك و تەقەمەنی و کەرەسەی سەربازی لە ئاسمانەوە بۆ ئەو هێزە تازە لەدایکبووە دابەزاند، ئامانجی سەرەکی ئەوکاتە دەستکردن بوو بە ئۆپەراسیۆنی ئازدکردنی هۆڵ.

لە بەرواری ١٧ی تشرینی یەکەم و بەنامادەبوونی ٤٠ فەرماندە، کۆبوونەوەیەکی سەربازی ئەنجامدرا و فەرماندەکانی ڕۆژئاڤا و ‹‹هەسەدە›› و نوێنەرانی شنگاڵ لەو کۆبوونەوەیە ئامادەبوون بۆ دەستکردن بە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی هۆڵ. ئۆپەراسیۆنەکە لەوپەڕی گرنگیدابوو بۆ دەسەبەرکردنی دامێنی باشووری جەزیرە و بەرەی ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوی قەزای شنگاڵ، ئۆپەراسیۆنەکە بۆ شنگاڵیش گرنگ بوو، لەبەرئەوە پێویست بوو بەشداریەکی کاریگەری هێزەکانی شنگاڵی لەو ئۆپەراسیۆنە هەبێت و لە گوندی ‹‹باری››یەوە دەست پێبکات. دواتر بڕیاردرا ئۆپەراسیۆنەکە لە سێ میحوەری سەرەکییەوە دەتسپێبکات دوو میحوەری دوولایەنیش، ئنجا سوڕانەوە بەدەوری هۆڵ و گەمارۆدانی لە هەموولایەکییەوە بۆ پەرتەوازەکردنی هێزەکانی دۆزمن و تەنگ پێهەڵچنین و سەرلێشێواندنیان، ئنجا بڕیاردرا ئۆپەراسیۆنی ‹‹پەکخستنیان›› لە ناوچەی نێوان عەین عیسا و چیای عەبدولعەزیز دەستپێبکات.

دوای تەواوبوونی هەموو ئامادەکارییەکان لەلایەن هێزەکانی ڕۆژئاڤا و شنگاڵ و هێزی ئاسمانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی وە بە بەشداری نزیکەی ٤٥٠٠ شەڕڤانی پیاو و ژن؛ ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی هۆڵ لە ٣١ی تشرینی یەکەم دەستیپێکرد و تا ٣٠ی تشرینی دووەم بەردوام بوو. بە سەرکەوتنێکی گەورە و یەکلاکەرەوە بۆ هێزە بەشداربووەکان کۆتایی هات، ئۆپەراسیۆنەکە هاوکات و هەماهەنگ و هاوتەریب بوو لەگەڵ جموجۆڵی هێزەکانی یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ و هێزەکانی پاراستنی گەل لە خاکی باشووری کوردستانەوە لە دیوی شنگاڵ، تیرۆریستانی داعش لە

هەموو ناوچەکانی هۆڵ و بەرەی رۆژئاوا و رۆژئاوای باشووری قەزای شنگاڵ ڕاونران و ئەو ناوچە سنووریيە دوورەدەستە بە تەواوەتی لە تیرۆریستان پاککرایەوە. ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی هۆڵ لەهەمان کات ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی رۆژئاوای شنگاڵیش بوو، کاتێک تیرۆریزم لە ناوچەکە دەرکرا و کەوتە بەر چەقۆی رۆژئاڤا و شنگاڵ و باشووری جەزیرە و رۆژئاوای شنگاڵ لە شەرمنگێزی ئەوان ئازادکرا؛ ئەوکاتە تا ڕاددەیەکی زۆر مەترسی لەسەر ڕێگای شنگاڵ- رۆژئاڤا نەما و زیاتر لە چەند ڕێگایەك هەبوو بۆ پەیوەندی نێوان شنگاڵ و رۆژئاڤا.

ئەو ئۆپەراسیۆنە وەك (پرۆڤە)ی یەکەم بوو بۆ دەستکردن بە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی شنگاڵ بەتەواوەتی، زەبرێکی کوشندەش بوو لە بوونی تیرۆرستان لە ناوچەکە، ناوچەیەکی زۆر بەرفراوانییان لە رۆژئاڤا و شنگاڵ و چەندین کێڵگەی نەوت و گاز و چەندین شارۆچکە و دەیان گوند و ناوچەی سەختیان لەدەستدا کە هەتا ئەوکاتە بە لانەی تیرۆر دادەندرا، ئەوکاتە ئەوە وەك مەشقێکیش بوو بۆ هێزە شنگاڵییەکان بۆ شارەزابوون لە هەماهەنگی نێوان هێزی زەمینیی و ئاسمانی، هەروەها هەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی تر لە دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنە گەورەکانی ئازادکردن، نەك تەنها بە هێرشە سەرپێیەکانی لێدە و ڕاکە بوەستن کە پتر لە ساڵێکە ئەو هێزە پەیڕەوی دەکات لە شنگاڵ. هەر کە ئۆپەراسیۆنەکەی هۆڵ دەستیپێکرد و پێشڕەوی کرد و سەرکەوت بە لێدانی زەبرە کوشندەکانی لە تیرۆرستانی ناوچەکە؛ ئۆپەراسیۆنێکی تریش لە شنگاڵ بەناوی (تورمیی مەلەکێ تاوس) دەستیپێکرد کە کۆتایی بە بوونی داعش هێنا لە ناوچەکە.

## هاوپەیمانێتی شنگاڵ

ئەو هێزە ئێزیدییانەی لە شنگاڵ چالاك بوون بریتی بوون لە یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ (یەبەشە) و هێزەکانی پاراستنی شنگاڵ (هەپەشە)؛ ئەو دوو هێزە بەدرێژایی ئەو چەند مانگەی بەرخۆدان و

سەختترین بارودۆخ لە شنگاڵ ئەزموون و شارەزایی زۆری سەربازی و جەنگییان بەدەستهێنا، هەردوو هێزەکە بەپلەی یەك نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی ئێزیدییان دەکرد لە شنگاڵ، بەشێوەیەکی بەرچاو لەلایەن پێکهاتەی ئێزیدی و کوردەوە پەسەندکراوبوون. دوای چەندین گفتوگۆ و کۆبوونەوە؛ هەردوو هێزە ئێزیدییەکە بڕیاریاندا فەرماندەییەکی هاوبەش پێکبهێنن بۆ دەستکردن بە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی شنگاڵ و پاراستنی ئەو بەشەی کە ئازاد دەکرێت و ئامادەکاریش بۆ دوای ئازادکردن، لەسەر ئەو بنەمایە دوابڕیاریاندا بۆ پێکهێنانی فەرماندەییە هاوبەشەکە و لە ڕاگەیەنراوێکی فەرمی لە ٢٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەش(ڕاگەیەندرا) لە بارەگای سەرکردایەتی یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ.

پێکهێنانی فەرماندەیی هاوبەشی (ئێزیدخان بۆ ڕزگارکردنی شنگاڵ) لەنێوان هێزەکانی پاراستنی شنگاڵ و یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ و یەکینەکانی پاراستنی ژنانی شنگاڵ[٣٢] ڕاگەیەنرا، ئامانجی سەرەکی ئەو هێزە هاوبەشە یا هاوپەیمانێتی ئێزیدییە؛ بەرەنگاربوونەوەی داعش و ئازادکردنی قەزای شنگاڵ بوو بەتەواوەتی لەدەست ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش. هەروەها جەختیش لەسەر یەکڕیزیی نێوان هێزە ئێزیدییەکان کرایەوە و بانگەوازێکی هاوبەشیش ئاراستەی حیزبە کوردییەکان کرا، بەتایبەتی پارتی کرێکارانی کوردستان، پارتی دیمۆکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی، بۆ پێشکەشکردنی پاڵپشتی تەواو بۆ ئەو فەرماندەییە هاوبەشە و

---

٣٢- یەکینەکانی پاراستنی ژنانی شنگاڵ (یەپەشە) لە ٥ی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠١٥ دامەزرا و لە یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵی ئێزیدی سەریهەڵدا. بۆیە ئەو یەکینەی ژنان بە یەکێک لە باڵەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ دادەنرێت. لە ٢٦ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ، ئەو یەکینەی ژنان ناوی خۆیان گۆڕی بۆ یەکینەکانی ژنانی ئێزیدخان(شنگاڵ) (یەژێ). ئەو هێزە بە ناسنامەی خۆیان (فەرماندەیی ئێزیدخان بۆ ئازادکردنی شنگاڵ) بەشدار بوون و بەشدارییەکی گەورەیان هەبوو لە بەرخۆدانی شنگاڵ و پاراستنی ژنانی ئێزیدی، سەدان لە کچانی ئێزیدی پەیوەندیان بەو یەکینەیەوە کرد بۆ پاراستنی خۆیان.

دەستکردن بە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی شنگاڵ، هەروەها ڕێککەوتن لەسەر هەڵکردنی ئالای ئێزیدخان شانبەشانی ئاڵای هێزە هاوبەشەکان لەو فەرماندەییە هاوبەشە. ئەو ڕاگەیەنراوە بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە لەلایەن کۆمەڵگەی ئێزیدییەوە پێشوازی لێکرا کە تامەزرۆی ئازادی و گەڕانەوەیان بوون بۆ گوند و ماڵەکانیان.

ئەو ڕاگەیەنراوە تەنها دوو ڕۆژ بەر لە دەستکردن بە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی هۆڵ و ناوچەکانی ڕۆژئاوای شنگاڵ بڵاوکرایەوە، کە یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ زۆر چالاکانە تێیدا بەشداربوو، لەهەمانکاتیشدا ئامادەکاری خێرا و بەپەلە دەکرا بۆ ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی شاری شنگاڵ و هەموو گوندەکانی باشووری قەزا، هەموو بارودۆخەکان لەباربوون بۆ دەستکردن بە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردن، بەتایبەتی دوای پێکهێنانی فەرماندەیی هاوبەشی ئێزیدخان و دەستکردن بە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی هۆڵ لە ڕۆژئاڤا و شنگاڵ، هەروەها لێدانی گورزی کوشندە لە تیرۆریستان لە هەریەکێک لە سوریا و عێراق لەسەر دەستی ئەو هێزە کوردییانەی لە عەفرین تا خانەقین و شنگاڵ و مەخموور و کەرکوکدا بڵاوبوون..

## تۆڕەیی مەلەکێ تاوس[٣٣]

لە١٢ی تشرینی دووەم، ئۆپەراسیۆنی (تۆڕەیی مەلەکێ تاوس) بەهێزێکی گەورە لەدژی داعش بۆ ئازادکردنی ناوەندی شاری شنگاڵ و گوندە ئێزیدییەکانی تر دەستپێکرد، کاتێک ئەو ئۆپەراسیۆنە دەستیپێکرد١٢ ڕۆژ بەسەر ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی هۆڵ تێپەڕیبوو و هێزەکانی ڕۆژئاڤا پێشڕەوییەکی مەزنیان کردبوو و زیانی زۆریان بە داعش گەیاندبوو، هاوکات هێزەکانی شنگاڵیش بەرەی ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوای قەزای

---

٣٣- مەلەکێ تاوس یا فریشتەی تاوس و بە زمانی کوردی تاوسێ مەلەک، بە گەورەی فریشتەکان دادەنرێ لە ئایینی ئێزیدیدا. ئەو فریشتە پیرۆزە لەلای ئێزیدییەکان لە شێوەی باڵندە وێنا دەکرێت و زۆرجاریش هێمای ئەو باڵندەیە لە مەزارەکان و سەنجاقەکانی ئێزیدییەکانە. زۆرجار وەک شای تاوسێک، تاوسی ئێزیدییەکان وێنا دەکرێت.

شنگالیان ئازادکردبوو و تیرۆریستانییان ڕاونابوون، ئۆپەراسیۆنی تورەیی مەلەکێ تاوس وەک تاج لەسەرنانی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی هۆڵ لە دیوی شنگالەوە هات. ئیتر داعش نەیتوانی چیتر بەرەنگاری ئەو هەموو هێرشانە ببێتەوە کە لە هۆڵ و خاتوونیە و ئەبو خەمیس لە ڕۆژئاڤا و دەوروبەری شنگالەوە بۆی دەکران، بۆیە ئۆپەراسیۆنی (تورەیی مەلەکێ تاوس) لەلایەن ئەو داعشانەوە بەرپەرچدانەوەیەکی وەهای بەخۆیەوە نەبینی کە شیاوی باسکردن بێ هەر لەگەڵ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە لە ١٢ی تشرینی دووەم، ڕایانکرد.

## هێز لە ڕۆژئاڤاوە بۆ شنگاڵ

بۆ هاوکاری و پشتیوانی یەکینەکانی بەرخۆدانمان لە شنگاڵ، پێشکەشکردنی هاوکاری و بەشداریکردن لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی شاری شنگاڵ؛ سەرکردایەتی ڕۆژئاڤا بڕیاریدا هێزێکی گەورەی پشتیوانی بنێرێتە شنگاڵ، کاتێک گەیشتین ئەو هێزە جیاجیایانەی لەوێ بوون، ئامادەکاری دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکەیان تەواوکردبوو، هێزێکی زۆر گەورەی پێشمەرگە و هێزەکانی گەریلا (هەپەگە)، (یەژە-ستار) و هێزە نێزیدییە هاوبەشەکان (هەپەشە) و (یەبەشە) و (یەژەشە) لەوێ بوون لەژێر چەتر و سەرکردایەتی نێزیدخان بۆ ئازادکردنی شنگاڵ، هەروەها هێزەکانی ڕۆژئاڤا؛ هەر یەکێک لە یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و یەکینەکانی پاراستنی ژنان (یەپەژە) و جگە لە ڕاوێژکارە سەربازییەکانی سوپای ئەمەریکی بە پشتیوانی ئاسمانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی (هێزی ئەرکی هاوبەش - ئۆپەراسیۆنی وەرەی تونـد[٣٤].

---

٣٤- (CJTF-OIR: (Combined Jonit task Force - Operation Inherent Resolve:
ئەوە هێزیکی ئەرکیی هاوبەشە لەلایەن هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لەلایەن سەرۆکایەتی ئەمەریکا لە تشرینی یەکەمی ١٩١٤ دامەزرا و یەکەمین کۆنفرانسی ئەو هاوپەیمانییە لە هەفتەی یەکەمی کانوونی یەکەمی ٢٠١٤ ئەنجامدرا. ئەو هێزە زۆر بەهێزەوە بەشداری شەڕیکرد لە دژی داعش لە سوریا و عێراق و پاڵپشتی ئاسمانی هێزەکانی حکومەتی عێراقی و هێزەکانی پێشمەرگە و یەکینەکانی پاراستنی گەلیشی لە سوریای کرد.

لە ٢٠ی کانونی یەکەمی ٢٠١٤ەوە ژمارەیەکی زۆر لە هێزە کوردییەکان لە زۆر ناوچەی شنگاڵدا هەبووون، بۆیە گەیشتنی هێزی نوێ کارێکی سەخت نەبوو، بەتایبەتی کە ڕێگای چیای شنگاڵ بۆ ناو شار کراوەبوو و زۆرینەی ڕەهای داعش هەڵاتبووون و شاریان جێهشتبوو، هەر کە هێزە کوردییە جیاجیاکان گەیشتنە ناوجەرگەی شاری شنگاڵ، توانییان بەخێرایی بچنە ئەو گەڕەکانەی تا دوێنێ لەژێر دەسەڵاتی تیرۆریستانی داعشدابووون، لە هەمانکاتدا هێزە کوردییەکان بەدرێژایی هێڵی بەرەی باشووری قەزای شنگاڵ هێرشیان کردەسەر بنکە و بارەگاکانی داعش و توانیان بگەنە ڕێگای ستراتیجی (٤٧)ی نێوان موسڵ و سوریا و لەهەمانکاتیشدا هێزە کوردییەکان هەر خێرا لە گەڕەکەکانی باشووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شنگاڵ بڵاوبوونەوە، هەرهێزێکیش یەکەمجار دەگەیشتە ئەوێ ئاڵاکەی خۆی لەسەربانی ئەو خانوانە هەڵدەکرد.

سایلۆی دانەوێڵەی بەری ڕۆژئاوای شنگاڵ ماوەی ساڵ و نیوێك بوو وەك ڕوانگەیەکی ستراتیجی بوو بەدەست تیرۆریستانەوە، قەناس بەدەست و سێرەگرانی تیرۆریستان ئەو سایلۆ بەرز و پتەوانەیان بەکاردەهێنا بۆ سێرە و بەئامانجگرتنی جموجۆڵی هێزە کوردییەکان، بۆیە ئەو سایلۆیانە بۆ پێشمەرگە کوردەکانی ئەو ڕۆژە چوونە ناو شنگاڵ هێمایەکی سەربازی و دەروونیی زۆر گەورەبوو، هەر زوو هێزەکان ئاڵای گەورەی داعشیان لەسەر سایلۆ دابەزاند و ئاڵا کوردییەکانیان هەڵکرد؛ هێزی پێشمەرگە ئاڵای هەرێمیان هەڵکرد و هێزەکانی گەریلا ئاڵای هێزەکانی پاراستنی گەلی کورد (هەپەگە) و چەندین ئاڵای تریش، هەر هێزێك دەگەیشت ئاڵای گەورەی خۆی پێ بوو بۆ ‹›شانازی بە نازادکردن".

ئۆپەراسیۆنەکە تەنها ٣ ڕۆژی خایاند، زۆرینەی ڕەهای شاری شنگاڵ و هەندێك گوند و ئۆردوگا ئێزیدییەکان لە چنگ تیرۆریستانی داعش ئازادکران کە لەدوای خۆیان لە هەموولایەکەوە شارێکی تەواو وێران و گوندی چۆڵکراو لە شێوەی داروپەرتووی بەسەریەکدا ڕماو و هەزاران

مین و تەقەمەنی چێنراو لەناو ماڵ و کۆڵان و شەقامەکان جێهێشتبوو، هێزێکی گەریلا دەستیانکرد بە هەڵگرتنەوەی مین و تەقەمەنی لەپێناو سەلامەتی ئەو هێزانەی چووبوونە ناو شنگاڵ و لە ئەنجامی تەقینەوەی یەک لە مینەکان گەریلایەکی رۆژئاڤا بەناوی نەورەس حەقی، خەڵکی کۆبانێ شەهیدبوو.

دەبێ ئەوە بڵێین هێزەکانی گەریلا شانبەشانی هێزەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ درێژەیاندا بەو هەڵمەتەی هاوکات بوو لەگەڵ ئازادکردنی هۆڵ، لە شەڕی تیرۆریستان لە ناوچەی (گەلی شیلۆ)[٣٥] و چیای (کۆلک)[٣٦] و گوندی (گەبارە)، ئەو هێزانە توانییان زیانی زۆر بە تیرۆریستان بگەیەنن. ئازادکردنی گوندی گەبارە هاوکات بوو لەگەڵ ئازادکردنی ناوەندی قەزای شنگاڵ لە ١٣ی تشرینی دووەم، لەو ئۆپەراسیۆنەی ئازادکردن، چەندین گەریلا و شەڕڤانی ئێزیدی شەهیدبوون.

## تەنها من!

بەشداری هەموو هێزە کوردی و ناوخۆییەکان لای هەموولایەک ڕاستییەکی ئاشکرایە، ڕای گشتی کوردی و نێودەوڵەتی چاودێری ئەو بەرخۆدانە قارەمانانەی شنگاڵیان کرد کە هێزە جیاجیاکان لە شنگاڵ ئەنجامیاندا لەدوای کشانەوەی پێشمەرگە و تا دوای هاتنەوەیان و قۆناغەکانی دوای ئەوەش، هەموو کەسیش لە پەخشی ڕاستەوخۆ ئەو هێزە کوردییانەی بینی کە بەشداربوون لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی شنگاڵ. لەوکاتەدا و لەسەر لوتکەی چیای شنگاڵ و هەر لەنزیک (تاوەری ئێزگە) بەڕێز مەسعود بارزانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بەبۆنەی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی شاری شنگاڵ ئەنجامدا؛ لەکاتێکدا هێشتا هێزەکان هەر

٣٥- دۆڵی شیلۆ یا دەروازەی شیلۆ، ناوچەیەکی شاخاوییە دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای چیای شنگاڵ لە نزیک سنووری ڕۆژئاڤایە

٣٦- چیای کۆلک یا چیای جورەیبی، چیایەکە دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای چیای شنگاڵ و بە درێژکراوەیی سروشتی چیای شنگاڵ دادەنرێ، بەڵام نزمتر و باریکترە. چیای شنگاڵ بە دەریاچەی خاتوونییە دەگەیەنێت لە ڕۆژئاڤا.

سەرقاڵی کێومـاڵ و پاکسازی بـوون لەنـاو شـار، بەدرێژایـی وتارەکـەی بەڕێـز بارزانـی باسی یـەك هێـزی تـری کوردی نەکـرد لـەو ئۆپەراسیۆنە و تەنهـا بـە ‹‹قارەمانێتـی پێشمەرگە›› و ‹‹ئازادکردنـی شـارەکە لەلایـەن خۆیـان بەتەنیـا›› نـاوی بـرد و سوپاسگوزاری هاوپەیمانـی نێودەوڵەتیشی لەبیرنەچـوو، بـەڵام یەکێـك لـە رۆژنامەنووسـان پرسـیارێکی سـادەی لـە بەڕێـز بارزانـی کـرد:

”بەڕێـز بارزانـی، رۆڵـی هێزەکانـی تـر چـی بـوو؟ گـەریلا و هێزەکانـی ڕۆژئاڤـا و ئێزیدییـەکان؟

ئـەو پرسـیارە بەڕێـز بارزانـی وروژانـد و زۆر سـەغڵەتی کـرد و بـە گرژییەکـی زۆر وەڵامـی دایـەوە و گوتـی:

” هیـچ هێزێکی تـر لـە شـنگاڵ نیـە، تەنهـا پێشمەرگەی لێیـە و ئێمـەش هیـچ هێزێکـی ناشـەرعی لێـرە قبـووڵ ناکەیـن”.

ئـەو وتـارە ملیۆنـان لـەو کوردانـەی دڵتەنـگ کـرد کـە دڵخۆش بـوون بـە ئازاکردنـی شـنگاڵ لەسەردەسـتی هەمـوو هێـزە کـوردی و ئێزیدییـەکان، بـەڵام ئـەو وتـارە نکوڵی لـە گەورەیی و هـەوڵ و قوربانـی و خوێنـی ڕژاوی هەمـوو هێزەکانـی تـر کـرد، ڕایگەیانـد کـە شـانازی ئازادکـردن تەنهـا بـۆ هێزەکانـی خـۆی دەگەڕێتـەوە، کەسـی تـر نـا..

کاتێـك بارزانـی نـەو لێدوانانـەی خـۆی دەدا و نکوڵـی لـە بەشـداری هـەر هیزێکـی تـر دەکـرد لـە ئازادکردنـی شـنگاڵ؛ هێـزە کـوردی و جیهانییـەکان ڕاسـتەوخۆ دیمەنـی هەڵگـرتنی ئـاڵای گەریلایـان لەسـەر سـایلۆی شـنگاڵ بلاودەکـردەوە، هەروەهـا دیمەنـی دەیـان ئـاڵا و شـەڕڤان و ئۆتۆمبێلەکانـی یەکینەکانـی پاراسـتنی گـەل و هێزەکانـی ئێزیـدی و ئـاڵای ئێزیدخانیـش، سـەیر لەوەدابـوو کـە لـە لوتکـەی چیـا نێوانـی ئێمـە و شـوێنی کۆنگـرە رۆژنامەییەکـەی بەڕێـز بارزانـی لـە پێنـج مەتـر زیاترنەبـوو، ئێمـەش چاودێـری هەڵمەتەکەمـان دەکـرد و بەبەردەوامـی لـە پەیوەندیـدا بووین

لەگـەڵ سـەرکردایەتی لـە رۆژئاڤـا و ژووری ئۆپەراسـیۆن لـە سـلێمانی، یەکینەکانمـان لەنـاو جەرگـەی شاردابوون شانبەشـانی هێـزە کوردییەکانـی تـر بـۆ پاکسازی شار، لەگـەڵ ئەوەشدا بەڕێـز بارزانـی بەتەواوەتـەی نکوڵی لـە بوونـی ئێمـە دەکـرد.

## مەترسییەکە هێشتا لەئارادایە

بـە ئازادکردنـی ناوەنـدی شاری شـنگاڵ و گوندەکانـی تـر مەترسـی لەسـەر شـنگاڵ و ناوچـە کوردییەکانـی تـر کۆتایـی نەهـات؛ لەکاتێکـدا موسـڵی پایتەختـی داعـش هێشـتا بەهێـز بـوو و کۆنترۆڵـی دەوروبـەری دەکـرد، تەلەعفەریـش کـە یەکێـک بـوو لـە تونـدڕەوتریـن ناوەندەکانـی داعـش و دوور نەبـوو لـە شـنگاڵ، هەروەها بەعـاج کـە دەکەوێتـە دامێنـی باشـووری شـنگاڵ کۆنترۆڵـی چەندیـن گونـدی ئێزیـدی کردبـوو و مەترسـیەکی هەمیشـەیی لەسـەر هەمـوو ناوچەکـە دروستکردبوو، بێگومـان سـەرەڕای بەردەوامیـی ئۆپەراسـیۆنی ئازادکردنـی هـۆڵ لەدیـوی رۆژئاڤـا، بـەڵام هێشتاش ناوچەکانی باشـووری ئەوێ بە مەترسیدارترین ناوچە دادەنران، ناوچەیەکـی بیابانـی کراوەبـوو لـە هەردوولای سنوورەکە و کۆنترۆڵکردنـی ئاسـان نەبـوو، بەتایبەتـی لـە ناوچـەی شـەدایەوە، بۆیـە ئازادکردنـی ناوەنـدی قـەزای شـنگاڵ مانـای لەناوبردنـی داعـش و مەترسـییەکانی نەبوو لەسـەر شـنگاڵ و ئێزیدییـەکان؛ ئـەوە هـۆکاری سـەرەکی نەگەڕانـەوەی دانیشـتوانی شـار و گوندەکانـی دیـوی باشـووری قـەزا بـوو بـۆ ماڵەکانیـان، جگـە لـەوەی ٤ هـەزار ئێزیـدی لەناویانـدا منـداڵ و کـچ و پیـاو نادیـار و ڕفێنـدراو و کـوژراو و بەدیلگیـراو بـوون، سـەدان کچی ئێزیـدی هێشتا لـە بـازاڕی عەرەبـی سـوننە و عێـراق کڕیـن و فرۆشـتنیان پـێ دەکـرا، هەمـوو ئەوانـە پشتڕاسـتییان دەکـردەوە کـە هێشـتا زووە بـۆ ئاهەنـگ گێـڕان لـە شـنگاڵ یـا ناکۆکـی نێـوان لایەنـە کوردییـەکان لەسـەر ئـەوەی کـێ شـنگاڵی ئازادکـرد و کـێ گـەورە و بەڕێوەبـەر و خاوەنـی دەبێـت..

## تورکەکان نزیکی شنگاڵن

لە یەکێک لە گۆڕانکارییە درماتیکەکانی تر کە لە ناوچەکە رویدا؛ هاتنەناوەوەی هیزێکی گەورەی تورکی بوو بۆ سەربازگەی بەعشیقە لە نزیک موسڵ، هێزەکە بە پاڵپشتی دەبابە و تۆپ و چەکی گەورەی قورس لەسەر رێککەوتنی نێوان سوننەی موسڵ (جەماعەتی ئوسامە نوجەیفی) و پارتی دیمۆکراتی کوردستان و سوپای تورک هاتن. تورکەکان ئەوکاتە هاتنەناوەوە کە هێزە کوردییەکان ئامادەکارییان دەکرد بۆ هەڵمەتی ئازادکردنی شنگاڵ، ئەوە لە ٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٥ بوو، بەو بیانووە هاتنەناو خاکی عێراق گوایا هاتوون مەشق بە هێزە سوننەکانی موسڵ بکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، لەکاتێکدا ئامانجی ڕاستەقینەیان نزیکبوونەوە بوو لە موسڵ کە ماوەی سەدەمیەکە تورک چاویان تێ بڕیوە و هەروەها گەمارۆدانی هەرێمی کوردستان لە باکوور و باشوور و هێزێکبن بۆ هەڕەشە و چاودێریکردنی شنگاڵ، هەروا بۆ یارمەتیدانی تیرۆریستان لە موسڵ و گەیاندنی یارمەتی و هاوکاری بۆیان، بەتایبەتی دوای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنە فراوانەکانی سوپای عێراقی و حەشدی شەعبی لە دژی رێکخراوی داعش لە زۆر ناوچە. هاتنەناوەوەی تورک لە بەعشیقە و دواتریش بۆ موسڵ؛ مەترسییەکی نزیکی بۆ سەر هێزە کوردییەکان لە شنگاڵ دروست دەکرد، بەتایبەتیش هێزەکانی پاراستنی گەلی کوردستان و هاوپەیمانە ئێزیدییەکانیان.

## تەقینەوەی ناکۆکییەکان لە شنگاڵ

دوای ئازادکردنی ناوەندی شاری شنگاڵ و کێ بڕکێی ڕاگەیاندن و گوتاری گرژی بەڕێز بارزانی لەکاتی ئۆپەراسیۆنەکە؛ ڕەنگدانەوەکەی بەخێرایی دەرکەوت، بەتایبەتی دوای لاچوونی کەمێک مەترسی داعش لەسەر ئەو هێزە جیاجیایانەی لە یەک بەرە بوون لە دژی تیرۆریستان و گوتاری میدیایی حیزبیش وای لێهات گرژتر بێ، ئەوە بووە هۆی قبوولنەکردنی یەکتری لایەنەکان و فشارخستنە سەر کەسایەتی و

هێزە کوردیە جیاجیاکان، لایەنە ئێزیدییە جیاجیاکانیش بەلایانەوە گرنگ بوو بەڕێوەبردنی شنگاڵ لە هەموو ڕوێکەوە ڕادەستی ڕۆڵەکانی خۆی بکرێ، نەک کەسی تر و میلی کاتژمێر نەگێڕنەوە بۆ پێش ٣ی ئابی ٢٠١٤، ناکۆکی و ململانێ درێژخایەن و بیزارکەرەکان لەنێوان حیزبە کوردییەکان لە شنگاڵ گۆڕەپانێکی تازەیان دۆزیبووەوە بۆ بەردەوامیدان، هەوڵەکانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان بۆ دەستگرتن بەسەر ئیدارەی سیاسی و سەربازی و مەدەنی لە شنگاڵ بۆ خۆی بووبووە سەرچاوەی بێزارکردنی هێزە ئێزیدییە جیاجیاکان و حیزبە کوردییەکانی تریش کە ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕی بەرانبەر پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە گرتنەبەری ڕێچکەی تاکڕەوی. لەهەمان کاتیشدا پارتی دیمۆکراتی کوردستان ڕەخنەی لە هەوڵەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان دەگرت لە قۆرخکردنی ئیدارەی شنگاڵ و کردنی بە بنکەیەکی سەربازی نوێ بۆ خۆیان، هاوشێوەی بنکەکانی تری لە ناوچەکانی تری هەرێم کە هۆکاری ناکۆکی هەمیشەیی نێوان ئەو دوو حیزبە کوردییەن، وا دیاربوو تورکەکانیش لە فراوانبوونی پێگەی جەماوەریی پارتی کرێکارانی کوردستان لەناو کورد و فراوانبوونی بنکەکانیان لە شنگاڵ و ناوچەکانی تری هەرێم بێزاربوون، بە دڵنیایی ناڕەزاییەکانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان بەجۆرێکی تر ڕەنگدانەوەی ناڕەزاییەکانی تورکەکان بوو.

لێرەدا ناتوانین باس لە ڕێککەوتنی ڕاستەقینەی نێوان پارتی دیمۆکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بکەین، هەر یەکێک لەوان سیاسەت و ئامانجی تایبەت و جەماوەری خۆیان هەبوو لە شنگاڵ و موسڵ، هەر یەکەشیان هەوڵی دەدا بۆ بەدەستهێنانی گەورەترین جەماوەر لە هەموو کوردستان و ناوچە جێ ناکۆکەکان، بەتایبەتی موسڵ و کەرکوک. شنگاڵ یەکێک بوو لە گۆڕەپانەکانی ئەو کێ برکێیە، بەتایبەتی لەنێوان ئەو هێزە سەربازییانەی لەبنەڕەتدا سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوون؛ وەک هێزی پاراستنی شنگاڵ و لەنێوان

هێزەکانی پێشمەرگەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان بوو. ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دوو هێزە چەندین ڕوداوی ناخۆشی لە شنگاڵ لێکەوتەوە و هۆکارێك بوو بۆ بێزاری ئێزیدییەکان کە تازە لە دۆزەخی تیرۆر و کۆمەڵکوژی دەرچووبوون. لەژێر ڕۆشنایی ئەو ناکۆکی و کێشانە؛ هێزی پاراستنی شنگاڵ (ئێزیدخان) بە سەرکردایەتی حەیدەر شەشۆ ڕاگەیەنراوێکی بۆ ڕای گشتی بڵاوکردەوە، ئەوە دەقەکەیەتی:

## بەیانی ئیدانەکردن لەلایەن هێزی پاراستنی ئێزیدخان

شنگاڵ سەقامگیر نابێ بەبێ ڕادەستکردنەوەی بە دەست ئێزیدییەکان؛ کە خاوەن مافی ڕاستەقینەن..

پێش و دوای ئازادکردنی شنگاڵ، بە بەشداری هەموو هێزە چالاکەکانی مەیدان لە پێشمەرگە پارتی دیمۆکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هێزەکانی پاراستنی گەل، یەکینەکانی پاراستنی گەل، یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ، یەکینەکانی پاراستنی ژنان-شنگاڵ، شانبەشانی هێزی پاراستنی ئێزیدخان و پالپشتی ئاسمانی ڕاستەوخۆ لە هاوپەیمانی بە فەرماندەیی ئەمەریکا، لە زۆر بۆنە هۆشداریمان داوە لە دەرەنجامەکانی سیاسەتی قۆرخکاری بۆ درێژەدان بە خواستی کۆنترۆڵکردنی شنگاڵ و گۆڕینی بە مەیدانی ململانێ و یەکلاکردنەوە لەژێر هەر ناوێك، پتر لە چەندجار جەختمان کردۆتەوە کە لەسەر هەموومان پێویستە ڕێز لە قوربانی گەورەی ئێزیدییەکان بگرین، لە ڕابردوو و لە ئێستا و پێویستە ئیرادەیان بە هەند وەربگیرێ، بەپێی ئەوەی ئەوان قوربانی سەرەکی کۆمەڵکوژی ٣ی ئابی ٢٠١٤ن، بەدەستی درندەترین ڕێکخراوی تیرۆریستی لە جیهان- هێشتاش- ڕووبەڕووی قێزەونترین و ترسناکترین هەڵمەتی کۆمەڵکوژی ئەو سەدەیە دەبنەوە، ئەوەش بەهۆی ئایین و بیروباوەڕیان، تەنها لەبەرئەوەی ئێزیدین.

بەڵام ئەوەی دوێنێ ڕوویدا لەو پێکدادانە چەکدارییەی نێوان شەڕڤانانی

ئێزیدی لە (فەسیلی شەهید شێخ خەیری) سەربە فەرماندەی شنگاڵ[37] و چەکدارانی زێرەڤانی[38] لەژێر فەرماندەیی وەحید کۆڤڵی[39] ، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئازادکردنی شنگاڵ لە گلاوبی داعش و دەرچوونی لە ژێر کۆنترۆڵیان مانای ئەوەنیە شنگاڵ و ئێزیدییەکان لە دەرهاویشتە و بیرکردنەوەی سیاسیی و عەقڵیەتی ستەمکاری و قۆرخکردنی بە بڕیار و بە کۆیلەکردنی ئازادبووبن، وەك بڵێی دەبێ هەمیشە قوربانی بدەن، هەر جارە و لەژێر دروشمێك.

ئێمە وەك هێزی ئێزیدخان، لە کاتێکدا کە جەخت لەسەر پێویستی ڕیزگرتن لە ئیرادەی ئێزیدییەکان و پاراستنی ناشتی مەدەنی لە شنگاڵ دەکەینەوە؛ داوا لە هەموو لایەنەکان دەکەین بۆ دانبەخۆداگرتن و پابەندبوون بە یاسا و ڕێزگرتن لە دەستوور و نەخزانە ناو تەڵەی ململانێ و ناکۆکییە چەکدارییەکان لەژێر هەر ناوێك بێ، دەرفەت نەدان بە هیچ ئاژاوەیەك لەنێوان پێکهاتە شنگاڵیەکان لە لایەك و هەڵگیرساندنی ناگری ناتەبایی لەنێوان ئێزیدییەکان لەلایەکی تر، بەتوندی (سەرکۆنە) ئیدانەی هێزەکانی زێرەڤانی دەکەین لە داگیرکردنی موڵك و ماڵی ئێزیدییەکان لە شنگاڵ بە فەرماندەیی وەحید کۆڤڵی کە پێشتر داعش دەستی بەسەرداگرتبوون و گواستنەوەیان بەقاچاخ بۆ کوردستان وەك (دەسکەوتی شەڕ) بە ڕێگایەکی ناشەرعی و لە دەرەوەی یاسا، کە بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری ڕاستەوخۆ لەنێوان ئەوان و شەرڤانانی ئێزیدی کە ملکەچبوون و ڕادەستبوونیان ڕەتکردەوە

---

٣٧- هێزێکی ئێزیدییەکانی سەربە پارتی دیموکراتی کوردستان، سەربە فەرماندەیی دهۆکە

٣٨- زێرەڤانی: هێزی تایبەتی سەربە پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕاستەوخۆ سەربە سەرۆکایەتی حزبە. لە ساڵی ١٩٩٧ دامەزراوە و لیوا عەزیز وەیسی سەرۆکایەتی دەکات، ئەویش ئەندامی سەرکردایەتی پێشووی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو، لەشەڕێکی نێوان ئەو دوو حزبە لە ئەوەدەکان لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە گیرا، لەماوەی گرتنی لە پارتی کرێکارانی کوردستان جیابووەوە و چووە پاڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، بەپلە سەربازییەکاندا سەرکەوت تا گەیشتە فەرماندەی هیزەکانی زێرەڤانی لە ٢٠١٠

٣٩- وەحید کوڤڵی: یەکێک بوو لە فەرماندەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ٣ی شوباتی ٢٠١٧ مرد

بۆ هەر کەسێك بیەوێت زیان بە ئێزیدییەکان و شنگالەکەیان بگەیەنێ کە قەڵای سەربەرزی ئێزیدخانە.

ئێمە لە هێزی پاراستنی ئێزیدخان، لەکاتێکدا داوا لە هەموو لایەك دەکەین دان بەخۆتان دابگرن و هەموو ناکۆکییەکان لەڕێی گفتوگۆ چارەسەربکەن و شنگاڵ نەکەنە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی بەرژەوەندییە تەسکەکانتن؛ جەخت لەوە دەکەینەوە ئەوەی جەماعەتی وەحید کۆڤڵی کردوویانە لە دووجار سووکایەتیکردن؛ یەکەمییان دەستگرتن بەسەر موڵك و ماڵی ئێزیدییەکان و جارێکیش چەکی غەدرییان ئاراستەی سینگی ئەو شەڕڤانە ئێزیدییانە کرد کە لە تاریکترین و سەختترین بارودۆخ شەڕی داعشیان کرد بۆ بەرگریکردن لە خاك و شەرەفی ئێزیدییەکان؛ کە شەرەفی هەموو عێراقی و کوردێکە، ئەوەش بووە هۆی چەندین کوژراو و بریندار لە هەردوولا. ئەوە کارێکی قبوونەکراو و ترسنۆکانە و مایەی شەرمەزاریە، دەستدرێژییەکی ناشکرا بوو بۆ سەر موڵکی گشتی و کۆپییەك بوو لە کەلتووری دزی و تاڵانکاری. داوا لە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان دەکەین بەپەلە لێکۆڵینەوە لەو دۆسێیە بکەن و ئەوانەی هۆکاربوون ڕەوانەی دەسەڵاتی دادوەری بکرێن و لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێ لەبەردەم ڕای گشتی.

ئێمە پێشتر جەختمان لەوە کردەوە، ئێستاش پشتڕاستی دەکەینەوە شنگاڵ ناگەڕێتەوە پێش ٣ی ئابی ٢٠١٤، ئاشتی و ئارامی و سەقامگیریی هاوڵاتیان لە شنگاڵ دەستەبەرنابێ ئەگەر بەڕێوەبردنی ڕادەستی ئێزیدییەکان و خاوەن مافە ڕاستەقینەکەی خۆی نەکرێت. بێ گومان زۆر گرنگە شنگاڵ و ئەو کامپانەی ئێزیدی لە دەوروبەری شنگاڵ لەژێر کۆنترۆڵی داعش ماون ئازادبکرێن؛ بەڵام ئەوەش گرنگە کە لە کەلتووری داعشی و هەڵس و کەوتی (داعشیش) ئازادبکرێن.

هێزی پاراستنی ئێزیدخان

شنگاڵ ٢٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥

## پێویستە لەسەرت بزانیت کەی دەکشێیتەوە

هەر لایەنێک لە لایەنە کوردییە جیاجیاکان جگە لە خۆی هیچ لایەنێکی تری بەراست نەدەزانی لە نێوان خۆیاندا نەیانتوانی بگەنە هیچ چارەسەرییەکی مامناوەندی لەسەر بنەمای دانانی بەرژەوەندی شنگاڵ و ئێزیدییەکان لەسەرووی هەموو بەرژەوەندییەکی تر، دەرئەنجام و کاریگەری ئەو ململانێ و ناکۆکییانە زیانی بە رۆژئاڤاش گەیاند، هەر لەبەر ئەوە دوای ئازادکردنی ناوەندی قەزای شنگاڵ؛ ئەو دەنگانەی رۆژئاڤا کە داوای گەڕانەوەی هێزەکانی رۆژئاڤایان لە شنگاڵ و باشوورەوە بۆ ناو رۆژئاڤا دەکرد بەرزتربووەوە، ئەوەی کە گرنگ بوو رۆژئاڤا نەخلیسکێتە ناو بارودۆخێک زیان بەو هۆربانییە مەزنەی بگەیەنێ کە بۆ شنگاڵ و ئێزیدییەکان بەخشی..

من خۆم، لەسەرەتای ٢٠١٦ەوە داکۆکیم لە بیرۆکەی پێویستی نەمانی فعلی هێزەکانی رۆژئاڤا دەکرد لە شنگاڵ و هەندێک خاڵی سەر رێگای شنگاڵ-رۆژئاڤاش بپارێزین بۆ ئەوەی پارتی دێموکراتی کوردستان دەستپێشخەری داخستنییان نەکات و پەیوەندی شنگاڵییەکان بە رۆژئاڤاوە نەبڕێت. شاری شنگاڵ ئازادکرابوو و یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ بۆ ماوەیەکی درێژ بەتەواوەتی لەگەڵ هێزەکانی پاراستنی[٤٠] گەل دەجوڵان و بە بەراورد بە قۆناغەکانی پێشوو چیتر پێویستییان بە رۆژئاڤا نەبوو، چەندین هێزی ئێزیدی و پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هێزی تری کوردی ئێزیدیش لە گۆڕەپانی شنگاڵ چالاک بوون، دەنگی بێزاری لەنێوان خەڵکی ئێزیدی

---

٤٠- یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ پابەندی سیاسەتی سەربەخۆیی نەبوو بەشێوەیەکی دروست مامەڵەی نەکرد بەمانی وشە)وەک هیزێکی ئێزیدی سەربەخۆ، بەڵکو بووە هێزێکی هاوتەریبی پارتی کرێکارانی کوردستان و وەک هێزێکی سەربە پارتی کرێکارانی کوردستان دەناسرا. هێزی پاراستنی ئێزیدخان لەو لایەنەوە زیاتر شارەزاتربوو، سەرەڕای(ئەوەی) سەربە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حەشدی شەعبی عێراقی بوو بەڵام بە ڕواڵەت سەربەخۆیی خۆی وشوناسنامەی شنگاڵی خۆی پاراست. (ئەو)سیاسەتی یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ دووریخستنەوە لە هەر دانپێدانێکی نێودەوڵەتی و نەیانتوانی کەڵێنێک بکەنەوە لەوێوە بچنە ناو سیستەمی بەرگری فەرمی لەناو حکومەتی هەرێم یا حکومەتی بەغدا.

بەناشکرا دەرکەوت لە زۆریی هێز و ناکۆکییەکانیان، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی زۆرینەیان لە کامپی ئاوارەکان بمێننەوە و نەگەڕێنەوە ناوچەکە، چونکە بارودۆخ ئارام و جێگرنەبوو..

بەردەوامی مانەوەی هێزەکانی رۆژئاڤا لە شنگاڵ و خاکی عێراقی تا کاتێکی نادیار لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی قبووڵ نەدەکرا و لەوێش هەوڵ و توانایەکی زۆر بەفیڕۆ دەچووبێ هەبوونی سوودێکی گەورە لەو قۆناغەدا. ئەوەی گرنگتربوو وەبەرهێنانی ئەو هێز و توانایە بوو لە شەڕی ڕزگاریخوازی پلان بۆ داڕێژراو لە رۆژئاڤا و ناوچەکانی تری باکووری سوریا، بەتایبەتی کە لە رۆژانی کۆتایی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٥دا هاوپەیمانی نێودەوڵەتی گوازرایەوە کۆبانێ و حەسەکە و پلانی داهاتووی زۆرمان لەپێش بوون؛ وەکو ڕێگای (ئێم٤) ی نێودەوڵەتی نێوان جەزیرە و کۆبانێ، هەروەها پاککردنەوەی بەرەی رۆژهەڵات و باشووری ناوچەی عەین عیسا و ئازادکردنی بەنداوی تشرین و شەددادی و مەنبەج و دواتریش بەرەو عەفرین و ...هتد

هێزەکانی رۆژئاڤا لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ بە ڕۆڵی مێژوویی خۆیان هەڵسان لە پاراستنی برا ئێزیدییەکانیان و دەیان شەهید و بریندارییان بەخشی لە شەڕەکانی بەرپەرچدانەوەی تیرۆریستان لەناو خاکی هەرێم و شنگاڵ، رۆژئاڤا لە هەموو ڕوێکەوە ناوەندی هاوکاری بەلێشاوبوو بۆ شنگاڵ و پاڵپشتی ئەو پێشمەرگانەشی کرد کە لەوێ بەرگریان دەکرد، تەنها بۆ رۆژێکیش لە هیچ شتێك درێغی نەکرد بەرانبەر هاوڵاتیانی ئێزیدی و شەڕڤانەکانیش لە شنگاڵ، جگە لە بەشداریشی لە پاراستنی ئەوانەی لە چیا هانایان بۆ بردبوون و ڕێگری لە تیرۆریستان لە دەستگرتن بەسەر دەروازەی مرۆیی، هەروەها هێزەکانی رۆژئاڤا ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لە ئازادکردنی ناوچەی نێوان رەبیعە و شنگاڵ و ئازادکردنی شاری شنگاڵیش.

ئەو ناکۆکی و ڕکابەریانەی لە شنگاڵ تەقینەوە، بەشێومیەکی گشتی

شـتێکی نـوێ نەبـوو لـە شـەقامی کـوردی بـەڵام زیانـی بـە شـنگاڵ و ئێزیدییەکانی دەگەیاند، کارێکی دروست نەبوو هێزەکانی رۆژئاڤا ببنە بەشـێك لـەم ناکۆکییانـە، بۆیـە نەخلیسکانە نـاو ئـەو بارودۆخـە و بـە کەرامەتـەوە لـە شـنگاڵ و لـە چیـا و گونـدە دوورەکانی سـنوور کشانەوە؛ بژاردەیەکـی ژیرانەتـر و بابەتییانەتـر بـوو، هـەر ئـەوەش رووییـدا و لـە بەهـاری ٢٠١٦ بەرەبـەرە جێبەجـێ کـرا..

بـەڵام ئـەوە مانـای ئـەوە نەبـوو کـە رۆژئاڤا پشت لە شـنگاڵ و ئێزیدییەکان و براکانیـان دەکات لـەو ناوچەیـە، دەروازەکانـی رۆژئاڤـا لەبـەردەم هەمـوو خەڵکی شـنگاڵ والاّ مانـەوە، ئەوانـەی بەبـێ وەستان دەهاتـن بـۆ چارەسـەر یـا بازارِکـردن یـا سـەردانی خـزم و کـەس لـە رۆژئاڤـا، هەروەهـا نەخۆشـخانەکانی رۆژئاڤـا کراومبـوون لەبـەردەم بریـندار و پێکراوەکانـی هێزەکانـی گـەریلا و هێزەکانـی ئێزیـدی، لەکاتێکـدا سـەرکردایەتی رۆژئاڤـا ئاسـتەنگی بـۆ هیـچ شـەرِڤان یـا گەنجێکـی رۆژئاڤـا دروسـتنەکرد کـە بیەوێـت بمێنێتـەوە یـا پەیوەنـدی بـە هێـزە شـەرِکەرەکانەوە بـکات لـە شـنگاڵ؛ دەیـان گەنجی رۆژئاڤـا مانەومیـان لـە شـنگاڵ لا پەسـەندتر بـوو لەژێـر ئـاڵای هێـزە ئێزیدییـەکان بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی داعـش و کارکـردن بـۆ ئازادکردنـی گونـد و ناوچـە ئێزیدییەکانـی تـر، هەروەهـا هەمـوو دامەزراوەکانـی رۆژئاڤـا بـە ئەزمـوون و شـارەزایی خۆیـان و دابینکردنـی کەرەسـە و پێداویسـییەکان پاڵپشـتی ئـەو دامەزراوانەییـان دەکـرد کـە لـە شـنگاڵ بـوون...

پێویسـتە لێـرە جەخـت لـەوەش بکەینـەوە کـە رۆژئاڤـا هیـچ ئامانجێکـی سیاسـی یـا پـرۆژە و چاوبرینـە شـنگاڵ و ناوچەکانـی تـری هەرێمـی کوردسـتانی عێراقـی نەبـوو؛ لـە یەکـەم رۆژی چوونـە نـاوەوەی هێزەکانـی رۆژئاڤـا بـۆ دیـوی عێـراق؛ ئامانجییـان بەرەنگاربوونـەوەی داعـش و پاراسـتنی سـنوورەکانی رۆژئاڤـا بـوو، نـەوەش بەشـێوەیەك لـە شـێوەکان بەهەماهەنگـی بـوو لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی هەرێـم، هەروەهـا پەلەکردنـی هێزەکانـی رۆژئاڤـا بـەرەو چیـای شـنگاڵ و کردنـەوەی دەروازەی مرۆیـی و

فریاکەوتنی هاوڵاتیان و گواستنەومیان بۆ چیا و پاراستنیان لە ڕوانگەی مرۆیی و برایەتی و نەتەوەیی بووە. ڕۆژئاڤا ئەرکی خۆی بەجێ گەیاند بەرانبەر خوشك و براکان و ڕۆڵەکانی گەلەکەی لەو ئێزیدییانەی بۆ مەرگ و کۆمەڵکوژی بەجێهێڵران. ئەوە بنەڕەتی بیروباوەڕی هێزە سەربازی و بەرگریکارەکانی ڕۆژئاڤایە، واتە بەرگریکردن لە لە خۆ و لە ستەملێکراوان و زۆرلێکراوان و بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژکاران و تیرۆریستان و زۆرداران. هێزەکانی ڕۆژئاڤا بەرگریان لە خۆیان و خوشك و براکانیان لە دیوەکەی تری سنووریش کرد و دووداڵ نەبوون لە چوون بەرەو ناوچە عەرەبییەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا بۆ بەرگریکردن لە عەرەبی وڵاتەکەی، هەروەها بەرگری لە دراوسێ و هاوڕێ مەسیحییەکانی کرد کە هەڕەشەی کۆمەڵکوژییان لەسەر بوو.

## هەندێک پێشنیار بۆ ئێزیدییەکان

نە عەقڵیەتی (من ناومندم) و نە کەلتوور و ناومندی بەهێز و لایەنەکانی تر بەدەوری ئەو ناومندەی منداڵ بخولێنەوە ؛ نە عەقڵیەتی (هەموو شتێك دەزانم، دەبێ ئێوە شوێنکەوتەی بیرۆکە و پڕۆژەکانی من بن) پەسەند ناکەم. هیچ کەس و لایەن و هێزێك مافی ئەوەی نیە دەست بەسەر مافی بیرکردنەوە و دەربڕین دابگرێ و پڕۆژەی تایبەت بەخۆی دروست بکا. هاوردەکردنی پڕۆژە و بیرۆکە و هەوڵی سەپاندنی وەك ئەوەی هەیە؛ کارێکی دیمۆکراتی و شارستانیی نیە، بەڵکو جۆرێکە لە دکتاتۆرییەت، ئەوەی لە هەوڵێر و دهۆك گونجاوە، لەوانەیە تەواو گونجاو نەبێ بۆ شنگاڵ ئەوەش کە لە ڕۆژئاڤا سەرکەوتووبوو، ڕەنگە لە شنگاڵ هەمان سەرکەوتن بەدەستنەهێنێت، بۆیە پێویستە خەڵکی شنگال خۆیان نەك خەڵکی تر بە هووڵی بیر لە بارودۆخی بابەتیی و خودیی خۆیان بکەنەوە و پڕۆژەی گونجاو بە هەلومەرجی خۆیان دارێژن و کار بۆ جێبەجێکردنی بکەن بە سوودومەرگرتن لە ئەزموونەکانیان، ئەوە مانای ئەومنیە کە هاوکاری و ئەزموونی براکانیان لە ناوچەکانی تر و سوودومەرگرتن لە ئەزموونە جیهانییەکان ڕەتبکەنەوە.

بۆ ئەوەی هەمان مەرگەساتی ئێزیدییەکان دووبارە نەبێتەوە کە بەدرێژایی مێژوویان تووشی بوونە، پێویستە لەسەریان پێش هەموو شتێك سیستمێکی ئەمنی بەرگری یەکگرتوو پێکبهێنن. چەندین گرووپ و هێزی جیاوازیان هەیە، بەڵام پێویستە لەسەریان یەکیان بخەن؛ ئەوە گرنگ نیە چەندە دەسبەرداربوون و لێکتێگەیشتنی دەوێت، سیستمێکی ئێزیدی ئاسایشی بەهێز و یەکگرتوو بەرپرس دەبێ لە پاراستنیان لە هەر مەترسییەك لە داهاتوو هەڕەشەیان لێ بکات، دەکرێت سوود لە ئەزموونی هێزە کوردییەکانی تریش وەربگیرێ، هەروەك دەکرێت پشت بە سوپای عێراق و هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ببەستن بۆ مەشق و چەکدارکردن و بەدەستهێنانی شارەزایی.

ئەو سیستمە دەبێ بە فەرمی دانپێدانراوبێ لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەگەر هەرێمیش ڕەتیکردەوە، ئەوا شنگاڵ بە بەشێك لە مادەی ١٤٠ دادەنرێت، واتە لەڕووی ئیدارییەوە سەربە بەغدای پایتەختە و دەبێ ئەو سیستمە بەشێك بێت لە سیستمی بەرگری عێراقی، بەمەرجێك هەموو شەرفان و ئەفسەر و فەرماندەکانی (بە تەنها)لە ڕۆڵەکانی شنگاڵ بن. پێویستە فۆرمێکی ئیداری گونجاو بۆ بارودۆخی کارگێڕی قەزای شنگاڵ بدۆزرێتەوە، واتە دەکرێت شنگاڵ بکرێتە پارێزگایەکی تایبەت و ئۆردوگا و گوندە ئێزیدییەکانی تریشی بخرێنەسەر. ئەو پارێزگایە دەکرێت بەشێك بیت لە هەرێمی کوردستانی عێراق یا پێگەیەکی تایبەتی هەبێت، واتە پەیوەندیەکی نزیکی هەبێ لەگەڵ حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەند لەهەمان کات. ئەو پارێزگایە پێویستە خۆبەڕێوەبەرێتی خۆی هەبێت؛ حکومەتێکی خۆیی و پەرلەمانی ناوخۆیی و هێزی پۆلیس و بودجەی تایبەت بەخۆی هەبێت، دەبێ حکومەتی هەرێم ڕێز لەو ئیدارە تایبەتییە بە شنگاڵییەکان بگرێت و هەمان شتیش سەبارەت بە حکومەتی بەغدا، لەپێناو بەدیهێنانی ئەوە ئێزیدییەکان دەتوانن لێژنەی تایبەت پێکبهێنن و هەموو لایەنە نیشتمانی و کوردی و نێودەوڵەتییەکان ببینن بۆ بەدەستهێنانی

پشتیوانی و هاوکارییان..

پێویستە لێژنەیەکی تایبەتی ئێزیدی پێکبهێنن، نوێنەرایەتی هەموو ئێزیدییەکان بکات بۆ بەدەستهێنانی هاوسۆزی نێودەوڵەتی و ناساندنی جیهان بەو ستەمەی لێیانکرا، بەمەش دانپێدانانی نێودەوڵەتی بەدەستدێنن بۆ ئەو کۆمەڵکوژیەی لە مانگی ئابی ٢٠١٤ تووشی بوون.

لێژنە ئێزیدییەکان پەیوەندی بکەن بە هەموو حیزب و هێزە کوردییەکان بۆ ڕێزگرتن لە ئیرادەی ئێزیدییەکان و سەربەخۆیی ئێزیدییەکان و دوورخستنەوەی ناکۆکی و ڕکابەری حیزبی لە خۆیان و دۆزی خۆیان، بەوشێوەیە لەسەر حیزبە کوردییەکانیش پێویستە ڕێز لە تایبەتمەندێتی ئێزیدییەکان بگرن و فشار نەخەنە سەریان و هیچ نەجێندا و سیاسەتەکانی خۆیان بەسەردا نەسەپێنن کە دەبێتە هۆی پەرتەوازەبوونی ئێزیدییەکان و دوورکەوتنەوەیان لە کوردبوون و ناسنامەی نەتەوەیی کوردییان، پاڵیان بنێت بەرەو تێزەکانی (ناسیۆنالیزمی ئێزیدی) کە ئێزیدییەکان لە جەستەی نەتەوەی کورد دابببڕێت.

پێویستە لێژنەیەکی تایبەت لە ئێزیدییەکان پێکبهێنرێت بۆ دەسەبەرکردنی بودجەیەکی دارایی بەهێز، ئەوەش بە پشتبەستن بە بودجەی حکومەتی بەغدا و هەرێمی کوردستان، کۆکردنەوەی کۆمەك لە دامەزراوە نێودەوڵەتیی و مرۆییەکان، هەروەها پشتبەستن بە ڕەوەندی ئێزیدی لە ئەورپا و روسیا؛ بەو بودجەیەش دەبێ قەرەبۆی کەس و کاری قوربانی و ڕفێنراوان و دەربازبوان و منداڵە هەتیوەکان بکرێتەوە، ئاوەدانکردنەوە و دابینکردنی هەلی کار بۆ گەنجان و گەشەدان بە ناوچەکە، لەبری ئەوەی حیزبە کوردییەکان ململانێی دەستگرتن بەسەرشنگاڵدا بکەن؛ دەبێ کێ بڕکێ بکەن لەسەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و دروستکردنی نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی و خوێندنگا و پاریگا و باخ و ناوەندی ڕۆشنبیری بۆ

ئێزیدییەکان. پێوستیە لێژنەی کاریگەر پێکبهێنرێن بۆ گەڕان بەدوای چارەنووسی کچە ئێزیدییە رفێنراوەکان، هەروەها ئەو منداڵانەش کە لەلایەن تیرۆریستانی داعش رفێنراون؛ کاربکرێ بۆ گێڕانەوەیان بۆ کەس و کاریان و پێشکەشکردنی هەموو هاوکارییەکی دەروونیی و دارایی و کۆمەڵایەتی بۆ دەربازبوان و منداڵە رفێنراوەکان، سکاڵای یاسایی لە دادگاکانی عێراقی و کوردی و نێودەوڵەتی لەدژی ئەو کەسایەتی و هۆزانە تۆماربکرێت کە بەشداربوونە لەو کۆمەڵکوژی و رفاندن و دزی و تاڵان و وێرانییەی بەرانبەر شنگاڵ و خەڵکەکەی و ژن و منداڵ و ژێرخانیدا کرا. لەحالەتێکدا ئەگەر ئیدارەی سیاسی و رۆحانی و سەربازی ئێزیدی توانی ئارامی و ئاسایش و هەلی کار بڕەخسێنێ؛ ئەوکاتە هیچ بەربەستێك نامێنێ لەبەردەم دەیان هەزار ئاوارە بۆ گەڕانەوەیان بۆ گوند و ماڵەکانیان و بەشداربیان لە پرۆسەی دروستکردن و ئاوەدانکردنەوە و کشتوکاڵ. کردنەوەی دەروازەیەکی سنووری فەرمی لە نێوان رۆژئاڤا و شنگاڵ زۆر گرنگە، ئەوە وەك شادەماری ئابووری و بازرگانییە بۆ سوودی هەردوولا و شنگاڵ لە گەمارۆ و دابڕان رزگاردەکات، ئەو دەروازەیە لە هەموو رووێکەوە سوودی بۆ هەموو ناوچەکانی تری عێراقیش دەبێت.

هەموو ئایین و ئایینزاکان لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا پێویستییان بە چاکسازی ئایینی هەیە لە نێویشیاندا ئایینی ئێزیدی. ئەنجامدانی چاکسازی ئایینی و عەلمانی و هەڵوەشاندنەوەی چیانیەتی کە چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێزیدی لەیەك دابڕیوە، لەوپەڕی گرنگیدایە، کردنەوەی دەرگایەکیشە لەبەردەم کورد و ئەوانەی تریش کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە سەر ئایینی باو و باپیرانیان؛ ئەوە فاکتەرێکی بەهێزدەبێت بۆ جوڵاندنی خوێنی نوێی کۆمەڵگەی ئێزیدی و گێڕانەوەی ئەو پەیوەندییە نەتەوەییە بەهێزە لەنێوان پێکهاتەی ئێزیدی و میللەتی گەورەی کورد..

زۆر گرنگە بۆ دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی و هۆزە ئێزیدییەکان یەك

گوتاری برایانەیان هەبێ بەرانبەر هەموو پێکهاتە کوردییەکانی تر و جڵەوکردنی هەموو ئەو ڕەوت و تێزانەی هەوڵی جیاکردنەوەی ئێزیدییەکان لە گەلی کورد دەدات؛ ئەو ڕەوتانە ئەوپەڕی زیان بە پێکهاتەی ئێزیدی دەگەیەنن و پێکهاتە کوردییەکانی تریش دەوروژێنن و ئێزیدییەکان گۆشەگیر و دابڕاودەکات لە بەرانبەر ئەو هێرشە ناسیۆنالیزم و ئایینیانەی کە دەوریان گرتوون و بەئامانجیان دەگرن، بۆیە پێویستە گوتارێکی ئێزیدی کوردی ڕوون و هەڵوێستێکی ڕاشکاوانە لەدژی ئەوانە هەبێ کە داکۆکیکاری ناسیۆنالیزمی ئێزیدین.

یەکێک لە هۆکارەکانی تێڕوانینی گوماناویی و دوژمنکارانەی هەندێک لایەن دژ بە ئێزیدییەکان ئەو کاڵفامیی و ناڕوونییەیە کە دەوری بیروباوەڕی ئێزیدییەکان و عەقیدەیان دەدا، بۆیە زۆر گرنگە بۆ ئێزیدییەکان کە دەزگای ڕاگەیاندن و ئەکادیمییان هەبێ تا بە بەردەوامی ڕای گشتی کوردی و عەرەبی و نێودەوڵەتی بدوێنن و وێنەی ڕاستی ئێزیدی و ئایین و کۆمەڵایەتی و نەتەوەییان دەربخەن. ئەو مەسەلەیە دیدار و کۆنگرەی زۆری دەوێت لە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامی و ئەوروپییەکان، دەستبکەن بە گفتوگۆی قووڵ لەگەڵ گەورە دەسەڵاتدارانی یان دەسەڵاتی باڵای یان رابەری ئایینی شیعە و سوننە و عەلەوی و مەسیحی، چیتر شاردنەوە و بیروباوەڕی نهێنی سوودی نیە لە سەردەمی پەیوەندی و کرانەوەی جیهانگیری..

کۆتایی بەشی دووەم

تشرینی یەکەمی ٢٠١٦

## بەشی سێیەم

### لە شنگاڵەوە بۆ ڕۆژئاڤا

### بەڕێوەبەرێتییەکی تەواو لە شنگاڵ

لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٦، بەیاوەری فەرماندەی گشتی یەکینەکانی پاراستنی گەل هەڤاڵ سیپان حەمۆ سەردانێکی مەیدانیی شنگاڵمان کرد، بارودۆخ ئارام بوو، بەتایبەتی لە گوند و کامپەکانی خواروو قەزا، لە چیاش چەند چادرێکی ئاوارەکان بەدرێژایی لوتکەی (سەردەشتی) دابەش بووبوون، بارەگا حیزبی و ڕێکخراوەییە جیاجیاکانیش وەک دەنکە تەسبیح لە ڕێگادا بلاوبووبوونەوە، بەڵام شار نزیکەی تەواو وێران بووبوو، جگە لە چەند بارەگایەکی سەربازی و ڕێکخراوەیی گرووپە جیاجیا کوردی و ئێزیدییەکان هیچی تری لێ نەبوو، هەروەها ژمارەیەکی زۆری خاڵی پشکنین لەو شارە چۆڵە بلاوبووبوونەوە..

هێزەکانی ئاسایشی لێبوو؛ هەندێکیان سەربە خۆسەری شنگاڵ و هەندێکیش سەربە حکومەتی هەرێم بوون، لەهەمانکاتیشدا هەندێك لە ئەندامانی شارەوانییە میللییەکانمان دەبینی خزمەتگوزاری سەرەتاییان بەسەر شارۆچکە و کامپەکاندا دابەش دەکرد، جگە لە هەندێك

نەخۆشخانەی مەیدانی و ژمارەیەك خوێندگا. شنگاڵ زۆر بە خراپی دابەش بووبوو و زۆریش چووبووە ناو یەك، هەوڵی سەرخستنی زۆر لە پڕۆژە جیاجیاکان دەدرا لە هەمان رووبەری جوگرافی دیاریکراو..

دروشم و نوسینی زۆرمان بینی لەسەردیوار و قەراخی ڕێگاکان لەدژی بوونی حیزبە کوردییەکان نوسرابوون، هەندێك لەو نوسینانەی سەردیوارەکان جەختیان لە سەربەخۆیی ئێزیدییەکان دەکردەوە لە نەتەوەی کورد، هەندێکیشیان دژایەتی ئەو لایەنە ئێزیدییانەیان دەکرد کە هاوکاربوون لەگەڵ حیزبە کوردییەکان، دروشمەکانی تریش بوونی پارتی دیمۆکراتی کوردستانیان ڕەتدەکردەوە لە ناوچەکە و ئەو ستەمەی پارتییان بیردەهێنانەوە کە لە ئێزیدییەکانیان کرد لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ لەوانەیە ڕستەی (چما زاخۆ) کە بەزمانی کوردی واتە (بۆچی زاخۆ) لە هەموو دروشمەکان بلاوتربێ لەسەر دیوارەکان..

ئەو رستەیە لە ڕۆژانی سەرەتای مەرگەساتی ئێزیدییەکان لە تۆڕەکانی سۆشیال میدیا لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ بلاوبوو، بریتی بوو لە پرسیار لەو پێشمەرگانەی لە شنگاڵ کشانەوە بەرەو زاخۆ (چما زاخۆ)، واتە بۆچی شنگاڵ جێ دەهێڵن و بەرەو زاخۆ دەکشێنەوە؟

هەروەها چەندین بلاونامەی سەردیوار هەبوون کە دووپاتیان دەکردەوە شنگاڵ کوردستانییە و هەرواش دەمێنێتەوە و بڕی پێشمەرگە یان بڕی گەریلا، ئاڵا حیزبییەکانیش زۆر لە ژمارەی ئێزیدییەکانی دانیشتووی چیا زیاتربوون یا گەڕابوونەوە گوند و ماڵەکانیان، وێنەی ئەو شەهید و بەرگریکارانەی لە بەرخۆدانی شنگاڵ گیانیان بەخشی؛ عامووەی کارەبا و ڕوناککەرەوەکانییان بەدرێژایی ڕێگا لەناو شارۆچکە و گوندەکانیان ڕازاندبوونەوە.

## شنگاڵ لەنێوان ناکۆکی و گونجان

هەموو هێزە کوردییەکان بەچڕی لە شنگاڵ بوون و هەوڵی بەدەستهێنانی جەماوەریان دەدا و پڕوپاگەندەیان بۆخۆیان دەکرد. ئەو هێزانە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، بەشێوەیەك لە شێوەکان بەشداریان هەبوو لە ئازادکردنی ناوەندی قەزای شنگاڵ و شەڕفانەکانی ئەو هێزانە زۆربەی کات لەهەمان سەنگەر و خەندەکدابوون، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە دۆخەکە جیاوازبوو، هیچ لێکتێگەیشتنێکی سیاسی و پڕۆژەی یەکگرتوو، یا دیدگایەکی کۆك لەسەر دواڕۆژی شنگاڵ و کوردە ئێزیدییەکان بەشێوەیەکی گشتی نەبوو. بانگەوازی شەرمنانە و ترسنۆکانە بۆ یەکێتی و ڕێککەوتن لەسەر فۆرمێکی گونجاو بۆ چارەنووسی شنگاڵ لەنێوان دەنگە پەرتبووەکان و گوتارە حیزبییە ناکۆکەکان ون دەبوو. شنگاڵ گۆڕەپانێك بوو دەکرا بە وردی کاری لەسەر بکرێ بۆ دۆزینەوەی شێوازێکی گونجاو بۆ ڕێککەوتنی بەکردار لەنێوان حیزبە کوردی و ڕەوتە جیاوازەکان؛ هەموو لایەنەکان پێویستیان بە یەکتربوو، هەر لایەنە دەستە و تاقم و جەماوەری تایبەت بەخۆی هەبوو لەناو ئێزیدییەکان، خاڵی لاوازی و بەهێزی جیاوازیشیان هەبوو، دەتوانرا ئەو لایەنانە هاوکار و یەکگرتوو و تەواوکەری یەکتربن لەپێناو خزمەتکردن بە ئێزیدییەکان و ڕەواندنەوەی ئەو مەرگەساتەی لەو ساڵانەی دوایی توشی بوون..

بژاردەکان لەبەردەستدابوون و ئەگەری جۆراوجۆریش چاوەڕوانکراوبوو، یان کۆدەنگی کوردستانی لەپێناو خزمەت و بەرژەوەندی شنگاڵ و کوردە ئێزیدییەکان لەسەرووی هەموو کاروکردار یان بەرژەوەندییەکی تر یان گرنگیدانێکی تربێ، ئەوەش بێگومان پێویستی بە هەندێك دەسبەردار بوون بوو لە هەموو لایەنەکانەوە، بەبێ جیاوازی یان زیاتربوونی ناکۆکی کە زیانیان بە ئێزیدییەکان و شنگاڵ و خودی لایەنە کوردییەکانیش دەگەیاند، ئەو لایەنە کوردییانەی لە دژی ڕێکخراوی داعش شەڕیانکرد لە سوریا و عێراق؛ بەهەموو هێزیانەوە ناوبانگێکی

جوانی جهیانیان بەدەستهێنا، هەروەها لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی سیاسی و ستراتیجی زۆر گرنگدابوون، کە ئایا کورد لە ڕووی سیاسییەوە یەك دەگرن و زیاتریش بەدەست دەهێنن؟ ئیتر شنگاڵ بووە تاقیکرنەوە گرنگەکە لەبەردەم کورد.....

## فراوانبوونی درز لەنێوان کورد

دژە پڕوپاگەندە و هەڵمەتی ناوزڕاندن و ململانێی حیزبی لەنێو لایەنە کوردییەکان گەیشتە ئاستێك کە جێگای قبوڵکردن نەبێ؛ بەتایبەتی لە شنگاڵ؛ لەلایەکەوە ناکۆکی لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزی پاراستنی ئێزیدخان بە فەرماندەیی حەیدەر شەشۆ و لەلایەکی تریش لەنێوان یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ و پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان. ئەو دۆخە لە بنەڕەتدا ڕەنگدانەوەی سروشتیی ململانێی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان بوو. ئەوەی قوڕەکەی خەستترکرد ئەوە بوو کە پارتی ئەندامە سوورییەکانی هێزەکەی خۆی هێنان و ئەرکی پاراستنی سنووری نێوان شنگاڵ و ڕۆژئاڤای پێ سپاردن، لە ڕۆژئاڤا هەستیارییەکی تۆند هەبوو بەرانبەر ئەوانە، ئەوەش لەبەرچەند هۆکارێك؛ ئەو هێزانە هەوڵیان دەدا ئاستەنگ بۆ جموجۆڵی هێزەکانی گەریلا و یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ لە ناوچەی سنوونێ و خانسۆر دروستبکەن، دەرەنجامی ئەو گرژی و ئاڵۆزییانەش سەرهەڵدانی ئەو پێکدادانە بوو لە ڕۆژی ٣ی ئازاری ٢٠١٧ لە ناوچەی خانسۆری سەربە قەزای شنگاڵ و نزیك لە سنووری ڕۆژئاڤا..

پێکدادانەکەی خانسۆر(لە بنەڕەتەوە) هەموو هیوایەکی بۆ هاوکاری و هەماهەنگی کوردی لە شنگاڵ لەباربرد، ئیتر ئەو هەستیارییە باڵی خۆی بەسەر دۆخی پەیوەندییەکان لە شنگال و دەوروبەریدا سەپاند، گوتاری پارتی دیموکراتی کوردستان بریتی بوو لە پێداگری لەسەر کشانەوەی هێزەکانی گەریلا لە شنگاڵ و هەڵوەشاندنەوەی یەکینەکانی

پاراستنی شنگاڵ و یەکینەکانی پاراستنی ژنان لە شنگاڵ و کۆتایی هێنان بە خۆسەریی یان هەر جۆرە هەبوونێکی پارتی کرێکارانی کوردستان و لایەنگرانیان لە شنگاڵ و ڕادەستکردنەوەی بە پارتی دیمۆکراتی کوردستان لەڕووی سیاسی و سەربازی و ئیداریەوە، ئەوەش شتێك بوو کە پارتی کرێکارانی کوردستان و ئیدارەی خۆسەریی بەتەواوەتی ڕەتییان دەکردەوە. پێکدادانی خانسۆر لە ٣ی ئازاری ڕوویدا و هەڵوێستەکان توندتر و دۆخەکە ناخۆشتر و درزەکەش فراوانتربوو لەنێوان لایەنە کوردییەکان لە شنگاڵ و تەواوی کوردستان.

## تورکەکان تۆڵەدەکەنەوە

تورکیا هەر لە سەرەتاوە هەستیارییەکی هەبوو لە بەرانبەر پرسی شنگاڵ، ئەو بەرخۆدانەی هێزە کوردییەکان لە شنگاڵ نیشانییاندا و بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان و زیادبوونی ئەندامانیان لە ناوچەکە؛ جێی دڵخۆشی تورکیا نەبوو، هەروەها تورکیا هەستیار بوو بەرانبەر هەر ئیدارەیەکی نیمچە سەربەخۆی کوردی لە ڕۆژئاڤا و لە شنگاڵ، پەیوەندییە بەهێزەکەی نێوان تورکیا و پارتی دیمۆکراتی کوردستانیش لە کەس شاراوە نەبوو، لە زۆر قۆناغدا هەردووکیان هەمان هەڵوێستیان هەبوو لەبەرانبەر چەندین پرس و بابەت، لەوانەش پرسی شنگاڵ.

زۆر بەسەر پێکدادانەکەی خانسۆر تێنەپەڕیبوو کە تورکیا بۆ یەکەمجار ئۆپەراسیۆنێکی ئاسمانی گەورەی لەدژی ڕۆژئاڤا و شنگاڵ ئەنجامدا. لە شەوی ٢٥ی نیسانی ٢٠١٧ دەیان فڕۆکەی جەنگی تورکیا هێرشی تونديان کردەسەر بارەگای سەرکردایەتی و ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان لە چیای قەرەچووغ لە ڕۆژئاڤا. ئەو هێرشە هاوکات بوو لەگەڵ هەڵمەتی هاوشێوەی بۆ سەر دەیان بنکەی یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ و گەریلای پارتی کرێکارانی کوردستان و دامەزراوەکانی ئیدارەی خۆسەری لە شنگاڵ.

ئەو هێرشانە تونديتیژترین و درندانەترین هێرش بوون و یەکەم

هێرشی لەو شێوەیە بوو تورکیا لە دژی رۆژئاڤا و شنگاڵ ئەنجامبدا، بیانووشیان بەئامانجگرتنی بنکەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو، ئەو هێرشانە بوونە هۆی شەهیدبوونی چەندین شەڕڤانی کوڕ و کچ و میدیاکار و کارمەندی دامەزراوە مەدەنییەکان و هاوڵاتی بێ تاوان و وێرانکردنی دەیان بنکە و تاوەری پەیوەندییەکان و وێستگەکانی پەخشی رادیۆ و ئاپارتمان و دامەزراوەکانی راگەیاندن

هەڵمەتەکانی تورکیا بوونە هۆی ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆری ئێزیدییەکان ئەوانەی پێشتر گەڕابوونەوە شنگاڵ، بەڵام خراپی خزمەتگوزاری و گرژیی ئەمنی و ناکۆکی لایەنە کوردییەکانیش هۆیەکی تری نائارامیی بوو لە شنگاڵ و ئێزیدییەکانی خستبووە دڵەڕاوکێ سەبارەت بە ئایندەی خۆیان، هێرشە ئاسمانییەکانی تورکیاشی هاتەسەر بۆ پترکردنی ترس و دڵەراوکێی ئێزیدییەکانی شنگاڵ، لەکاتێکدا بۆردومانەکانی ٢٥ی مانگی نیسان تەنها سەرەتایەك بوون بۆ زنجیرە بۆردومانەکانی تر کە دەسەڵاتدارانی بەغدا و هەولێر هیچ ناڕەزایەتییەکیان پیشان نەدا، کۆنترۆڵی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیش بۆ ئاسمانی سوریا و عێراق رێگری لێنەکردن، پێدەچوو تورکیا گلۆپی سەوز و ڕەزامەندی ژێربەژێری لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەغدا و هەولێر و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ داگیرسابێ؛ بەمەرجێك ئامانجەکە پارتی کرێکارانی کوردستان و تەواوی رێکخراوە هاوپەیمانەکانی یا هەڵقوڵاوەکانی ئەوان بن٠ لێرەدا گەورەترین زەرەرمەند خەڵکە داماوەکەی شنگاڵ بوو٠ بەوشێوەیە شنگاڵ بووە گۆڕەپانی جەنگی تورکیا لەدژی پارتی کرێکارانی کوردستان و بەئامانجگرتنی، وەك چۆن لە چیاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق و شوێنی بارەگا حیزبییەکانیان دەیکات.

## سەبارەت بە باشوور چی؟

دوای ئازادکردنی ناوەندی قەزای شنگاڵ لەلایەن هێزە کوردیە جیاوازەکان، ئۆپەراسیۆنەکانی ئازادی لەو ئاستەدا وەستان، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نەبوو کە هەموو ناوچە ئێزیدییەکان لە شنگاڵ ئازادکران، لەهەمان کاتدا پێکدادان و پەلاماری پچڕپچڕەکانی ئێرە و ئەوێ لەنێوان هێزە کوردییەکان و تیرۆریستانی داعش کۆتایی نەهاتبوو. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەرشیف دەبینین لەو ماوەیەی قەزای شنگاڵی تێدا ئازادکرا تا بەهاری ٢٠١٧ چەندین پێکدادان و ئۆپەراسیۆن رویانداوە، ئەو پێکدادانەش بەتایبەتی لەنێوان هێزەکانی گەریلا و رێکخراوی تیرۆریستی داعش رویانداوە..

زۆر گوند و کامپی ئێزیدییەکان؛ بەتایبەتی لە بەرەی باشوور هێشتا لەژێر کۆنترۆڵی رێکخراوی تیرۆریستی داعشدا بوون، وەك گوند و کامپەکانی سەر بە قەزای بەعاج لە باشووری رۆژئاوای شنگاڵ لەسەر سنووری سوریا و زۆر گوندی تریش کە گرنگترینیان هەردوو گوندی کۆجۆ و قەحتانییە و زۆر کامپی تریش لەژێر دەستی داعشدا بوون و هێزی پێشمەرگەش لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠١٥ەوە هیچ پێشڕەوییەکی بەرەو ئەو شوێنانە نەکردبوو، وا دیاربوو توانای هیچ هێزێکی کوردی بەتەنها بەس نەبوو بۆ ئازادکردنی ئەو گوند و کامپ و ئەو ڕووبەرە فراوانە لە جوگرافیای شنگاڵ و ناوچە ئێزیدییەکان، ئەوەی زیاتریش جێی داخ بوو ؛ پرسی ئەو گوندانە لە کارنامە و ئەجندای میدیای کوردیدانەبوو، وەك بڵێی بابەتەکە بە ئازادکردنی ناوەندی قەزای شنگاڵ کۆتایی هاتبێت و هیچ ناوچەیەکی داگیرکراوی ئێزیدی نەمابێت..

ئەو هێزە کوردییە جۆراوجۆر و گرووپە ئێزیدییە پەرتەوازانە لەجیاتی ئەوەی لە چیا و لەناو شارێکی چۆڵ کێ برکێ بکەن، باشتربوو جارێکی تر ریزەکانی خۆیان یەکبخەنەوە و بەرەو باشوور بچن بۆ ئازادکردنی ئەو ناوچەیە لەژێر دەسەڵاتی تیرۆریستانی داعش. کورد

پەلەی نەکرد لە ئازادکردنی باشووری قەزای شنگاڵ، باجی ئەوەشیان زۆر بەقورسیدا، بەتایبەتی لەسەر ئەم خاڵە.

## حەشدی شەعبی پێشڕەوی دەکات

لەگەڵ دەرکەوتنی داعش لەسەر شانۆی ڕووداوەکان لە سوریا و عێراق و بڵاوبوونەوەی بەهێزی لە سێگوشەی سوننی هەر یەکێک لە سوریا و عێراق؛ بووە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر بەغدای پایتەخت و ناوچە شیعییەکانی تر، بۆیە سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عێراق نوری مالیکی هەر خێرا لە ١٣ی ئازاری ٢٠١٤دا هێزەکانی حەشدی شەعبی ڕاگەیاند، لەکاتێکدا ئەو هێزانەی لەناو حەشدی شەعبی بەشداربوون؛ چەند سانێك بوو هەبوون و هەموویان میلیشیای شیعی وەك: (کەتائبی حزب الله، عەسائبی ئەهلی حەق، ڕێکخراوی بەدر و هێزەکانی سەدر) بوون.

ئەو هێزانە لەژێر فەرماندەیی حەشدی شەعبی بەشداریانکرد لە ئۆپەراسیۆنەکانی حکومەتی عێراقی بۆ بەرەنگاربوونەوەی یاخیبوونی سوننە لە فەلوجە لە بەهاری ٢٠١٤، بەڵام دوای کەوتنی موسڵ و داگیرکردنی زۆر لە پارێزگا و ناوچەکانی تری عێراق لەلایەن داعشەوە، بەتایبەتیش ناوچە سوننیەکان و نزیکبوونەوە لە بەغدا و داگیرکردنی زۆر ناوچە و پارێزگاکانی سوریا؛ مەرجەعە شیعییەکان لە نەجەف فەتوای (خەباتی داکۆکی لەخۆکردن- الجهاد الانكفائي)ی دا و ئەو فەتوایەش بۆ مەرجەعی شیعی عەلی سیستانی دەگەڕێتەوە. دوای ئەو فەتوایە دەیان گرووپی شیعی جیاجیا، هەندێك لەوان لە تونددڕەوەکان بوون چوونە ناو فەرماندەیی حەشدی شەعبی.

شیعە هەستیان بەو مەترسییە نزیکە کردبوو، بەتایبەتی دوای پێشڕەویی خێرای ڕێکخراوی داعش و لە سێدارەدانی مەیدانیی هاوڵاتی و سەربازەکانی شیعە و کۆمەڵکوژییەکەی (سپایکەر) نمونەیەکی تۆقێنەر بوو، نزیکبوونەوەی داعش لە بەغدای پایتەخت و هەڕەشەکانی بۆ سەر

پارێزگا شیعییەکان لە باشوور؛ هەموو ئەوانە گرووپە شیعییەکانی هاندا پەلەبکەن بۆ چوونە ناو ڕیزەکانی حەشدی شەعبی، مەرجەع و لایەنە سیاسییە شیعییەکانیش ڕۆڵیان هەبوو لە هاندانی چەکدار و گرووپەکان بۆ چوونە ناو ئەو هێزانە، هەروەها ڕوخانی خێرا و پڕ شەرمەزاریی کەرتەکانی سوپای عێراق لە موسڵ و تکریت و پارێزگاکانی تر؛ بووە هۆی نەمانی متمانە بە سوپای عێراقی کە تێکەڵە لەڕووی نەتەوە و ئایین و ئایینزای جیاجیا، ڕێگاچارەی حکومەتی عێراقی (کە شیعە و مەرجەعە دینییەکان بەڕێوەی دەبەن) بەهێزکردنی حەشدی شەعبی و پاراستنی بەغدا و پارێزگا شیعییەکانی تر بوو لەڕێگای حەشدی شەعبییەوە..

لێرەدا پێویستە بڵێین ئێران ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لەرووی دارایی و پڕچەککردن و مەشق و ئاراستەکردنی ئەو هێزانەی کە بەشێك لە پێکهاتەکانیان بەشێوەیەکی سەرەکی دڵسۆزی ئێران و فەرماندەی ناسراوی ئێرانی قاسم سولێمانی بوون، زۆر لە پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی تریش گرووپی تایبەت بەخۆیان دروستکرد و چوونە ناو ڕیزەکانی فەرماندەیی حەشدی شەعبی؛ وەك هەندێك گروپی سوننە و مەسیحی و تەنانەت ئێزیدی و تورکمانیەکانیش. لە ٢٦ی تشرینی دووەمی ٢٠١٦ پەرلەمانی عێراقی یاسای هێزەکانی حەشدی شەعبی پەسەندکرد، دوای ئەوەی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانی عێراق دەنگیان لەسەردا. ئەو یاسایە هیزێکی گەورەتر و شایستەی دارایی و دەستکراوەتری کرد لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش، ئیتر ئەو هێزە میلیشیاییە بە هێزێکی گەورەوە شانبەشانی کەرتەکانی سوپای عێراق و بە درێژیی و پانی لە ئۆپەراسیۆنە یەك لەدوای یەکەکان لەدژی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە ناوچە سوننییەکان بەشداربوو.

## حەشد لە دەرگای شنگاڵ دەدات

دوای ئەوەی حەشدی شەعبی پێگەی بەهێزتربوو و تۆنی گوتارە

تونـدڕەوەکانیان لەزۆر بۆنە دژی کورد بەرزتربوو؛ ئێمە لە گفتوگۆدابووین لەگـەڵ سـەرکردە کوردەکانـی عێـراق لـە هەرێمـی کوردسـتان، ئاماژەمـان بـە مەترسـییەکانی داهاتـووی دوای داعـش دەکـرد بـۆ سـەر کـورد، لـە گفتوگۆکانمـان بـەدوای باشـترین رێگەچـارە دەگەڕایـن بـۆ بەدوورگرتنـی ئەگـەری هـەر شـەڕێك لەنێـوان کـورد و گرووپـە تونـدڕەوەکانـی شـیعە، لەکاتێکدا مەترسی ئـەو گرووپانـە تەنها هەڕەشـە نەبـوو بـۆ سـەر کوردی عێـراق؛ بەڵکـو لـە ڕێـگای لیواکانـی خۆیـەوە لـە سـوریاش بوونیـان زۆر بەهێزبـوو و راستەوخۆ لەژێـر فەرمانـی سـەرکردە ئێرانییـەکان لـە سـوریا چالاکیـان ئەنجـام دەدا. ئـەو هێزانـەی سـەر بـە ئێـران بـوون میلیشـیای زۆریـان لـە ناوچـە کوردنشـینەکان لـە هـۆزە تونـدڕەوەکان دروستکردبوو، بەتایبەتـی لەناوجەرگـەی هـەردوو شـاری قامشـلو و حەسـەکە و لـە حەلەبیـش زۆر بەهێزبـوون، بـەڵام هیـچ بەریەککەوتـن یـا پێکدادانێکـی راستەوخۆ ڕووی نـەدا لەنێـوان یەکینەکانمـان لـە رۆژئاڤـا و لیـوا و گرووپـە ئێرانییـەکان یـا ئەوانـەی سـەربە حەشـدی شـەعبی عێراقـی بـوون لـە سـوریا، بـەڵام لـەو ماوەیـە زۆر شـەڕی خوێنـاوی لەنێـوان یەکینەکانمـان و میلیشـیا سـوریەکانی سـەر بـە ئـەو هێزانـە لـە حەلـەب و قامشـلو و حەسـەکە ڕوویـان دەدا.

لـە بەهـاری ٢٠١٧ میلیشـیاکانی حەشـدی شـەعبی خەریکـی چوونـە نـاو پارێزگاکانـی باکوور بـوون لـە ناوەڕاسـتی عێـراق، بەتایبەتیش لـە موسـڵ و تکریـت و دیالـەوە. حەشـدی شـەعبی و سـوپای عێراقـی لـە تشـرینی یەکەمـی ٢٠١٦ەوە دەسـتیانکرد بـە ئۆپەراسـیۆنی بەرەنگاربوونـەوەی رێکخـراوی داعـش لـە شـاری موسـڵ و ئۆپەراسـیۆنەکان لەنـاو شـاری موسـڵ و دەوروبـەری تـا مانگـی تەمـوزی ٢٠١٧ بـەردەوام بـوو، ئنجـا لـە ١٠ی تەمـوزی ٢٠١٧ هەواڵـی پاککردنـەوەی شـاری موسـڵ بەتەواوەتـی لەدەسـت رێکخـراوی داعـش ڕاگەیەنـرا، بەمـەش داعـش گەورەتریـن و گرنگتریـن مۆڵگـەی خۆیـان لـە عێـراق لەدەسـتدا.

لـه چوارچێـوەی ئۆپەراسـیۆنەکەیان بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی داعـش لـه قـەزاکان و دەوروبـەری موسـڵ، هێزێکـی حەشـدی شـەعبی بـەرەو قـەزای بەعاجـی باشـووری رۆژئـاوای شـنگاڵ بەڕێکـەوت، لـەوێ بڵاوبوونـەوە تـا ڕزگارکردنـی گونـدی کوجـۆی ئێزیـدی لەچنـگ تیرۆریسـتانی داعـش لـه ٢٥ی ئایـاری ٢٠١٧ جێـی باسـه، ترسـناکترین تاوانـی کۆمەڵکـوژی دژ بـه کـوردە ئێزیدییـەکان؛ ڕووبـەڕووی گونـدی کوجـۆ بـووەوە ئەوکاتـەی داعـش لـه ١٥ی ئابـی ٢٠١٤ پەلامـاری ناوچەکەیـدا..

دوای چەنـد ڕۆژێـک لـه کۆنترۆڵکردنـەوەی گونـدی کوجـۆی ئێزیـدی لەلایـەن حەشـدی شـەعبی؛ ئـەو هێـزە توانـی ڕێکخـراوی داعـش لەناوجەرگـەی شـارۆچکەی (قەحتانیە-تـەل عەزیـز)ی ئێزیدیـەکان سـەربە قـەزای بەعاجیـش دەرکات. بـۆ زانیـاری، گونـدی تـەل عەزیـز یەکێکـە لـەو گوندانـەی زۆرتریـن زیانـی بەرکەوتـووە لـەو دوو دەیـەی ڕابـردووی زیانـی ئێزیدییـەکان لـه شـنگاڵ، یەکێکـە لـه شـارۆچکە گەورەکانـی ڕۆژئـاوای پارێـزگای نەینـەوا (موسـڵ). دەرکردنـی داعـش لـەو گونـدە کاریگـەری زۆری هەبـوو لەسـەر ئێزیدییـەکان.

هـاوکات لەگـەڵ ئۆپەراسـیۆنی حەشـدی شـەعبی بـۆ سـەر قـەزای بەعـاج، چەندیـن گونـدی تـری ئێزیدییـەکان لـه باشـووری شـنگاڵ ئازادکـران. دوای کۆنترۆڵـی تـەواوی حەشـدی شـەعبی و سـوپای عێراقـی بـۆ سـەر قـەزای بەعـاج لـه ٥ی حوزەیرانـی ٢٠١٧، هەمـوو گونـدە ئێزیدییەکانـی باشـوور لەدەسـت ڕێکخـراوی تیرۆریسـتی داعـش ڕزگارکـران و لـه باشـووری شـنگاڵ ڕاونـران.

لـه بـەروارى ٣١ی ئابـی ٢٠١٧ هێزەکانـی حەشـدی شـەعبی و سـوپای عێراقـی بـه پاڵپشـتی فڕۆکـەی هاوپەیمانـی نێودەوڵەتـی تیرۆریسـتانی داعشـیان لـه قـەزای تەلەعفـەری ڕۆژئـاوای موسـڵ دەرکـرد، بەمـەش مەترسـی تیرۆریسـتانی داعشـیان لـه لێـواری ڕۆژهەڵاتـی شـنگاڵ نەهێشـت..

دوای دەرکردنـی تیرۆریسـتانی داعـش لـه گونـد و شـارۆچکەکانی باشـووری

شنگاڵ، ڕاددەی ئەو تیرۆرە دەرکەوت کە داعش بەرانبەر ئێزیدییەکانی ئەنجامدابوو؛ زیندانەکان و ناوەندەکانی ڕفاندن و ئەشکەنجەدان و ناوەندەکانی زیندانی ژنە بەدیلگیراوەکان کرانەوە و دواتر گۆڕە بەکۆمەڵە زۆر و پەرشوبڵاوەکانی نزیک گوندەکانی کوجۆ و تەل عەزیز و سیپەی شێخ خدر و گوند و کامپەکانی تری ئێزیدیەکان دۆزرانەوە.

ڕاونانی داعش لەو سنوورە بەهیچ شێوەیەك مانای کۆتایی گرفت و مەرگەساتەکان نەبوو بۆ ئێزیدییەکان، هەندێکجار ڕەفتاری میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە ڕەفتاری ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش خراپتربوو، ئەو میلیشیایانە بە شیرینی سەرکەوتنەکانیان لە ناوچە عەرەبیە سوننەکان سەرخۆش و لەخۆبایی بووبوون، دەستیانکرد بە تێڕکردنی چەقۆکانیان و دەرخستنی کەڵبەکانیان لەدژی گەلی کورد و ناوچە کوردییەکان، هەروەها لێدوانی میدیایی بێ وچانی سەرکردە سیاسی و سەربازییەکانی حەشدی شەعبیش لەدژی گەلی کورد لە کوردستان بەردەوام بوون..

## تۆڕەیی فۆڕات

دوای ئەنجامدانی چەندین ئۆپەراسیۆنی سەرکەوتووی سەربازی هێزەکانی سوریای دیموکرات دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە چەند ناوچە و پارێزگایەکی سوریا؛ لە ٦ی تشرینی دووەمی ٢٠١٦ ئۆپەراسیۆنی تۆڕەیی فوراتیان بۆ ئازادکردنی ڕەقە دەستپێکرد. ئەو ئۆپەراسیۆنە بەرفراوانە دابەشی سەر چەند ئۆپەراسیۆن و هەڵمەتی لاوەکی بوو بەمەبەستی نزیکبوونەوە لە پایتەختی خەلافەتی داعش و وردە وردە گەمارۆدانی پایتەخت و بڕینی ڕێگا و سەرچاوەکانی و سوڕانەوە لێی و گەمارۆدانی بەتەواوەتی، ئنجا هێرش بۆ ناوجەرگەی پایتەخت.

شاڵاوی تۆڕەیی فۆڕات چەندین ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەخۆگرتبوو، وەك ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی ڕیفی ڕۆژهەڵات و باشووری شارۆچکەی عەین عیسا، ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی شاری تەبەقە و بەنداوە

گەورەکەی و هەڵمەتەکانی تریش بۆ ئازادکردنی گوند و شارۆچکەکانی تری رۆژئاوا و رۆژهەڵات و باکووری شار، هەتا دواقۆناغی هەڵمەتەکە بۆ ناو شاری رەقە هات کە بە سەرکەوتنێکی مێژووی کۆتایی هات و لە ١٧ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧، هەواڵی ئازادکردنی تەواوی ناوەندی پارێزگای رەقە بڵاوکرایەوە کە پایتەختی چەند ساڵێك خەلافەتی بەناو داعش بوو.

ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی رەقە و لەناوبردنی پایتەختی خەلافەتی بەناو (داعشیی) تۆڵەسەندنەوەی هەمووقوربانییە بێ تاوانەکانی دەستی ئەو رێکخراوە خوێنڕێژە بوو، بەتایبەتی قوربانیانی کۆمەڵکوژیەکانی شنگاڵ و کۆبانێ و قامشلو، تۆڵەی هەموو دیل و هاوڵاتییە رفێنراوە بێ تاوانەکان بوو..

## ئازادکردنی کچە ئێزیدییەکان

بەدرێژایی هەڵمەتەکانی ئازادکردنی مەنبەج و تەبەقە و گوندەکانی رەقە و ناوەندی پایتەخت، هێزەکانی سوریای دیمۆکرات و دامەزراوە مەدەنییە پەیوەندیدارەکان توانیان سەدان دیل لە ژن و منداڵی ئێزیدی و دەیان دیلی تریش ئازادبکەن. هێزەکانی سوریای دیمۆکرات، بەتایبەتی یەکینەکانی پاراستنی ژنان (یەپەژە) هەوڵی زۆریاندا بۆ گەیشتن بە ژنە رفێنراوە ئێزیدییەکان و ئازادکردن و پاراستنیان و دواتر گواستنەوەیان بۆ ناوچە ئارامەکانی شارەکانی رۆژئاڤا، کە رێکخراوەکانی پەیوەندیدار بە کاروباری ئێزیدییەکان مامەڵەیان لەگەڵ ئەو پرسە دەکرد..

کۆمەڵەی ئێزیدییەکان لە رۆژئاڤا ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان هەبوو بۆ گەڕان بەدوای ژنە ئێزیدییە ڕفێنراوەکان و پەیوەندیکردن پێیانەوە، هەماهەنگی هەبوو لەنێوان ئەوان و هێزە شەڕکەرەکان لە بەرەکانی شەڕ و دابینکردنی ڕێگایەك بۆ دەرچوونیان لە ناوچەکانی داعش و گەیشتنیان بە ناوچەی هێزەکانی سوریای دیمۆکرات و شارەکانی رۆژئاڤا و کامپەکانی ئێزیدی لە دێریك..

لایەنە سەربازی و ئەمنییە پەیوەندیدارەکان هەوڵی زۆریان دەدا بۆ بەدواداچوونی پرسی دیل و رفێنراوەکان؛ لە شەڕفانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات و هاوڵاتییە کورد و عەرەب و مەسیحیە دیلەکانی لای رێکخراوی داعش، بەدواداچوونی کاروباری ژنە ئێزیدییە رفێنراوەکان، لە هەموو لێکۆڵینەوەکان لەگەڵ داعشە تیرۆریستە گیراوەکان پرسیاری شوێن و چارەنووسی ژنە ئێزیدییە رفێنراوەکان لەسەرووی هەموو پرسیارەکانی لێکۆڵەرانی دەزگای هەواڵگری سەربازی بوو.

دەکرێت بە متمانەیەکی تەواوەوە بڵێین هێزەکانی سوریای دیموکرات و دامەزراوەکانی رۆژئاڤا پێشەنگی لایەنەکان بوون کە توانیان گەورەترین ژمارەی ژنە ئێزیدییە رفێنراوەکان لە چنگ تیرۆریستانی داعش ئازادبکەن..

## ژنە ئێزیدییەکان تۆڵە دەکەنەوە

لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی رەقە (تورەیی فورات)، دەیان شەڕفانی ئێزیدی لە یەکینەکانی پاراستنی ژنان-شنگاڵ لە میحوەری شنگاڵەوە بەرەو رەقە بەڕێکەوتن بۆ بەشداری لە ئۆپەراسیۆنی رەقە و لەناوبردنی شێرپەنجەی خەلافەتی تیرۆریستی. بەشداریکردنی شەڕفانە ئێزیدییەکان مانای زۆری هەبوو لە ڕووی دەروونی و سیاسی و کۆمەڵایەتیی، جگە لە ڕۆڵی سەربازیش لەو بەشداریەیان. ژنی ئێزیدی کە بەر لە ٣ ساڵ هیچ توانا دەسەڵاتێکی نەبوو، تیرۆریستان توانیان بیانرفێنێنن و وەک کۆیلە لە بازاڕی شارە عێراقی و سوریەکان بیانفرۆشن، بێ ئەوەی بتوانن بەها کۆمەڵایەتی و کەسییەکانی خۆیان بپارێزن؛ هەمان کچە ئێزیدیبوون بە خاوەن هێزی سەربازی شەڕکەری خۆیان و بەرگری لە شنگاڵ بەگشتی و ژنانی شنگاڵ بەتایبەتی دەکەن، هەمان ژنە شنگاڵی بوو خاڵی بەهێزی خۆیان بۆ دەرکەوت، بە چەکی خۆیان بەرەو رەقەی پایتەختی خەلافەتی داعشی تیرۆریست بەڕێکەوتن بۆ بەشداری شانبەشانی هەزاران شەڕفانی کورد و عەرەب و مەسیحی بۆ

هەڵمەتی ئازادکردنی رەقە. شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی ژنانی شنگاڵ شانبەشانی یەکینەکانی پاراستنی ژنان (یەپەژە) ڕۆڵێکی دیاریان هەبوو لە تۆڵەسەندنەوەی ژنە چەساوە و دیلە ڕفێنراوەکان. هەردوو هێزەکە توانیان دەیان لە ژنە دیلکراوە ئێزیدییەکان لە رەقە و ناوچەکانی دەوروبەر ئازادبکەن و بیانگوازنەوە شوێنێکی سەلامەت لە قامشلو و دێریك و لەوێشەوە بۆ شنگاڵ، دوای چەندین ساڵ لە دیلێتی و ئەشکەنجە و دەستدرێژی وچەوساندنەوەی سێکسی و دەروونی و جەستەیی لەدژیان ئەنجامدا.

## ڕیفراندۆم و لەدەستدان

لەم ساڵانەی دواییدا گوتاری پارتی دیموکراتی کوردستان و هەموو ئەوانەی لە خولگەی ئەودا دەخولانەوە؛ ‹›هەموو هێزە.کوردییەکانی تریان بەوە تۆمەتباردەکرد گوایا دژی بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد وەستاون هەروەها لە گەیشتن بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، ئەو تۆمەتانە هەموو ڕەوت و حیزب و چالاکییە مەدەنییەکانی دەگرتەوە کە لە هەوای پارتی دیموکراتی کوردستان و بەڕێز بارزانیان نەدەخوێند. لەنێوان ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٦دا کەش و هەوای ناوچەیی و نێودەوڵەتی لەباربوو بۆ کورد بۆ بەدەستهێنانی هەندێك لە مافەکانی بەتایبەتی لە سوریا و عێراق، بەڵام ئەو هەلومەرجە بەشێوەیەکی گونجاو لەلایەن کورد نەقۆزرایەوە، لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٧ چەندین پاشەکشێ ڕوویدا، بەتایبەتی لە باکووری کوردستان و هەرێمی کوردستانی عێراقیش.

ناکۆکییە ناوخۆییەکان لە کوردستانی عێراق گەیشتبوونە لوتکە، ناکۆکییەکان بوونە هۆی داخستنی پەرلەمانی هەرێم و سڕکردنی حکومەت و درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی، بەبێ ڕەزامەندی پەرلەمان و لایەنە کوردیەکانی تری بەشدار لە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن و بارودۆخی ئابووریش لەوپەڕی خراپیدابوو، هێرشەکانی داعشیش کاریگەری گەورەیان لەڕووی ئابووری

و کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە لەسەر کورد جێهێشتبوو، پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغداش لە خراپترین دۆخدابوو. لەو هەلومەرجەدا بەڕێز مەسعود بارزانی داوای ئەنجامدانی ریفراندۆمی جەماوەریی لە سەرتاسەری کوردستانی عێراق کرد؛ بە ناوچە جێ ناکۆکەکانیشەوە (ناوچەکانی مادەی ١٤٠)، بۆ سەربەخۆیی و راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی. هیچ لایەنێکی نێودەوڵەتی یا ناوخۆیی بەو هەنگاوە رازی نەبوون، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەوە؛ زۆر لە وڵاتانی کاریگەر لە ناوچەکە هەوڵیاندا کە بەڕێز بارزانی ناچاری پاشەکشێ بکەن لە هەنگاوێکی. لەم جۆرە، بەتایبەتی بەریتانیا و ئەمەریکا، سەبارەت بە وڵاتە گەورەکانی تری وەک فەرەنسا و ئەڵمانیا، ئەوانیش رەزامەندی خۆیان بۆ هەنگاوێکی یەکلایەنەی لەم شێوەیە ڕانەگەیاند، لەکاتێکدا وڵاتانی ناوچەکە هەڕەشەی لەناوبردنی تەواوی هەرێمیان دەکرد، کۆبوونەوەی زۆر لەنێوان تورکیا و ئێران و عێراق ئەنجامدران و هەڕەشەکانی تورکیا و ئێرانیش رۆژ لەدوای رۆژ پتر دەبوون.

بەڵام لەناوخۆدا، هەموو ئەو لایەنانەی هەوڵی دواخستنی ئەو هەنگاوەیان دەدا، تۆمەتبارکران بە ‹‹خیانەت و وەستانەوە لە دژی مافی ڕەوای نەتەوەی کورد بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ››، هەروەها تۆمەتبارکران بەوەی ‹‹بەکرێگیراوی ئێران و وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستانن››، بەمەش کەش و هەوایەکی جۆشدراو دروستکرا لە کوردستان، کەشێکی عاتفی و پۆپۆلیزمیش لە گوتاری کوردیدا زاڵ بوو، دوور بوو لە سیاسەت و لۆجیک و عەقڵانییەت و دوودڵی نەکردن لە سەرکێشی و قومارکردن بە دەستکەوتەکانی کورد.

کورد لە عێراق لەماوەی شەڕی داعش دەسکەوتی زۆریان بەدەستهێنابوو و توانیان دەست بەسەر زۆرینەی ڕەهای ناوچە کوردییەکانی تر بگرن کە لەدەرەوەی دەسەڵاتی هەرێم بوون؛ لەوانە مەخمور و گوێر و کەرکوک و شنگاڵ و ڕەبیعە و بەندەوای موسڵ و ناوچەکانی تری دەسەڵاتی کورد، دەسەڵاتەکانی هەرێمیش بەشێوەیەکی فعلی وەک

دەوڵەتێکی تەواو سەربەخۆ بوو و تەنها بەناو سەر بە عێراق بوو.

ئەمەریکا هەوڵیدا سەرکردایەتی هەرێم و بەتایبەتی بەڕێز بارزانی تەنها بۆ چەند ساڵێك لە هەنگاوی ریفراندۆم رابگرێت و بەڵێنیشی پێدا دوای دوو سێ ساڵی تر پرسی سەربەخۆیی هەرێم لە ئەنجومەنی ئاسایش چارەبکات، سەبارەت بە ئەگەری بەدەستهێنانی سیستمی کۆنفیدراڵیش لە عێراق بەڵێنی پێدان. لەبیرمە ئەوکات ئەمەریکا لەڕێی سەرکردەکانی رۆژئاڤاوە هەوڵیدا کار بۆ رازیکردنی سەرکردەکانی هەرێم بکات، بەڵام پێ نەدەچوو سەرکردەکانی هەرێم گوێ لە هیچ دەنگێك بگرن کە لەگەڵ ئیرادەی ئەوان هاوڕانەبێ بۆ ریفراندۆم و بە هەر نرخێك بێت، بەڕێز مەسعود بارزانی لە یەکێك لە وتارە جەماوەرییەکاندا هەر ڕێك گوتی:›› هندە حساب بۆ ڕای یەك کەس ناکەم کە ڕێگرە لە ریفراندۆم ‹‹.

## مافێکی ڕەوایە

ئایا گەلی کورد مافی ئەوەی هەیە بەخۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات؟ بێگومان ئەوە مافی خۆیەتی. گەلی کورد نەك تەنها لە عێراق بەڵکو لە سوریا و تورکیا و ئێرانیش ئەگەر دادپەروەری و مافی مرۆڤ راستگۆیانە لە جیهاندا هەبوایە؛ ئەوە ئەرکی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەورووپا و وڵاتە زلهێزەکانی جیهان بوو پشتیوانی لە مافی گەلی کورد بکەن و هاوکاری بکەن و بیپارێزن، بەڵام بەرژەوەندی و پەیوەندییە تێکەڵاوەکان و ململانێ ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان ئامادەن قوربانی بە گەلی کورد و هەزاران گەلی تری وەك گەلی کورد بدەن لە پێناو بەرژەوەندی وڵات و هێزە گەورەکان.

لێرەدا ڕێك لەسەر هەرێم بوو درك بەو هاوکێشە سەختە بکات کە ئەمەریکا وڵاتی نوێ دانامەزرێنێ، ئەمەریکا و وڵاتە ئەورووپییەکان و ڕوسیا ئامادەنین لەبەرخاتری چاوی کورد دژایەتی وڵاتانی تر بکەن؛ لانی کەم لەو قۆناغەدا، لەسەر کورد پێویست بوو دەست بەو ناوچانەوە

بگرێت کە ئازادیان کردبوو و وەریانگرتبوونەوە. کورد دەیتوانی پرۆژەی ریفراندۆم بکاتە کارتی سازش لەگەڵ هێزە نیودەوڵەتی و ناوچەییەکان، بەڵام ئەو دەرفەتە لەدەستچوو و کورد لە ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧ ریفراندۆمی ئەنجامدا و بەگوێرەی ئەنجامە ڕاگەیەنراوەکان پتر لە ٩٣٪ هاوڵاتیانی کوردستانی عێراق دەنگیان بۆ سەربەخۆیی داوە. بێگومان ئەوە ویستی گەلە و دەبێت ڕێزی لێ بگیرێت، بەڵام ئێران و تورکیا ڕای تریان هەبوو، هەردوو وڵات هەڕەشەی ئاگرینیان دەکرد و سووکایەتییان بە حکومەتی هەرێم و سەرکردایەتییەکەشی دەکرد، بە ناشیرینترین ناو ناویان دەهێنان و ئەو دوو وڵاتە تەنها بەو لێدوانانە نەوەستان؛ بەڵکو کەوتنە کۆکردنەوەی هێزەکانیان لەسەر سنوور، هەموو دەروازە وشکانی و ئاسمانییەکانیان لەگەڵ هەرێم داخستن و گەمارۆی تۆندیشیان خستەسەر، هەروەها داوایان لە حکومەتی عێراقیش کرد هێرش بکاتە سەر هەرێم و بە تەواوەتی بوونی نەهێڵێ یان بیسڕێتەوە.

لەو ماوەیەدا هیچ وڵاتێک یا دەزگایەکی نێودەوڵەتی دەرنەکەوت تا پاڵپشتی لە ئەنجامی ئەو ریفراندۆمە بکات، زۆرینەیان بێدەنگیان هەڵبژارد یا پاڵپشتی تورکیایان کرد لە دژایەتیکردن و پێشێلکارییەکانی بۆ سەر هەرێم. بارودۆخی ناوخۆی کوردیش شلۆق بوو، ناکۆکییەکان لەنێوان حیزبە گەورەکانی هەرێم تۆندبوون، هەروەها لەنێوان پارتی دیمۆکراتی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان، پارتی دیمۆکراتی کوردستان و رۆژئاڤاش، هەموو ئەوانە وایانکرد کورد بەگشتی و هەرێم بەتایبەتی لە بارودۆخێکی سەخت و هەستیاردابێت، هەموو ئەو کەسایەتییانەی لە دەوری بەڕیز بارزانی کۆبووبوونەوە وهانیان دەدا بۆ ریفراندۆم لەپڕ ون بوون لەسەر شانۆی ڕوداوەکانی دوایی.

## پێکدادانەکان

لە رۆژانی سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧، هێزەکانی حەشدی شەعبی بە پاڵپشتی ئێران و سوپای عێراق و پاڵپشتی تورکیا و

بیدەنگی نیودەوڵەتی بۆ دەرخستنی هێز و بازوویان؛ هێزەکانیان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە کۆکردنەوە، ئەوەش هاوکات بوو لەگەڵ پەرمسەندنی هەڕەشە و دەستوەردانی تورکی و ئێرانی بۆ ناچارکردنی هەرێم بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی ریفراندۆم و کشانەوە لە هەموو ئەو ناوچانەی لەدوای کەوتنی موسڵەوە لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بوون، ڕادەستکردنەوەی نەوت بە حکومەتی ناوەند و هەروەها بەڕێوەبردنی مەرز و فڕۆکەخانەکان و گومرگەکانیش، کشانەوە لە کەرکوک و ملکەچکردن بۆ بڕیارەکانی حکومەتی ناوەند لەژێر هەڕەشەی لەشکرکێشی. شنگاڵیش بەشێك بوو لەو گێژاوە، بەشێوەیەکی فەرمی لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی پێشمەرگە بوو، سەرباری ئەوەش لە ناوچە جێ ناکۆکەکانیش بوو، بڕیار بوو بەتەواوەتی بخرێتەسەر خاکی هەرێم و ئەو دەوڵەتە کوردیەی کە بارزانی هیوای دەخواست ڕایگەیەنێت.

لە ١٦ی تشرینی یەکەم، هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراقی و هێزەکانی پاسدارانی ئێران هێرشێکی گەورەیان کردەسەر پارێزگای کەرکوك و دیالە و مەخموور و ناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی پێشمەرگە، لە میحوەری کەرکوك پێکدادانی پچڕپچڕ ڕوویدا لەنێوان حەشدی شەعبی و سوپای عێراقی لەگەڵ پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و گەریلای پارتی کرێکارانی کوردستان، هێزە کوردییەکان بەخێرایی بۆ ناو شاری کەرکوك کشانەوە، پلانیان ئەوەبوو بەرخۆدان لەناو شار ڕێکبخرێتەوە و دەست بە شەڕی شەقام بکرێت لە دژی هێزی پەلامارەر، بەڵام ئەوە ڕووینەدا، جگە لەوەش هیچ پاڵپشتییەك بۆ کەرکوك نەهات لە هەولێر و سلێمانییەوە، بەڵکو هێزەکان لەناو کەرکوکیش کشانەوە و حەشدی شەعبی هاتنەوە ناو کەرکوك و جەلەولا و شار و شارۆچکەکانی تری سەربە پارێزگاکانی کەرکوك و سەلاحەدین و دیالە. هەزاران کورد لەو ناوچانە ئاوارەبوون کە حەشدی شەعبی تونڕەو داگیریانکرد و هەموو ئالا و هێما کوردییەکانیان هێنایە

خـوار.

پێکدادان لەنێوان حەشد و پێشمەرگە ڕوویدا لە ناوچەکانی نێوان کەرکوک و هەولێر، بەتایبەتی لە دەوروبەری ئالتون کۆپری، پێشمەرگەش لە هەموو میحومەکان بەخێرایەکی زۆر پاشەکشێی دەکرد لەبەرانبەر بلاوبوونەوەی خێرای هێزەکانی حەشدی شەعبی و لە دواشیانەوە سوپای عێراقی بوو لە هەموو شار و شارۆچکە کوردییەکانی ناوچەی مادەی ١٤٠.

## دیسان شنگاڵ

وروژێنەرترین ڕوداو لەناو هەموو ئەو ڕوداوە دراماتیکییە خێرایانەی بەدرێژایی بەرە ڕۆخاوەکان؛ ئەوە بوو کە لە شنگاڵ ڕوویدا. لە کەرکوک و ئالتون کۆپری و مەخموور پێش کشانەوەی پێشمەرگە لەو شوێنانە هەندێک شەڕ ڕویاندا، بەڵام لە شنگاڵ مەسەلەکە تەواو جیاواز بوو؛ سەرەتا حەشد بەرەو شنگاڵ نەچوو، بەڵام هەر لە هەمان ڕۆژی کەوتنی کەرکوک و بەبێ ڕودانی هیچ هێرشێک بۆ سەر شنگاڵ لەلایەن حەشدی شەعبی یا سوپای عێراقی؛ هەموو هێزەکانی سەربە پێشمەرگەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و حکومەتی هەرێم بەخێرایی لە شنگاڵ کشانەوە. بەو شێوەیە لە ڕۆژی ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ هەموو هێزەکانی پێشمەرگە لە شنگاڵ و ڕەبیعە کشانەوە و گەڕانەوە دەوروبەری گوندی مەحمودیە لە باکووری ڕەبیعە.

پارتی دیمۆکراتی کوردستان دوای ئەوەی شەڕی مان و نەمانی دەکرد بۆ دەرکردنی هەموو ئەو هێزە کوردی و ئێزیدییانەی کە لە شنگاڵ بوون؛ جارێکی تریش بەبێ تەقاندنی تەنها یەک فیشەک و بێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ پەلامارێکی حەشدی شەعبی و سوپای عێراقی ببێتەوە، ئەوێی بەجێهێشت.

لە٣ی ئابی ٢٠١٤ بەبێ هیچ بەرەنگاربوونەوە و شەڕ پێشمەرگە شنگاڵیان

بۆ ڕێکخراوی داعش و چارەنوسی خۆیان جێهێشت. لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ش هەمان سیناریۆ دووبارە بووەوە، کاتێک بەبێ هیچ بەرگری و تەنانەت تەقاندنی یەک فیشەکیش بەڕووی داگیرکەراندا؛ شنگاڵیان بۆ حەشدی شەعبی بەجێهێشت. لە هەردوو حالەتدا ئێزیدییەکانیان بۆ چارەنووسییان جێهێشت، بەڵام جیاوازی ئەوجارە مانەوەی گرووپە ئێزیدییەکان بوو لە شوێنی خۆیان؛ ئەوان شنگاڵیان جێنەهێشت و ناوچەکەیان ڕادەستی حەشد نەکرد.

## پێکدادان لە ڕەبیعە

لە ١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراقی زۆر بەئاسانی دەستیان بەسەر شارۆچکەی سنووریی ڕەبیعەداگرت. پێکدادان لەنێوان یەکینەکانی ڕۆژئاڤا و حەشد ڕوویدا، لە ئەنجامی تۆپبارانەکەیان ژمارەیەک شەڕڤانی ڕۆژئاڤا شەهیدبوون، هەروەها چەند پێکدادانێکی تر لە هەردوو دیوی سنوورەکە و دەروبەری ڕەبیعە ڕوایندا، ئەوەش لە کاتی جوڵەی هێزەکانی حەشد بوو بەمەبەستی داگیرکردنی هەموو ناوچەی نێوان ڕەبیعە تا سنووری تورکیا و کۆنترۆڵکردنی دەروازەی برایم خەلیلی سنووری نێوان تورکیا و عێراق. لەوکاتەدا هەماهەنگییەک هەبوو لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگە و یەکینەکانی ڕۆژئاڤا لە دەوروبەری دەروازەی وەلید و گوندەکانی مەحمودیە و بەهار. یەکینەکان هاوکاری زۆری لۆجیستی و تەقەمەنی زۆریان پێشکەش ئەو هێزانەی پێشمەرگە کرد کە هەوڵی ڕێگریان لە گەیشتنی حەشد دەکرد بە پردی سحێلا و دەروازەی فیشخابوور و برایم خەلیل.

بەڵام لە شنگاڵ، بارودۆخ زۆر سەخت بوو، بەتایبەتی کاتێک حەشد هەڕەشەی داگیرکردنی شنگاڵی دەکرد لە حالەتێک ئەگەر ئەو هێزانەی لەوێن چەک ڕادەستی حەشد نەکەن. دوو بژاردە لەبەردەم هێزە ئێزیدییەکانی شنگاڵ هەبوو، سێیەمی نەبوو؛ یا شەڕ لەگەڵ حەشدی شەعبی و کردنەوەی بەرەیەکی شەڕ لە شنگاڵ، یا لەگەڵ حکومەتی

عێراقدا بگەنە جۆرێك لە تێگەیشتن بۆ دۆزینەوەی فۆرمێك بۆ مانەوەی هێزە ئیزیدییەکان لە شوێنەکانی خۆیان تا مەسەلەکە یەکلادەبێتەوە، هەر یەکێك لە هێزی پاراستنی ئێزیدخان و یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ بڕاردەی دووەمیان هەڵبژارد.

هێزەکانی حەشدی شەعبی نزیکەی تەواوی سنووری نێوان رۆژئاڤا و شنگاڵ و رۆژئاڤا و هەرێمیان داگیرکرد، بەمەش هاتوچۆی ئێزیدییەکان لەنێوان رۆژئاڤا و شنگاڵ زۆر سەخت بوو، کەوتنە ناو گەمارۆیەکی تازە و تووشی زۆر دەردەسەری تر بوون.

## ئیرۆن (موفارەقەی سەیروسەمەرە)

لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ هێزەکانی رۆژئاڤا ئازادکردنی تەواوەتی دڵی پایتەختی داعش (رەقە)یان ڕاگەیاند، لە هەمان کاتدا هێزی پێشمەرگە بەخێرایی لە ناوچەیەکی بەرفراوانی خاکی کوردستانی عێراق دەکشانەوە. کورد لە عێراق نزیکەی سەدا پەنجای جوگارفیای کوردستانی عێراقی وەك کەرکوك و دەیان شارۆچکە و قەزا و شارۆچکەی لەوپەڕی رۆژهەڵاتەوە تا ئەوسەری رۆژئاوا لەدەستدا، لە زۆر ناوچە پێشمەرگە گەڕایەوە ناوچەکانی پێش ساڵی ٢٠٠٣ و هەرێم سەربەخۆیی خۆی لەدەستدا، فڕۆکەخانە و دەروازە سنوورییەکان و موچەی فەرمانبەران و دەرماڵەکانیان ڕاگیرا، بارودۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازی لە هەرێم زیاتر تێکچوو و گێڕایەوە پێش دۆخی ساڵی ٢٠٠٣.

ئەو سەرکێشییەی پارتی دیموکراتی کوردستان قوماریکی ترسناك و ئەنجامەکانی کارەساتبار بوون، بارودۆخی ئەو ناوچانەش خراپتربوو کە حەشدی شەعبی داگیری کردن، کاتێك دەستیانکرد بە هاوپەیمانی لەگەڵ هۆزەکانی عەرەبی سوننە و تورکمان بۆ گۆڕانکاری لە دیموگرافی چڕ لە ناوچەکانی مادەی ١٤٠، هەروەها لەو ناوچانە کوردیان بێبەشکرد لە هێزی سیاسی و ئیداری خۆی..

## شنگاڵ کەسی نەما، ڕۆژئاڤا نەبێ

دوای ئەوەی حەشدی شەعبی دەستیگرت بەسەر هەموو ناوچەکانی نێوان شنگاڵ و هەرێمی کوردستان و ڕێگای نێوانیانی بڕی، شنگاڵ جگە لە ڕۆژئاڤا هیچ دەرچەیەکی تری بۆ نەمایەوە، خەڵکی شنگاڵ بە هیچ شێوەیەك لە شێوەکان متمانەیان بە دراوسێکانیان نەبوو لە تەلەعفەر و بەعاج و موسڵ، پەیوەندیشیان لەگەڵ زاخۆ و دهۆك و شێخان پچڕابوو و هیچی تریان بۆ نەما جگە لەو دەروازە کۆنەی ڕۆژێك لە ڕۆژان بەکاریان دەهێنا بۆ گەیشتن بە شوێنێکی سەلامەت لە ڕۆژئاڤا بۆ ڕاکردن لەدەست داعش، ئەو دەروازەیەی بەگیانی دەیان شەهید و بریندار و قارەمانێتی سەدان شەرڤانی ڕۆژئاڤا کرایەوە، جارێکی تریش بووەوە تاکە شادەماری ژیان کە شنگاڵ بە جیهانی دەرەوە دەبەستێتەوە..

سەرکردایەتی ڕۆژئاڤا لە هەموو دیدارەکانی لەسەر ئاستی باڵا لەگەڵ حکومەتی عێراقی؛ شنگاڵی دەخستە سەرووی کارنامەی خۆی و پێداگریشی دەکرد لەسەر هێشتنەوەی سنووری نێوان شنگاڵ و ڕۆژئاڤا بە کراوەیی. شنگاڵ کەسی تری نەبوو جگە لە ڕۆژئاڤا وەك باوەشێکی گەرم و برایەتیی و مااڵێك بۆ هەموو خەڵکی شنگاڵ و هەتا چرکەساتی نوسینی ئەو دێرانەش ئەو ڕێگایە کراوەیە ◊لە ڕۆژئاڤاوە بۆ شنگاڵ"..

دیسەمبەر/کانوونی یەکەمی ٢٠١٧

دێرزۆر

## پاشکۆ

لە یەکەم رۆژی کارەساتەکەی شنگالەوە و هەتا ئەمڕۆ دەیان شەڕفانی کج و کوڕ لە بەرگریکردن لە شنگال و ئێزیدییەکان شەهیدبوونە. شەهیدە یەکەمەکان لە پیاوانی ئێزیدی بوون کە رووبەڕووی تیرۆریستان بوونەوە و هەوڵیاندا بەرگری لە گوند و ماڵەکانیان بکەن. کاتێک هێزەکانی رۆژئاڤا لە ٢ی ئابی ٢٠١٤ بەرەو رەبیعە بەڕێکەوتن و لەوێشەوە بەرەو شنگال؛ بەدرێژایی بوونیان لەو میحومرە دەیان شەهیدیان بەخشی کە ژمارەیان گەیشتە نزیکەی ٨٠ کج و کوڕی شەڕفان، ئەومش لەپێناو هێشتنەوەی دەروازەی نێوان رۆژئاڤا و شنگال بە کراوەیی و بەرپەرچدانەوەی تیرۆریستان لە هاتنە ناو گوند و ناوچەکانی شنگال. کاتێک گەریلاکانی پاراستنی گەل (هەپەگە) خێرا لە هانای شنگالەوە هاتن؛ ئەوانیش بەپێی ئەوەی لە ماڵپەڕی فەرمیان ڕاگەیەنرا ژمارەیەکی نزیک لە شەهیدانی رۆژئاڤایان لە شنگال بەخشی کە ژمارەیان گەیشتە ٦٧ شەهیدی کج و کوڕ[٤١].

---

٤١- بۆ ژمارەی ئەو شەهیدانە پشتمان بە ماڵپەڕی فەرمی هێزەکانی پاراستنی شنگال و ماڵپەڕی تایبەت بە شەهیدانی سەر بە هەمان هێز بەستووە
https//hezenparastine.com
http//hpgsehit.com

هەمان شتیش سەبارەت بەو هێزە ئێزیدییانەی لەکاتی ئەو بەرخۆدانە پێکهاتبوون، ژمارەیەک شەڕڤانی ئێزیدی لە ڕێزەکانی یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ (یەبەشە) و هێزی پاراستنی ئێزیدخان (هەپەیە) شەهید بوون، بەڵام هیچ یەکێک لەو دوو هێزە ژمارەی تۆماری شەهیدەکانیان بە فەرمی ڕانەگەیاند، لەکاتێکدا زۆر لە فەرماندەکانی ڕیزی پێشەوەی یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگاڵ لە شەڕەکانی ئازادکردنی شنگاڵ و لەو ساڵانەی دواییی لە بۆردومانی فڕۆکەکانی تورکیا لە شنگاڵ شەهیدبوون، وەک: (مام زەکی شنگاڵی، زەردەشت شنگاڵی، سەعید حەسەن و مەروان بەدەل)، هەروەها هێزەکانی پێشمەرگە دوای گەڕانەوەیان بۆ شنگاڵ و بەشداریان لە بەرخۆدان و هەڵمەتی ئازادکردن هەتا کشانەوەیان جارێکی تر لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، ژمارەیەک شەهیدی تریان بەخشی.

## شەهیدانی هێزەکانی ڕۆژئاڤا لە بەرەی شنگاڵ

**لیستێك[42] بەناوی شەڕڤانەکانی یەپەگە و یەپەژە کورد لە هێزەکانی ڕۆژئاڤا کە لە شەڕەکانی بەرەی شنگاڵ شەهیدبوون:**

**. - قەهرەمان گیفار (فەیاز فاردار، کوڕی عیسمەت و خەمین)، لە بەرواری ٢٠١٤/٣/٢٧ شەهیدبوو**

**-قەندیل ئامووده (عەبدولعەزیز فەتاح، کوڕی بەشیر و عەزبە)، لە بەرواری ٢٠١٤/٨/٣ شەهیدبوو.**

**- مەزڵوم دێریك (دیار ئیبراهیم، کوڕی مەحمود و مەریەم)، لە بەرواری ٢٠١٤/٨/٣ شەهیدبوو.**

**- مەعسوم دێریك (محیەدیین ئادەم، کوڕی حوسێن و ئاسیا)، لە**

٤٢- ئەو لیستە بە پشتبەستن بە ماڵپەڕی فەرمی یەکینەکانی پاراستنی گەل ئامادەکراوە،

https:// www.ypgrojuava.org

هەروەها ماڵپەڕی شەهیدانی ڕۆژئاڤا :

https://www.se-info.hidrojuava

لیستەکەدا ناوی ئەو شەڕڤانە پیاو و کچانەی تێدایە کە لەژێر ئاڵای یەکینەکانی پاراستنی گەل و یەکینەکانی پاراستنی ژنان جەنگاون، ناوی ئەو کچ و کوڕە شەهیدانەی تێدانیە کە ئەندامی هێزە کوردییەکانی تر بوون

بـەرواری ٢٠١٤/٨/٣ شـەهیدبوو.

- ڕوبـار ئامـەد (عەزیـز شاه ئینـان، کـوڕی محەمـەد و سالّحه)، لـه بەرواری ٢٠١٤/٨/٣ شەهیدبوو.

- دلـۆ ڕزگار (محەمـەد ڕەشـید، کـوڕی فەهـد و هەیفـاء)، لـه بـەرواری ٢٠١٤/٨/٣ شـەهیدبوو.

- شۆڕش واشۆکانی (محەمـەد ئەلعەمـۆ، کـوڕی ئیبراهیـم و فەخریـه)، لـه بەرواری ٢٠١٤/٨/٥ شەهیدبوو.

- هیڤی ئامـەد (فاتمـه ئاکـن، کچی یوسف و پـەری)، لـه بـەرواری ٢٠١٤/٤/٥ شەهیدبوو.

- ئەڤیـن زانـا (مزگیـن حەسـەن، کچی سـالّح و فەرحـه)، لـه بـەرواری ٢٠١٤/٨/٥ شـەهیدبوو.

- عەباس ئالیکی (فەتحولّا ئەبـرن، کـوڕی زەکی و وەضحه)، لـه بـەرواری ٢٠١٤/٨/٧ شـەهیدبوو.

- جـودی گابـار (دۆغـان جەتیـن، کـوڕی ئەحمـەد و لـەیلا)، لـه بـەرواری ٢٠١٤/٨/٨ شـەهیدبوو.

- ڤیـا ئامـەد (ئـارەزوو ئادیگـوزەل، کچی حەنیفی و وێلّدز)، لـه بـەرواری ٢٠١٤/٨/١٤ شـەهیدبوو.

- جەمیـل جاتـاك (سدق ئۆغـۆن کـوڕی شـاکرد و زمینـەب)، لـه بـەرواری ٢٠١٤/٨/١٤ شـەهیدبوو.

- گەنجۆ حەسـەکه (ئەمبـەر ئەنـوەر، کـوڕی فاخیـر و ڕاسیه)، لـه بـەرواری ٢٠١٤/٨/١٤ شەهیدبوو.

- ئەڤریـم نامـەد (ئەڤیـن تاشـدلان، کچی سلێمان و زمینـەب) لـه بـەرواری

٢٠١٤/٨/١٤ شەهیدبوو.

- ڕووبار شەرفان (سەروەت تۆرۆ، کوڕی مەحمود و مەحەببە)، لە بەرواری ٢٠١٤/٨/١٤ شەهیدبوو.

- ڕوهیف جودی (حەنیفە عەبدۆ، کچی شاکر و فکرەت)، لە بەرواری ٢٠١٤/٨/١٩ شەهیدبوو.

- ڕامان چالاك (کامیران مورادی، کوڕی بەرۆز و فریشتە)، لە بەرواری ٢٠١٤/٩/٢١ شەهیدبوو.

- ڕوهات هیلفان ( ئەسلان ئۆلغن، کوڕی عسمەت و عادلە)، لە بەرواری ٢٠١٤/٨/١٩ شەهیدبوو.

- ڕاپەڕین تولهەلدان (ڕاپەڕین مەحمود، کچی رەمەزان و زەهرە)، لە بەرواری ٢٠١٤/٨/١٩ شەهیدبوو.

- قەهرەمان زاگرۆس ( قەهرەمان عەلی، کوڕی سەید و مونیفە)، لە بەرواری ٢٠١٤/٨/١٩ شەهیدبوو.

- پلنگ چیا (زانا عەباس، کوڕی محەمەد و عەزیزە)، لە بەرواری ٢٠١٤/٨/١٩ شەهیدبوو.

- نودا کارگەر ( وەحیدە ئالاداغ، کچی عادل و شەکەرناز)، لە بەرواری ٢٠١٤/٨/١٩ شەهیدبوو.

- نەوال سەفقان (مزگین ئۆزجان، کچی ئەدهەم و قەدریە)، لە بەرواری ٢٠١٤/٨/١٩ شەهیدبوو.

- ئامارا دەرسیم ( جیهان عەباس، کچی مراد و ئەمینە)، لە بەرواری ٢٠١٤/٨/١٩ شەهیدبوو.

- ماهیر ئەبرەق (ئۆندەر گۆجۆکاتەلاك، کوڕی سەیفولا و تۆلای)، لە

بـەروارى ٢٠١٤/٨/١٩ شـەهیدبوو.

- مزگیـن ماهیـر ( مەریـەم سـایاك، کچـی فەرزەنـدە و ئـۆردەك)، لـە بـەروارى ٢٠١٤/٨/١٩ شـەهیدبوو.

- سـەرحەد جۆلەمێـرگ (ئۆرهـان تەکیـن، کـوڕی فـارس و غوربـەت)، لـە بـەروارى ٢٠١٤/٨/١٩ شـەهیدبوو.

- رۆژهـات تێکۆشـەر (ڕەمـەزان یەڵـدز، کـوڕی حەکیـم و سـەبریە)، لـە بـەروارى ٢٠١٤/٨/١٩ شـەهیدبوو.

- سـۆزدار حەمـزە ( منـەوەر ئـۆرن، کچـی محەمـەد و سەوسـەن)، لـە بـەروارى ٢٠١٤/٨/١٩ شەهیدبوو-سـەرحەد و غـەرزان ( محەمـەد عـارف، کـوڕی سـەبری و ئەمینـە)، لـە بـەروارى ٢٠١٤/٨/١٩ شـەهیدبوو.

- ژیـن سـێرت ( زەڵاڵ غونیـش، کچـی سنالدین و مەنەکشـە)، لـە بـەروارى ٢٠١٤/٨/١٩ شـەهیدبوو.

- خەبـات گیـرکەلەگـێ (محەمـەد لوقمـان، کـوڕی لوقمـان و فەخریـە)، لـە بـەروارى ٢٠١٤/٨/١٩ شـەهیدبوو.

- خوێنرێـژ جـودی ( حوسـێن ئاجـار، کـوڕی زوبێیـات و تیبـە)، لـە بـەروارى ٢٠١٤/٨/١٩ شەهیدبوو.

- یەشـار خەمگیـن (فـراس ئیبـۆ، کـوڕی محەمـەد و فیـدان)، لـە بـەروارى ٢٠١٤/٨/١٩ شـەهیدبوو.

- ئاگـر هێـژا (ئۆرهـان دەمیـر، کـوڕی ئەبـو زر ونۆبـار)، لـە بـەروارى ٢٠١٤/٨/١٩ شـەهیدبوو.

- کەمـال ماردیـن (خەیـرولا گـوڵ، کـوڕی محەمـەد و مەریـام)، لـە بـەروارى ٢٠١٤/٨/١٩ شەهیدبوو.

- خوێنرێژ جودی (ئیبراهیم تەتار، کوڕی عەبدوڵا و ساریا)، لە بەرواری ٢٠١٤/٨/١٩ شەهیدبوو.

- عەگید گیرکێلەگێ (محەمەد نەزیر، کوڕی نەزیر و ئێران)، لە بەرواری ٢٠١٤/٨/١٩ شەهیدبوو.

- خەمگین جودی (جودی حەسەن، کوڕی عەبدوڵا و عەزیزە)، لە بەرواری ٢٠١٤/٨/٢٢ شەهیدبوو.

- هەمرین ئەلەند (کیبار عەکاش، کچی محیەدین و سورمیا)، لە بەرواری ٢٠١٤/٨/٢٢ شەهیدبوو.

- هارون کۆچەر (محەمەد ساغلی جاغلی، کوڕی محەمەد و بەهیە)، لە بەرواری ٢٠١٤/٨/٢٣ شەهیدبوو.

- سوورخوێن ئەمانۆس (کەیفیە دەمیر، کچی محەمەد و پایێز)، لە بەرواری ٢٠١٤/٨/٢٣ شەهیدبوو.

شیار غرزان (مەزڵوم جەلیك، کوڕی حەکیم و هەردەم)، لە بەرواری ٢٠١٤/٨/٢٣ شەهیدبوو.

- ڕودی سەرحەد ( سنان تاش، کوڕی محەمەد و فاتمە)، لە بەرواری ٢٠١٤/٨/٢٣ شەهیدبوو.

- ڕێزان جودی (عەگید جابان، کوڕی مەحمود و کەسەر)، لە بەرواری ٢٠١٤/٨/٢٣ شەهیدبوو.

- فورات زاگرۆز (عەبدولقادر ئاکۆش، کوڕی ئەیوب و ڕابعە)، لە بەرواری ٢٠١٤/٨/٢٣ شەهیدبوو.

- ئافاشین ئەدسسا (سۆزان یامان، کچی حوسێن و خەدیجە)، لە بەرواری ٢٠١٤/٨/٢٣ شەهیدبوو.

- جودی عەفرین (سەبیح ئاردن، کوڕی ڕەشید و هەدیە)، لە بەرواری ٢٠١٤/٨/٢٣ شەهیدبوو.

ڕۆژگر سیدار (عەبدوڵا شاکار، کوڕی ئەمین اللە و غۆغرجین)، لە بەرواری ٢٠١٤/٨/٢٣ شەهیدبوو.

- ئافاشین تولهەڵدان (مەحەبە توکدمیر، کچی مەهدی و ڕەمزیە)، لە بەرواری ٢٠١٤/٨/٢٣ شەهیدبوو.

- ڕۆژدا عەفرین (عەریفە محەمەد، کچی ئیبراهیم و گوڵئ)، لە بەرواری ٢٠١٤/٨/٢٣ شەهیدبوو.

- گولبەهار غوربەت (مینا بورۆکی میلان، مەحمود و سینەم)، لە بەرواری ٢٠١٤/٨/٣٠ شەهیدبوو.

- ڕۆستەم تەل کۆچەر (ساهر ئەلسالح، کوڕی خالید و نادیە)، لە بەرواری ٢٠١٤/٩/٢ شەهیدبوو.

- لەومند قامشلو (خەلیل حاجی، کوڕی سالح و سەعیدە)، لە بەرواری ٢٠١٤/٩/٩ شەهیدبوو.

- فورات ئارغین ئارباك (شاکر ئەرسەلان، کوڕی عەبدولعەزیز و سافیە)، لە بەرواری ٢٠١٤/٩/٩ شەهیدبوو.

-ڕۆژئاڤا دەفریم (عیسا ئابۆکان، کوڕی حاجی و شادیە)، لە بەرواری ٢٠١٤/٩/٩ شەهیدبوو.

- دەمهات ئۆرفا (یونس شالی، کوڕی بەکر و فاتمە)، لە بەرواری ٢٠١٤/٩/٢٣ شەهیدبوو.

- مزگین ڕوناهی (ئەمینە کەجەلانلو، کچی خەسرەو و موختەبەر)، لە بەرواری ٢٠١٤/٩/٢٣ شەهیدبوو.

- ئانـدۆك دڵـدار (حوسـێن سـەلجوق، کـوڕی مەحمـود و سـافیە)، لـە بـەروارى ٢٠١٤/٩/٢٣ شـەهیدبوو.

- ڕۆکسـان دێـرزوز (سـارە جەبـر، کچـی مەعـن و ناریمـان)، لـە بـەروارى ٢٠١٤/٩/٢٦ شـەهیدبوو.

- مەحیەدیـن ئەحمـەد (دەلیـل مەحمـود، کـوڕی شـوکرى و عەنـودە)، لـە بـەروارى ٢٠١٤/٩/٢٦ شـەهیدبوو.

- خەبـات چەمچەلـەك (حەمـزە مەحمـەد، کـوڕی حەبـەش و فەهیمـە)، لـە بـەروارى ٢٠١٤/٩/٢٧ شـەهیدبوو.

- مەزڵـوم بەگـۆك ( ئەحمـەد سـەعدو، کـوڕی زەکـی و جـودە)، لـە بـەروارى ٢٠١٤/٩/٢٨ شەهیدبوو.

-ڕوبـار بێکـەس (عەفـدال مەجونـی، کـوڕی سـادق و ئەمینـە)، لـە بـەروارى ٢٠١٤/١٠/٦ شـەهیدبوو.

- مێرخـواز کۆبانـێ (خێرخـواز تەمـێ، کـوڕی ئەحمـەد عەلـی و ئەلیفـە)، لـە بـەروارى ٢٠١٤/١٠/١٢ شـەهیدبوو.

- مەزڵـوم باتمـان ( دۆغـان بافڵـی، کـوڕی سـەعید و سـەلیمە)، لـە بـەروارى ٢٠١٤/١١/١٥ شەهیدبوو.

- مـوراد ئامـودا (زانـا چۆلـی، کـوڕی فیلـزور و ئازیـا)، لە بـەروارى ٢٠١٤/١١/٢٢ شەهیدبوو.

- ڕێـوان زاگـرۆس ( کادر خەلـەف، کـوڕی مەحمـود و هیـام)، لـە بـەروارى ٢٠١٤/١٢/٢١ شـەهیدبوو.

- ڕاپەڕیـن گابـار (وەسـفیە ئاتـای، کچـی عیسـا و دوڕە)، لـە بـەروارى ٢٠١٥/١/٤ شـەهیدبوو.

- عیسام دێریك (عیسام عەلی شبلی، كوڕی حاجی و شیرین، لە بەرواری ٢٠١٥/١/٨ شەهیدبوو.

- موحسن دێریك (موحسن عەلی، كوڕی محەمەد و مەهدیە)، لە بەرواری ٢٠١٥/١/٨ شەهیدبوو.

- جوان باش ( ساری محەمەد، كوڕی موسڵح و زەكیە)، لە بەرواری ٢٠١٦/٣/٢٤ شەهیدبوو.

- دەمهات گەلهات (مالك ئەلعەفەن، كوڕی غانم و حەثە)، لە بەرواری ٢٠١٧/٣/١٦ شەهیدبوو.

- دەمهات كۆچەر (محەمەد سەعید، كوڕی سەعید و عەدلە)، لە بەرواری ٢٠١٧/٣/٣ شەهیدبوو.

- فراس ئەركەندی (فەرهاد تۆفان، كوڕی مەحمود و گوڵێ)، لە بەرواری ٢٠١٧/٣/٣ شەهیدبوو.

نۆمان حەسەكە (رۆستەم محەمەد، حەسەن و وەسفیە)، لە بەرواری ٢٠١٧/٥/٣١ شەهیدبوو.

- شۆڕش دیار (سلێمان ئەحمەد، كوڕی عەبدوڵا و عەدلە)، لە بەرواری ٢٠١٧/٥/٣١ شەهیدبوو.

- قەهرەمان گیفار (فەیاز ڤاردار، كوڕی عیسمەت و خەمین)، لە بەرواری ٢٠١٤/٣/٢٧ شەهیدبوو.

طريق الموصل
طريق سونات
طريق زاخو


الشيخاني
جبل كروان (عبدالعزيز)
مدينة الحمكة
قرى حوض الخابور
تل عمو


جبل شنكال
مدينة شنكال

روجافا

SYRIA
IRAQ
RIMEYLAN
TILKOCHER
RABIA
MOSUL
SHANGAL


ربيعة
المسكة
شنكال
تل عزر
دهوك
موصل
Mosul


نهر الفرات
بوكمال
دير الزور
شنكال
الهول
الحسكة
جبل كزوان
إلى كوباني
تل تمر
تل براك
تل جميس
إلى سريكانيه
إلى ديريك
قامشلو
عامودا
درباسية

جبل شنكال
روجافا
شنكال
شمال القضاء
جنوب القضاء

لە ٩ی حوزەیران رێکخراوی داعش دەستی بەسەر موسڵ و هەزاران چەک و پارە و کەرەسەی تردا گرت کە ئەمەریکا بە سوپای عێراقی دابوو، ئەوەش رێکخراوەکەی کردە دڕندەیەکی هار تەنانەت وڵاتە رۆژئاواییەکانیشی نیگەران کرد و لە ئابی هەمان ساڵدا کۆمەڵکوژییەکی لەدژی گەلی کوردی ئێزیدی لە قەزای شنگاڵ لە باشووری کوردستان ئەنجامدا.

هەموویان دەستەوەستان تەماشای ئەو شەڕەیان دەکرد، لەو بڕوایەدابوون کە داعش تەنها هۆلۆکۆستێکە بۆ هەموو تونڕەوەکان.

کۆبانێ و عەفرین گەمارۆدرابوون بۆیە گرنگ بوو هێزە کوردییەکان ڕێگا نەدەن داعش کۆنترۆڵی سنووری نێوان رۆژئاڤا لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراق بکا.

ئەو کۆمەڵکوژیە زۆرانەی ڕووبەڕووی کورد بوونەوە، بووە هۆی ئەوەی کورد گۆشەگیربێت و خۆی بەدوور بگرێت لە تێکەڵبوون لەگەڵ دراوسێکانی، ئیتر بۆ یەکەمجار لە مێژووی هاوچەرخیاندا بوونە یەک لەشکر، دوور لە جیاوازی حیزبی و ناوچەگەری نێوانیان.

چیای شنگاڵ، چیای پیرۆز و دڵسۆز؛ ئەوەی نەگەیشتە ئەوێ، فیشەکی تیرۆریستان لەناوی بردن یا بە کۆیلەکران، فریشتەی مەرگ بێ بەزەییانە باڵە ڕەشەکانی بەسەر شنگاڵدا کێشابوو، چاوی فرمێسکاوی منداڵان، کەزیەکانی کچان، جلە سپییەکانی پیاوان و لەچکە شینەکانی ژنان هەموویان ڕەنگی بیابانیان گرت، ڕەنگی ترس و مەرگ.

ئەرکی ئەو هێزانەی لە شنگاڵ بوون، بەرەنگاربوونەوەی داعش و ڕێگریکردن بوو لە داگیرکردنی گوند و ناوچە و بنکەی زیاتر، بەتایبەتی لە چیا و ئەو تاکەڕێگایەش کە بۆ گواستنەوەی ئێزیدییەکان بەکاردەهات و ڕێبڕەوی مرۆیی و شادەماری ژیان بوو لەنێوان شنگاڵ و ڕۆژئاڤا.

هەندێک لە برا عەرەبەکان هاوکاربوون لەگەڵ ئێزیدییەکان بۆ ڕزگارکردنی چەندین کچی کورد و دیل لەدەست داعش وەک کۆیلە و گەیاندنیان بە هەرێمی کوردستان و داڵدەدانی ئێزیدییەکان و حەشاردانیان لەلای خۆیان.

ئۆپەراسیۆنە تیرۆریستییەکان وەک ئەختەبووتی شێرپەنجەیی ڕێکخرابوون و هەڕەشەیان لە هەموو جیهان دەکرد، ئێزیدییەکان لەدوای شنگاڵ و مەرگەساتی ئێزیدییەکان گەیشتنە ئەو رایەی کە ژیان لە دەرەوەی چیاکەیاندا نیە، ئەو چیایەی بووە سیمبۆڵی کەرامەت و پیرۆزی و شەرەفی ئێزیدییەکان و ئەوەش پانتاییەکی گەورەی لە میدیای جیهانی و ڕێکخراوە مرۆییەکان داگیرکرد.

لەدوای دەرکردنی داعش لە گوند و شارۆچکەکانی باشووری شنگاڵ، بۆ هەمووان قەبارەی تیرۆری داعش دەرکەوت کە لە دژی ئێزیدییەکان بەکاریهێناوە؛ کاتێک زیندانەکان و ناوەندەکانی ڕفاندن و ئەشکەنجە و زیندانەکانی ژنە دیلەکان کرانەوە، ئنجا دۆزینەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان.

پەیوەندیە ئاڵۆزەکان و ناکۆکییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان ئامادەیی قوربانیدان بە گەلی کورد و هەزار گەلی تر هەبوو، لەپێناو بەرژەوەندی وڵات و زلهێزەکان.

2026